یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری – بۆردی هۆشیاری

# پارتیزانەکانی دوای ئەنفال

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ك) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.
ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆك مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ك) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

ئامادەکردنی
محەمەد حەمە تەقی

# پارتیزانەکانی دوای ئەنفال

## مێژوویەک پڕ لە شکۆ

پارتیزانەکانی دوای ئەنفال
نووسین: محەمەد حەمە تەقی
دیزاین: کەمال حامد
تیراژ: 500 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: 2025
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
چاپ: چاپخانەی حەمدی
زنجیرە ( 560 - 68)

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە سپاردنی (1703) ی ساڵی 2024 پێدراوە

**بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری**
**مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

www.hoshyary.com inf@puknow

# پێڕست


| | |
|---|---|
| **پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال** | ٢١ |
| دەربارەی ئەم کتێبە | ٢٣ |
| دەستپێک | ٢٧ |
| ئەشکەوتەکەی داری خلە | ٢٩ |
| **پارتیزانەکانی سنوری گەرمیان** | ٣٢ |
| ئاری ڕەئووف سابر | ٣٣ |
| ئازادی سەگرمە | ٣٤ |
| ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین | ٣٦ |
| بەرزان محەمەد عەزیز موراد | ٣٧ |
| بورهان عۆدل محەمەد ئەحمەد | ٣٨ |
| تۆفیق ڕەشید مەحموود قەمەر | ٣٩ |
| جەعفەر لەتیف محەمەد ئەحمەد | ٤٠ |
| جیهاد محەمەد ساڵح حاجی عەبدولڕەحمان | ٤١ |
| جەمال موحسن جەعفەر قادر | ٤٢ |
| جەلال محەمەد عەلی قادر حەسەن | ٤٣ |
| جەمیل حسەین حەسەن محەمەد | ٤٤ |
| جەوهەر لەتیف محەمەد ئەحمەد | ٤٥ |
| سەعید ئەحمەد محەمەد عەزیز | ٤٦ |
| سەمەد حەمەخان یەعقوب | ٤٧ |
| عەبدوڵڵا تەیب نووری، ناسراو بە شێخ عەبدوڵڵای گەرمیان | ٤٨ |
| عەبدولڕەحیم ڕەشید محەمەد سەعید | ٥٠ |
| عوسمان مەحموود محەمەد ڕەشید | ٥١ |
| فازیل ئەحمەد خدر ئەمین | ٥٢ |

| | |
|---|---|
| کەریم ئەحمەد خدر ئەمین | ٥٣ |
| کوردۆ قاسم | ٥٤ |
| لەتیف باباڕەسوڵ ڕەزا عومەر | ٥٥ |
| محەمەد کەریم عیسا کەسنەزانی | ٥٦ |
| محەمەد کەریم محەمەد فەتاح | ٥٨ |
| مەحموود سەنگاوی | ٥٩ |
| مەعروف عەلی مەجید | ٦١ |
| نازم نەجم ئەحمەد | ٦٢ |
| هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان | ٦٤ |
| یاسین عۆدل محەمەد ئەحمەد | ٦٥ |
| **پارتیزانەکانی سنوری شارباژێڕ** | ٦٦ |
| ئەبوبەکر عەلی قادر محەمەد | ٦٨ |
| ئیسماعیل ئیبراهیم ئیسماعیل شەریف | ٦٩ |
| بکر حەمە سەدیق حەمە حسێن سوبحان | ٧٠ |
| جەبار قادر سەعید ئیسماعیل | ٧١ |
| جەلال مستەفا قادر محەمەد | ٧٢ |
| جەمال سەعید محێدین محەمەد | ٧٣ |
| جەمال محێدین ساڵح ئیسماعیل | ٧٤ |
| حسێن ڕەشید ئەحمەد مەحموود | ٧٥ |
| خالید حسێن ڕەسوڵ عەزیز | ٧٦ |
| دلێر عەبدوڵڵا ڕەشید کاکی | ٧٧ |
| ڕزگار محەمەد عەبدوڕەحمان کەریم | ٧٨ |
| سەرکەوت حەسەن جەلال غەفور | ٧٩ |
| ستار عارف مەعروف تەها | ٨٠ |

سۆران حامید ڕەحیم سەعید ٨١
سیروان محەمەد کەریم سلێمان ٨٢
عەبدولڕەزاق ڕەشید محەمەد ٨٣
عەلی ئەمین ڕەسوڵ شەریف ٨٤
عومەر ئەحمەد سەعید ڕۆستەم ٨٥
عەبدولخالق عەلی مارف فەتاح ٨٥
فوئاد مەحموود عەبدوڵلا محەمەد ٨٦
کامیل نوری محەمەد ئەمین ٨٧
کەرەم حەسەن سەعید کەریم ٨٨
لەتیف حەمە مەحموود ڕەحیم ٨٩
محەمەد ئەحمەد عوسمان کەریم ٩٠
محەمەد ڕەشید ئەحمەد حسێن ٩١
محەمەد عوسمان ڕەسوڵ سلێمان ٩٢
محەمەد مەجید حەمە سەعید ٩٣
نەوزاد کەریم عەلی ڕەسوڵ ٩٣
نوعمان ڕەفیق وەهاب حەمە ئەمین ٩٤
هیوا حەمە ئەحمەد مەحموود ٩٥
مستەفا ئەحمەد مستەفا ٩٦
یاسین واحید ئیسماعیل ئەحمەد ٩٧
**پارتیزانەکانی شاربازێڕی تەخت** ٩٩
بەختیار حەمە ئەحمەد حەمە ١٠١
دلێر عەبدولڕەحمان فەقێ محەمەد ئیبراهیم ١٠٢
دڵشاد محێدین نەجمەدین ئەحمەد ١٠٣
زرار سەعدون محەمەد ١٠٤

| | |
|---|---|
| ساڵح ڕەشید محەمەد | ١٠٥ |
| کەریم سەبری ساڵح | ١٠٦ |
| کەریم محەمەد قوربانی مەحموود | ١٠٧ |
| محەمەد کەریم شەریف پیرۆت | ١٠٨ |
| محەمەد مستەفا فەتحوڵڵا ئەحمەد | ١٠٩ |
| مستەفا سەبری ساڵح محەمەد | ١١٠ |
| نەسرەدین ساڵح عەبدولڕەحمان محەمەد | ١١١ |
| **پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری سورداش** | ١١٢ |
| ئەبوبەکر قادر عەلی وسوو | ١١٣ |
| ئەبوبەکر محەمەد ئیسماعیل مستەفا | ١١٤ |
| ئەبوبەکر مەحموود ئەمین | ١١٥ |
| ئاری ڕەزا ئەحمەد عەبدول | ١١٦ |
| ئەحمەد ساڵح عەبدوڵڵا حسێن | ١١٧ |
| ئیسماعیل خدر حەسەن عەلی | ١١٨ |
| ئیسماعیل غەریب ئیسماعیل محەمەد | ١١٩ |
| ئەنوەر عەبدوڵڵا عەبدوڕەحمان عەبدوڵڵا | ١٢٠ |
| ئەمین ئەحمەد حەسەن عەلی | ١٢١ |
| ئەنوەر عوسمان محەمەد حاجی | ١٢٢ |
| بورهان عەبدولڕەحمان مەجید ڕەسوڵ | ١٢٣ |
| بێستون عەبدولڕەحمان کاکە حەمەی شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری | ١٢٤ |
| بەکر محەمەد ساڵح ئیسماعیل | ١٢٦ |
| تالیب عەبدوڵڵا خدر ئیسماعیل | ١٢٧ |
| تاهیر ڕەشید حسێن ئەحمەد | ١٢٨ |
| تەها ئەوڕەحمان حەمە عەزیز ڕەسوڵ | ١٢٩ |

تەها عەبدوڵڵا فەرەج حەسەن ١٣٠
تەها مەحموود حاجی ١٣١
تەها عوسمان محەمەد حاجی ١٣٢
جومعە حسێن فەرەج محەمەد ١٣٣
جەلال حەمە ساڵح کاکە سور عەبدوڵڵا ١٣٦
حەسەن ئیبراهیم حەسەن محەمەد ١٣٧
حەمە خدر ئەحمەد مەحموود عەزیز ١٣٩
حەسەن ساڵح خدر مەحموود ١٤٠
حسێن خدر حەسەن عەلی ١٤١
خاڵند عەزیز خاڵند عەزیز ١٤٢
خەلیل عومەر محەمەد حاجی ١٤٣
ڕزگار محەمەد حەمە ئەمین ڕەسوڵ ١٤٤
ڕزگار ئەحمەد ئیسماعیل قادر ١٤٥
ڕەسوڵ محەمەد حەمە ساڵح ١٤٦
ڕەئووف محەمەد خدر ١٤٧
زاهیر عەلی سوارە حەمەد ١٤٧
زرار ئەحمەد ساڵح عەبدوڵڵا ١٤٨
ساڵح محەمەد ساڵح ئیسماعیل ١٥٠
ستار عەبدوڵڵا فەرەج حەسەن قادر ١٥١
سیامەند ئەحمەد ئەمین قادر خدر ١٥١
ساڵح محەمەد ساڵح عەبدوڵڵا ١٥٢
سەلاح محەمەد حەسەن محەمەد ١٥٣
سەدیق ئەحمەد خالید محەمەد ١٥٤
سەرکەوت محەمەد فەتاح ئەحمەد ١٥٥

سالّح ئەحمەد خالید محەمەد ١٥٦
شوان شەریف کەریم محەمەد ١٥٧
شەوکەت خدر محەمەد ئەمین ١٥٨
عەبدول مەجید مەحموود کەریم ١٥٩
عاید عەلی خدر ئەحمەد ١٦٠
عەبدولّلا حەسەن ئیبراهیم سلێمان ١٦١
عەبدولّلا غەفور محەمەد ئەمین ١٦١
عەبدولّلا ئەحمەد محەمەدقادر ١٦٢
عوسمان عەبدولّلا قادر ١٦٣
عەلی حەمە وسوو حەسەن ١٦٤
عەلی مستەفا حەمە مەحموود ١٦٥
عەلی حەمە محەمەد عەزیز کاکی ١٦٦
عوسمان حەمە محەمەد عەزیز ١٦٧
عوسمان عەلی محەمەد حەسەن ١٦٨
عوسمان کەریم سوارە حەمەد ١٦٩
عوسمان مەحموود عەزیز قادر ١٧٠
عوسمان محەمەد محەمەد ئەمین فەقێ ١٧١
عوسمان مەحموود ڕەسوڵ محەمەد ١٧٢
عومەر ئەحمەد حەمە ئەمین ١٧٣
عومەر حەمە محەمەد عەزیز ١٧٤
عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد ١٧٥
عومەر محێدین موراد ئیسماعیل ١٧٦
غەریب عەبدولقادر حاجی ١٧٧
فەریق ئەحمەد حەمە ئەحمەد ١٧٩

فوئاد ئەحمەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ١٨٠
قادر محەمەد محەمەد عەبدوڵڵا ١٨١
قادر محەمەد کەریم ئەحمەد ١٨١
کاوە حەسەن ڕەسوڵ محەمەد ئەمین ١٨٢
کەریم حەمە ئەمین مەحموود عەبدوڵڵا ١٨٣
کەمال ڕەسوڵ عەزیز ڕەسوڵ ١٨٤
کەمال عەلی خدر ئەحمەد ١٨٥
محەمەد عەبدولقادر حاجی محەمەد ١٨٥
محەمەد عەلی عەلی عەزیز ١٨٧
محەمەد حەسەن قادر خدر ١٨٨
محەمەد ئیسماعیل محەمەد قادر ١٨٩
مەحموود ساڵح ئەحمەد ڕەسوڵ ١٩٠
مستەفا ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ڕەسوڵ ١٩٠
محەمەد ئەحمەد محەمەد عەلی ١٩١
محەمەد حەسەن ئیبراهیم سلێمان ١٩٢
محەمەد حەسەن خدر حەسەن ١٩٣
محەمەد کەریم محەمەد حەمەد ١٩٤
مەولود عەبدوڵڵا تۆفیق ١٩٥
محێدین مەحموود محەمەد سەعید ١٩٦
مەحموود محەمەد ئیسماعیل عەبدوڵڵا ١٩٧
مەحموود حەمە ساڵح کاکە سور عەبدوڵڵا ١٩٨
مەسعود محەمەد حەمە ئەمین تەها عەبدوڵڵا ١٩٨
محەمەد حەمە ئەمین ئیسماعیل قادر ٢٠٠
مەهدی عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەمین ٢٠١

ناسر عەزیز مەولود حەمە ٢٠٢
نامیق محەمەد حەمە عەلی ٢٠٣
والید محەمەد ئیبراهیم محەمەد ٢٠٤
هیوا ساڵح ئیسماعیل ڕەسوڵ ٢٠٥
هیمن ساڵح عەبدوڵڵا شەریف ٢٠٥
**پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری بتوێن - پشدەر** ٢٠٧
حەسەن محەمەد مستەفا بیلال ٢٠٩
ڕەسوڵ محەمەد فەرەج کەریم ٢١٠
عەلی وەیسی حەسەن بیلال ٢١٣
عوسمان ڕەسوڵ حەسەن ڕەسوڵ ٢١٤
کاکە ڕەش محەمەد مستەفا محەمەد ٢١٥
مستەفا ئەحمەد مستەفا بیلال ٢١٦
هەڵۆ مەحموود عەبدولڕەحمان عەزیز ٢١٨
**پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری قەرەداغ** ٢١٩
ئەنوەر محەمەد ڕەسوڵ مستەفا ٢٢١
ئەنوەر محەمەد عەلی فەتحوڵڵا ٢٢٢
بەهادین مەجید محەمەد ساڵح ٢٢٣
جوامێر ئەحمەد مەحموود مورادخان ٢٢٣
حەسەن ئەحمەد مەحموود مورادخان ٢٢٤
حەمە کەریم ئەحمەد مەحموود مورادخان ٢٢٥
سامان سەعید عەلی قادر ٢٢٦
سەدیق عەبدولکەریم مستەفا ئەحمەد ٢٢٨
سەرحەد عومەر حەمە ساڵح کەریم ٢٢٩
عەدالەت ڕەفعەت عەبدولقادر زۆراب ٢٣٠

| | |
|---|---|
| عەتا ئەحمەد مەحموود مورادخان | ٢٣١ |
| عەبدولکەریم محەمەد کەریم کاکە حەمە | ٢٣٢ |
| محەمەد عەبدوڵڵا سەمین محەمەد | ٢٣٣ |
| هادی ئەحمەد مەحموود موراد خان | ٢٣٤ |
| **پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری کۆیە** | ٢٣٦ |
| ئازاد عەبدولحەمید ساڵح قادر | ٢٣٧ |
| ئەبوزەید ساڵح مستەفا ئەحمەد | ٢٣٨ |
| ئەردەڵان حەسۆ نەسرەدین قەرەنی | ٢٤٠ |
| بورهان سەلام حەسەن خدر | ٢٤٠ |
| دڵشاد عەلی تۆفیق حەوێز | ٢٤١ |
| دڵزار ڕەفیق کوێخا محەمەد | ٢٤٢ |
| دڵزار عەلی حەمەد محەمەد | ٢٤٣ |
| حیکمەت نیعمەت عەلی زەمان | ٢٤٤ |
| جەعفەر حەمەد ئەحمەد حەمەد | ٢٤٥ |
| سەباح بەکر مەلا عەبدوڵڵا | ٢٤٦ |
| زیرەک خدر حەمەئەمین خدر | ٢٤٧ |
| شیروان حەسەن تەها حوسێن | ٢٤٨ |
| عەزیز عەلی عەبدوڵڵا ئیسماعیل | ٢٤٩ |
| قاسم حەمەد مەحموود حەمەد | ٢٤٩ |
| **پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوك** | ٢٥١ |
| ئاوات ڕەشید کەریم | ٢٥٢ |
| ئیبراهیم فازیل حەمە ڕەحیم | ٢٥٣ |
| ئەیوب عومەر عەبدوڵڵا | ٢٥٤ |
| چەتۆ ساڵح سەعید بایز | ٢٥٥ |

| | |
|---|---|
| تالیب فاروق محەمەد عەلی | ٢٥٧ |
| ڕەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی | ٢٥٨ |
| کەشکۆڵی شەهید" | ٢٥٩ |
| ڕەمەزان محەمەد ساڵح | ٢٦١ |
| سلێمان حەمەخان سەعید سەعدوون | ٢٦٢ |
| سیروان نەجم ڕەشید سەعید | ٢٦٣ |
| سیروان ساڵح ڕەشید سەمەد | ٢٦٤ |
| کاکە مەند  محەمەد ساڵح | ٢٦٥ |
| فەخرەدین مەحموود محەمەد ئەحمەد | ٢٦٦ |
| مستەفا محەمەد عەبدوڵلا ئەحمەد | ٢٦٨ |
| نەقیب ناسح ئەحمەد | ٢٧٠ |
| نورەدین ساڵح ڕەمەزان عەبدوڕەحمان | ٢٧١ |
| هیوا عەبدوڵلا ئەحمەد عەلی | ٢٧٢ |
| **پارتیزانەکانی سنوری هەولێر** | ٢٧٤ |
| ئاسۆ مامەند ئیسماعیل | ٢٧٦ |
| ئارێز عەبدوڵلا ئەحمەد مەحموود | ٢٧٨ |
| ئازاد مستەفا حەمەد ئەحمەد | ٢٨٠ |
| ئازاد عەبدوڵلا تەها عەبدوڵلا | ٢٨١ |
| ئیبراهیم وسو پیرۆت موراد | ٢٨٢ |
| ئیسماعیل مەلا بابەکر زێنەدین | ٢٨٣ |
| ئیسماعیل حەسەن ئیسماعیل حارس | ٢٨٣ |
| ئەحمەد عۆدل قادر جومعە | ٢٨٤ |
| ئازاد حەسەن حەمەد ئەمین مەلاشێخ | ٢٨٥ |
| ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد حسێن | ٢٨٦ |

| | |
|---|---|
| ئیدریس ساڵح نەبی عەزیز | ٢٨٧ |
| ئیدریس قادر عوسمان قادر | ٢٨٨ |
| ئەحمەد حەمەد ئیبراهیم ئەحمەد | ٢٨٩ |
| ئەنوەر عەبدوڵڵا ڕەسوڵ عەبدوڵڵا | ٢٩٠ |
| ئەدهەم سەعید خدر عەلی | ٢٩١ |
| ئیسماعیل ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم | ٢٩٢ |
| بورهان سەعید سۆفی | ٢٩٣ |
| بورهان ئیسماعیل عەبدوڵڵا عەلی | ٢٩٤ |
| بەکر سابیر مستەفا مەلا | ٢٩٥ |
| تەیب محەمەد تۆفیق عەبدوڵڵا | ٢٩٦ |
| تۆفیق ساڵح ئەمین قادر | ٢٩٧ |
| تۆفیق مامەند ڕەمەزان ئەحمەد | ٢٩٨ |
| حەسەن مەحموود محەمەد قادر | ٢٩٩ |
| حسێن ئەحمەد خدر | ٣٠٠ |
| حەمید حاجی عەبدوڵڵا ئەحمەد | ٣٠١ |
| جەلال حەمە ئەمین خدر حەمەد ئەمین | ٣٠٢ |
| جەلال خورشید ڕەشید عەوڵڵا | ٣٠٣ |
| جەمال حەوێز مستەفا خدر | ٣٠٤ |
| خالید عوسمان محەمەد تەها | ٣٠٦ |
| ڕەفعەت عەبدوڵڵا پیر داود | ٣٠٦ |
| ڕێبین محەمەد سۆفی ئومەر | ٣١٠ |
| ڕەمەزان ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد | ٣٢٢ |
| ڕەفیق ساڵح ئەمین قادر | ٣٢٢ |
| زانا حەمید عەلی عەبدوڵڵا | ٣٢٣ |

| | |
|---|---|
| زاهیر عومەر حسێن عەلی | ٣٢٥ |
| زاهیر هەمزە ساڵح حەمەد | ٣٢٦ |
| زوبێرئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم | ٣٢٧ |
| سەلاح برایم محەمەد ئەمین | ٣٢٨ |
| سلێمان عارەب ئیسماعیل | ٣٢٩ |
| سلێمان بایەزید عەبدولڕەحیم سادق | ٣٣٠ |
| ساڵح محەمەد ئەمین نەبی حسێن | ٣٣١ |
| سەرباز حسێن ئەحمەد قەرەنی | ٣٣٢ |
| سەدیق مستەفا مەولود عەباس | ٣٣٤ |
| سەباح ئەحمەد حەمەد ئەمین مەلا شێخ | ٣٣٤ |
| شێخە حەمەد ئەمین ڕەسوڵ ئیبراهیم | ٣٣٥ |
| شاخەوان محەمەد سلێمان عەبدوڵڵا | ٣٣٦ |
| شوکروڵڵا حەمەد ئەمین ئۆمەر وسو | ٣٣٧ |
| شوان خدر عەزیز شەریف | ٣٣٩ |
| شالاو حائیز حەمەد حائیز | ٣٤٠ |
| عومەر حەسەن عەبدوڵقادر | ٣٤٠ |
| عەبدولواحید ئیدریس شەریف (دکتۆر) | ٣٤١ |
| عەبدوڵڵا حەمەد موراد عەولا | ٣٤٣ |
| عەبدوڵڵا محەمەد تەها ئەحمەد | ٣٤٤ |
| عەبدولواحید محەمەد عەبدوڵڵا حەمەد | ٣٤٥ |
| عومەر عەلی عەزیز محەمەد | ٣٤٦ |
| عەبدولڕەزاق ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم | ٣٤٧ |
| عوسمان شکور ڕەشید غەفور | ٣٤٨ |
| عومەر ڕەشید محەمەد ئەمین عەلی | ٣٤٩ |

| | |
|---|---|
| عەبدوڵڵا تەها ئەمین تەها | ٣٥٠ |
| عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر عەبدولڕەحمان | ٣٥١ |
| عەبدوڵڵا سەعید ساڵح ئەمین | ٣٥٢ |
| عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا محەمەد | ٣٥٣ |
| عەبدوڵڵا حسێن عەبدوڵڵا ڕەسوڵ | ٣٥٣ |
| عەبدولڕەحمان خدر حارس ئیسماعیل | ٣٥٤ |
| غەفور حەمەد ڕەسوڵ | ٣٥٥ |
| غەوسە جەلال حەمەد زەمان | ٣٥٦ |
| فەخرەدین کەریم عەبدوڵڵا قادر | ٣٥٧ |
| قاسم ئەمین بەهرام فەتاح | ٣٥٨ |
| قاسم وەهاب غەفور ڕەمەزان | ٣٥٩ |
| کاوە ئەنوەر نادر خدر | ٣٦٠ |
| کمال ئەحمەد حەمەد ئەمین مەلا شێخ | ٣٦١ |
| لەتیف سەدیق حەمەد جومعە | ٣٦٢ |
| محەمەد ئیبراهیم حەمەد حاجی | ٣٦٣ |
| محەمەد ڕەسوڵ حسێن عەلی | ٣٦٣ |
| محەمەد حسێن ڕەسوڵ عەبدوڵڵا | ٣٦٤ |
| محەمەد ئیبراهیم  محەمەد عەلی | ٣٦٥ |
| محەمەد ئەحمەد محەمەد ڕەسوڵ | ٣٦٦ |
| محەمەد ئەمین محەمەد  ئەمین عەلی سەعید | ٣٦٧ |
| محەمەد قادر حەمەد تەها | ٣٦٨ |
| محەمەد قادر ئەحمەد مستەفا | ٣٦٨ |
| محەمەد حەمەد حەسەن خدر | ٣٦٩ |
| نەجات عەلی حەسەن ڕەسوڵ | ٣٧٠ |

| | |
|---|---|
| نامق سەدیق مەلا وسوو | ٣٧١ |
| نەریمان نوعمان محەمەد سەعید | ٣٧٢ |
| نوورەدین ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد | ٣٧٣ |
| نەجات ئەحمەد حەمەد ئەمین مەلا شێخ | ٣٧٤ |
| هاشم عومەر عوسمان | ٣٧٤ |
| هاشم حەمەدەمین جەمیل سادق | ٣٧٦ |
| یەدوڵڵا ڕەئووف نەجم حەسەن | ٣٧٧ |
| یوسف برایم گەڵاڵی | ٣٧٨ |
| **ێشمەرگە پارتیزانەکانی خۆشناوەتی** | ٣٨٠ |
| ئیسماعیل خالید ئەحمەد مەحموود | ٣٨١ |
| جەلال حەمەد ئەمین ئەحمەد | ٣٨٢ |
| جەنگی ئەحمەد عوسمان ڕەسوڵ | ٣٨٣ |
| عەبدوڵڵا قادر ئەسعەد خدر | ٣٨٤ |
| غازی خالید ڕەسوڵ ئەحمەد | ٣٨٥ |
| مەنسور حەمە کەریم محەمەد ساڵح فەرەج | ٣٨٦ |
| محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر | ٣٨٨ |
| مستەفا ئەحمەد مستەفا سۆفی | ٣٨٩ |
| **پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری بادینان** | ٣٩١ |
| ئیحسان عەزیز خالید حەسەن | ٣٩٢ |
| ئەحمەد محەمەد عەلی محەمەد تایر | ٣٩٣ |
| ئەمین ئیبراهیم هیرو حەسەن | ٣٩٤ |
| بەدەل محەمەد ساڵح عەبدوڵڵا محەمەد | ٣٩٥ |
| تۆفیق تەمەر ئیسلام سیدۆ | ٣٩٥ |
| تەیب جونەید عەبدوڵڵا عەباس | ٣٩٧ |

| | |
|---|---|
| حەسەن ساڵح حسێن ئەحمەد | ٣٩٨ |
| حەسەن سەلیم حامد عیسا | ٣٩٨ |
| خەلیل عەسکەر خەلیل عوسمان | ٣٩٩ |
| زکری محەمەد حافز حەسەن | ٤٠٠ |
| حەجی حەجی شێخ ئومەر | ٤٠٠ |
| سەبری مەسیحە عەلی ئەحمەد | ٤٠١ |
| سدقی ڕوشدی سەلیم سەعدۆ | ٤٠٢ |
| شوکری سەلیم حامد عیسا | ٤٠٣ |
| عەبدوڵڵا مەسیحا ئەحمەد مەسیحا | ٤٠٤ |
| عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر عوسمان | ٤٠٥ |
| عەبدولقادر محەمەد سەلیم عەبابەکر | ٤٠٦ |
| عەبدولڕەزاق عەلی ئیبراهیم عەلی | ٤٠٧ |
| عەبدولواحید تاهیر خمۆ تاهیر | ٤٠٨ |
| عەلی نافخۆش عەبدوڵلا ملحەم | ٤٠٩ |
| غەنی عەبدال شەهباز محەمەد | ٤١٠ |
| کازم ئیسلام سەدیق ئیسلام | ٤١١ |
| لوقمان ڕەشید جاسم مستەفا | ٤١٢ |
| موراد عەبدوڵڵا موراد بادین | ٤١٣ |
| محەمەد سەدیق نعمەت خان ئەمیر | ٤١٤ |
| مستەفا عیسا سەعدی عوبێد | ٤١٥ |
| نەسروڵڵا عەبدولباقی ئەحمەد | ٤١٦ |
| نەسرەدین سەدیق محەمەد مەحموود | ٤١٦ |
| یوسف مەحموود دەروێش سەعدی | ٤١٧ |
| پاشکۆی بەڵگە وێنەییەکان | ٤١٩ |

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال ...

لە توخمێکی تری مرۆڤ بوون، شۆڕشگێڕی بەبیروباوەڕ، لەخۆبردوو و ماندوونەناس، پڕهیوا و پڕئیرادە، بە هەق پارتیزانەکان، ئەو مرۆڤانە بوون کە لە ئیدیۆمی کوردیدا پێیان دەوترێت: کوڕانی ڕۆژی تەنگانە. بەوپەڕی گیانفیدایییەوە، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشتێک بکەن، بە برسێتی و تینوێتی و بە جل و پێڵاوی شڕ و دڕاوەوە، شاخ و دەشت و دۆڵی کوردستانیان تەی دەکرد و بەناو گوندە خاپوورکراوەکاندا گوزەریان دەکرد، نە برسێتی و نەخۆشی نە سەرما و گەرما کۆڵی پێنەدان، شاخ و دەشت و دۆڵی کوردستانیان کردبووە مەیدانی گیانبازی، سوپای زەبەلاحی داگیرکەر لە بەرامبەریاندا دەستەوەستان و بێ چارە و تۆقیو بوو. پارتیزانەکان هێمای بەرخۆدان و تێکۆشان بوون، لەو قۆناغە مێژوویییە پڕ نەهامەتییەدا، توانیان سەربەرزیی و سەرفرازیی بۆ خۆیان و نەتەوەکەیان تۆمار بکەن.

پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، وەک قارەمانەکانی قەڵای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوان و گیانبازانی کۆبانی، لە مێژووی پڕ سەرەوەری گەلی کوردا، ئەستێرەیەکی گەش و پڕشنگداری ئاسمانی خەباتی کوردایەتین.

# پرۆسەکانی ئەنفال

## 1988/2/23 تـــا 1988/9/6

## لە هەشت قۆناغ و شەش ناوچەی جیاوازدا ئەنجامدرا



# دەربارەی ئەم کتێبە

فەرید ئەسەسەرد

لە ئەدەبیاتی کوردیدا وشەی ((پارتیزان)) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٦ دا پەیدا بوو، کاتێک خەباتی چەکداریی سەرلەنوێ لە کوردستان دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەو کاتیش، وشەکە بۆ پێشمەرگە بەکار نەدەهات، بەڵکو بۆ شێوەی شەڕەکە بەکار دەهات، وا باسی شێوەی شەڕەکە دەکرا کە شەڕی پارتیزانییە، بەڵام بە پێشمەرگە نەدەوترا پێشمەرگەی پارتیزان. مێژوی دەستەواژەی پێشمەرگەی پارتیزان بۆ قۆناغی پاش ئەنفال دەگەڕێتەوە و ئەو پێشمەرگانە دەگرێتەوە کە لە چەند ناوچەیەکی راگوێزراوی کوردستان درێژەیان بە ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان داوە.

وشەی پارتیزان وشەیەکی لاتینییە و بەو جەنگاوەرانە وتراوە کە لە دەرەوەی سوپا فەرمییەکان، لە دژی هێزێکی داگیرکەر چالاکییان کردووە یان بە شێوەی گروپی بچوک بچوک دەستیان لە دوژمن وەشاندووە. بۆ یەکەم جار لە مێژودا، فەرەنسییەکان ئەم دەستەواژە لاتینییەیان لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەکار هێناوە و لێرە بە دواوە بڵاو بۆتەوە. هەرچەند دەستەواژەکە زۆرتر بە خەباتی چەکداری گەلانەوە

دژی داگیرکەرێکی بەهێز بەستراوەتەوە، بەڵام دەستەواژەکە لە هەندێ نمونەدا بۆ سەربازەکانیش بەکار هاتووە. لەوانە بۆ سەربازە روسەکان لە جەنگی دووەمی جیهاندا کە بە شێوەی پارتیزانی دەستیان لە هێزەکانی ئەڵمانیا دەوەشاند و زیانیان پێ دەگەیاند.

هەرچەند لەم کتێبەی ((پارتیزانەکانی دوای ئەنفال)) دەستەواژەی پارتیزان بۆ پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال بەکار هاتووە کە بە دڵنیاییەوە ئەمە دروستە، بەڵام مێژوی شۆڕشی چەکداری لە کوردستاندا لە ماوەی ١٩٧٦ _ ١٩٩١ بە سێ قۆناغی پارتیزانیدا تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم ، قۆناغی سەرەتای شۆڕش دەگرێتەوە کە شەڕەکە زۆرتر شێوەی شەڕی پارتیزانی وەرگرتبوو و دەرفەتێکی زۆر بۆ شەڕی گەورە و بەرەیی نەبوو. زانراویشە کە زۆربەی شۆڕشە درێژخایانە چەکدارەکان لە قۆناغی بەراییدا کە قۆناغی باڵادەستی ستراتیجیی دوژمنە، هانا بۆ شەڕی پارتیزانی دەبەن تا ئەو کاتەی کە باڵانسەکە دەگۆڕێ و لە قۆناغی دووەمدا دەگاتە قۆناغی هاوسەنگیی ستراتیجی و لە قۆناغی سێیەمدا، کە قۆناغی سەرکەوتنی شۆڕشە، دەگاتە قۆناغی باڵادەستی ستراتیجیی شۆڕش. ئەرکی سەرەکیی پارتیزانەکان لەو قۆناغەدا پڕوکاندنی دوژمنە بەبێ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی عەسکەریی گەورە و ئامانجی سەرەکی بەرزکردنەوەی ورەی گەلە.

قۆناغی دووەمی پارتیزانی لە کوردستاندا پێشمەرگە

پارتیزانەکانی پاش ئەنفال دەگرێتەوە کە ئەم کتێبە سەرگوزشتەکانیان دەگێڕێتەوە. جوگرافیاکەشی ناوچە راگوێزراوەکانە. لەو قۆناغەدا شەڕی گەورە روی نەداوە. مانەوەی پێشمەرگەی پارتیزان لەو ناوچانە گوزارشت بووە لە مانەوەی مەشخەڵی خەباتی نیشتمانی بە کڵپەسەندویی و ئاماژەیەکیش بوو بۆ کۆڵنەدان و نەبەزین.

قۆناغی سێیەمی پارتیزانی لە کوردستان پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەگرێتەوە کە ئەوانیش زۆریان لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی پاش ئەنفالن. ئەرکی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە لەو قۆناغەدا زۆر گرنگ بوو، چونکە بەشدار بون بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ڕزگارکردنی شارەکان لە کاتی ڕاپەڕیندا، وەک ئەوەی رویدا لە دهۆک، گەرمیان، هەولێر، کۆیە، شەقلاوە، رواندز و شوێنی تر.

دیکۆمێنتکردنی ئەرشیفی پارتیزانی لە کوردستاندا دیکۆمێنتکردنی قۆناغێکی گرنگی مێژوی کوردە کە پێویستە لە فەوتان بپارێزرێ. لێرەدا زۆر گرنگە باس لەوە بکرێ کە لە قۆناغی پاش ئەنفالدا تەنها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بەردەوامی هێزێکی پارتیزانی لە ناوچە راگوێزراوەکان هێشتبۆوە کە ئەمەش فاکتەرێکی یارمەتیدەر بوو بۆ بە خێرایی بڵاوبونەوەی ڕاپەڕین لە سەرانسەری کوردستاندا لە ماوەی دوو هەفتەدا. دیکۆمێنتکردنی ئەو ئەرشیفە کارێکی لێبڕاوانەی دەوێ و بەشی ئەرشیف و مێژوو لە بۆردی هۆشیاری بەم کارە خزمەتێکی گەورەی مێژوی سیاسیمان دەکات.

**دەستپێک ..**

شـاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردسـتان، ئـەو شـێوە کلاسـیکیەی ڕێکخسـتن و چالاکـی پێشـمەرگەی گـۆڕی کـە پێشـتر لەسـەری ڕاهاتبـوون، هێزەکانـی پێشـمەرگە چیتر نەیاندەتوانی بەو ژمارە زۆرە و بە ئاشکرا بە گوندەکانی کوردسـتاندا بسـوڕێنەوە و بنکـە و بارەگای ئاشـکرایان هەبێت، ڕژێمـی عێراقـی بـە تـەواوی کۆنترۆڵـی ناوچـە ئازادکراوەکانـی کردبـوو، لـەزۆر شـوێن ڕەبایـە و سـەربازگەی دامەزراندبـوو سـەرەڕای ئـەوەش نـاوە نـاوە بـە هێزێکـی زەبەلاحـەوە و بـە پاڵپشـتی هەلیکۆپتـەر کێومالـی ناوچەکانـی دەکـرد.

بـۆ بەردەوامیـدان بـە شـۆڕش و ڕووبەڕووبوونـەوەی سـوپای داگیرکـەری عێراقـی، سـەرکردایەتی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، پـاش کۆبوونـەوە و ڕاوێژکـردن لەگـەڵ ژمارەیـەک سـەرکردەی یەکێتیـی و فەرماندەکانـی پێشـمەرگە، بڕیاریـدا کـە درێـژە بـە شـۆڕشـی چەکداریـی بـدات و ملکەچـی زەبـرو زەنـگ و ئـەو خۆبەدەسـتەوەدانە نەبێت کـە ڕژێمەکـەی سـەدام حسـێن چاوەڕێـی دەکـرد، بـۆ ئـەو مەبەسـتە سـەرکردایەتی دیسـانەوە هێزەکانی پێشـمەرگەی لـە شـێوەی ڕەتڵی پارتیزانیدا ڕێکخسـتەوە، کـە بـۆ هـەر ڕەتڵێـک فەرمانـدەی دیاریکـرد و ڕێنمایـی پێویسـتی پێـدان و کەرەسـتەی پێویستیشـی بـۆ دابینکـردن، بـەم شـێوەیە ڕەتـڵ ڕەتـڵ هێـزی پێشـمەرگە لەسـەر

سنورەوە گەڕانەوە قوڵایی خاکی کوردستان و لە شیو و دۆڵ و قەدپاڵی چیاکان و لەناو گوندە خاپورکراوەکانەوە، پەیامی بەردەوامی شۆڕشیان گەیاندە ڕژێمی داگیرکەر و هیواو ئاواتیان بۆ خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە، ئەم ڕەتلانە لەگەڵ ئەو مەفرەزە پارتیزانانەی کە دوای شالاوەکانی ئەنفال بە شێوەیەکی خۆڕسک لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک و هەولێر و هەندێ ناوچەی تر مابوونەوە، یەکیان گرتەوە.

گەرچی خەباتی پارتیزانی بە شۆڕش و خەڵکی کوردستان خەباتێکی تازە و نامۆ نەبوو، بەڵام ئەم شێوە پارتیزانیەیان لە کوردستانێکی خاپورکراودا، نەک هەر لە شۆڕشەکانی کوردستاندا، تەنانەت لە شۆڕشەکانی جیهانیشدا نمونەی نەبووە.

لەدوای شالاوەکانی ئەنفال ژمارەیەک پێشمەرگە بە شێوەی مەفرەزەی زۆر بچوک لە گەرمیان و ناوچەکانی نزیک کەرکوک و دەشتی هەولێر مابوونەوە و ناوچەکەیان چۆڵ نەکردبوو، دواتر ئەم مەفرەزانەش لەگەڵ ڕەتلەکانی تری هێزی پێشمەرگەدا یەکیان گرتەوە و تا ڕۆژانی ڕاپەڕین بەردەوام بوون لە خەباتی پارتیزانیدا، دواتریش لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە ئازادکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بینی.

گەرچی تەمەنی پارتیزانی دوای ئەنفال کەمتر لە سێ ساڵی خایاند، بەڵام سێ ساڵی سەخت و ناهەمواربوو بۆ پێشمەرگە و تەواوی خەڵکی کوردستان، سێ ساڵ کە بە بارتەقای (٣٠) سی ساڵ زیاتر گران لەسەر خەڵکی کوردستان تێپەڕی.

بۆ دەرخستنی زیاتری سەختی ئەو ڕۆژگارە و ئەو ئەرکە قورسەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال گرتبوویانە ئەستۆ، کارەساتەکەی ئەشکەوتی داری خلە کە نمونەیەکە لە دەیان کارەساتی تری ئەو قۆناغە، دەخەمە یاد و بەر دیدەی خوێنەرانی بەڕێزی ئەم کتێبە.

## ئەشکەوتەکەی داری خلە...

گەرمیان بە هۆی هەڵکەوتە و تۆپۆگرافی ناوچەکەیەوە، ئەشکەوتی نیە بە شێوەی ئەشکەوتی جاسەنە و هەزارمێرد و ئەشکەوتی شانەدەر، ئەوەی هەیە پەناگایەکە لە کەندرێکدا کە گەرمیانییەکان پێی دەڵێن کەڵۆز یان قەڵوەز، ئەشکەوتەکەی داری خلەش، کەڵوەزێک بوو لە شوێنێکی شاراوەی چوار سەد مەتری داری خلەدا، پێشمەرگە پارتیزانەکان دەستکاریی دەکەن و فراوانی دەکەن، بە شێوەیەک جێگەی پانزە کەسێکی تیا دەبووەوە، کە بۆ خۆشاردنەوە لە کاتی کێومالی دوژمندا، یان بۆ حەوانەوە و پشوودان بەکاریان دەهێنا.

کارەساتەکەی ئەشکەوتی داری خلە بەرجەستەترین ڕووداوێکە، کە مەینەتیەکانی ئەو ڕۆژگارە شومەی دوای ئەنفال و خەبات و گیانبازیی پێشمەرگە پارتیزانەکانی تۆمار کردووە،

عوسمانی حاجی مەحمود کە فەرماندەیەکی پارتیزانی دوای ئەنفالە، لەبارەی ئەشکەوتەکەی داری خلەوە دەڵێت:

«داری خلە تاکە داربەڕوویەکە لەسەر یەکێک لە گردەکانی

زنجیره بەرزاییەکانی ڕۆژهەڵاتی دێی زاوتی سەر بە ناحیەی باوەنوور لە سنوری قەزای کەلار، ئەشکەوتی داری خلە دەکەوێتە دامێنی ئەو زنجیرە بەرزاییە. لە ڕاستیدا بە مانای ئەشکەوت (کەڵۆز)، وەکو جێگایەکی سرووشتکرد ئەو شوێنە ئەشکەوت نییە، ئەم جێگایە بە شێوەیەکی وا هەڵکەوتووە، ئەکەوێتە یەکێک لە لاکەنی دۆڵێکی قووڵ، کە ئەمبەر و ئەوبەری دۆڵەکە بەرزایی و گردە و پێکهاتەی خاکەکەی خۆڵ و بەرد و تاوێر و زیخە، لای سەرەوەی کە سەرەتای دەسپێکی دۆڵەکەیە تەنگ و بەرتەسکە، بەڵام بەرەبەرە بەرفراوان دەبێت، تا دەبێتە شیوێک لە زستان و بەهاراندا ئاوی هەیە، ئاوەکەی دەڕژێتە ناو چەمێک لە نێوان هەردوو دێی وڕێڵە و دێی ڕۆسەی شامار، کە نزیکی داری خلەیە، لە وەرزی بارانبارینـدا ئاو لە بەرزاییەکی بڵندەوە دەڕژێتە ناو دۆڵەکە، پاڵەپەستۆی باراناو لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا لای ڕۆژهەڵاتی دۆڵەکەی دڕیوە و بنکەندی کردووە، ئەم جێگایە بە هۆی قایمی و نەبینراوییەوە لەلایەن کاک عەدنان – عەدنانی حەمەی مینا و شەهید سەید محەمەد و شەهید مەلا ئەحمەد و دەستەکەیانەوە گەورە کرا و ڕێک خرا، بە شێوەیەک کە بە چەند چینەبەردێکی گەورە بەردەمەکەیان هەڵچنی و دیوارێکیان لێ دروستکرد، پاشان ڕێڕەوی ئاوەکەیان دەستکاری کرد، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە بوو بە ئەشکەوت و جێگەی ١٤ – ١٥ کەسی تێدا دەبووەوە، هەرچەندە جێگاکە لە زستاندا هەتاوی کەم بەردەکەوت و نسرم و سارد بوو، بەڵام لە ڕووی ئەمنییەوە حەشارگەیەکی باش بوو بۆ حەوانەوەی

پێشـمەرگە.»[1]

بەهۆی بارانی زۆر و ناجۆریی ئەشکەوتەکەوە، لە ئێوارەی ١٩/ ٢/ ١٩٨٩ ئەشـکەوتەکە دەڕووخێت، بـەڵام هەلومەرجـی ئـەو ڕۆژگارە ڕێگـەی نـەداوە کـە سـوود لـە ئامێـری تایبـەت وەربگیرێـت بـۆ ڕزگارکردنیـان یـان دەرهێنانـی تەرمەکانیـان، بۆیـە ئـەو ژمـارە پێشـمەرگە پارتیزانـەی کـە لـە ئەشـکەوتەکەدا بـوون، گیـان لەدەسـت دەدەن و تەرمەکانیـان تـا بـەرواری ١٩٩١/١٠/٣١ لـە ژێر ئەشـکەوتەکەدا دەمێنێتـەوە، شـەهیدەکانیش ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانانـە بـوون:

١ – شـەهید ئەحمـەد محەمـەد ئەمیـن، ناسـراو بـە مـەلا ئەحمـەد.

٢ – شەهید دارا قادر سەمین عەزیز، ناسراو بە دارا نارێنی.

٣ – شـەهید سـەلام محەمـەد حسـین سـاڵح، ناسـراو بـە سـەلام نارینـی.

٤ – شەهید نوری قادر خورشید، ناسراو بە پۆڵا نارێنی.

٥ – شەهید حەمید قادر، ناسراو بە حاجی حەمید.

٦ – شـەهید حەیـدەر حەمیـد سـەلیم، ناسـراو بـە حەیـدەر شـۆراوەیی.

٧ – شـەهید ڕەحیـم ڕەشـید ئەحمـەد، ناسـراو بـە ڕەحیـم کـەلاری.

پـاش دوو سـاڵ و هەشـت مانـگ تەرمـی ئـەم شـەهیدانە لەژێـر ئەشـکەوتەکە دەرهێنـران و بـە ڕێوڕەسـمێکی شایسـتە لـە بـەرواری ١٩٩١/١١/١ لـە گۆڕسـتانی کـەلاری کۆن بـە تەنیشـت یەکـەوە بـە خـاک دەسـپێردران.

---

[1]- کوردستانی نوێ ژمارەی تایبەت بەشەهیدانی ئەشکە وتی داری خلە، ٢٠١٤

# پارتیزانەکانی سنوری گەرمیان

**گەرمیان ..**

گەرمیان ئەو ڕووبەرە فراوانەی کوردستانی باشوورە کە لە دامێنی چیاکانی حەمرینەوە درێژدەبێتەوە تا زنجیرە چیاکانی سەگرمە لە باکوورەوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە لە دەشتاییەکانی خانەقین و بناری بەمۆوە تا ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ و کەرکوک درێژدەبێتەوە، قەزاکانی کفری و کەلار ودوز و بەشێکی زۆری قەزای چەمچەماڵ و خانەقین دەکەنە ئەم سنورەوە، هەروەوها هەردوو ڕووباری سیروان و چەمی باسەڕە(ڕۆخانە) بەم سنورەدا تێپەڕدەبن، گەرچی گەرمیان ناوچەیەکی دەشتایی و پڕ گردۆڵکەیە، بەڵام هەندێ لووتکە و بەرزایی دیاری هەیە، وەک شاخی ئاشداخ و قەرەوەیس، توونی باباش کە شوێنێکی گەشتیاری و ئەفسوناویە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی گەرمیانەوە.

تا پێش شاڵاوەکانی ئەنفال، ئەو سنورە فراوانەی گەرمیان بە سەدان گوند و هەزاران خێزان ئاوەدان بوو، دانیشتوانەکەی لەپاڵ کاری گرانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا، لە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەدا بوون، گەرمیانیەکان خاوەنی کەلتوورێکی ڕەسەنی کوردین و بەردەوام ئەو کەلتوورەیان پاراستووە.

چالاکی تیپەکانی ٥١ی گەرمیان و چەند کەرتێکی ٥٧ی

سـەگرمە و ٥٣ی شـیروانە و ٢١ی کەرکـوک و دواتریـش تیپـی ٥٩ی حەمریـن دەکەوتنـە ئـەم سـنورەوە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان

ئاری ڕەئووف سابر

ناسـراو بـە ڕزگار، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٧ لـە سـلێمانی لـە خێزانێکی ڕۆشـنبیر و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە. بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی بەدەسـت هێنـاوە، لـە سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، لـە کەرتـی تیپـی ٥٩ی حەمریـن.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی گەرمیـان درێـژە بە خەبات و کاری پێشـمەرگایەتی دەدات، لە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال بـە سـەرپەرشتیی شـەهید حەمـەڕەش بەشـداریی گرتنـی ڕەبایـەی سـەر شـاخی ئاشـداخ دەکات، کـە ئـەوە یەکـەم ڕەبایـە دەبێـت دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال لەلایـەن هێـزی پێشـمەرگەوە دەسـتی بـە سـەردا بگیرێـت.

ئێسـتا بەڕێوەبەری پۆلیسـی دارسـتان و ژینگەی سـلێمانییە، خێزاندارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە.

## ئازادی سەگرمە

محەمـەد غەریـب عەبدوڵـڵا ناسـراو بـە ئـازادی سـەگرمە، پارتیـزان و فەرماندەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سـاڵی ١٩٥١ لـە گەڕەکـی سەرشـەقامی شـاری سـلێمانی لـە خێزانێکـی ماندوونەنـاس و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا پەیمانگای هونەری تەندروستی(معهد الطب الفنـي) لـە سـلێمانی تـەواو کـردووە، لـە سـاڵانی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ پێشـمەرگە بـووە لـە شۆڕشـی ئەیلولـدا، لـە سـاڵی ١٩٧٥ دوای ئاشـبەتاڵ پەیوەندیی بە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە بەرواری ١٩٧٦/٧/١٩ەوە چەکـی پێشـمەرگایەتی لەژێـر ڕابەرایەتیـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا دەکاتـە شـان و وەک فەرمانـدەی مەفـرەزەی سـەرەتایی لـە قـەرەداغ درێـژە بـە خەباتـی چەکداری دەدات.

سـاڵی ١٩٨٣ دەبێتـە سـەرتیپی تیپـی ٥٧ی سـەگرمە، هـەر لێرەوە بە ئـازادی سـەگرمە دەناسـرێت، فەرماندەیەکـی چالاک و ئازا و بوێر بووە، تیپی ٥٧ی سـەگرمە یەکێک بووە لە تیپە پڕ چالاکییـەکان.

وەک چـۆن فەرماندەیەکـی بەتوانـا و لێهاتـوو بـووە، بـە هەمـان شـێوە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال کۆڵنەدەرانـە وەک فەرماندەیەکـی پارتیـزان، لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی کوردایەتـی دەدات، لـەو بـارەوە دەڵێـت:

«کە ئەنفالی سنورەکانی گەرمیان ئەنجام درا، ئێمە کەوتینە دیوی گەرمیان، پاش ماوەیەک چووین بۆ مەڵبەندی سێ، لەوێ خۆم بە کاک کۆسرەت و کاک عومەر و برادەرانم وت؛ دەبێت هێز دروست بکەینەوە و شەڕی پارتیزانی بکەین، ئەوانیش وتیان زۆر باشە. بەو مەرجەی تۆ بچیت بۆ لای کاک نەوشیروان و قسەی لەگەڵ بکەیت. منیش چووم بۆ لای، کە ئەوکات لە ناوزەنگ و قاسمەڕەش و ئەو ناوچەیە بوو، کاک ڕۆستەم و مەحموود سەنگاوییش هاتنە ئەوێ، دوای ئەوەی لە دۆڵەگوێزێ لەگەڵ کاک نەوشیروان و کاک ڕۆستەم و کاک مەحموود لەژێر خێمەیەک گیرساینەوە، بەڕاستی ئێمە لەوێ نەخشەی دروستبوونەوەی هێزی نوێی پارتیزانیمان داڕشت بە شێوازێکی سەردەمیانە، هەر لە داڕشتنەوەی ژمارەی هێزەکان و چەک و تەقەمەنی و کۆدی نهێنی و چۆنیەتیی پەیوەندیکردن بە مەکتەبی سیاسییەوە، ئەوە بوو من دیاری کرام بە لێپرسراوی هێزە پارتیزانەکانی سنوری مەڵبەندی یەک.»

لە پارتیزانیدا بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی تووشی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێم دەبن، بە هۆی دەستڕێژی کۆپتەرەکانی ڕژێمەوە بە سەختی بریندار دەبێت و پاش ئەوەی لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە بۆ ماوەیەک بە نهێنی چارەسەر دەکرێت، بەڵام لەبەر سەختیی برینەکانی و مەترسیی گیانلەدەستدان، هەر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەگەیەنرێتە سلێمانی و پاشان بەغداد بۆ چارەسەرکردن.

ئازادی سەگرمە تێکۆشەرێکی دێرین و سەرکردەیەکی

دیاری نـاو شـۆڕش بـوو، لـە دوای ڕاپەڕیـن و دامەزراندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، سـەرەڕای چەندیـن جـار داوالێکردنـی، بـەڵام هیـچ پۆسـتێکی وەرنەگرتـووە.

ئەحمەد محەمەد حەمە ئەمین

پارتیزان و فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، ناسـراو بە مـەلا ئەحمـەد کـەلاری، سـاڵی ١٩٥٥ لـە کـەلاری کـۆن لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەر چـاوی بەژیـان هەڵهێنـاوە ساڵی ١٩٧٧ توانیویەتی ئامادەیی پیشەسازیی سلێمانی تـەواو بکات، هەمـان سـاڵ کـە خوێندن تەواو دەکات، هەسـتی نیشـتمانی و چەوسـانەوەی نەتەوەیـی و چینایەتـی هانـی دەدات بـۆ پەیوەندیکردن بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە وریایـی و لەخۆبوردووییەوە جێبەجێ دەکات، دوای ئاشکرابوونی لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی دەکات بـە هێزی پێشـمەگەی کوردسـتانەوە لـە ناوچـەی سـەرکردایەتی، لـە بارەگای ناوەندی کۆمەڵـە ماوەیەک بـووە پێشـمەرگە و پاشـان بۆ کەرتـی ١ی هەرێمـی پارێزگاری گوێزرایـەوە.

سـاڵی ١٩٨٠ بەشـداریی خولـی کادرانـی کۆمەڵـەی کـرد و پاشـان بـوو بـە کادر لـە ناوچـەی سـەنگاو، دواتـر بـوو بـە ئەندامـی کەرتـی ڕێکخسـتنی کفـری و دوز، سـاڵی ١٩٨٤ دەبێت بـە لێپرسـراوی کەرتـی ڕێکخسـتنی دەربەندیخـان، بـەم شـێوەیە بـەردەوام دەبێـت لـە کاری پێشـمەرگایەتی و کاری ڕێکخسـتن،

تا ساڵی ١٩٨٧ دەبێت بە فەرماندەی تیپی ٥٥ی قەرەداغ، لە تەمەنی پێشمەرگایەتی و فەرماندەیی خۆیدا کەسێکی دڵسۆز و چالاک و خۆنەویست بووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و پاشەکشەی زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە، کۆڵنەدەرانە لە ناوچەی گەرمیان لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە دەمێنێتەوە و مەفرەزەیەکی پارتیزانی پێک دەهێنن، ئەم فەرماندە و پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئێوارەی ١٩٨٩/٢/١٩ لە کاتێکدا لە ژێر ئەشکەوتەکەی داری خلە خۆیان حەشاردابوو، ئەشکەوتەکە دەڕمێت بە سەریاندا و خۆی و شەش پێشمەرگەی تر کە بە یەکەوە بوون لە ئەشکەوتەکەدا شەهید دەبن، دوای ڕاپەڕین لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا لە گۆڕستانی کەلاری کۆن بە خاک دەسپێردرێن.

بەرزان محەمەد عەزیز موراد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە بەرزان قایش پاشایی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی قایش پاشای ناحیەی لەیلانی شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر لە چاوی بەژیان هەڵهێناوە. چونکە لە خێزانێکی هەژار بووە، قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردن و کرێکاری بەڕێ کردووە، ئەمەش ڕێگر بووە لەوەی کە وەک هاوتەمەنەکانی بچێتە بەر خوێندن، بەڵام کەسێکی وشیار و دڵسۆز و وریا بووە، ستەم و

زوڵم و زۆری ڕژێمی داگیرکەری عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد، بەتایبەتی بەرامبەر کوردانی کەرکوک، هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات و بەرەنگاربوونەوە، لە ساڵی ١٩٨٥ لە تەمەنی گەنجیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و بوێرییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٤ی جەباری، تیپی ٥٧ی سەگرمە، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە کاری پێشمەرگانە دەدات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان درێژە بە خەبات دەدات، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١دا بەشداریی بەرچاوی دەبێت، بەداخەوە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم بۆ ئازادکردنی شاری کەرکوک شەهید دەبێت، لە گوندی موەفەری ناحیەی شۆڕش – قەزای چەمچەماڵ، بە خاک دەسپێردرێت.

بورهان عۆدل محەمەد ئەحمەد

ناسراو بە بورهان سەرسپی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک هاتووەتە ژیانەوە. هەر لە کەرکوک تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات،

کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە لەخۆبوردوویی و وریاییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥١ی گەرمیان، پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک و دڵسۆز دەبێت بۆ هاوڕێکانی و دەوروبەرەکەی.

لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگانە و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی گەرمیان، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا چالاکانە بەشدار دەبێت، بەداخەوە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێم ساڵی ١٩٩١ لە بانی مەقانی چەمچەماڵ شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، لە گەڕەکی شۆڕش لە چەمچەماڵ بە خاک دەسپێردرێت.

تۆفیق ڕەشید مەحموود قەمەر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە تۆفیقە خڕە، ساڵی ١٩٥٩ لە قەزای کەلار لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاریی خێزانەکەیان و کارکردنی لە تافی لاویدا، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە و نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥١ی گەرمیان، پاشان لە تیپی ٥٣ی شیروانە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە پێشمەرگایەتیدا، دەکرێت

به جێگری فەرماندەی مەفرەزە .لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان درێژە بە خەبات دەدات.
خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

جەعفەر لەتیف محەمەد ئەحمەد

ناسراو بە سەید جەعفەر، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە ناحیەی قادرکەرەم – قەزای چەمچەماڵ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە بەسەر بردووە، لەبەر ئەوە نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی چالاک و دڵسۆز و هاوکار و بەوەفا بووە بۆ هاوڕێ و کەسانی نزیکی خۆی، ساڵی ١٩٨٥ لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر بە وریایی و لێهاتووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥١ی گەرمیان، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دەستبەسەراگرتنی ناوچە ئازادکراوەکانی لە لایەن ڕژێمی عێراقییەوە، درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە دەدات و وەک پارتیزانێک لە ڕەتڵی پێشمەرگە

پارتیزانەکانی گەرمیاندا بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات. خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

جیهاد محەمەد ساڵح حاجی عەبدولڕەحمان

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراوە بە هەژارە سوور، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری خێزانەکەی هەر لە منداڵییەوە چووەتە بەر کارکردن بۆ پەیداکردنی بژێویی بۆ خۆی و هاوکاریی خێزانەکەی، ئەمەش ڕێگر بووە لە درێژەدان بە خوێندن و تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندن، تەنها تا قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ڕژێمی عێراقی لەسەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی کوردە تێکۆشەرەکانی کەرکوک، هانی دەدات بۆ چوونە کۆڕی خەبات و بەرەنگاری، ساڵی ١٩٨٣ لە تەمەنێکی زۆر لاویدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ناو شاری کەرکوک، سەرکەوتووانە و زۆر بە وریاییەوە کارەکاری ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥١ی گەرمیان، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بەردەوام دەبێت لە

خەباتی پێشمەرگانە و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان، لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزانداره و خاوەنی چوار منداڵە.

جەمال موحسین جەعفەر قادر

ناسراو بە جەمال وارانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر لە گوندی وارانی ناحیەی نەوجول – قەزای دوزخورماتوو هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی لە زێدی خۆی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، کەسێکی وریا و چالاک بووە، هەستی بە نادادپەروەریی دەسەڵات و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە، هەر لە قۆناغی لاوێتییەوە لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر زیرەکانە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر شار و گوندی کوردستان و خاپوورکردن و وێرانکردنی تەواوی ئەو گوند و شارۆچکانەی لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا بوون، بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگانە و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتزانەکانی گەرمیان، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی

١٩٩١ بەشـداربیيەكی بەرچـاوی دەبێـت.

لـە ئێسـتادا فەرماندەی لیـوای ١٤٤ی هێزەكانـی حەفتایـە، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

جەلال محەمەد عەلی قادر حەسەن

ناسـراو بـە جـەلال قۆلیجانی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ساڵی ١٩٧٣ لە گوندی قۆلیجانی ناحیـەی ڕزگاری – كـەلار لـە خێزانێكی هـەژار و ماندوونەنـاس چـاوی بـە ژیـان هەڵهێنـاوە، هـەر لـە منداڵییـەوە دەچێتـە بـەر كاركـردن بـۆ بەڕێكردنـی بژێویـی خۆیـی و هاوكاریـی خێزانـە هەژارەكـەی، قۆناغـی منداڵـی و لاویـی بـە كاركردنـەوە بـەڕێ دەكات، ئەمـەش ڕێگـر دەبێـت لـە چوونـە بـەر خوێنـدن، بۆیـە هەلی چوونە قوتابخانە لەدەست دەدات، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بـە ڕیزەكانـی ڕێكخسـتنی كۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی كوردسـتانەوە دەكات، هـەر هەمـان سـاڵ دەبێـت بـە پێشـمەرگە لـە كەرتـی ٦ی تیپـی ٥١ی گەرمیـان، كەسـێكی ئـازا و بوێـر دەبێـت، دڵسـۆز و بەوەفـا و خەمـۆر، لـە پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی مەفـرەزە دەبێـت.

لـە دوای شـاڵاوە بەدناوەكانـی ئەنفـال بـۆ درێـژەدان بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی، دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەكی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەكانـی گەرمیـان.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

جەمیل حسەین حەسەن محەمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان، ناسراو بە جەمیل شێخ لەنگەری، لە هاوینی ساڵی ١٩٧١ لـە گونـدی شـێخ لەنگـەری قـەزای کـەلار، لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاریی خێزانەکـەی و کارکردنـەوە لـە قۆناغـی مێردمنداڵیدا، نەیتوانیـوە قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیی شۆڕشـگێڕانەوە دەکات لـە قـەرەداغ، لـە هەمـان کاتـدا پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، لـە تیپـی ٥١ی گەرمیـان، سـاڵی ١٩٨٧ لـە چالاکییەکـدا برینـدار دەبێت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی گەرمیان درێژە بە خەبات و تێکۆشـان دەدات تا کاتی ڕاپەڕین، لە ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییەکی بەرچـاوی دەبێـت لـە سـنوری گەرمیـان و خانەقیـن، هـەر لـە ڕاپەڕینەکـەدا بـە سـەختی برینـدار دەبێت.

کەمئەندامی سـەنگەرە، خانەنشینی پێشـمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنـی دوو منداڵـە.

## جەوهەر لەتیف محەمەد ئەحمەد

پارتیـزان و فەرمانـدەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە سـەید جەوهـەر، سـاڵی ١٩٦٢ لـە گوندی لەکی ناحیـەی قادرکـەرەم لـە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. قۆناغی منداڵی و لاوێتیی وەک زۆربـەی منداڵـی خێزانـە هەژارەکانـی کوردسـتان بـە کارکـردن بردووەتـە سـەر، ئـەم کارکردنـەش ڕێگر بووە لە بـەردەم چوونە قوتابخانـە و خوێنـدن، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، کەسـێکی چوسـتوچالاک و هۆشـیار و بەوەفـا بـووە، هەمیشـە هـاوکار و دڵسـۆز بـووە بۆ هـاوڕێ و دەوروبەرەکـەی، هەسـتی کوردانـە و شـۆڕشـگێڕی هانـی دەدات بۆ کـۆڕی خەبات، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە قادرکـەرەم، لـە جێبەجێکردنـی کارەکانـی ڕێکخسـتندا لەخۆبـردوو و سـەرکەتوو بـووە، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپی ٥١ی گەرمیـان، پێشـمەرگەیەکی بوێـر و ئـازا بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا جێگـری فەرمانـدەی تیـپ بـووە.

لە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفالـەوە بەردەوام دەبێت لـە خەباتی پێشـمەرگایەتی و وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی گەرمیـان درێـژە بـە خەبـات دەدات، لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەدا ڕۆڵـی بەرچاوی هەبووە، بەداخـەوە سـاڵی ١٩٩٧ لە شـاخی شـەکرۆک شـەهید دەبێت و لـە زێدی خـۆی لـە ناحیـەی

قادرکەرەم بە خاک دەسپێررێت، لە دوای خۆی هاوسەر و هەر سێ منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

سەعید ئەحمەد محەمەد عەزیز

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مەلا سەعید، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی تلیشانی سەر بە قەزای کفری لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، پەیمانگای کشتوکاڵی خوێندووە، لە دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، درێژە بە خوێندن دەدات و دەتوانێت سەرکەوتووانە لە زانکۆی سلێمانی بەشی زانستە سیاسییەکان تەواو بکات.
ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە کەرتی کفری-دوز، کە شەهید مەلا ئەحمەد لێپرسراوی کەرتەکە بوو، سەرەتای ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستن لە سنوری تیپی ٥١ی گەرمیان و دەبێت بە کادری ڕێکخستن.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی تەواوی گوندەکانی گەرمیان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی گەرمیاندا. لە ساڵانی نەوەدەکان دوای ڕاپەڕین قایمقامی کفری بووەو پاشان جێگری پارێزگاری کەرکوک و دواتر لێپرسراوی ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان

بووه.

خانەنشینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پلەی جێگر وەزیر، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

سەمەد حەمەخان یەعقوب

ناسراو بە شێخ مەحموود، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی شۆراوی شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. هەر لە کەرکوک قۆناغی سێی ناوەندیی تەواو کردووە، پاشان دەچێتە ئامادەیی پیشەسازی، بەڵام پاش ساڵێک واز لە خوێندن دێنێت، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، هەستکردنی بە نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێم بەرامبەر نەتەوەکەی، زۆر زوو دەیهاوێتە کۆڕی خەبات، لە ١٩٧٩/٣/١٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ناوزەنگ، لە هەمان کاتدا چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی و هەر لە ناوزەنگ لە بارەگای مەکتەبی سیاسی دەبێت بە پێشمەرگە، پاشان لە هەرێمی چوار و دواتر لە تیپی ٥٧ی سەگرمە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر، ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە فەرماندەی

مەفرەزەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سەگرمە لە ڕەتڵی گەرمیان، بەو شێوەیە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.
خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

عەبدوڵڵا تەیب نووری، ناسراو بە شێخ عەبدوڵڵای گەرمیان

لە ساڵی (١٩٥٢) لە گوندی سەنگەری سەربە ناحیەی قۆرەتووی خانەقین. لە بنەماڵەیەکی تێکۆشەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە. لە شەڕێکدا بە سەختی بریندار دەبێت و هەردوو قاچی لە نەخۆشخانەی (قەسری شیرین)ی وڵاتی ئێران دەبڕێتەوە. هەر بەو هۆیەوە پاش چەند ساڵێک شەهید دەبێت. ساڵی (١٩٧٥) لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و ئاشبەتاڵدا، گوندەکەیان دەڕووخێنرێت و ڕەوانەی خوارووی عێراق دەکرێن بۆ ناحیەی (فەجر)ی سەر بە شاری (سەماوە). تا ساڵی (١٩٧٩) لەوێ دەمێننەوە و دواتر دەگەڕێنەوە بۆ شاری کەلار و لەوێ نیشتەجێ دەبن. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەکات. لە ساڵی (١٩٨٢)دا بە هۆی چالاکییەکانی ناو ناحیەی سەرقەڵاوە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت، دوای ساڵێک بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت. لە ساڵی (١٩٨٣)دا پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە سنوری (٥١)ی گەرمیان و دەبێتە پێشمەرگە لە ناوچەی یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان. لە ساڵی (١٩٨٤)دا خێزانەکەی لە شارەوە دەباتە شاخ و لە

گوندی (ڕەویڵەی) سەر بە ناحیەی پێباز نیشتەجێ دەبن. لە ساڵی (١٩٨٥)دا دەچێتە نێو تیپی (٥٣)ی شیروانە و لە کەرتی (٤)دا دەبێتە فەرماندەی کەرت.

لە ساڵی (١٩٨٨)دا برایەکی کە پێشمەرگە بوو بە ناوی (شێخ سەلمان)، لە شەڕەکانی ئەنفالدا شەهید دەکرێت، لە شاڵاوەکانی ئەنفالی (١٩٨٨)دا بۆ سەر گوندەکانی گەرمیان، (٧) منداڵی ئەنفال دەکرێن، دوو کوڕی بە ناوەکانی (ئازاد و دڵشاد)، پێنج کچی بە ناوەکانی (پەخشان، ژیان، مهاباد، شنۆ، هێژا).

-لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە.

-لە سوپای یەکگرتووی کوردستاندا بووە لە فەوجی بەمۆ.

-ساڵی (١٩٨٨) وەک پارتیزان لە گەرمیان دەمێنێتەوە و لە نێوان هەردوو وڵاتی ئێران و عێراقدا خواردن و پێداویستیی پێشمەرگە لە چەک و کەرەستەی پزیشکی بۆ پارتیزانەکانی گەرمیان دەگوازێتەوە، تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ منداڵە ڕزگاربووەکانی لە وڵاتی ئێران (ئۆردوگای سەریاس)ی سەر بە شاری پاوە دەمێننەوە و لە ساڵی (١٩٩٢)دا دەگەڕێنەوە کوردستان. لە لایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە مەدالیای پارتیزانی پێ بەخشراوە.

بەشداریی ئەم شەڕانەی کردووە: (داستانی ڕزگاری، ئازادکردنی سەنگاو، شەڕەکانی دۆڵی ئاکۆیان، شاخی کۆڕەک و قەیوان و ماوەت و سورداش و ئۆمەرقەرم و ناحیەی قەرەداغ و شەڕەکانی گەرمیان: پارێڵە، گۆبان، گۆمەزەرد، کانی چاپلە، کانی سارد، سۆفی ڕەحیم، لێدانی کەرکوک، قادرکەرەم،

ڕاپەڕینی ١٩٩١، ڕزگارکردنی ناوچەی گەرمیان، شەڕەکانی دژی داعش لە کوڵەجۆ و ناحیەی گولاڵە. ( ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە, دانیشتووی شاری کەلارە لە گەڕەکی شەهیدان.

عەبدولڕەحیم ڕەشید محەمەد سەعید

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مەلا ڕەحیم، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی خەرمان سوتاوی ناحیەی سەرقەڵا- قەزای کفری، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە مانگی مارتیی ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر وریایانە و بە لەخۆبردوویییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، سەرەتا وەک مامۆستای شۆڕش دەستبەکار دەبێت، پاشان لە تیپی ٥١ی گەرمیان وەک پێشمەرگەیەکی چالاک درێژە بە خەبات دەدات.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەگەڕێتەوە ناوچە خاپوورکراوەکانی گەرمیان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی گەرمیاندا درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە تێکۆشەرە کۆچی دوایی کردوە دوای خۆی خێزان و هەر حەوت منداڵەکەی بۆکوردستان بەجێدەهێڵێت.

## عوسمان مەحموود محەمەد ڕەشید

پارتیزان و سەرکردەو کەسایەتی ناسراوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە عوسمانی حاجی مەحموود، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی کارێزەی حەمە کەیفەی سەر بەقەزای کفری، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، کەسێکی هۆشیار و چالاک، خۆشەویست و بەوەفا بووە، ساڵی ١٩٨٠ لە گەرمیان پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ دەکات، لە مانگی دووی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک فەرماندە و پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر، لە گەرمیانی خاپوورکراو دەمێنێتەوە و ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان.

لەبارەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال و هەندێ ڕووداوی ئەو ڕۆژگارە، بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی هەیە، کە لە کۆتایی ئەم کتێبەدا تەواوی بۆچوونەکانی بڵاو کراوەتەوە.

خانەنشینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە پلەی وەزیر، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## فازیل ئەحمەد خدر ئەمین

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٤ لـە گونـدی چەمسـورخاوی ناحیـەی قادرکـەرەم لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش هاتووەتـە دنیـاوە، لەبـەر سـەرقاڵی بـە کارکردنـەوە لـە قۆناغـی منداڵـی و لاوییـدا، نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێندووە، ستەم و زۆری ڕژێمـی بەعس بەرامبـەر خەڵکی کوردستان هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە باسـەڕە، کارەکانی ڕێکخسـتن زۆر بە وریایی و دڵسـۆزی جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ١ی تیپـی ٥١ی گەرمیـان، پێشـمەرگەیەکی خۆشـەویست و چاپووک و ئـازا دەبێـت.

لـە دوای شـاڵاوە بەدناوەکانـی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی کۆڵنـەدەر بـەردەوام دەبێـت لـە کاری پێشـمەرگایەتی و دەبێت بە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیـان، لـە ڕاپەڕینەکـەی سـاڵی ١٩٩١ بەشـداریی بەرچـاوی دەبێـت، بەداخـەوە لـە سـاڵی ١٩٩٣ لـە هەڵەبجـەی شـەهید لـە شـەڕی ناوخـۆدا شـەهید دەبیـت و لـە چەمچەمـاڵ بـە خـاک دەسـپێررێت، دوای خۆی خێزان و سێ منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

## کەریم ئەحمەد خدر ئەمین

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە شێخ کەریم، ساڵی ۱۹۵۹ لە گوندی چەمسورخاوی ناحیەی قادرکەرەم لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و کارکردن، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی هۆشیار و دڵسۆز و بەوەفا بووە، ساڵی ۱۹۷۸ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ۳ی هەرێمی ٥ی ئەو کاتەی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا و لەخۆبردوو بووە، ساڵی ۱۹۸۷ کە تیپی ٥۹ی حەمرین پێک دەهێنرێت، دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ، هەمان ساڵ بە هەمان پلە دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ٥۱ی گەرمیان.

لە دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالەوە بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان دەمێنێتەوە، لەو ماوە سەختەی دابڕان و پڕ مەترسیەی خەباتدا کە شاڵاوەکانی ئەنفال دروستی کردبوو، خێزان و منداڵەکەشی بۆ چەند مانگێک لەو هەلومەرجە ناجۆرەدا، دۆڵاودۆڵ و هەرداوهەرد تا دەربازبوونیان لەگەڵی دەمێننەوە.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ۱۹۹۱دا بەشدار دەبێت و

ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە ڕزگارکردنی ناوچەکانی گەرمیاندا، لە دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە وەزارەتی پێشمەرگە وەک فەرماندەیەک ئەرکەکانی دەگرێتە ئەستۆ، دوا پلەی فەرماندەی لیوای تایبەتی کەرکوک بووە.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

کوردۆ قاسم

ناوی تەواوی (سەعدون قاسم عەلی)یە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناو شۆڕش و لە ڕێکخستنندا هەر بە کوردۆ قاسم ناسراوە، بە باشمان زانی نازناوەکەی پێش بخەین. کوردۆ قاسم ،پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی (باب الشیخ)ی شاری بەغداد لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشدار بوو لە دامەزراندنی ڕێکخراوی خوێنی شەهیدان، ساڵی ١٩٧٦ ڕێکخراوەکەی هەڵوەشاندەوە و لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکیان گرتەوە، ساڵی ١٩٧٧ بەشدار بوو لە دروستکردنی ڕێکخراوی هەڵۆی سوور، بە مەبەستی گواستنەوەی خەباتی چەکداری بۆ ناو شاری بەغداد، هەمان ساڵ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەستگیر دەکرێت و بڕیاری بەندکردنی هەتاهەتاییان بە سەردا دەسەپێنرێت. ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و ئازاد دەبێت، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی بارەگاکانی سەرکردایەتی، دواتر بۆ ماوەی ساڵێک

لـە دیمەشـق لێپرسـراوی ئۆفیسـی پەیوەندییەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەبێت، سـاڵی ١٩٨٣ دەبێت بە لێپرسراوی کەرتـی ڕێکخسـتنی کـەلار، لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٨٩ لەگـەڵ ١٧ پێشـمەرگە ژیانـی پارتیزانـی دەسـت پـێ دەکات.

لـە کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا بـە ئەندامـی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردرا، سـاڵی ١٩٩٤ بـوو بـە لێپرسـراوی مەڵبەنـدی ٩ی شـارەزوور، سـاڵی ٢٠٠٠ لێپرسـراوێتیی مەکتەبی پەیوەندییە نیشـتمانییەکانی گرتە ئەسـتۆ. سـاڵی ٢٠٠٩ بەشـداریی لـە دامەزراندنـی بزووتنـەوەی گۆڕانـدا کـردووە، یەکێـک بـووە لـە سـەرکردە دیارەکانـی بزووتنـەوەی گـۆڕان، بەداخـەوە لـە ٢١ی کانوونـی یەکەمـی ٢٠١٥دا بـە هـۆی نەخۆشـییەوە کۆچـی دوایـی دەکات.

لەتیف بابارەسوڵ ڕەزا عومەر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە شـێخ لەتیـف، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی تورکـەی ناحیـەی پێبـاز- قـەزای کەلار، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە، تـا قۆناغـی ئامادەیـی خوێندووە، کەسـێکی هۆشـیار و خۆشـەویست بووە، لە سەرەتای لاوییـەوە سـاڵی ١٩٨٠ لـە کـەلار، پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە وریایـی و دڵسـۆزییەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، لـە تیپـی

٥٣ی شـیروانە، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و ئـازا و بوێـر بـووە.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ساڵی ١٩٩٠ وەک پێشمەرگەیەکی پارتیـزان، دەگەڕێتـەوە ناوچـە وێـران و خاپوورکـراوەکان، لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی گەرمیـان بـۆ مـاوەی نـۆ مانـگ تـا ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١ درێـژە بـە خەبـات و کاری پێشـمەرگایەتی دەدات.
لـە دوای ڕاپەڕیـن چەنـد پۆسـت و پلەیـەک لـە حکومەتـی هەرێمـدا وەردەگرێت، دوا پلـەی جێگـری لیـوای ٥ی بەرگـری و فریاکەوتـن بـووە بـە پلـەی عەمید، بەداخـەوە لـە کاتـی ئەرکـدا کۆچـی دوایـی دەکات، لـە گۆڕسـتانی کـەلاری کـۆن بـە خـاک دەسـپێردرێت، لـە دوای خـۆی هاوسـەر و حـەوت منداڵەکـەی بۆ کوردسـتان بەجێدەهێڵێـت.

محەمەد کەریم عیسا کەسنەزانی

ناسـراو بـە حەمـەڕەش کەسـنەزانی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٥٧ لەگونـدی هۆمەرامانـی ناوچـەی قـەرەداغ لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەر کە دەگەڕێنەوە سـەر شـێخانی کربچنە هاتووەتە دنیاوە، تا قۆناغی سـەرەتایی لە شارۆچکەی سـەنگاو خوێندووە، سـاڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە شۆڕشـی ئەیلولـەوە کردووە و بـووە بـە پێشـمەرگە لـە چیـای زۆزک، لـە دوای ئاشـبەتاڵ لـە سـەنگاو بـە پۆلیـس دامـەزراوە، سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخستنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات ، سـاڵی

دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە هەرێمی دوو، ساڵی ١٩٨٠ بووە بە فەرماندەی مەفرەزە، پلەکانی پێشمەرگایەتیی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، ساڵی ١٩٨٥ دەبێت بە جێگری فەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە، ساڵی دواتر دەبێت بە فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان، لە پێشمەرگایەتیدا زۆر بوێر و چالاک بووە، بە داهێنەری شێوازی گرتنی ڕەبیە دادەنرێت، ساڵی ١٩٨٢ سەرکەوتووانە ڕەبیەی گوندی کەڵەڕەش لەسەر جادەی سەنگاو چەمچەماڵ دەگرێت، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بریندار بووە.

لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا ڕۆڵێکی جوامێرانەی لە ڕزگارکردنی هەزاران هاووڵاتیدا هەبووە، دوای شاڵاوەکانیش ناوچەی گەرمیانی بەجێ نەهێشت و توانیی چەند بنکەیەکی پارتیزانی لە ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ و بازیاندا دابنێت و بەردەوام بوو لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شاری کفری دەکات، دوای ڕزگارکردنی ئەو شارە ڕوو دەکاتە شاری دوز بە مەبەستی ئازادکردنی، بەداخەوە لە ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٩١ لەسەر ڕێگەی دوز–تکریت بە گوللەی هاوەن بریندار دەبێت و سەرەنجام ئەم بریندارییەی بووە هۆی شەهیدبوونی و فریای چارەسەر نەکەوت.

محەمەد کەریم محەمەد فەتاح

ناسراو بە حەمە چەوری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی چەوریی ناحیەی نەوجول لە قەزای دوزخورماتوو لە دایک دەبێت، توانیویتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، کەسێکی چالاک و دڵسۆز و وشیار بووە، نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێم ڕای دەکێشێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە نەوجول، لە کاری ڕێکخستندا چالاک و دڵسۆز دەبێت، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی تیپی ٥١ی گەرمیان، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەبات و کاری شۆڕشگێڕی و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان درێژە بە شۆڕش و خەبات دەدات، لە ماوەی پارتیزانیدا بەشداریی دوو چالاکی سەرکەوتوو دەکات لە سنوری دوزخورماتوو، بە لێدانی دوو ڕەبیەی چەکدارانی ڕژێم.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی خەڵکی کوردستاندا بەشداریی بەرچاوی دەبێت، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێستا جێگری لیوای

١٤٤ی هێزەکانی حەفتایە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

مەحموود سەنگاوی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، فەرماندە و ئەندامی سەرکردایەتی، لە شۆڕشدا بە مەحموود سەنگاوی ناسراوە، ناوی تەواوی (حەمە غەریب ئەمین عەلی)ە، ساڵی ١٩٥٢ لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێشی گوندی (کۆیک)ی ناحیەی سەنگاو – قەزای چەمچەماڵ هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی و کارکردنی لە قۆناغی منداڵیدا، نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە، بەڵام دواتر بە هۆی هەوڵ و کۆششی خۆی و هاوڕێکانی فێری خوێندەواری دەبێت، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، ساڵی ١٩٦٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە، ساڵی ١٩٧٤ دەبێت بە پێشمەرگە، دوای ئاشبەتاڵ دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان و دەست دەکاتەوە بە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریی و دواتر لە فەرمانگەی کشتوکاڵی سەنگاو دادەمەزرێت.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، بە هۆی چالاکی و دڵسۆزییەوە پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت، ساڵی ١٩٨٠ دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت. کە

شـەهید خالیـد گەرمیانـی، فەرمانـدەی کەرتەکەیـان بـوو شـەهید دەبێت، ئەم دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٥ی دوز، ساڵی ١٩٨٢ بەشـداریی شـەڕەکانی پشـتیوانی لـە ڕۆژهـەڵات دەکات و تیایـدا برینـدار دەبێـت، لـە زۆر چالاکـی و نەبەردیـی پێشـمەرگایەتیدا بەشـداریی کـردووە، تەنانـەت لـە بەرپەرچدانـەوەی شـاڵاوەکانی ئەنفالیشـدا ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، لە هاوینی ١٩٨٩ وەک پێشمەرگە و فەرماندەیەکی پارتیزان، دەگەڕێتـەوە ناوچەی گەرمیان، درێژە بە خەبات و کاری شۆڕشگێڕی دەدات، لـە کاتی دروستکردنی بەتالیۆنـەکان، دەکرێت بـە فەرماندەی بەتالیۆنی یەک.

لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکەشـدا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لـە ئازادکردنـی ناوچەکانـی گەرمیانـدا هەبـووە، لـە دوای ڕاپەڕیـن دەکرێـت بـە فەرمانـدەی بەتالیۆنـی ٨ی بتوێـن، سـاڵی ١٩٩٣ دەکرێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی ناوچـەی سلێمانی، پـاش بڕینـی چەنـد پلەیەکـی سـەربازی، سـاڵی ١٩٩٩ دەبێـت بـە ئەندامـی دەسـتەی کارگێڕیـی فەرمانـدەی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان.

سـاڵی ٢٠٠١ لـە کۆنگـرەی دووەمـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، دەبێت بـە ئەندامی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی، دواتـر دەکرێت بە لێپرسـراوی مەڵبەنـدی ٩ی شـارەزوور، سـاڵی ٢٠٠٣ دەبێت بـە لێپرسـراوی مەڵبەنـدی ١١ی ڕێکخسـتنی گەرمیـان، لـە کۆنگـرەی سـێی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتاندا بـە ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێتـەوە، دواتریـش دەبێـت بـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی.

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ٢٠١٩، بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرایەوە.

یاداشتەکانی پێشمەرگایەتیی لە کتێبێکدا بە ناوی (بیرەوەرییەکانی سەنگاوی) تۆمار کردووە.

مەعروف عەلی مەجید

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە سیروان دێرەشەیی، ساڵی ١٩٥٧ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی دێرەشەی ناوچەی سەنگاو – چەمچەماڵ هاتووەتە ژیانەوە. سەرەتای شەستەکان خێزانەکەیان دەچنە کەرکوک و لەوێ نیشتەجێ دەبن، هەر لە کەرکوک خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆمیتەی ئاگر، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و بە دڵسۆزی جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی چواری جەباری هەرێمی ٥ی قەرەداغ، ساڵی ١٩٨٢ لە کەرتی ٣ی هەمەوەندی تیپی ٥٧ی سەگرمە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و دەبێت بە جێگری مەفرەزە، بەشداریی گرتنی یەکەم ڕەبایە و هێزی پشتیوانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات، ساڵی ١٩٨٦ دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٣ی هەمەوەند. لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا پێنج جار بریندار دەبێت، ساڵی ١٩٨٨ دەکرێتە جێگری فەرماندەی تیپی ٥٩ی

حەمرین، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بینیوە. دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بە شێوەی پارتیزانی لە گەرمیان دەمێنێتەوە و درێژە بە خەبات دەدات، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ لە کاتی پارتیزانیدا بریندار دەبێت، لە کاتی هێنانی بۆ ناو شاری سلێمانی بۆ چارەسەر، لە نزیک بازگەی تاسڵوجە دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی ئەمنە سوورەکە دەکرێت، هەرچەند ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێت، بەڵام هیچ نهێنییەکی پارتیزانەکان نادرکێنێت، لە ڕاپەڕینەکەدا کە شاری سلێمانی ڕزگار دەکرێت، ئەمیش ئازاد دەبێت و بەشداریی لە ئازادکردنی قەرەهەنجیر و کەرکوکدا دەکات. لە دوای ڕاپەڕین، بەشداریی خولی ئەفسەرانی قەڵاچوالان دەکات و پلەی مولازمی دووەمی پێ دەبەخشرێت، بەرە بەرە پلەکەی بەرز دەبێتەوە بۆ ڕائید.

بەداخەوە دوای ئازادکردنی کەرکوک لە ٢٩ی نیسانی ٢٠٠٣، هەر لە کەرکوک تیرۆر دەکرێت.

نازم نەجم ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە نازم کەرکوکی، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک، لە خێزانێکی کوردپەروەر و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی ١٩٦٦دا و کەمدەرامەتیی خێزانەکەیان، ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، دەبێت بە شاگردی ئاسنگەر و دواتریش

دەبێت بە وەستای ئاسنگەر.

ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرکوک، ساڵی دواتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر بووە، ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزەی مەڵبەند، بەشداریی هێزی پشتیوانی لە ڕۆژهەڵات کردووە، لە زۆر چالاکیی پێشمەرگانەدا بەشدار بووە، وەک گرتنی بێتواتە ١٩٨٣، شەڕی قەیوان-ماوەت ١٩٨٦، داستانی ڕزگاری ١٩٨٧ و شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا، ساڵی ١٩٨٧ دەگوێزرێتەوە بۆ تیپی ٥١ی گەرمیان و دواتر دەکرێت بە فەرماندەی کەرت. لە دوای شاڵاوی ئەنفالی سێ بۆ ناوچەی گەرمیان، وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەر، هەرچەند بریندار دەبێت، بەڵام بۆ ماوەی ١٥ مانگ بە شێوەی پارتیزانی دەمێنێتەوە و درێژە بە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕاپەڕینەکەدا لەگەڵ بەتالیۆنی یەک دەگەڕێتەوە و بەشداری لە ڕزگارکردنی باوەنوور و کەلار و کفری و خانەقیندا دەکات، دواتر چەند بەرپرسیاریەتییەکی پێ دەسپێردرێت، ساڵی ١٩٩٦ دەکرێت بە جێگری فەرماندەی فەرماندەیی گەرمیان، لە کۆنگرەی ٣ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵدەبژێردرێت.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە لە ٢٢ی ئابی ٢٠١٧ بە هۆی نەخۆشییەوە لە سوید کۆچی دوایی دەکات، لە زێدی خۆی لە قادرکەرەم بە خاک دەسپێردرێت.

هاوڕێ ئەحمەد محەمەد سلێمان

ناسراو بە دکتۆر هاوڕێ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێشمەرگەی پارتیزان، ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی بڕوانامەی دبلۆم لە بواری تەندروستیدا بەدەست بهێنێت، لە بەهاری ساڵی١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، لە ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی مەڵبەندی دوو، لە پێشمەرگایەتیدا بەرپرسی ڕێکخستنی تیپی ٤٩ی سارا بووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک کادر و پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«لە دوای شاڵاوەکانی ڕژێمی لەناوچووی بەعس بۆ سەر هێزی پێشمەرگە و خەڵکی سڤیلی گوندنشینی کوردستان، بە ناوی ئەنفال و بەکارهێنانی سوورەتی ئەنفال بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی دژ بە خەڵکی کوردستان، وە پاش پاشەکشەیەکی کاتیی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنورییەکان، جارێکی تر و بە ورەیەکی بەرز و ڕێکخستنێکی تۆکمەوە، ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆڵنەدەر بە ناوی پارتیزان گەڕاینەوە ناوچە خاپوورکراوەکان و درێژەمان بە شۆڕش و خەبات دا.»

## ياسین عۆدل محەمەد ئەحمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە یاسـینە بچکۆل، سـاڵی ١٩٥٧ لـە گەرەکـی حەدیدییەکانـی شـاری کەرکـوک لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش، بـەڵام خێزانێکـی دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەر لـە دایـک دەبێـت، تـا قۆناغـی ئامادەیـی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٠ لـە کەرکـوک پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە وریایـی و لەخۆبردووییـەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ٤ی جەبـاری تیپـی ٥١ی گەرمیـان، پێشـمەرگەیەکی ئازا و بوێـر بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا توانیویەتـی ببێـت بـە فەرماندەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر بـەردەوام دەبێـت لـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگانە، لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی سـنوری گەرمیاندا وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان بەشـداری دەکات.

لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١ ڕۆڵێکـی بەرچـاوی دەبێـت، بەداخـەوە هـەر لـە ڕاپەڕینەکـەدا و لـە کاتـی ئازادکردنـی شـاری کەرکوکدا لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێزەکانـی دوژمـن، لـە گەڕەکـی شـۆڕیجە، شـەهید دەبێـت، لـە گۆڕسـتانی شـۆڕش لـە چەمچەمـاڵ بـە خـاک دەسـپێردرێت.

## پارتیزانەکانی سنوری شارباژێڕ

شارباژێڕ ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی باشورە، دەکەوێتە باکووری شاری سلێمانییەوە، هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە هەردوو قەزای چوارتا و ماوەتن، سنوری ڕۆژهەڵاتی شارباژێڕ تا قەزای پێنجوێن درێژ دەبێتەوە و لە باکووریشەوە لەگەڵ شاری بانەی ڕۆژهەڵاتدا هاوسنورە، شارباژێڕ تا کاتی ئەنفالەکان، ناوچەیەکی هەمیشە ئاوەدان بووە، پڕ لە کانی و کارێزە، هەردوو چەمی کەناروێ و قەڵاچوالان بەم سنوورەدا تێدەپەڕن، شارباژێر ناوچەیەکی شاخاویی پڕ لە شیو و دۆڵ و گرد و لووتکەی بەرزە، ئەمەش وای کردووە کە دەشتایی و شوێنی کشتوکاڵیی کەم بێت، بەڵام لەوەڕگەی زۆرە، دانیشتووانەکەی بە زۆری بە کاری ئاژەڵداری و باخدارییەوە خەریکن، قەڵاچوالان کە ماوەیەک پایتەختی بابانەکان بووە، دەکەوێتە سنووری شارباژێڕەوە، شێخ مارفی نۆدێیی و کاک ئەحمەدی شێخ، کە دوو زانای ئایینیی کورد و دوو کەسایەتیی هەڵکەوتووی کۆمەڵایەتیی ناوچەی سلێمانی بوون، لەدایکبووی دەڤەری شارباژێڕن، هەر لە سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ مەحموودی نەمرەوە تا شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، شارباژێڕ لانکەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی بووە، شارباژێڕییەکان خەڵکی ڕەنجدەر و تێکۆشەرن، هەمیشە وەفادار و دڵسۆز بوون بە شۆڕش و بە پێشمەرگە و بە کوردایەتی.

شاربـاژێر بـه هـۆی نزیکیی لـه شـاری سلێمانییەوە، هەمیشـه وەک پەناگەیەکـی ئـارام بـووه بـۆ شـۆڕشـگێڕ و ئازادیخـوازان، لانکـەی شـۆڕش و هەسـتانەوە و مەڵبەندی ڕۆشـنبیران و بیری پێشـکەوتووخوازانه و بیـری ئازادیـی نیشـتمانی و نەتەوایەتـی بـووه، هەرگیـز ئـەم دەڤـەرە پێشـمەرگەی لـێ نەبڕاوە.

ئـەم هەمـوو پانتاییـەی شـاربـاژێڕ بـه هەمـوو گونـد و شـارۆچکەکانییەوە لـه شـاڵاوەکانی ئەنفالـدا خاپوورکـران و بـوون بـه ناوچەیەکـی تـەواو چۆڵەوانـی و هەمـوو هاتووچـۆ و جموجوڵێکـی تێـدا قەدەغـه کـرا، لـه هەمـان کاتـدا بـه هـۆی هاوسـنووریی لەگـەڵ ئێراندا و شـەڕی هەشـت ساڵەی عێراق-ئێرانـەوە، زۆربـەی ناوچەکانـی ئـەم دەڤـەرە مینڕێـژ کـران و تەنـرا بـه ڕەبایـه و مۆڵگـەی سـەربازیی ڕژێـم، ئەمـه جگـه لـه سـوڕانەوەی بەردەوامـی هەلیکۆپتـەر بـه ناوچەکـەدا بـۆ چاودێریـی پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال.

لـەو هەلومەرجـه دژوارەدا و لـەم سـنووره خاپوورکـراوەدا، پێشـمەرگه پارتیزانەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، درێژەیـان بـه شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دابـوو، لـەو ڕۆژگاره سـەختەدا پارتیزانـەکان توانیـان لـه یـەک کاتـدا هـەم بەرەنگاری ڕژێم ببنەوە و هەم پەیوەندییەکانی شـار و شـاخیش جارێکـی تـر بـه یەکـەوە گـرێ بدەنـەوە. ئـەم دەڤـەرە سـنوری چالاکـی تیپـی ٣٧ی شـاربـاژێڕ بـوو.

ئەبوبەکر عەلی قادر محەمەد

ناسراو بە خاڵەبەکر، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی کەڵەکنی نزیک سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کۆڵنەدەر هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، هەستی نیشتمانی و دڵسۆزیی بۆ خاک و نەتەوەکەی وای لێ دەکات کە لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بکات لە سلێمانی، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە دەستەی پارێزگاری سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەدالیای پارتیزانی لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە پێ بەخشراوە، پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک بووە، بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانەی کردووە، لەوانە: ئازادکردنی شاخی دابان هەلاج، داستانی ڕزگاری (شەڕی قەیوان – ماوەت).

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی خەباتگێڕ و کۆڵنەدەر بەشداریی لە خەباتی پارتیزانیدا دەکات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ، لە پێناو گەشانەوەی ژیلەمۆی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی خۆسەپێن و داگیرکەر، لەگەڵ یەکەم مەفرەزەی پێشمەرگەدا بەشداریی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ دەکات و بەشدار دەبێت لە داستانی ئەزمڕ و بەرگریکردن لە کاتی کۆڕەوەکەدا، بەداخەوە لە شەوی ١٣/١٤ی مانگی ١٠ی ١٩٩٧ لە گوندی

ئاقوبانـی نزیـک شـەقڵاوە لـە شـەڕی ناوخـۆدا شـەهید دەبێت و لـە گۆڕسـتانی شـێخ ئەحمـەدی هنـدی لـە شـاری سـلێمانی بـە خـاک دەسـپێردرێت، لـە دوای خـۆی هاوسـەر و هەرسـێ منداڵەکـەی بەجـێ دەهێڵێـت بـۆ کوردسـتان.

ئیسماعیل ئیبراهیم ئیسماعیل شەریف

پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پێشـمەرگەی پارتیزانـی دوای ئەنفـال، لـە سـاڵی ١٩٦٠ لـە گەڕەکی سابوونکەران لە سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێـت، هـەر زوو هەسـتی بـە چەوسـانەوەی نەتەوەکـەی و نادادپەروەریـی دەسـەڵات کـردووە، ئـەم هەسـتەیش هانـی دەدات بۆ کـۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات و هەمـان سـاڵ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، لـە هەرێمـی پێنجـی قـەرەداغ کەرتـی دووی بازیـان، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا تا پلەی فەرمانـدەی کەرتـی بەدەسـت هێنـاوە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵـی شـارباژێڕدا، لـە پێنـاو درێـژەدان بـە خەبـات و پاراسـتنی شـکۆی نەتەوەکـەی ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و لەخۆبردووانـە ئـەو ئەرکـە قورسـە دەگرێتـە ئەسـتۆ و درێـژە بـە شـۆڕش و کاری پێشـمەرگایەتی دەدات، ئـەم پێشـمەرگە

پارتیزانە ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵـە.

بکر حەمە سەدیق حەمە حسێن سوبحان

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە شـوان قلیاسـانی، ساڵی ١٩٦١ لە سلێمانی لـە خێزانێکـی تێکۆشـەر و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، لـە خوێندندا توانیویەتـی بڕوانامـەی دبلۆم بەدەسـت بهێنێـت، سـاڵی ١٩٧٧ لـە شـاری سـلێمانی پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر سەرکەوتووانە و لەخۆبردووانـە کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٧ی پیرەمەگـرون، وەک کادرێکـی ڕێکخسـتن لـەو تیپـەدا درێـژە بـە کاری پێشـمەرگایەتی دەدات، پاشـان دەکرێـت بـە جێگـری فەرماندەی تیپـی پارێـزگاری هەڤاڵ مـام جـەلال.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، لەگـەڵ یەکـەم مەفـرەزەی شـارباژێڕ لـە مانگـی ٣ی ١٩٨٩ دەگەڕێتـەوە ناوچـە چۆڵکـراوەکان بـۆ درێـژەدان بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی، سـەرەتا ڕێـگای بلەکـێ – شـارباژێڕ لـە مین پـاک دەکەنـەوە و پاشـان هەندێ ڕاسـپاردەی کاک نەوشـیروان دەگەیەننـە ڕێکخسـتنەکانی ناوشـار، دواتـر ئازووقـە و شـوێنی مانـەوە بۆ پارتیزانەکانی دوای خۆیـان دابین دەکـەن.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:
«ئەگەر پارتیزانەکان نەبوونایە، هەموومان دەبووین بە ئاوارە و لە ڕێکخستن و جەماوەر دادەبڕاین و شۆڕش لە بیر خەڵک دەچووەوە.»
ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

جەبار قادر سەعید ئیسماعیل

ناسراو بە وەستا جەبار، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر لە ناحیەی بەرزنجە هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی سەرقاڵیی بە کارکردنەوە بۆ دابینکردنی بژێویی بۆ خۆی و خێزانە زەحمەتکێشەکەی، تا قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لەو ماوەیەدا کارەکانی ڕێکخستن چالاکانە و دڵسۆزانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە گۆریەر تا ساڵی ١٩٨٣ لە تیپی ١٥ی هەورامان بووە، پاشان  لە مەڵبەندی یەک لە قەرەداغ درێژەی بە خەباتی پێشمەرگایەتی داوە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات و وەک

پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەشداریی ئەو قۆناغە سەختەی خەباتی کوردایەتی دەکات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ، لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٩٠ هاوڕێیەکیان بە ناوی (یاسین مستەفا ئەحمەد پور) بە هۆی مینەوە شەهید دەبێت.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «پارتیزانەکانی دوای ئەنفال بوونە هۆی ئەوەی شۆڕشی گەلی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە هەرەس دوور بخەنەوە و شۆڕش و ڕێکخستنەکانی ناوشار بەیەکەوە ببەستنەوە و بە دوژمنانیش بڵێن بۆ سەربەرزی گەلەکەمان ئامادەی هەموو قوربانییەکین.»

خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

جەلال مستەفا قادر محەمەد

ناسراو بە هێرشە بچکۆل، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە ناڵپارێزی قەزای پێنجوێن لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی کارکردنەوە لە قۆناغی منداڵی و لاویدا بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی و خێزانەکەی، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، هەر زوو هەستی بە نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی دوژمن کردووە، ساڵی ١٩٨٦ لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە

کردووە لە کەرتی ٣ی تیپی ٣١ی سلێمانی، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگانە و لەگەل پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕ ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و درێژە بە شۆڕش و بەرەنگاری دەدات.

ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

جەمال سەعید محێدین محەمەد

ناسراو بە جەمال حاجی مامەندی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی بڕوانامەی دبلۆمی سەربازی بەدەست بهێنێت، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر چالاکانە و لەخۆبوردووانە لە ڕێکخستندا هەڵسووڕاوە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە مەڵبەندی یەک، لە بەشی ڕاگەیاندن.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی شارباژێڕ درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە دەدات و لە پێناوی سەروەریی نەتەوەکەیدا ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، لە ڕاپەرینەکەشدا بەشداریی بەرچاویان دەبێت.

## جەمال محیّدین سالّح ئیسماعیل

ناسراو بە شێخ جەمال چنگیانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی چنگیانی شارباژێڕ لە خێزانێکی جووتیار و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی تا قۆناغی ناوەندی بخوێنێت، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی ڕێکخستنی بەڕێ کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٣١ی سلێمانی، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات و ژیانی سەخت و پڕ لە ئاستەنگیی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕ، لە یادەوەریی ئەو قۆناغەیدا کارەساتی تەقینەوەی مین بە چەند هاوڕێیەکیاندا (یاسین سیتەکی، خالید، محەمەد و عەلی سۆیبە) کاری تێ کردووە، لەبارەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالیشەوە دەڵێت:

«ئەو کارەی پارتیزانەکان کردیان، پێناسەی گەورەیی و شەهامەتی ئەو بەڕێزانەیە کە ژیانی سەخت و پڕمەترسییان هەڵبژارد لە پێناو گەل و نیشتمان و ڕێبازی شەهیدان و هەستانەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا.»

لە ئێستادا وەک ئەفسەر بە پلەی عەمید لە خزمەتدایە لە قەڵاچوالان، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

حسێن ڕەشید ئەحمەد مەحموود

ناسراو بە حسێن نۆڕەبابی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی نۆڕەبابی باسنێ - شارباژێڕ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاریی خێزانەکەی قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە لە کێڵگە و مەزراکاندا بەسەر بردووە، ئەمەش ڕێگر بووە لەوەی کە بتوانێت درێژە بە خوێندن بدات و قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە. کەسێکی هۆشیار و خۆنەویست و دڵسۆز بووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، هەمان ساڵ بووە بە پێشمەرگە لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، پێشمەرگەیەکی لەخۆبردوو و بوێر و ئازا بووە، بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانەی کردووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە، درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێر، بەداخەوە ساڵی ١٩٩١ لە قەڵاچوالان بە هۆی تەقینەوەوە شەهید دەبێت، لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هندی بە خاک دەسپێردرێت.

## خالید حسێن ڕەسوڵ عەزیز

ناسراو بە خالیدە بچکۆل گرگاشیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٢ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر، لە باسنێ- قەزای چوارتا هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاریی خێزانەکەی قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە خەریک بووە، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و تەنها تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە قەلاچوالان، ساڵی ١٩٨٥، لە تەمەنی سیازدە ساڵیدا دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە خەبات و کاری شۆڕشگێڕانە، هەر بەو مەبەستە لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕ دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی خاپوورکراو، لە پێناو بەدەستهێنانی شکۆی نەتەوەکەی ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، بەداخەوە لە کاتی پارتیزانیدا بە هۆی تەقینەوەی ئەڵغامەوە قاچی لە دەست دەدات.

خانەنشینی کەمئەندامی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

لە بارەی خەباتی پێشمەرگایەتی و پارتیزانییەوە دەڵێت:

«توانیمان بە دڵسۆزی ئەرکی خۆمان بەجێ بگەیەنین و

حکومـەت و کوردسـتان تـا ئێـرە بگەیەنیـن.»

دلێر عەبدوڵڵا ڕەشید کاکی

ناسـراو بـە دلێـر ئاڵیاوایـی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لـە گوندی ئاڵیاوای سەر بە ناحیەی بەکرەجۆ لـە خێزانێکی ماندوونەناس و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ئامادەیـی لـە سلێمانی تـەواو کـردووە، کەسـێکی هۆشیار و چـالاک بـووە، زوڵـم و سـتەمی داگیرکـەر هـەر زوو دەیهاوێتـە کۆڕی خەباتـەوە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، لـە هەمـان سـاڵدا پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپی ٥٥ی قـەرەداغ، پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و ئـازا و بوێـر بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال بەردەوامـی بـە خەباتـی پێشـمەرگانە دەدات، لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی شـارباژێڕدا وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیزان بەشـدار دەبێت و لە پێناو بەرژەوەندیی بـاڵای گەلەکەیدا خۆنەویستانە ئـەو ڕێگا پڕ مەترسـی و سـەختە هەڵدەبژێرێـت، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێـت: :پارتیزانـەکان پـردی پەیوەندیی نێـوان شـاخ و ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی شـار بـوون و توانییـان یەکێتـی بـە گەورەیـی بهێڵنـەوە.»

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## ڕزگار محەمەد عەبدوڕەحمان کەریم

ناسراو بە ڕزگاری حەمەی کاشی، پارتیزان وپێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی تووی مەلیکی شاری سلێمانی لە خێزانێکی کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی لە دوای ڕاپەڕین بڕوانامەی دبلۆم لە بواری سەربازیدا بە دەست بهێنێت، کەسێکی هۆشیار و چالاک دەبێت، نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شارباژێڕ، لە هەمان ساڵدا پەیوەندیی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی ٣٣ی سلێمانی، پاشان دەچێتە مەکتەبی عەسکەری، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە. لە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا تا پلەی جێگری فەرماندەی کەرتی بەدەست هێناوە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، هەر بەو مەبەستە وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی شارباژێڕ دەگەڕێتەوە بۆ درێژەدان بە خەبات و خامۆشنەکردنی کوانوی شۆڕش.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## سەرکەوت حەسەن جەلال غەفور

ناسراو بە سەرکەوتی کوبە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لێپرسراوی پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێر بووە، ساڵی ١٩٥٩ لە سلێمانی لە گەڕەکی سەرشەقام لە خێزانێکی کۆڵنەدەر و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری پزیشکیدا بەدەست هێناوە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر چالاکانە و لەخۆبوردووانە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨١ دەبێت بە پێشمەرگە لە ناوزەنگ لە بارەگاکانی پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا دوو جار بریندار بووە، بەشدارییەکی بەرچاوی لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی شاری سلێمانیدا هەبووە، لە ساڵی ١٩٩٣وە تا ساڵی ٢٠٠٨ چەند پۆستێکی لە بواری ئاسایش لە سلێمانی و وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە، کۆڵنەدەرانە گەڕاوەتەوە ناوچە خاپوورکراوەکانی کوردستان، بۆ درێژەدان بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی، سەرپەرشتیاری ڕەتڵی شارباژێڕی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کردووە تا کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١. لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆنەویستی

گیانلەسەردەستی ڕۆژانی سەخت و تەنگانە، ئەرکی خۆیان لە هەستانەوەی شۆڕش و یەکێتی بەجێ گەیاند، دڵسۆزی و هەستی نەتەوایەتی و هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە خوێنی شەهیدان و ماڵوێرانیی خەڵکی کوردستان، بەبێ گوێدانە هیچ ناخۆشی و ئازار و ناڕەحەتییەک، لە ناو شاخ و دێهاتی وێران و چۆڵ و سوتاوی کوردستان، بەردەوامییان دا بە ئەرکی پێشمەرگانە و خەباتی شۆڕشگێرانە تا ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، کە بە ڕاپەڕینە مەزنەکە ناسراوە. «

ستار عارف مەعروف تەها

ناسراو بە شێخ ستار، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی باساکی سرۆچک (بەرزنجە) لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی پێنجوێن، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ دەکات، لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٣١ی سلێمانی، لە پێشمەرگایەتیدا ڕێکخەری کەرت بووە و ماوەیەکیش ڕابەر سیاسیی بەتالیۆنی گۆیژە بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات

لــە ڕەتڵــی پێشــمەرگە پارتیزانەکانــی شــارباژێڕ، لــە بــارەی پارتیزانەکانــەوە دەڵێــت:

«پارتیزانــەکان هێزێکــی خۆبەخشــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بــوون، بــۆ جۆشــدانەوە و هەســتانەوەی بیــری نوێــی کوردایەتــی، ئــەو مەفــرەزە پارتیزانانــە لــە ئامێــزی گونــدە چۆڵکراوەکانــی کوردســتان، شــەو و ڕۆژ لەگــەڵ ژان و هەورەبرووسکە و لێزمــەی بارانی بەهــار، درێژەیــان بە شــۆڕش و خەباتــی کوردایەتــی دەدا.»

ئێســتا بەڕێوەبــەرە لــە ســکرتاریەتی هەڤــاڵ مــام جــەلال، خێزانــدارە و خاوەنــی ٣ منداڵــە.

سۆران حامید ڕەحیم سەعید

پارتیــزان و پێشــمەرگەی دێرینــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان، ســاڵی ١٩٦٧ لە سلێمانی لە گەڕەکی تووی مەلیک لــە خێزانێکــی زەحمەتکێــش و کوردپــەروەر هاتووەتــە ژیانــەوە. بــە هــۆی کارکردنــەوە نەیتوانیوە درێــژە بــە خوێندن بدات، تەنها قۆناغــی ســەرەتایی تــەواو کــردووە، ســاڵی ١٩٨٥ پەیوەندیــی بــە ڕیزەکانــی ڕێکخســتنی کۆمەڵــەی ڕەنجدەرانــی کوردســتانەوە کــردووە لــە پێنجوێــن، ســاڵی ١٩٨٧ پەیوەندیــی بــە هێــزی پێشــمەرگەی کوردســتانەوە کــردووە لــە تیپــی ٣١ی ســلێمانی، پێشــمەرگەیەکی دڵســۆز و ئــازا و بوێــر بــووە.

لــە دوای شــاڵاوەکانی ئەنفــال، لــە ڕەتڵــی پێشــمەرگە پارتیزانەکانــی شــارباژێڕ، وەک پێشــمەرگەیەکی پارتیــزان و

کۆڵنـەدەر درێـژە بـە شـۆڕش و خـەباتـی پێشـمـەرگایەتی دەدات، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێـت:

«پارتیزانـەکان هیـوا و ئومێـدی گەلـی کـورد بـوون، درێژەپێـدەری خەباتـی ڕەوای گەلـی کـورد بـوون، توانییـان لـە کوردسـتانێکی چۆڵکـراو و خاپوورکـراودا درێـژە بـە خەبـات بـدەن.»

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

سیروان محەمەد کەریم سلێمان

ناسـراو بـە جووتیـار، پارتیـزان و پێشـمـەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٧٠ لـە گونـدی کانـی شـوانی باسـنێ لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. بـە هـۆی کارکردنـەوە نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندیـی کـردووە بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە، هەمـان سـاڵ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمـەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە لـە تیپـی ٣١ی سـلێمانی، پێشـمـەرگەیەکی چـالاک و ئـازا و بوێـر بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، کۆڵنەدەرانـە لـە ڕەتڵـی پێشـمـەرگە پارتیزانەکانـی شـارباژێڕ درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان توانیان بە دڵسۆزی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبستێننەوە و گەلەکەمان بەم ڕۆژەی بگەیەنن، کە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ بەرهەم بێت.»

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

عەبدولڕەزاق ڕەشید محەمەد

ناسراو بە ڕەزا شەشۆیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی شەشۆی قەزای ماوەت لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکرکردن نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە سوورە قەڵات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و قارەمان درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## عەلی ئەمین ڕەسوڵ شەریف

ناسراو بە عەلی سۆیبە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی بناوەسووتەی پێنجوێن لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش، بەڵام دڵسۆز و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە پێنجوێن، زۆر بە وریایی و چالاکانە کارەکانی ڕێکخستنی بە ئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی مەڵبەندی یەک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ، لە کاتی پارتیزانیدا بە هۆی ئەڵغامەوە قاچی لە دەست داوە، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «ئێمە توانیمان درێژە بە شۆڕش بدەین و پەیوەندیی شار و شاخ بە یەکەوە گرێ بدەینەوە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە گەورەیی بهێڵینەوە.»

کەمئەندامی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

### عومەر ئەحمەد سەعید ڕۆستەم

ناسراو بە هیوا، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە کردووە لە مەڵبەندی یەک، هەمان ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە شارباژێڕ لە لای عەبەڕەق، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانیی چۆڵکراو و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕدا درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە قارەمانە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا، لە ١٩٩٤/٥/٣ شەهید دەبێت و لە سلێمانی لە گردی شەهیدان بە خاک دەسپێردرێت، خاوەنی مەدالیای سەروەرییە، کە لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە پێی بەخشراوە.

### عەبدولخالق عەلی مارف فەتاح

ناسراو بە خالق ماوەتی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٢ لە قەزای ماوەت لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە.

بە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە نەیتوانیوە درێژە بـە خوێـندن بـدات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێـندووە، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە لـە مـاوەت، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٦ لـە تەمەنـی چـواردە سـاڵیدا، پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٣٧ی شـارباژێڕ.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال کۆڵنەدەرانـە وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و پارتیـزان دەگەڕێتـەوە بۆ کوردسـتانێکی چۆڵکـراو و خاپوورکـراو بـۆ درێـژەدان بـە شـۆڕش و پێشـمەرگایەتی لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی شـارباژێر.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

فوئاد مەحموود عەبدوڵڵا محەمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٧ لـە گەڕەکـی کانێسکان لەسلێمانی لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. تـا قۆناغـی ئامادەیی خوێندووە، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەنـدی کـردووە بە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە لـە کۆمیتەی ڕێکخستنی پێنجوێن، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە لـە تیپـی ٣١ی شـارباژێڕ، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و دڵسـۆز بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی مەفـرەزە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، کۆڵنەدەرانـە لـە ڕەتڵـی

پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی شـارباژێڕ درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، لەبارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێت: «پارتیزانـەکان ئـەو پێشـمەرگانە بـوون کـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و پاشەکشــەی هێـزی پێشـمەرگە، شـانیان دایـە بـەر هەسـتانەوەی شـۆڕش و نەیان هێشـت گەلەکەیـان لـە نائومێدیدا بمێنێتـەوە، تـا ڕاپەڕینـە مەزنەکە و سـەرکەوتنی گەلی کوردسـتان بـەردەوام بـوون.»

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

کامیل نوری محەمەد ئەمین

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٧ لـە گونـدی موبـڕەی قـەزای چوارتـا لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش، بـەڵام خێزانێکـی دڵسـۆز ونیشـتمانپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، بـە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە نەیتوانیوە درێـژە بـە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سـەرەتایی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨١ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی پێنجوێـن، زۆر چالاکانـە و لەخۆبردووانـە کارەکانـی ڕێکخسـتنی ڕاپەڕانـدووە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیـی بـە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە لـە کەرتـی ٣ی تیپی ٣١ سـلێمانی، لـە پێشـمەرگایەتیدا کـراوە بـە فەرمانـدەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانـە لە ڕەتڵی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی شـارباژێڕ، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان

درێـژەی بـە شـۆڕش و کاری پێشـمـەرگایەتی داوە، لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١ لـە کاتـی ئازادکردنـی کەرکوکـدا لـە گونـدی چیمـەن بـە سـەختی بریـندار دەبێـت.

ئـەم پێشـمـەرگە پارتیزانـە قارەمانـە، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمـەرگەی کەمئەندامـی سـەنگەرە، خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵــە.

کەرەم حەسەن سەعید کەریم

ناسـراو بـە کەریـم، پارتیـزان و پێشـمـەرگەی دێرینـی ی.ن.ک، سـاڵی ١٩٧٠ لـە دۆڵانـی سـەروو لـە ناوچـەی قـەرەداغ، لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، لـە بنەڕەتدا خێزانەکەیـان لـە ناوچـەی قادرکـەرەم بـوون، بـە هـۆی گـەڕان بـە دوای بژێویـدا، لـە ناوچـەی قـەرەداغ گیرسـاونەتەوە، بـە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێندووە و نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تـەواو بکات، سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بـە هێـزی پێشـمـەرگەی کوردستانەوە دەکات لـە تیپـی ١٧ی زمناکـۆ سـەر بـە مەڵبەنـدی یـەک.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان لەلایـەن سـوپای داگیرکـەری ڕژێمـی عێراقـەوە، ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و لـە ڕەتڵی پێشـمـەرگە پارتیزانەکانـی سـورداش-جافایەتی درێـژە بـە خەبـات و پێشـمـەرگایەتی دەدات.

خێزاندارە و خاوەنی چـوار منداڵە، پێشـمـەرگەیە لە هێزەکانی حەفتا بـە پلـەی عەقید.

لەتیف حەمە مەحموود ڕەحیم

ناسراو بە هەڵۆ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەری گوندی ڕاوکانی قەزای پێنجوێن هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە شانەی سەرەکیی دووی ئاگرین، کارەکانی ڕێکخستنی دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە پارتیزانیدا ناخۆشیی زۆر دەبینێت، بەتایبەتی شەهیدبوونی یاسین دۆڵپەموویی هاوڕێی و برینداربوونی دوو هاوڕێی تری بە ناوەکانی: عەلی ئەمین ڕەسوڵ و محەمەد شوکێی، زۆر کاری تێدەکات، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «توانیمان بیسەلمێنین کە کورد و پێشمەرگە هەرگیز لە ناو ناچن و هیوایەکمان گەڕاندەوە بۆ خەڵکی کۆڵنەدەری کوردستان.»

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

محەمەد ئەحمەد عوسمان کەریم

ناسراو بە بێستوون سنجەڵێی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری گوندی سنجەڵێی قەزای چوارتا هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستنی بە ئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی ٣١ی سلێمانی، پێشمەرگەیەکی چالاک و خۆشەویست بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕ، لەو ڕێگەیەوە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

محەمەد ڕەشید ئەحمەد حسێن

ناسراو بە خاڵە سەراوی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی١٩٥٦ لە گوندی سەراوی شارباژێڕ (قەزای ماوەت)لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەر لە دایک دەبێت، کەسێکی چالاک و هۆشیار دەبێت، هەر زوو هەست بە نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێم دەکات، هەست بە چەوسانەوی گەلەکەی دەکات لەلایەن داگیرکەرانەوە، ئەم بارودۆخەی هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شارباژێڕ، لە پاییزی ١٩٨٠دا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی دووی هەرێمی پارێزگاری.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە کاری پێشمەرگایەتی و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ، لە کاتی پارتیزانیدا لە ١٩٩٠/١١/١٥ لە بۆسەیەکدا توانیویانە چوار سەرباز و ئەفسەرێک بە دیل بگرن، پاش ئەوەی چەکەکانیان لێ وەردەگرن ئازادیان دەکەن، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاواتەخوازە خەباتی پارتیزانەکان ببێتە هەوێنی ئاشتی و پێکەوەژیان، خەباتەکەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو بە شانازییەوە باس بکرێت.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## محەمەد عوسمان ڕەسوڵ سلێمان

ناسـراو بـە شـۆڕش، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٨ لـە گونـدی گەڕەدێی شـارباژێڕ لـە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە لـە کەرتـی دووی تیپـی ٣٧ی شـارباژێڕ، پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و ئـازا و بوێـر دەبێت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی تیـپ.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، کۆڵنەدەرانـە وەک پێشـمەگەیەکی شۆڕشـگێڕ و کۆڵنـەدەر لـە ڕەتڵی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی شـارباژێڕ درێژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگانە دەدات.

بەداخـەوە ئـەم پارتیزانـە کۆڵنـەدەرە، لـە سـاڵی ١٩٩١ لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەدا لـە کاتـی بەرەنگاربوونـەوەی هێزەکانـی ڕژێم لـە چیمـەن شـەهید دەبێت و دەچێتـە کاروانی نەمرانـەوە، لـە سـلێمانی لـە گۆڕسـتانی شـێخ ئەحمـەدی هنـدی بـە خـاک دەسـپێردرێت.

## محەمەد مەجید حەمە سەعید

ناسراو بە حەمە شوکێی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاریی خێزانەکەی و پابەندبوونی بە کارکردنەوە، تەنها تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ لە شوکێ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستنی بە ئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی ٣١ سلێمانی و تیپی ١٧ی زمناکۆ پێشمەرگایەتیی کردووە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان دەستبەکار دەبێت.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## نەوزاد کەریم عەلی ڕەسوڵ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی شێخ هۆمەری ناحیەی تانجەرۆ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، ساڵی ١٩٨٤

پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی دەربەندیخان، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی یەک، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شالاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆلنەدەر دەگەڕێتەوە ناوچە چۆڵکراوەکانی کوردستان، بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ.

خانانشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

نوعمان ڕەفیق وەهاب حەمە ئەمین

ناسراو بە دلێر دەرەویانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی دەرەویانی ناوچەی قەرەداغ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە قەرەداغ، هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی چالاک و خۆشەویست بووە.

وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.
خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

هیوا حەمە ئەحمەد مەحموود

ناسراو بە عەبەی حەمدی، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی کانێسکانی سلێمانی لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە لە قۆناغی لاوێتیدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٧ ی پیرەمەگرون، پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و ئازا و بوێر بووە.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕ، کۆڵنەدەرانە خەباتی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێت، بۆ بەردەوامیی شۆڕش و خەباتی پێشمەگایەتی تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، پاشان لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال دەبێت بە فەرماندەی تیپ، ئێستا لە هەندەران (ئەورووپا) درێژە بە ژیانی تایبەتی دەدات.

## یاسین مستەفا ئەحمەد مستەفا

ناسراو بە مامۆستا یاسین، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی چالاک و دڵسۆز دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

ئەم پێشمەرگە قارەمانە، دوای شالاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕدا درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە ساڵی ١٩٩٠ بە هۆی تەقینەوەی مینەوە شەهید دەبێت، لە سلێمانی لە گردی شەهیدان بە خاک دەسپێدرێت.

## یاسین واحید ئیسماعیل ئەحمەد

ناسراو بە یاسین سیتەکی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی سیتەکی ناوچەی شارباژێڕ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە دوای ڕاپەڕین توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکان بەدەست بهێنێت، لە مانگی ٨ی ساڵی ١٩٨١ لە شانەی سیتەک پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، سەرکەوتووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە پێشمەرگایەتیدا وەک ڕابەرسیاسی کاری کردووە، پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و دڵسۆز بووە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە دەگەڕێتەوە ناوچە چۆڵکراوەکانی کوردستان و ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕ درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەدات.

لە کاتی پارتیزانیدا، لە ١٩٩٠/٩/٢٨ لە ئەنجامی تەقینەوەی میندا، قاچی ڕاستی لە دەست دەدات، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«شێوازی پارتیزانی دوای ئەنفال، کە لە ناوچە چۆڵکراو و خاپوورکراوەکانی کوردستاندا بوو، نە لە مێژووی دووروودرێژی

خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندا و نە لە مێژووی خەباتی گەلاندا وێنەی نەبووە، داهێنانێکی نوێی خەبات بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی داگیرکەری بەعس.»

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا بەڕێوەبەری گشتییە لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## پارتیزانەکانی شارباژێڕی تەخت

سنووری پارتیزانەکانی شارباژێڕی تەخت ناوچەکانی سەر بە بەڕێوەبەریتی ناحیەی بەرزنجە دەگرێتەوە، واتە ڕۆژهەڵاتی شارباژێڕ تا سنوری شارەزوور، ئەم ڕەتڵەی پارتیزانەکان بە هۆی نزیکییان لە شاری سلێمانییەوە لە پەیوەندیکردنەوە بە ڕێکخستنەکانی ناوشار و دابینکردنی پێداویستیی خواردن و دەرمان بۆ پارتیزانەکان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هەبوو.

بەرزنجە و بەرزنجییەکان وەک چۆن لە شۆڕشەکانی کوردستان و پێشمەرگایەتیدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە، بە هەمان شێوە لە بواری کۆمەڵایەتی و عیرفانی و زانستە ئاینییەکاندا شوێنێکی دیار و بەرچاویان هەبووە و هەیە، مێژووی کۆن و نوێی کورد بەتایبەتی لە کوردستانی باشوردا بەبێ بەرزنجییەکان مێژوویەکی ناتەواوە.

لە سەردەمانێکدا، بەرزنجە و تەریقەت و خوێندنگەکانی هێندە ناوبانگیان دەرکردبوو، بووبووە مایەی ئیلهامی شاعیران، بێخودی شاعیر لە وەسفی بەرزنجەدا دەڵێ:

گڵی یاقوتە عەنبەری سارایە بەرزنجە
گیای زەمڕوتە، بەردی گەوهەری یەکتایە بەرزنجە

لە لای کوێر گەر بینای وەک دۆزەخە، ئەمما لەلای چاوساخ وەکو قەصر و قصوری (جنة المآوی)یە بەرزنجە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت:

بڵێ ڕووی تێ نەکەن دەججال و فیرعەونی زەمان (بێخود)
کە جەولانگاهی شێخ عیسا و شێخ مووسایە بەرزنجە

شێخ مەحموودی نەمر... یەکەم مەلیکی کوردستان، بنەچەیان دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی بەناوبانگی شێخ عیسای بەرزنجی، هەرچەندە مەلیک مەحموود لەو بنەماڵە ئایینییە و لە کەشێکی ئایینیدا گەورە بووبوو، بەڵام شێخ مەحموود وەک مەلیکی کوردستان هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتیی زیاتر بە سەریدا زاڵ بوو، ئەم ڕاستییەش لە هۆنراوەکانی خۆیدا بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت، لە نموونەی هۆنراوەکانی شێخ مەحموود:

من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە
زیللەت نەما، سەعادەت گەڕایەوە

یان لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

گەر مانعی حەققی کورد ببن عەرەب
بێشک نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم

بەرزنجییەکان لە بواری ئەدەب و مێژوودا بەشێکی گەورەی کتێبخانەی کوردییان داگیر کردووە.

# پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت

بەختیار حەمە ئەحمەد حەمە

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،ناسراو بە بەختیار قڕگەیی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی قڕگەی سەر بە شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی چالاک و خۆنەویست بووە، زوڵم و ستەم و نادادپەروەریی ڕژێمی داگیرکەر هەر زوو دەیهاوێتە کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە ڕێکخراوی سەیدسادق، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی یەک، لە پێشمەرگایەتیدا پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا دەبێت، دوا پلەی لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت دەبێت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر بەردەوامی بە خەبات دەدات، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەی پارتیزان لە سنوری شارباژێڕی تەخت، لە کاتی پارتیزانیدا توانیویەتی پەیوەندییەکی باش لە نێوان ڕێکخستنەکانی شار و پارتیزانەکاندا دروست بکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەش چەند هاووڵاتییەکی ناوشار هاوکارییان کردووە و لە ماڵەکانی خۆیاندا شاردویانەتەوە، لەوانە جەلال ئەحمەد فەقێ (ئێستا موختاری سابوونکەرانە)،

سەلاح عەبدوللا عازەبانی، دلشاد محێدین مەلا نەجمەدین، حاجی نامیق عازەبانی، حەمە سالح ئەحمەد، شەفیق حەمە ئەحمەد. هاوکاریی هاوولاتیان بۆ پارتیزانەکان و شۆڕش، کارێکی جوامێرانە و خۆبەخشانەی شۆڕشگێڕانە بووە، وەک سەربازێکی ون لە خەباتدا بوون. تاکە داواکاریی ئەم پێشمەرگە دێرینە ئەوەیە کە هیلاکی و ماندووبونیان لە خەبات و شۆڕشدا بە فیڕۆ نەڕوات، هەم ژیان و گوزەرانیان چاک بکرێت و هەم هەوڵ بدرێت بۆ دامەزراندنی سستەمێکی دادپەروە و ئازادیخواز.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار مندالە.

دلێر عەبدولڕەحمان فەقێ محەمەد ئیبراهیم

ناسراو بە دلێرە بچکۆل، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، سالی ١٩٧١ لە شارۆچکەی ماوەت / شارباژێڕ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا بەشداریی خەباتی شۆڕشگێڕانە دەبێت، سالی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ماوەت، هەر لە هەمان سالدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەلبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزە. دوای شالاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە دەدات لە سنوری پارتیزانەکانی

شـاربـاژێڕی تەخـت، لـەو ماوەیـەدا دەتوانن بڕێکی باش هاوکاری و خـواردن و پێداویسـتی بگوێزنـەوە و پەیوەندیی توند لـە نێوان ڕێکخسـتنەکان و سـەرکردایەتیدا دروسـت بکـەن.

خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، دانیشـتووی شـارۆچکەی ماوەتـە. خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

دڵشاد محێدین نەجمەدین ئەحمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە دڵشـاد قرگەیـی، سـاڵی ١٩٦٣ لـە گونـدی قرگـەی نزیـک شـاری سلێمانی لـە خێزانێکی جووتیـار و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. تـا قۆناغـی ئامادەیـی پیشەسـازیی لـە سـلێمانی خوێنـدووە، کەسـێکی هۆشـیار و نیشـتمانپەروەر بـووە، هـەر زوو چووەتـە کـۆڕی خەباتـی کوردایەتییـەوە، سـاڵی ١٩٧٧ لـە ڕێگـەی شـەهید سـەدیق خەلیفە خورشـیدەوە پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە دەکات و چالاکانـە کارەکانـی هەڵدەسـووڕێنێت، لـە مانگـی یەکـی سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەنـدی بـە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لـە ناوچـەی شـارباژێڕ لای کاک جەمیل هەورامـی، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر دەبێت. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، کۆڵنەدەرانـە درێـژە بـە خەباتـی پێشـمەرگانە دەدات لە شـارباژێڕی تەخت وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیزان بەشـداریی چالاکـی و کارەکانـی مەفرەزەکەیـان دەکات و پەیوەنـدی لەگـەڵ

ڕێکخستنەکانی ناو شاری سلێمانیدا دروست دەکەنەوە. ئێستا لە لیوای ٣ی پاسەوانی سنوری سلێمانی ئەفسەرە لە بەشی پەیوەندییەکان (علاقات)، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

زرار سەعدون محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە زرار سێکانیانی، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی سێکانیانی ناحیەی سورداش – قەزای دوکان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٧٤ بۆ یەکەم جار چەکی پێشمەرگایەتی دەکاتە شانی، پاش نسکۆی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان، بەڵام بەردەوام لە بیری ڕزگاریی نیشتمانەکەیدا دەبێت. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٠ بۆ جاری دووەم چەکی پێشمەرگایەتی لە شان دەکات، لە بارەگای مەکتەبی عەسکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاش دوو ساڵ لە کەرتی ٤ی تیپی ٩٠ی کۆیە دەکرێتە فەرماندەی مەفرەزە، ساڵی ١٩٨٥ دەبێت بە فەرماندەی کەرتی ٧ی تیپی مەڵبەند، لە پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر نەبەرد و چالاکیی پێشمەرگانەی کردووە، ساڵی ١٩٨٦ لە چیای پیرەمەگرون لە شەڕێکدا بریندار دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، پاش مانەوەی بۆ ماوەیەک لە ئێران، ساڵی ١٩٨٩ دەگەڕێتەوە ناوچە خاپوورکراوەکان و وەک پێشمەرگەیە و فەرماندەی ڕەتڵی پارتیزانەکانی شارباژێڕی

تەخت، درێژە بە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی دەدات.
لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ناو شاری سلێمانیدا گێراوە، بەشداریی ڕزگارکردنی شاری کەرکوک دەکات، بەداخەوە لە ٢٧ی ئازاری ١٩٩١ لە کەرکوک شەهید دەبێت و تەرمەکەشی دەکەوێتە دەست هێزەکانی دوژمن.

سالح ڕەشید محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە سالح چۆڕکی، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی چۆڕک لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی پابەندبوونی بە کارکردنەوە لە قۆناغی منداڵی و لاویدا بۆ هاوکاریکردنی بژێویی خێزانەکەی، نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن و قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت، بەڵام ئەمە ڕێگر نەبووە لە دڵسۆزی و وەفای بۆ نەتەوەکەی، هەر زوو هەستی بەو زوڵم و ستەمەی ڕژێم کردووە کە سەپاندوویەتی بەسەر گەلی کورددا، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە پێنجوێن، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٣١ی شارباژێڕ (سلێمانی).
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دروستبوونەوەی مەفرەزە پارتیزانەکان، کۆڵنەدەرانە بەشداری دەکات و ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت بۆ درێژەدان بە خەبات و شۆڕش لە

سنوری شارباژێڕی تەخت، ماوەی ساڵێک زیاتر بەشداریی چالاکی و کارەکانی پێشمەرگە پارتیزانەکان دەکات لەو سنورەدا.
خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزانداره و خاوەنی منداڵێکه.

کەریم سەبری ساڵح

ناسراو بە شێخ کەریم سیتەکی، پارتیزان و پێشمەرگە دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی سیتەکی شارباژێڕ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. هەژاری و کارکردن لە قۆناغی منداڵیدا ڕێگر بوون لەوەی کە قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی چالاک و بەوەفا و دڵسۆز بووە، هەستێکی کوردانەی بەرزی هەبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی یەک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت و لە پێشمەرگایەتیدا تا فەرماندەی کەرت بەدەست دەهێنێت.
لە ساڵانی ١٩٨٩ بۆ ١٩٩٠ وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان و کۆڵنەدەر بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات لە سنوری شارباژێڕی تەخت، چالاکانە بەشدار دەبێت لە دروستکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەوەی ناوشار و دابینکردنی پێداویستیی پێشمەرگە پارتیزانەکان.
دوو مەدالیای ڕێزلێنانی لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە

پێ بەخشراوە، بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە بە هۆی نەخۆشییەوە لە ٢٠١٩/٧/٢١ کۆچی دوایی دەکات و لە سلێمانی بە خاک دەسپێردرێت، لە دوای خۆی هاوسەر و هەر پێنج منداڵەکەی بۆ کوردستان بەجێ دەهێڵێت.

کەریم محەمەد قوربانی مەحموود

ناسراو بە حەمە کەریم قڕگەیی، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی قڕگەی نزیک سلێمانیلە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی و کارکردنی لە قۆناغی منداڵی و لاویدا، نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، کەسێکی هۆشیار و چالاک و دڵسۆز بووە، زوو هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی و زوڵم و زۆری ڕژێمی داگیرکەر کردووە، هەر لە قۆناغی لاوییەوە ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٣١ی ناوچەی شۆڕشگێڕان، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و خۆنەویست دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستانی خاپوورکراو، درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات، بۆ ماوەی حەوت مانگ لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی شارباژێڕی تەخت دەمێنێتەوە و بەشداریی کار و چالاکیی پارتیزانەکان دەکات.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## محەمەد کەریم شەریف پیرۆت

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە حەمـەی بـرای وەسـتا مەجیـد، سـاڵی ١٩٧٠ لـە شـاری سـلێمانی لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، لەبـەر هەژاریـی خێزانەکـەی و کارکـردن لـە قۆناغـی منداڵیدا، نەیتوانیـوە قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، کەسـێکی هۆشـیار و دڵسـۆز و چـالاک بـووە، بـە هـۆی وەسـتا مەجیـدی براگەورەیـەوە کـە پێشـمەرگە بـووە، چەنـد جارێـک پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە، بـە مەبەسـتی بـوون بـە پێشـمەرگە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی کـە تەمەنـی منـداڵ بـووە وەریـان نەگرتـووە، دواتـر بـە هـۆی وەسـتا مەجیـدی برایـەوە، لـە تەمەنێکـی زۆر لاویـدا سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتن و هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٧ی پیرەمەگـرون، بـە هـۆی وریایـی و بوێریـی خۆیـەوە لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، دەگەڕێتـەوە ناوچـە چۆڵکـراوەکان و ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی شـارباژێڕی تەخـت.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

محەمەد مستەفا فەتحوڵڵا ئەحمەد

ناسراو بە حەمە بۆر، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ماندوونەناس هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی کارکردن و کەمدەرامەتیی خێزانەکەی تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، هەستی نیشتمانی هەر زوو دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالستی کوردستان، ناوچەی ١٦ەوە دەکات، کادرێکی چالاک و دڵسۆز دەبێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە شارباژێڕ، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت و لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سنورەکان، کۆڵنەدەرانە وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لەگەڵ پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت دەگەڕێتەوە بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، لە کاتی دابەزینی بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێی نەسر بە مەبەستی دابینکردنی خواردن بۆ هاوڕێکانی، لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت، لە دوای ڕاپەڕین لە ئەنجامی گۆڕینەوەی بە ئەفسەرە گیراوەکانی ڕژێم، ئازاد کرا.

لە ئێستادا فەرماندەی فەوجە لە فەوجی یەکی لیوای دووی سکرتاریەت.

## مستەفا سەبری ساڵح محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ناسـراو بـە شـێخ مسـتەفا سـیتەکی، سـاڵی ١٩٥٤ لـە گونـدی سـیتەکی قـەزای چوارتـا لـە خێزانێکـی هـەژار و ماندوونەنـاس هاتووەتـە دنیـاوە، بـە هـۆی سـەرقاڵی بـە کارکردنـەوە نەیتوانیـوە قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، زوڵـم و سـتەمی ڕژێمـی داگیرکـەر هانـی دەدات بـۆ کـۆڕی خەبـات، سـاڵی ١٩٧٨ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە دەکات لـە سلێمانی، کارەکانی ڕێکخستن بە وریایی و لەخۆبوردووییـەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە مەڵبەنـدی دووی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال کۆڵنەدەرانـە بـەردەوام دەبێـت لـە خەبـات و وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان دەگەڕێتـەوە بـۆ کوردستانی خاپوورکراو و لـە ڕەتڵی پارتیزانەکانی شـارباژێڕی تەخـت بـۆ ماوەیـەک درێـژە بـە شـۆڕش و کاری ڕێکخسـتن دەدات.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

نەسرەدین ساڵح عەبدولڕەحمان محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی گەورەدێی ناحیەی سیتەک – قەزای چوارتا لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر نەداریی خێزانەکەی و سەرقاڵیی بە کارکردنەوە، نەیتوانیوە قۆناغەکانی خویندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، هەر زوو هەستی بە نادادپەروەری و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە لە لایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی تۆپخانەی مەڵبەندی دوو، کە خولە کەشکۆڵ فەرماندەی تیپەکە بووە.

لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەبات و شۆڕش، بەو مەبەستەش لەگەڵ پارتیزانەکانی ڕەتڵی شارباژێڕی تەخت ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و درێژە بە کاری پێشمەرگانە دەدات.

لە شەڕی ناوخۆدا ساڵی ١٩٩٦ لە پشدەر قاچێکی لە دەست دەدات، ئێستا خانەنشینی کەمئەندامی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری سورداش

سنووری چالاکی و جموجووڵی ئەم پارتیزانانە ناوچەکانی پیرەمەگرون و چەمی ڕێزان و بنگرد و دۆڵی جافایەتی تا دەگەشتە سنووری پارتیزانەکانی دەشتی کۆیە لەوبەری زێ، تا چیای ئاسۆس و سنووری پارتیزانەکانی پشدەر درێژ دەبووەوە، سنوورێکی فراوان، بەڵام خاپوورکراو و پڕ لە جووڵەی سوپای عێراقی، ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر سەربازگە و ڕەبایە و بنکەی هەواڵگریی ڕژێمی لێ بوو، خەڵکی ئەم سنوورە خەڵکێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەر بوون، هەمیشە دڵسۆز و لایەنگری شۆڕش بوون، ناوچەکە و ماڵەکانیان پەناگەیەکی ئارام بوو بۆ پێشمەرگە، لە هەشتاکاندا ماوەیەک سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەم سنوورە بوو لە گوندەکانی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، بۆیە ڕژێم دوای ئەنفال و خاپوورکردنی سنوورەکەش زۆر بە وردی و بە چڕی چاودێریی ئەم ناوچەیەی دەکرد، ئەمەش کاری پارتیزانەکانی زۆر دژوارتر کردبوو، تەنانەت مانەوە و خۆحەشاردانیشیان پێویستیی بە وریایی و شارەزاییەکی زۆر هەبوو. لە سەرەتای شەستەکان لە شۆڕشی ئەیلولدا، بارەگای هەڤاڵ مام جەلال لەم سنوورە بووە، لە چەمی ڕێزان، شێخ مەحموودی نەمر ماوەیەک لەم سنورە بووە لە ئەشکەوتی جاسەنە، هەر لەوێشەوە گۆڤاری بانگی حەق دەردەکرا، ئەم سنوورە بۆ شۆڕش و بۆ ڕژێمیش لە ڕووی سەربازییەوە گرنگ و جێی

بایەخ بووە، بەنداوی گەورەی دوکان دەکەوێتە ئەم سنوورەوە، کە تا ئەمڕۆیش سەرچاوەی ئاو و کارەبای شاری سلێمانی و بەشێک لە شار و شارۆچکەکانە.

شاڵاوی ئەنفالی یەک لە ٢٢ی شوباتی ١٩٨٨ بۆ سەر ئەم سنوورە بوو، داستانی دابان هەلاج کە داستانێکی شۆڕشگێڕانە و هەڵمەتێکی گەورەی پێشمەرگە بوو بۆ سەر ڕەبیە و مقەڕ سریە و مقەڕ فەوجی سووسێ، دوو ساڵ پێش ئەنفالی یەک لەم سنوورەدا بوو، بە درێژایی شۆڕش و تەنانەت لە دوای ئەنفالیشەوە ئەم سنوورە بەردەوام چالاکیی شۆڕشگێڕانەی دژی ڕژێمی داگیرکەر تیا ئەنجام دراوە، شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەی پارتیزانەکانی ئەم ڕەتڵە بووە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکان:

ئەبوبەکر قادر عەلی وسوو

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە بەکر ئیسێوەیی، ساڵی لە خێزانێکی هەژار و ڕەنجدەی گوندی ئیسێوەی ناوچەی پشدەر هاتووەتە دنیاوە، یەکێک بووە لە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش-جافایەتی، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی تیپ بووە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی هەر لە منداڵییەوە خەریکی کارکردن بووە و نەیتوانیوە بچێتە

قوتابخانـه، بـەڵام  هـەر لـە تەمەنـی مێردمنداڵییـەوە هەسـتی بـە چەوسـانەوەی نەتەوەکـەی کـردووە، هـەر ئەمـەش وای لـێ دەکات کـە لـە تەمەنێکـی زۆر گەنجیـدا چەکـی پێشـمەرگایەتی لـە شـان بـکات و کۆڵنەدەرانـە لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفالیـش درێژەپێدەری ڕێگای شـەهیدان و خەباتـی شۆڕشـگێڕانە بـووە و لـە ڕیـزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی سـورداش-جافایەتی دەبێـت بـە پێشـمەرگەی پارتیـزان.

ئـەم پارتیزانـە قارەمانـە لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١دا بەشـدارییەکی بەرچـاوی هەبـووە، بەداخـەوە لـە کاتـی ئازادکردنـی شـاری کەرکوکـدا لـە گرتنـی مەعەسـکەر خالیـد شـەهید دەبێت و خێزانەکـەی و چـوار منداڵەکـەی دەسـپێرێ بـە کوردسـتان و هـەر لـە زێدی خـۆی لـە ناوەنـدی قـەزای پشـدەر بـە ڕێوڕەسـمێکی شایسـتە بـە خـاک دەسـپێردرێت.

ئەبوبەکر محەمەد ئیسماعیل مستەفا

ناسـراو بـە هێدی، سـاڵی ١٩٦٦ لە گونـدی دەشـتێوی ناحیـەی هێـرۆ – قـەڵادزە لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، توانیویەتـی بڕوانامـەی دبلـۆم لـە بـواری بیناسـازی لە پەیمانگـەی تەکنۆلۆجیی کەرکوک بەدەست بهێنێت، ئـەم پێشـمەرگە دێرینـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی قـەلادزێ، پۆلـی ناحیـەی هێرۆ، سـاڵی ١٩٨٨

پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی چالاک و لەخۆبردوو بووە. لە پێشمەرگایەتیدا بووە بە ڕابەر سیاسی لە فەرماندەیی ٦٩ی مامەندە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەدات و ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش.

ئێستا ئەفسەری ئومرەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ئەبوبەکر مەحموود ئەمین

ناسراو بە مام بەکر گەورەدێیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لەگوندی گەورەدێی ماوەت – قەزای چوارتا لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و نەداریی خێزانەکەی لە قۆناغی منداڵی و لاویدا بە کارکردنەوە خەریک بووە و نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام کەسێکی دڵسۆز و دەستپاک، خاوەنی ڕەوشتێکی بەرز دەبێت، نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر دەیهێنێتە کۆڕی خەبات و ساڵی ١٩٧٦ لە تەمەنێکی زۆر لاویدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی چوار، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت،

پاشـان دریـژە بـە کاری پێشـمەرگایەتی دەدات لـە تیپـی ٤٧ی پیرەمەگـرون، لـە پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی مەفـرەزە دەبێـت.
لـە دوای پرۆسـەکانی ئەنفالـەوە کوڵنەدەرانـە خەباتی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێریـت و بەشـداریی خەباتـی پارتیزانـی دەکات لـە ڕەتڵـی سـورداش.
بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە قارەمـان و دێرینـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئـەم پارتیزانـەی گەلـی کـورد، لـە ٩/٢٩/ ١٩٩٦ لـە شـەڕی ناوخـۆدا شـەهید دەبێـت و لـە زێـدی خـۆی لـە گونـدی گەورەدێـی مـاوەت بـە خـاک دەسـپێردرێت، لـە پـاش خـۆی هاوسـەرەکەی و پێنـج منـداڵ بەجـێ دەهێڵێـت.

ئاری ڕەزا ئەحمەد عەبدول

پێشـمەرگەی دێریـن و پارتیزانـی دوای ئەنفـال، سـاڵی ١٩٧٠ لـە شـاری سـلێمانی شـاری هەڵمـەت و قوربانـی لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش لـە دایـک دەبێـت، بـە هـۆی کارکردنـەوە لـە قۆناغـی منداڵـی و لاویـدا بـۆ بژێویـی خـۆی و هاوکاریـی خێزانەکـەی ناتوانێـت دریـژە بـە خوێنـدن بـدات و تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی دەخوێنێـت، سـاڵی ١٩٨٥ لـە تەمەنێکـی زۆر گەنجیدا پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە وریایـی و لەخۆبردوویـیـەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی مەڵبەنـدی دوو، لـە پێشـمەرگایەتیدا جێگـری فەرمانـدەی تیـپ بـووە،

پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دڵسۆز بووە بۆ هاوڕێکانی.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە دەدات لە ڕەتڵی سورداشی پارتیزانەکاندا، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە، ئێستا لە بەڕێوەبەرێتیی بەرگری و فریاکەوتن کار دەکات بە پلەی عەمید.

ئەحمەد ساڵح عەبدوڵلا حسێن

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە ئەحمەد بانەڵەیی، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی بانەڵێی ناحیەی ماوەت – قەزای چوارتا لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا بەسەر بردووە، ئەمەش ڕێگر بووە لە درێژەدان بە خوێندن، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە، ئەم هەستەیش هانی داوە کە لە تەمەنێکی زوودا بچێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن بە سەرکەوتووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەکتەبی عەسکەریی مەڵبەندی دوو، پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداشدا درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە دەدات.

لەبارەی خەباتی پارتیزانییەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان سەلماندیان کە هیچ هێزێک ناتوانێت کۆڵیان پێ بدات و لە هەموو بارودۆخێکدا سوورن لەسەر مافی ڕەوای گەلەکەیان، خاوەنی سەرکردەیەکی وەک مام جەلالن، کە نەکسە و کەوتن قبووڵ ناکەن.»

خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە.

ئیسماعیل خدر حەسەن عەلی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لەخێزانێکی هەژار و ڕەنجدەری گوندی ئەشکەنە هاتووەتە دنیاوە، لە بەر هەژاری و کارکردن لە قۆناغی منداڵیدا نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە گوندی کانی توو، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش، درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەدات و سەربەرزانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا ئەو قۆناغە سەخت و ناهەموارە تێدەپەڕێنن.
ئەم پارتیزانە ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە, خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

ئیسماعیل غەریب ئیسماعیل محەمەد

ناسراو بە شێر سمایل، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی تەلانی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش بەڵام شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە و نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە گوندی قەمچوغە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا چەند پلەیەک وەردەگرێت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی.
لەبارەی پارتیزانیەوە دەڵێت: «پارتیزانی دوای ئەنفال کارێکی زۆر سەخت بوو، بەڵام شۆڕش وای بە چاک زانی

کە هەمیشـە پێشـمەرگە لـە نزیـک خەڵکی خۆمـان بـن، بۆ ئـەوەی جەمـاوەری کوردسـتان تووشـی نائومێـدی نەبـن لـە نەبوونـی پێشـمەرگە».

ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

ئەنوەر عەبدوڵڵا عەبدوڕەحمان عەبدوڵڵا

ناسـراو بـە بێسـتوون تەلانـی، سـاڵی ١٩٦٩ لـە گونـدی تەلانـی ناحیـەی سـورداش – قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. تـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، بـە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، کەسـێکی چـالاک و هۆشـیار بـووە، لـە بەهاری سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی دووی ڕێکخسـتنی مەڵبەنـدی دوو، لـە سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، لـە کەرتـی تیپـی پارێـزگاری لای شـەهید غەریـب هەڵەدنـی، هەرسـێ مەدالیـای پێشـمەرگە دانەبڕاوەکان و پێشـمەرگە پارتیزانـەکان و مەدالیـای بەشـداریکردنی لـە شـەڕی داعـش وەرگرتـووە، پێشـمەرگەیەکی بوێـر و ئـازا بـووە. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک هـەر پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنەدەر، ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانیـی هەڵدەبژێرێـت و لـە ڕیـزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی سـورداش جافایەتـی درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، لـە کاتـی پارتیزانیـدا

لە کاتێکدا ڕژێم و سوپاکەی کێومالّی ناوچەکەیان دەکرد بۆ دۆزینەوە و لەناوبردنی پێشمەرگە پارتیزانەکان، لە ١٩٨٩/٣/٣ لە نزیک گوندی چالاوا، توانیویانە دوو جێب قیادەی سەربازی ڕژێم تێک بشکێنن و ئامرلیواکەی بە سزای گەل بگەیەنن. ئەم پێشمەگە پارتیزانە لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزان ئەو چەکدارە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرەیە، کە بە ورەیەکی بەرز و بیروباوەڕێکی چەسپیوەوە لە دژوارترین هەلومەرجدا ڕووبەڕووی سوپای زەبەلاحی دوژمنی داگیرکەر دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی عەرەبی تەواوی گوند و زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستانی خاپوور کردبوو و چاودێرییەکی توندی هەموو ئەو ناوچانەی دەکرد، بەڵام ئێمەی پارتیزان توانیمان درێژە بە خەبات و شۆڕش بدەین و چەکی بەرگری دانەنێین تا مافی ڕەوای گەلەکەمان بەدەست نەهێنین.» ئەم پێشمەرگە پارتیزانە ئێستا ئەندام مەکتەبە لە مەکتەبی کاروباری کۆمەڵایەتی و پێکهاتەکان، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ئەمین ئەحمەد حەسەن عەلی

ناسراو بە حەمەد ئەمین زنجەلەیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی ئەشکەنەی هێرۆ کە سەر بە قەزای پشدەرە لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن لە قۆناغی منداڵی و لاویدا، نەیتوانیوە بچێتە بەر

خوێنـدن، کەسـێکی هۆشـیار و خۆنەویسـت دەبێـت، زۆر زوو هەسـت بـە زوڵـم و زۆر و نادادپەروەریـی ڕژێمـی داگیرکـەر دەکات. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە، هەمـان سـاڵ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردستانەوە دەکات لـە تیپی ٦٣ی جووتیاران، لـە پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی مەفرەزە بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، گڕوتینـی پێشـمەرگایەتیی دانامرکێتـەوە و خەباتـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی سـورداش جافایەتـی.

ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی شـەش منداڵـە، داواکارە کـە چـاو بـە خەبـات و ماندووبوونـی پارتیزانەکانـدا بخشـێنرێتەوە.

ئەنوەر عوسمان محەمەد حاجی

ناسـراو بە هونـەر، پارتیزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی یاخسـەمەری ناحیـەی سـورداش – قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی جووتیـار و زەحمەتکێـش هاتووەتـە دنیـاوە، لەبـەر هـەژاری و کارکـردن نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا قۆناعـی سـەرەتایی خوێندووە، سـاڵی ١٩٨٢ لـە یاخسـەمەر پەیوەندی بە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە دڵسـۆزی و لەخۆبردووییـەوە

جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی پارێزگاری، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی تیپ بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی و درێژەدان بە شۆڕش، هەر بۆ ئەو مەبەستە دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش – دۆڵی جافایەتی، ئەم پێشمەرگە پارتیزانە ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

بورهان عەبدولڕەحمان مەجید ڕەسوڵ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی سەرشەقامی شاری سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، بەوەفا و دڵسۆز بووە بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەی، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە دەکات، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی پارێزگاری مەڵبەندی دوو، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و خۆنەویست بووە، دوا پلەی پێشمەرگایەتیی فەرماندەی تیپ بووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداشدا درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات، لەو بارەیەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، کۆمەڵێک پێشمەرگەی خۆنەویست و هۆشیار و گیانباز بوون، کە گەل و نیشتمان و ڕێبازی شەهیدانیان لە خوێنی خۆیان خۆشتر دەویست، بە گژ شاڵاوی ئەنفال و داگیرکەراندا چوونەوە و ئاوات و هیوایان بۆ گەلەکەمان گێڕایەوە.»

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە بە پلەی ڕائید، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

بێستون عەبدولڕەحمان کاکە حەمەی
شێخ مەلا ئەحمەدی گەڵنێری

ناسراو بە بێستوون سابوراوەیی، کادیر و ڕۆژنامەنوس و پێشمەرگەی دێرین، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی گەڵنێری بناری کۆسرەت لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی ئەوەی گوندەکەیان ژێر ئاوی بەنداوی دوکان دەکەوێ، خێزانەکەیان دەگوازنەوە بۆ گوندی سابووراوا و دوای دوو ساڵ دەگوازنەوە بۆ بەکرەجۆی لای سلێمانی، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی، بەشی ژمێریاریی تەواو دەکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٤ی ئەو کاتە و دەبێت بە ڕابەر سیاسیی کەرتی ٤ی مەرگە، ساڵی ١٩٨٢ بەشدار بوو

لـه ئۆپەراسـیۆنی هێـزی پشـتیوان لـه ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە ڕابەر سیاسیی تیپی ٢٣ی سورداش، لە پێشـمەرگایەتیدا کەسـێکی بوێـر و ئـازا بـووە و بەشـداریی زۆر چالاکیی پێشـمەرگانەی کـردووە و دوو جاریش بریندار بـووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ مەفرەزەیەکی پارتیـزان بـە فەرماندەیی شـەهید غەریب هەڵەدنی دەگەڕێتـەوە دۆڵی جافەتی و توانیی پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوی سلێمانی دروست بکات، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵێکی بەرچـاوی هەبـووە، بەشـدار بـووە لـە ئازادکردنـی دوکان و پیرەمەگـرون و کەرکوکـدا.

لـە دوای ڕاپەڕیـن زۆر بەرپرسـیارێتیی حیزبیـی وەگرتـووە، بـە تایبەتـی لـە بـواری ڕووناکبیریـدا و لـە گۆڤارەکانـی ڕێبـازی نـوێ و ڕێبـەری سیاسـی وەک دەسـتەی نووسـەران و سـەرنووسـەر بەشـداریی کـردووە، سـاڵی ٢٠٠٦ کۆلێجـی کارگێڕی و ئابوریی تـەواو دەکات، لە کۆنگرەی چواری یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـە ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێـت و لـە نیسـانی ٢٠٢٠ بـە لێپرسـراوی بـۆردی ئەکادیمیـای پێگەیاندنـی کادیرانـی مەکتەبی گەشـەپێدانی بیـر و هۆشیاری هەڵدەبژێردرێت و تا ئێستا بەردەوامە لەو کارەیدا.

بەکر محەمەد ساڵح ئیسماعیل

ناسـراو بـە هێمـن یـان مـام بەکـر گاپیلۆنـی، سـاڵی ١٩٧١ لـە گونـدی گاپیلۆنـی شـارباژێڕ لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەر هاتۆتـە دنیـاوە، توانیویەتـی قۆناغـی ئامادەیـی تـەواو بکات، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی کارێـزە، لـەو ماوەیـەدا کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر چالاکانـە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٧ی پیرەمەگـرون. لـە دوای شـاڵاوە بەدناوەکانـی ئەنفـال بـەردەوام دەبێـت لـە خەباتـی پێشـمەرگانە، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی سـورداش درێـژە بـە تێکۆشـان دەدات، لـە کاتـی ڕاپەڕینـە مەزنەکـەدا ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـووە.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال ئـەو شـنەبایە بـوون کـە ئـاڵای بوونـی میلەتەکەمانیـان سـەرلەنوێ شـەکاندەوە، ئامێزێـک بـوون کـە پێشـمەرگە و جەماوەریـان بـە یـەک گەیاند، ورەیـەک بـوون وەک تاڵـی خۆرەتـاو بەرچـاوی گەلیـان ڕۆشـن کـردەوە.»

ئـەم پێشـمەرگە دێرینـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان خێزانـدارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە، ئێسـتا لـە بـارەگای گشـتیی هێزەکانـی بەرگریـی فریاکەوتـن ئەفسـەرە بـە پلـەی عەمیـد.

## تالیب عەبدوڵڵا خدر ئیسماعیل

ناسراو بە خاڵە ژیلوان، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی چاڵاوا ناحیەی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨١ لە چاڵاوا پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتەکەی شەهید غەریب هەڵەدنی، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات لە تیپی ٤٧ لە مەڵبەندی دوو، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە جێگری فەرماندەی تیپ. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی بۆیە لەگەڵ شەهید غەریب هەڵەدنی دەگەڕێتەوە ناوچەی سورداش و دۆڵی جافایەتی و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزانی ئەو ڕەتڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و خێزاندارە و خاوەنی یانزە منداڵە.

لە کاتی پارتیزانیدا لە کەلێنی لۆتەر لە ١٩٩١/١/٢٧ کە تەنها ١١ پێشمەرگەی پارتیزان بوون لەگەڵ هێزێکی سوپای عێراق ڕووبەڕوو دەبنەوە و لە ئەنجامدا ئەم بریندار دەبێت و ڕزگارە سوور شەهید دەبێت، شەهیدبوونی ئەو هەڤاڵەی زۆر کاری تێ دەکات، بۆیە ئەم شیعرە بۆ شەهیدبوونی

ڕزگاره سوور دەنووسێت، هەر بە ناوی کەلێنی لۆتەرەوە:

ڕێگای پیاوی کەڵ، کەلێنی لۆتەر
کەی ئازاد ئەبی نەتمێنێ خەتەر؟
ئێمە یانزە کەس ڕوومان کردە تۆ
برِبرِت کردن ئەو پۆلە هەڵۆ
لێت گێڕاینەوە کاک ڕزگارە سوور
کوڕی قارەمان هەڵۆی سەر سنور
ئەو قارەمانە هەتا بەیانی
مقاوەمەی بوو لەگەل ژیانی
وەختێ کە دەرکەوت ڕۆژی پڕ لە نوور
هاتنە سەر لاشەی لە خوێناودا سوور ..... تا کۆتایی.

تاهیر ڕەشید حسێن ئەحمەد

ناسراو بە مەلا تاییر، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی کڵێسەی ناحیەی ئاشتی – قەزای کۆیە لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتەدنیاوە، بە هۆی هەژارییەوە هەر لە منداڵییەوە خەریکی کارکردن بووە. بەو هۆیەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام کەسێکی نیشتمانپەروەر بووە، هەستی بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەوە دەکات لە کۆمیتەی ئاگر، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە

پێشمەرگایەتیدا توانیویەتی چەند پلەیەک وەرگرێت.
لە دوای شالاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، بەو مەبەستە ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش-جافایەتی.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە, خێزانداره و خاوەنی هەشت منداڵە.

تەها ئەوڕەحمان حەمە عەزیز ڕەسوڵ

ناسراو بە دکتۆر تەها، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە خێزانێکی ڕەنجدەر و ماندوونەناسی گوندی حاجیتانی سورداش – قەزای
دوکان هاتووەتە ژیانەوە. کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، دڵسۆز و لەخۆبردوو بووە بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەی، هەر زوو هەستی بە زوڵموزۆر و چەوسانەوەی ڕژێمی داگیرکەر کرد کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامی دەدات، هەر ئەم هەستەش هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٧٨ لە تەمەنی لاوییەوە پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و لەخۆبوردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥

پەیوەنـدی دەکات بـە هێـزی پێشـمـەرگەی کوردسـتانەوە، لـە ناوەنـدی کۆمەڵـە- تیپـی پارێـزگاری.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشـمـەرگەیەکی کۆڵنـەدەر ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێت و بـەردەوام دەبێت لـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمـەرگایەتی، هـەر بـەو مەبەسـتە دەبێت بـە پێشـمـەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی سـورداش جافایەتـی و بەشـداریی چالاکییەکانـی ئـەو ڕەتڵـە پارتیزانییـە دەکات.

توانیویەتـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە یاسـادا بەدەسـت بهێنێت، ئێسـتا لیـوای مافپـەروەرە، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

تەها عەبدوڵڵا فەرەج حەسەن

ناسـراو بـە تەهـا سـێکانیانی، پارتیـزان و پێشـمـەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٣ لە گوندی سـێکانیانی ناحیـەی سـورداش – قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێش هاتووەتـە دنیـاوە، توانیویەتـی تـا قۆناغـی ئامادەیی بخوێنێت، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە لـە مەڵبەنـدی دووی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، کارەکانی ڕێکخسـتن بە سـەرکەوتوویی و لەخۆبردووییـەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بـە هێزی پێشـمـەرگەی کوردسـتانەوە کـردووە لـە تیپی مەڵبەندی دوو، لـە پێشـمـەرگایەتیدا لێپرسـراوی ئیداریی

بەتالیۆنی ١٥ی چەمی ڕێزان بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان درێژە بە خەباتی پڕ لە ناهەمواری و سەختی پێشمەرگایەتی دەدات، ئێستا کارگێڕی کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

تەها مەحموود حاجی

ناسراو بە کاروان، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی جۆبلاخ لە ناحیەی حاجیاوا – قەزای ڕانیە لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش، بەڵام خێزانێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر لەدایک دەبێت، بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام ئەوە وای نەکردووە کە هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لاواز بێت، بە پێچەوانەوە زیاتر هەست بە چەوسانەوە و نادادپەروەری دەکات، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر بە وریایی و چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە پێشمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی ڕەگەزپەرستی عێراقیەوە،

کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی.
خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

تەها عوسمان محەمەد حاجی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی یاخسەمەری سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کۆڵنەدەر هاتووەتە دنیاوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە لە قۆناغی لاویدا، نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی یاخسەمەر پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی مەڵبەندی دوو، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات.
لەبەر ئەوەی بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بووە، ساڵی ٢٠٠٨ لە ژێر کاریگەریی ئەو برینەدا شەهید دەبێت و هەر لە گوندەکەی خۆیان (یاخسەمەر) بە خاک دەسپێردرێت، لە

دوای خۆی هاوسەر و هەر حەوت منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت.

جومعە حسێن فەرەج محەمەد

ناسراو بە وەستا کارۆخ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەری ناحیەی سورداش هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر دڵسۆزانە و بە لەخۆبردنەوە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی ٢٣ی سورداش، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی تیپ بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵ نادات لە خەبات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش جافایەتی درێژە بە شۆڕش و کاری پێشمەرگایەتی دەدات.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت، بەداخەوە لە ١٩٩١/٣/١٨ لە کاتی ئازادکردنی کەرکوکدا شەهید دەبێت.

دوو ڕۆژ پێش شەهیدبوونی نامەیەک بۆ هاوسەرەکەی دەنووسێت و هەر لە باخەڵیدا دەمێنێتەوە، هاوڕێکانی نامە خوێناوییەکە لە باخەڵی دەردەهێنن و بە ناوی نامەیەکی خوێناوی دەیناسێنن، ئەمەش دەقی نامە خوێناوییەکەیە:

«هاوسەری خۆشەویستم نازانم هەستێکی نامۆیە ئەم

جاره و پاش گەڕانەوەم بۆ لای هاوڕێ پێشمەرگەکانم ئەوکی گرتووم و هەستێکی وای لا دروست کردووم کە چیدی یەکتر نابینینەوە، هەر بۆیەش ئەم چەند دێڕەت بۆ دەنووسم، پێویستە ئەوە بڵێم کە دەیان ساڵە بست بە بستی ئەم وڵاتە سزای مەرگ دەدرێ، ڕۆڵەکانی پیر و لاوی، ژن و پیاوی دەستی ڕەشی داگیرکەران، گیان و ژیانیان بە تاوانی کوردبوونیان لێ کردوونە ژان، دیارە نەمرترین هەوڵ و کۆششی مرۆڤ هەوڵێکە لە ڕێگای خەڵکی تر و خۆشکردن و خۆشبەختیی ئەواندایە.

ژنی ئازیزم! بەوەی کە دڵم لە دووریی ئێوە یادگارییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو ئەگوشرێ، بەڵام هیچ سات و کاتێک لە خۆبەختکردن پەشیمان نیم و داخ بۆ لەنێوچوونم ناخۆم، چونکە باش لەوە گەیشتووم کە ڕێگایەکی ڕاست و دروستم هەڵبژاردووە، مردنێکی وا... ئەوەی بتوانم ئەوانەی خۆشم ویستوون، ئەم ڕێگایەشم لە پێناوی خۆشبەختیی ئەواندا هەڵبژاردووە، لە باوەش بگرم و بۆ دواجار ماچیان بکەم، دژوارە. بەڵام خۆشی لەوێدا کە خۆڕاگری و قوربانیدان سووربوون لەسەر خەبات و سڵنەکردنەوە لە مردن ئەو تایبەتمەندییانەن کە کۆمەڵە بە منیان بەخشیوە و دەتوانم بە ئاسوودەیی و دڵنیا بمرم.

«هاوسەرەکەم!
ئەی پەیکەری پەژارە و ڕەنجدەری، خەمتان گەلێک گەورەیە و چۆن باری خەم بەو تەمەنە کەمەوە پشتی چەماندوویت، دەزانم لەگەڵ گەڵاڕێزانی تەمەنی مندا، دڵی بەسۆی تۆش خەمی زەردی گەڵاڕێزان دەگرێتە خۆ، بەڵام دڵنیام چۆن لەو تەمەنەدا و بەو ماوە کورتە تەحەمولی گەلێک دژواری و سەختی و ئارامگرتن لە خۆ پیشان داوە، لەمەودوایش خۆڕاگر و سەربڵندتر لە جاران دەبیت، تا بتوانیت سێ منداڵە بچکۆلەکەمان بە باشی گەورە بکەیت و شانازی بکەیت بە مێردی شەهیدتەوە... دڵنیایش بە، هەوڵ و تێکۆشانی ئێمە ڕەوا بووە و دوای منیش هەر بەردەوام دەبێت و بەم زووانەیش نەمامی ڕەنج و تێکۆشانی بێپسانەوەمان بەر دەدات...

منداڵە بچکۆلەکانم...
(سەردار – کارۆخ – سۆما)
بابەتان دوانامە بۆ دایکتان دەنووسێ و تکایشی لێ دەکات کە کاتێک گەورە بوون، بۆتان بخوێنێتەوە و پێیشتان بڵێ کە باوکتان خەباتەکەی لە پێناوی ئەو دایکانەدا بووە، کە دایانویست ڕۆڵەکانیان لێ نەڕفێنرێ! ئازیزانیان نەکوژرێن و چیدی فرمێسکی ڕۆڵە کوژران هەڵنەڕێژن و بۆ پانکردنەوەی سەری ماری جەور و ستەم قۆڵی لێ هەڵماڵی و هەر لەو پێناوەیشدا خوێنی ڕژێنراو ئاسۆی سەرکەوتنی ڕوونتر و گەشتر کرد.

ڕۆڵەکانم...
کاتێک دەتوانن ئەم نامەیە بخوێننەوە، دڵنیام مێشکی بچکۆلەتان تازە مانا و تام و بۆی ژیان دروست دەکات و داخ هەڵدەکێشن کە بۆچی باوکتان لە کەنارتان نییە، تا شانبەشانی دایە ژیان و پاشەڕۆژێکی پرشنگدار بۆ ئێوە ڕەنێو بنێن، بەڵام کە گەورە بوون پەی بە مەودا و گرنگیی کارەکەم دەبەن و لێم دەبوورن.
لە کۆتاییدا لە دڵەوە خۆت و هەر ٣ بێچووە بێنازەکانمان ماچ دەکەم و سڵاوم بە هەمووان بگەیەنە و بۆ دواجار تکا دەکەم کە هەمیشە هۆگر و بەورە بە.
هاوسەرت: وەستا کارۆخ [1]

جەلال حەمە ساڵح کاکە سور عەبدوڵڵا

ناسراو بە مامۆستا جەلال تەلانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی تەلانی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی(٤)، کارەکانی ڕێکخستن زۆر دڵسۆزانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە

[1] – کۆپی نامەکە لە بەڵگەنامەکانی کۆتاییدایە

تیپی ٢٣ی سورداش، لە پێشمەرگایەتیدا ئەندامی بەتالیۆن و لێپرسراوی دارایی بەتالیۆن بووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە بەشداریی خەباتی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی دەکات و لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان.

ئێستا لیوای خانەنشینی کەمئەندامی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«کاری پارتیزانەکان درێژەدان بوو بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی، پەناگەیەک بوون بۆ ئەو هەڤاڵانەی ئاشکرا دەبوون، پارتیزانی بۆ ئەو ڕۆژگارە وەڵامدانەوەی ڕژێم بوو، کە وای دەزانی بە ئەنفال و کیمیایی ئیتر شۆڕش لەناو دەچێت و کورد واز لە مافەکانی دەهێنێت.

حەسەن ئیبراهیم حەسەن محەمەد

ناسراو بە حەسەن بنگردی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە ناحیەی بنگردی سەر بە قەزای ڕانیە لە دایک دەبێت، بە هۆی کارکردن و هەژارییەوە تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی چوار، لە پێشمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی کەرت بوو. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال

و خاپوورکردنی زۆربەی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی، درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، ئەم پارتیزانە دەگێڕێتەوە:

«لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٩٠ لە دیوی سەرگەڵووەوە بە شاخی دابان هەلاجدا سەر کەوتین ڕووەو دۆڵی مێرگەپان، لە شوێنی گوندە ئاوەدانەکەی شەدەڵە، فەوجێکی عەسکەری ڕژێمی تیا دانرابوو، لە شەدەڵەشەوە تا شوێنەواری گوندی قزلەر ڕەبایە بوو، بەناچاری کە ڕۆژمان لێ بووەوە لە ناو دارستانەکەدا خەوتین، دارستانێکی چڕ بوو، پەناگەیەکی باش بوو بۆ پێشمەرگە، هیلاک و برسی و تینوو بووین، بەرەو خوار بۆ چەمەکە ڕۆیشتین بە مەبەستی ئاوخواردنەوە و چالێنان، پێش ئێمە دوو ئیڤای عەسکەری قواتخاسە چوونە ناو باخێکی ڕەز کە لەسەر ڕێگامان بوو، خۆمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە ئامادە کرد، بەڵام ئەوان ئێمەیان نەبینی، لەو ناوە خۆمان مەڵاس دا تا نزیکی ئێوارە، کە قواتخاسەکان لە ڕنینی باخەکە بوونەوە و گەڕانەوە، ئێمەش هەریەکەمان بەلایەکدا ڕۆشتین بۆ ئاوخواردنەوە و لە یەکتر دابڕاین، پاشان بە بانگەبانگ یەکترمان دۆزییەوە، جگە لە کاک عوسمان سێدەری، لەسەر ڕەنووە گەورەکەی پیرەمەگرون کاک عوسمانمان دۆزیەوە و شەو هەر لە ڕەنووەکە ماینەوە، تا بەیانی بۆ شوێنی دیاریکراو کەوتینە ڕێ.» ئێستا جێگری فەرماندەی لیوای (١٢٨)ە بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## حەمە خدر ئەحمەد مەحموود عەزیز

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە حەمـە خـدر، سـاڵی ١٩٦٤ لـە گونـدی گاپیلۆنـی ناوچـەی مـاوەت لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپەروەرهاتووەتـە ژیانـەوە. کەسـێکی وریـا و چـالاک و هۆشـیار بووە، توانیویەتی تـا قۆناغی سـێی ناوەندی بخوێنێت، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، لـە دۆڵـی جافایەتـی، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٧ی پیرەمەگـرون، لـە پێشـمەرگایەتیدا چەنـد پلەیەکـی وەرگرتـووە، ماوەیـەک نوێنـەری هەڤاڵـی بەڕێـز مام جـەلال بووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی سـورداش-جافایەتـی، بـەو شـێوەیە درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، خاوەنی مەدالیای پارتیزانییە کە لەلایـەن هەڤـال (مـام جـەلال)ەوە پێـی بەخشـراوە.

ئێستا ئەندام مەکتەبە، خێزاندارە و خاوەنی منداڵێکە.

حەسەن ساڵح خدر مەحموود

ناسراو بە پێشڕەو، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی دەوژانی ناوچەی پشدەر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتییەوە دەکات لە سەرکردایەتی، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات، ژیانی پڕ لە نەهامەتی و سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و وەک پێشمەرگەیەکی چالاکی ڕەتڵی سورداش-جافایەتی ئەو قۆناغە سەختەی خەباتی کوردایەتی تێدەپەڕێنێت، بەشدارییەکی بەرچاویان لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا دەبێت.

ئێستا مامۆستایە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

لە کاتی گواستنەوەی ئازوقە (خۆراک) بۆ ئاسۆس دەکەونە کەمینەوە و پێشمەرگەیەک بە ناوی محەمەد سێوکانی شەهید دەبێت، کە هاوڕێ و هاوسەنگەری بووە.

حسێن خدر حەسەن عەلی

ناسراو بە حسێن سنجەڵەیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی ئەشکەنەی ناحیەی ئیسیوە – قەڵادزێ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی و کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان لە قۆناغی منداڵی و لاویدا، نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە بزووتنەوەی سۆشیالست، ساڵی ١٩٨٢ بە یەکجاری دەچێتە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازاو بوێر بووە.

لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرەڕای بریندار بوونی بە چەکی کیمیایی، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەدات، بۆ ئەو مەبەستە وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش-جافایەتی بەشدار دەبێت.

خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە، کوڕێکی لە ئەنفالدا تیا چووە و کچێکیشی بەرکەوتەی چەکی کیمیاییە.

## خاڵند عەزیز خاڵند عەزیز

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە خاڵند پارتیزان، سـاڵی ١٩٦٨ لە خێزانێکی جووتیـار و زەحمەتکێشـی گونـدی سـێوکانی ناحیـەی بنگـرد – قـەزای دوکان هاتووەتـە ژیانـەوە. بـە هـۆی کارکردنـەوە بـۆ دابینکردنی بژێویی خۆی و خێزانەکەی توانیویەتی تا قۆناغی ناوەندی بخوێنێت، کەسێکی دڵسۆز و بەوەفا بووە بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەی، چەوسانەوە و زوڵموزۆری ڕژێمی داگیرکەر هانـی دەدات بـۆ کـۆڕی خەبـات، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕانەوە کـردووە لـە ناوچـەی ٩ی قەڵادزێ، لـە سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەنـدی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، لـە پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی کـەرت بـووە.

لـە پـاش شـاڵاوەکانی ئەنفـال بـەردەوام دەبێـت لـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی و دەبێت بە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی سـورداش، خێزانـدارە و خاوەنـی دوو منداڵـە، ئـەم پێشـمەرگە دێرینـەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ئێسـتا پێشـمەرگەی خانەنشـینە بـە پلـەی ڕائیـد، خاوەنـی مەدالیـای پارتیزانییـە، کـە لەلایـەن هەڤـاڵ (مـام جـەلال)ەوە پێـی بەخشـراوە.

لەبـارەی پارتیزانـەکانـەوە دەڵێت: «پارتیزانـەکان بوونـە هـۆی درێژەدان بە شـۆڕش و پاراسـتنی شـۆڕش لە نسـکۆ و تاکە هێز بـوون کـە بـە ڕووی ڕژێمـی داگیرکـەر و ئەنفالچیدا وەسـتانەوە.»

## خەلیل عومەر محەمەد حاجی

ناسراو بە خەلیل یاخسەمەری، پارتزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی یاخسەمەری ناوچەی شارباژێڕ، لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە یاخسەمەر، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ڕێکخستن، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات لە ڕەتڵی سورداش-جافایەتی و درێژە بە شۆڕش و بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە مانگی ١١ی ١٩٩٠ لە چالاکییەکدا، توانییان سێ کەسی هۆڵەندی دەستگیر بکەن و لەگەڵ شەهید غەریب هەڵەدنی دەیبەن بۆ سەرکردایەتی لە قاسمەڕەش، مەدالیای پارتیزانی لەلایەن هەڤاڵ (مام جەلال) ەوە پێ بەخشراوە.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«سەرەڕای ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، سەرەڕای خاپوورکردن و وێرانکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعس و سەدامەوە، بەڵام پارتیزانەکان بۆ

ڕژێمـی ئـەو کاتـەی عێراقیـان سـەلماند کـە کـورد و یەکێتـی هەرگیـز لـە بـن نایـەن.»

ڕزگار محەمەد حەمە ئەمین ڕەسوڵ

ناسـراو بـە ڕزگارە سـوور، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٧ لـە گونـدی یاخیانـی ناحیـەی بنگـردی قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی هـەژار و ماندوونەنـاس هاتووەتـە دنیـاوە، قۆناغـی منداڵـی و لاویـی بە کارکردنـەوە خەریـک دەبێـت بۆ بژێویـی خـۆی و هاوکاریی خێزانـە هەژارەکـەی، هـەر بـەو هۆیەشـەوە توانـای درێژەدانـی بە خوێنـدن نابێـت و تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی دەخوێنێـت. کەسـێکی چـالاک و دڵسـۆز و بەوەفـا بـووە، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە دەکات لـە ناوەنـدی شۆڕشـگێڕان، لـە هەمـان سـاڵدا پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٦٣ی جووتیـاران، پێشـمەرگەیەکی لەخۆبـردوو و ئـازا و بوێـر بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەبێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشـمەرگەیەکی کۆڵنـەدەر ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و درێـژە بـە خەباتـی شۆڕشـگێڕانە دەدات و بەشـداریی ڕەتڵەکانـی پارتیزانـی دەکات لـە ڕەتڵـی سـورداش، بەداخـەوە ئـەم پارتیزانـە تێکۆشـەرە لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوەی هێزێکـی دوژمـن لـە کەلێنـی لۆتـەر لـە شـەوی ٢٨/٢٧ -١ – ١٩٩١ شـەهید دەبێـت و تەرمەکـەی بـە

نادیاری دەمێنێتەوە، لە دوای خۆی هاوسەر و کچە تاقانەکەی بەجێ دەهێڵێت.

ڕزگار ئەحمەد ئیسماعیل قادر

ناسراو بە ڕزگار جاسەنەیی سوور، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی جاسەنەی سورداش – قەزای دوکان هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی دووی ناوەندی خوێندووە، لە مانگی ئابی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی تیپی مەڵبەندی دوو، لە پێشمەرگایەتیدا چەند پلەیەکی وەرگرتووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و تێکۆشەر، لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش–جافایەتی درێژە بە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی دەدات.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان درێژەیان بە خەباتی چەکداری و شۆڕش دا، خەباتی شار و شاخیان بە یەکەوە بەستەوە، جارێکی تر ئومێدیان بە نائومێدی گۆڕی، پارتیزانەکان بوونە هەوێن و داینەمۆی ڕاپەڕین و توانییان نامەکانی سەرکردایەتی بگەیەننە ڕێکخستنەکان و خەڵکی شۆڕشگێری ناو شارەکان.»

ئێستا لە وەزارەتی ناوخۆ – بەرگری و فریاکەوتن وەک ئەفسەر کار دەکات بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

ڕەسوڵ محەمەد حەمە ساڵح

ناسراو بە ڕەسوڵ هەڵەدنی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی هەڵەدنی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، هەر زوو هەستی بە زوڵموزۆر و نادادپەروەریی ڕژێمی داگیرکەر کردووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە هەڵەدن، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی دوکان، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی بەتالیۆنی ١٥ی چەمی ڕێزان.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەی پارتیزان.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەیشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت، بەداخەوە ساڵی ٢٠١٨ لە سلێمانی بە جەڵدەی دڵ کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی کانی سپیکە بە خاک دەسپێردرێت، دوای خۆی

هاوسەر و حەوت منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت بۆ کوردستان.

ڕەئووف محەمەد خدر

ناسراو بە ڕەئوف ئەشکەنەیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی ئەشکەنەی ناحیەی ئیسێوە قەزای پشدەر لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و سەرقاڵیی بە کارکردنەوە، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٧ لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا، پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کانی توو، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەوە دەکات. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنورییەکان، درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، هەر بۆ ئەو مەبەستە دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش-جافایەتی.

پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

زاهیر عەلی سوارە حەمەد

ناسراو بە زاهیر سێدەری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی سێدەری ناحیەی بنگرد - قەزای دوکان لە خێزانێکی

زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر لە دایک دەبێت، گەرچی تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام خاوەنی هەستێکی

مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەریی بەرز بووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی دوو، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە پێشمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی تیپ بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی، لە بارەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالەوە دەڵێت: –

«وەک چۆن مەفرەزە سەرەتاییەکانی دوای ئاشبەتاڵ ئومێدیان بەخشییەوە بە خەڵکی کوردستان، پارتیزانەکانی دوای ئەنفالیش جارێکی تر نائومێدییان گۆڕی بە ئومێد و بۆ دوژمنیان سەلماند کە هەرگیز دەستبەرداری مافی ڕەوای گەلەکەمان نابین، لە ئێستادا بەڕێوەبەری بەرگری و فریاکەوتنە بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.»

زرار ئەحمەد ساڵح عەبدوڵڵا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە زرار شارستێنی، ساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی قولەی شاری ڕانیە لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لەبەر

هـەژاری و کارکـردن نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، بـەڵام هـەر زوو هەسـتی نەتەوایەتـی و نیشـتمانی لای گەشـەی کردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٦ لـە تەمەنـی شـانزە سـاڵیدا پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە مەرگـە، پاشـان پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٣ی ئاسـۆس.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و لـە ڕیـزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی سورداش–جافایەتی درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشـمەرگایەتی دەدات، لـە پارتیزانیدا بەرمیلێکی کۆنـە دەنێت بـە شـانیەوە و لـە زێوێـوە هەڵـی گرتـووە بـۆ شـاخی پیرەمەگـرون بـە مەبەسـتی هەڵگرتنـی خـواردن تێیـدا.

لە چالاکییەکی کاتی پارتیزانیدا، لە مانگی یەکی ١٩٩٠ چەند مینێکیـان بـۆ فەوجی لۆتـەر[١] دانـا، لـە ئەنجامـدا چـوار سـەربازی ڕژێـم کوژران.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

[١]– لۆتـەر شـوێنێکە نزیـک بنگـرد، لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال ڕژێـم فەوجێکـی تیـا جێگیـر کـرد.

## ساڵح محەمەد ساڵح ئیسماعیل

ناسراو بە وەستا ساڵح گاپیلۆنی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی گاپیلۆنی شارباژێڕ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی وشیار و دڵسۆز و بەوەفا بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەی، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانەوە دەکات و هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون ناوەندی شۆڕشگێڕان، لە پێشمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی کەرت بووە و پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە و بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە کارەکانی بەئەنجام گەیاندووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیش وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات لە ڕەتڵی سورداش، بەشداریی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەکات.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«وەک چۆن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دوای ئاشبەتاڵ درێژەی بە خەبات دا و نسکۆی قبووڵ نەکرد، پارتیزانەکانی دوای ئەنفالیش بە ڕژێمی بەعسیان وت کە شۆڕش بەردەوامە و گەلی کورد بۆ سەندنی مافەکانی لە خەبات بەردەوامە و کۆڵ نادات، پارتیزانەکان خەباتی شاخ و شاریان پێکەوە گرێ دا.»

خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە، خانەنشینی پێشمەرگەیە.

ستار عەبدوڵڵا فەرەج حەسەن قادر

ناسراو بە ستار سێکانیانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی سێکانیانی سورداش _ قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە خوێندندا توانیویەتی بڕوانامەی دبلۆم بە دەست بهێنێت، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی مەڵبەندی دوو، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر بەردەوام دەبێت لە خەبات و شۆڕش، ژیانی سەخت و پڕ لە نەهامەتی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش جافایەتی بەشدار دەبێت، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت.

بەداخەوە ئەم پارتیزانە قارەمانە لە شەڕی ناوخۆدا لە ١٩٩٤/٨/٢٤ لە سەیدسادق شەهید دەبێت.

سیامەند ئەحمەد ئەمین قادر خدر

ناسراو بە مەندە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی کرژەی ناحیەی چناران – قەزای دوکان لە دایک دەبێت، لەبەر هەژاری و

کارکردن تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، بەڵام هەر لە تەمەنێکی زووەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٨٤، پاش ساڵێک، واتە لە ساڵی ١٩٨٥ دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی ٢٣ی سورداش، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەشداریی خولی تایبەتی بە پارتیزانەکان دەکات لە زەڵێ، لە فەرماندەی هێزی تایبەت، پاشان لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش– جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، بەو شێوەیە بەشدار و بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە خەبات و شۆڕش.

ئێستا ئەفسەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی بەرگری و فریاکەوتنی دوکان، خێزاندارە و خاوەنی منداڵێکە.

سالح محەمەد سالح عەبدوڵڵا

ناسراو بە سالح شارستێنی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی شارستێنی ناحیەی حاجیاوا – قەزای ڕانیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر لە دایک دەبێت، تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، هەر لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی

کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لە لایەن سوپای عێراقەوە بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان و گوندەکانی کوردستان، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

سەلاح محەمەد حەسەن محەمەد

ناسراو بە سەلاح حەمەسوو کە لە پارتیزانیدا بە (هەڵۆ) ناسرابوو، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی سەرگەڵووی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە سەرگەڵوو، کارەکانی ڕێکخستنی بە دڵسۆزی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپیی ٦٨ی مامەندە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و ناهەمواری

پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و بۆ بەردەوامیی شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەشدار دەبێت.
ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

سەدیق ئەحمەد خالید محەمەد

ناسراو بە سەردار یاخسەمەری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی یاخسەمەری سورداش - قەزای دوکان هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و کارکردن لە قۆناغی لاویدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها تا قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر بە وریایی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی پارێزگاری سەرکردایەتی، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.
پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی نزیک بەتەواوی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش جافایەتی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەدات.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە و لە هەمان کاتدا ئەندامی نووسینگەی دووی کۆمەڵەی پێشمەرگە دانەبڕاوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

سەرکەوت محەمەد فەتاح ئەحمەد

ناسراو بە سەرکەوتی جیهاز، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، پەیمانگای تەکنەلۆجی موسڵی تەواو کردووە، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر دەرهەق بە نەتەوەکەی، هەر زوو دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، لە ساڵی ١٩٨٥ لە هەمان تیپ (٤٧ی پیرەمەگرون) دەکرێت بە عددجیهاز، ئیتر لەو بەروارەوە بە سەرکەوتی جیهاز دەناسرێت، ساڵی ١٩٨٧ دەگوازرێتەوە بۆ سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال هەر بە هەمان کاری پێشووی (عدد جیهاز).

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی زۆربەی دێهاتەکانی کوردستان، بۆ ماوەیەک دەگەڕێتەوە ناوچەی سورداش و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان درێژە بە شۆڕش و

خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش – جافایەتی، کە شەهید غەریب هەڵەدنی بەرپرسی ڕەتڵەکە بوو.

پێش ڕاپەڕین دەگەڕێتەوە سەرکردایەتی و لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا، وەک عدد جیهاز لەگەڵ کاک نەوشیروان دەبن، کە ئەو کاتە بۆ ڕاپەڕین عددجیهازەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و کارایان هەبوو. ساڵی ١٩٩٢ ڕوودەکاتە هەندەران و ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا دەژی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

سالح ئەحمەد خالید محەمەد

ناسراو بە شکور یاخسەمەری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی یاخسەمەری شارباژێڕ لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر بە دڵسۆزی و لەخۆبەدووییەوە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە ناوەندی کۆمەڵە، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە خەباتی شۆڕشگێری و پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕیزی پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش– جافایەتیدا و بەشدارێکی کارای دەبێت لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی

بەهاری ١٩٩١ی خەڵکی کوردستاندا.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

شوان شەریف کەریم محەمەد

ناسراو بە شوان موغاغی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری گوندی موغاغی سورداش – قەزای دوکان هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە هەرێمی چواری ئەو کاتە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی چوار و پاشان لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و چالاک و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی تیپ.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیش وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و کاری پێشمەرگایەتی، بۆیە ڕوو دەکاتە خەباتی سەختی پارتیزانی و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش-جافایەتی و بەشدارییەکی کارای لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا دەبێت، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەند جارێک بریندار دەبێت، دواجار

لە ٢٠١٤/١٠/١٢ لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی ترۆرستانی داعش لە قەرەتەپە بریندار دەبێت.

ئێستا سکرتێری کۆمەڵەی پێشمەرگە کەمئەندامەکانی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

شەوکەت خدر محەمەد ئەمین

ناسراو بە شەوکەت کانی مێوی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی کانی مێوی ماوەت لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی و کارکردن لە تەمەنی منداڵی و لاویدا، بواری چوونە بەر خوێندنی نابێت و بە نەخوێندەواری دەمێنێتەوە، بەڵام کەسێکی ژیر و وشیار دەبێت و هەست بە نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی داگیرکەر دەکات، ئەمەش هانی دەدات کە لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات لە دۆڵێ، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە دوکان، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و دڵسۆز و بەوەفا بووە، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەشدار دەبێت لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەشدا ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت، ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن

هەڤاڵ (مام جەلال)ەوە مەدالیای پارتیزانی پێ دەبەخشرێت.
بەداخەوە لە ١٩٩٧/٤/٢٩ لە شارەزوور شەهید دەکرێت، لە کاتی شەهیدبوونیدا پلەی نەقیب بووە، دوای شەهیدبوونی لە زێدی خۆی لە گوندی کانی مێوی ماوەت بە خاک دەسپێررێت.

عەبدول مەجید مەحموود کەریم

ناسراو بە وەستا عەبدولی سورداش، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە ناحیەی سورداس- قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە خوێندندا قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، ئەرکەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە هێزی بەرگریی سورداش و تیپی تایبەت بە هێنانی چەک و تەقەمەنی، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر درێژە بە خەبات و کاری پێشمەرگانە دەدات، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی.
ماوەیەک لە سکرتاریەتی مام جەلال وەک عەددجیهاز دەستبەکار دەبێت، بەداخەوە لە ٢٠١٧/٧/٤ لە ڕێگای سورداش-سلێمانی بە کارەساتی ئۆتۆمبیل گیان لەدەست دەدات، لە

گۆڕستانی سورداش بە خاک دەسپێردرێت، لەدوای خۆی هاوسەر و چوار منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

عاید عەلی خدر ئەحمەد

ناسراو بە هێمن تەلانی، پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی تەلانی ناحیەی سورداش لە خێزانێکی جووتیار و کەمدەرامەت، بەڵام خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر لە دایک دەبێت، لەبەر هەژاری و کارکردن ناتوانێت بچێتە بەر خوێندن، بەڵام ئەمە وای لێ ناکات کە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیی تیا نەبێت، بە پێچەوانەوە زیاتر هەست بە چەوسانەوە و نادادپەروەری و زۆڵم وستەمی ڕژێمی داگیرکەری کوردستان دەکات، هەر ئەم هەستەش وای لێ دەکات لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات لە مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی پارێزگاری، دواپلەی پێشمەرگایەتیی جێگری فەرماندەی تیپ و هەواڵگری لەشکر بووە، ئەم پارتیزانە دەڵێت:

«پارتیزانەکان ئەو تێکۆشەرە قارەمانانە بوون کە ئەو قۆناغە سەختەی خەبات و شۆڕشیان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند و گەیاندیان بە لووتکەی سەرکەوتن».

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

عەبدوڵڵا حەسەن ئیبراهیم سلێمان

ناسراو بە عەبدوڵڵا گەناوی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی گەناوی ناوچەی پشدەر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە لە قۆناغی مێردمنداڵیدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە سەرکردایەتی، هەر هەمان ساڵ پەیوەندیی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە هەرێمی ٦، پاشان لە تیپی ٦٣ی جووتیاران درێژەی بە کاری پێشمەرگایەتی دەدات.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لەخۆبردووانە خەباتی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارەوە خاوەنی شەش منداڵە.

عەبدوڵڵا غەفور محەمەد ئەمین

ناسراو بە عەبدوڵڵای کوێخا غەفور، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی نەڵەسو لە ناحیەی باسنیە - قەزای چوارتا لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی

کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی چوارتا، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی یەکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ، لە دەستەی تایبەتی جەبار فەرمان، بەتالیۆنی یەک، پێشمەرگەیەکی چالاک و دڵسۆز، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی و شۆڕش دەدات.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەدقادر

ناسراو بە هاوڕێ پەنا، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی خەباتی شاری سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ئەم پێشمەرگە پارتیزانە هەر لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخراوی سلێمانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ پەیوەندی بە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداشەوە دەکات، کە شەهید غەریب هەڵەدنی سەرپەرشتیی کردوون، لە پارتیزانیدا بە ڕێبواری حاجی ئەحمەد ناسرابوو.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە بە پلەی نەقیب، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: -

«پارتیزانەکان سمبولی مانەوەی شۆڕش و مقاوەمەتی گەلی کوردستان بوون بەرامبەر بە ڕژێمی دڕندە و داگیرکەری حیزبی بەعس.»

عوسمان عەبدوڵڵا قادر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە عوسمان گێچینەیی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی گێچین سورداش – قەزای دوکان، لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر چالاکانە و لەخۆبوردووانە کارەکانی ڕێکخستنی ئەنجام داوە، لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوەندی کۆمەڵە، لە پێشمەرگایەتیدا هەواڵگری پێشمەرگە بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر، بەشدار دەبێت لە خەباتی پارتیزانی و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش، بەداخەوە بە هۆی کاریگەریی چەکی کیمیاییەوە لە بەرواری ٢ – ١٠ – ٢٠١٨ لە نەرویج کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی بە خاک دەسپێررێت، لە دوای خۆی هاوسەرەکەی

و سێ منداڵ بەجێ دەهێڵێت.

عەلی حەمە وسوو حەسەن

ناسراو بە خاڵە عەلی ئەشکەنەیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ئەشکەنەی ناحیەی ئیسێوە – قەڵادزێ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ، هەمان ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و چالاک بووە. لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش–جافایەتی، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

## عەلی مستەفا حەمە مەحموود

ناسراو بە عەلی سەرگەڵوویی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی سەرگەڵووی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، زوو هەستی بە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە لەلایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە سەرگەڵوو، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی مەڵبەندی دوو لە بەتالیۆنی ١٥.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان سەرەڕای ئەوەی ورەیان بە جەماوەری کوردستان بەخشتیەوە، لە هەمان کاتدا بۆ دوژمنیشیان سەلماند کە هێزی پێشمەرگە نافەوتێ و بەردەوامە لە خەبات، تا سەندنی مافی نەتەوەی کورد.»

ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## عەلی حەمە محەمەد عەزیز کاکی

پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە عەلی حەمە کاکی، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی حاجیتانی ناحیەی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی حاجیتان پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٤ دەبێت بە پێشمەرگە لە ڕێکخراوی دووی کۆمەڵە، لە پێشمەرگایەتیدا هاوکاری ئیداریی لەشکر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش–جافایەتی، لە کاتی پارتیزانیدا بە هۆی چالاکییەکەوە دەتوانن ئامر فەوجی شەدەڵە بە سزای گەل و شۆڕش بگەیەنن.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «پارتیزانەکان ئەو قارەمانانە بوون کە توانییان ئاشبەتاڵ بە ئاشبەتاڵ بکەن.»

ئەم پارتیزانە ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## عوسمان حەمە محەمەد عەزیز

ناسراو بە عوسمانی حەمە کاکی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی حاجیتانی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و کارکردن لە سەرەتای ژیانییەوە، نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، دڵسۆز و لەخۆبردوو بووە بۆ دەوروبەرەکەی، ساڵی ١٩٧٧ لە حاجیتان پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٧٨ لە سنوری دوکان پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨١ دەگوێزرێتەوە بۆ هەرێمی ٤، ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیمەی کە ئەرکی هێنانی چەک و تفاقی جەنگی و پێداویستییەکانی هێزی پێشمەرگەی لە ئێرانەوە پێ سپێردرابوو.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا ڕۆڵی بەرچاوی لە ڕزگارکردنی دوکان و ئۆردوگای پیرەمەگرون هەبوو. لە سوپای یەکگرتووی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٣ دەکرێت بە

جێگری فەرماندەی سریە، دواتر بوو بە فەرماندەی سریە لە لیوای ٢٢ی دوکان، ساڵی ٢٠٠٤ بەشداریی خولی سەربازی دەکات و پلەی عەقیدی پێ دەدرێت.
لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

عوسمان عەلی محەمەد حەسەن

ناسراو بە مام شێر، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە ناحیەی سورداش - قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەوکردووە، کەسێکی هۆشیار و بەئاگا بووە، زوو هەستی بە ستەم و زوڵموزۆری ڕژێم کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە سەرچنار، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر بە وریایی و لەخۆبردووییەوە جێبەجی کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢٣ی سورداش، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە خەبات و پێشمەرگایەتی لە ڕەتلی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش- جافایەتی کە شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەی ڕەتڵەکەیان بووە، مەدالیای پارتیزانیی لەلایەن هەڤاڵ (مام جەلال)ەوە پێ

بەخشراوە.

ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## عوسمان کەریم سوارە حەمەد

ناسراو بە عوسمان سێدەری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی موغاغی ناحیەی پیرەمەگرون – قەزای دوکان هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی بڕوانامەی دبلۆم لە بواری سەربازیدا بەدەست بهێنێت، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٣ ی ئاسۆس، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی تیپ بووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی عێراقییەوە، کۆڵنەدەرانە دەگەڕێتەوە ناوچە چۆڵکراوەکان و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش–جافایەتی درێژە بە شۆڕش و خەبات دەدات، لە کاتی پارتیزانیدا ئامر مەفرەزە بووە.

ئەم پارتیزانە بە پێویستی دەزانێت کە کۆمەڵەی تایبەت بە پارتیزانەکان هەبێت، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت بیرەوەری و یادگارییەکانی ئەو قۆناغە سەختە بنووسرێتەوە و ئەرشیف بکرێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو ئاشنا بن بە خەباتی

بەردەوامی گەلەکەیان.

ئەم پێشمەرگە کۆڵنەدەرە، ئێستا ئەندام پەرلەمانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بوو لەسەر لیستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، خێزاندارە و خاوەنی ٩ منداڵە.

عوسمان مەحموود عەزیز قادر

ناسراو بە سۆران، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە ناحیەی سورداش لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر چالاکانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی یەکی تیپی پارێزگاری، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات. بەشداریی چالاکییەکانی پارتیزانەکان دەکات، لەو چالاکیيانەش کە لە زاری خۆیەوە دەیگێڕێتەوە:

«لە کاتی پارتیزانیدا دوو بۆمبی دەستیمان لەسەر ڕێگای هەڵەدن – بەرگەڵوو نایەوە، لە شوێنێکدا کە پێی دەوترێت دۆپەخوار، لە ئەنجامدا یەکێکیان بە ئیڤایەکدا تەقییەوە و کە

جگە لە تێکشکاندنی ئیڤاکە، سەرنشینەکانیشی کوژران، بۆمبی دووەم بە جێب قیادەیەکدا تەقییەوە، کە بووە هۆی کوژرانی قائیدی هێزەکەی ڕژێم و کۆپتەر هات تەرمی قائیدەکەی بردەوە، ئەم چالاکییە لە ئازاری ساڵی ١٩٨٩دا ئەنجام درا.»
لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«ئێمە لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا خەباتمان کرد، کە تەنها چیاکان هاوەڵمان بوون، کۆڵمان نەدا و بەردەوام بووین هەتا گەلەکەمان بگاتە ئامانج و مەنزڵی خۆی، بەدیهاتنی ئازادی و حکومەت و پەرلەمانی کوردستان بەرهەمی ئەو هەموو ڕەنج و قوربانیدانەیە، بەڵام بەداخەوە ئەم هەموو قوربانی و ماندووبوونە، خەریکە بە هۆی گەندەڵی و پاوانخوازی و دەستەگەرییەوە بە هەدەر دەچێ.»

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا فەرمانبەری گومرگە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### عوسمان محەمەد محەمەد ئەمین فەقێ

ناسراو بە عوسمان شارستێنی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی شارستێنی ناحیەی بنگرد – قەزای دوکان لە خێزانێکی جووتیار و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام کەسێکی هوشیار بووە، هەستی بە ستەم و چەوسانەوەی گەلەکەی کردووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ئیتر لێرەوە قۆناغی خەباتی ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەست پێ دەکات، لە هەمان ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە دۆڵی جافایەتی لە هەرێمی چوار. لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش-جافایەتی.

دوای ڕاپەڕین دەکرێتە فەرماندەی لیوا، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«لە کاتێکدا دوژمنی داگیرکەری کوردستان بە بەرنامە و بە هێزی بێشوماری سەربازییەوە دەیویست یەک بە یەکی درەختی دارستانی کوردبوون ببڕێتەوە، پێشمەرگە پارتیزانەکان لە چیاکانەوە نەمامی کوردبوونیان دەناشت و دارستانی کوردبوونیان سەوز دەکردەوە بۆ داهاتوو، هەر لە چیاکانەوە بە دونیایان دەگوت کورد دەنگە، کورد وزەیە، کورد ئاییندەیە و هیچ هێزێک ناتوانێت لە ناوی ببات.»

عوسمان مەحموود ڕەسوڵ محەمەد

ناسراو بە مەلا عوسمان، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی سەرتکەی سەر بە قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ماندوونەناس لەدایک دەبێت، بڕوانامەی دبلۆمی بەدەست

هێناوە، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی چەمی ڕێزان، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە دەزگای پێشمەرگایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت:

«پارتیزانەکان هەوێن و پاڵپشتی سەرەکیی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بوون، کە بووە هۆی ڕامالینی ڕژێمی داگیرکەری بەعس لە کوردستاندا.»

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی نۆ منداڵە.

عومەر ئەحمەد حەمە ئەمین

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە ناحیەی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە هەڵەدن، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەکتەب عەسکەری، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا

دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی و بەشداریی چالاکییەکانی ڕەتڵەکە دەکات لە سنورەکەدا.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

عومەر حەمە محەمەد عەزیز

ناسراو بە عومەر کاکی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی حاجیتانی ناحیەی سورداش لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٧ لە حاجیتان پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن چالاکانە بە دڵسۆزی و لەخۆبردنەوە جێبەجێ دەکات، لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی دوکان، پێشمەگەیەکی ئازا و بوێر و خۆشەویست دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دروستکردنی ڕتڵەکانی پارتیزانی، درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی، لە ڕاپەڕینە مەزنەکەشدا بەشدارییەکی کاراو بەرچاوی دەبێت.

بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە لـە شـەڕی ناوخـۆدا ١٩٩٤/٥/١ لـە پیرەمەگـرون شـەهید دەکرێـت، دوای خـۆی هاوسـەر و پێنـج منداڵەکـەی بـۆ کوردسـتان بەجـێ دەهێڵێـت و لـە زێـدی خـۆی لـە گونـدی حاجیتـان بـە خـاک دەسـپێردرێت.

عومەر کەریم محەمەد ئەحمەد

ناسـراو بـە دکتـۆر عومـەر، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٧ لـە گونـدی هەڵەدنـی سـورداش – قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، تـا قۆناغـی ئامادەیـی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی دوکان، چالاکانـە کارەکانـی ڕێکخسـتنی جێبەجـێ کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٨ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی پارێـزگاری، لـە پێشـمەرگایەتیدا وەک کادری پزیشـکی کاری کـردووە. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال وەک پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و کۆڵنـەدەر لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی سـورداش–جافایەتی درێـژە بە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات. ئێسـتا لێپرسـراوی تیمـە پزیشـکییەکانی دەزگای تەندروسـتی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنـی شـەش منداڵـە، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێـت:

«پارتیزانـەکان ئـەو کۆڵنەدەرانـە بـوون کـە ئومێدیـان بـە بـەر نائومێدیـدا کـردەوە و لوولـەی چەکەکانیـان بـۆ ڕژێمـی فاشـیی

بەعس شۆڕ نەکرد، بەرگرییان کرد تا ڕاپەڕینە مەزنەکە و تا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، ئەوەی کە پێویستە و شایستەی ئەوەیە پەیکەری (ئازایەتی)یان بۆ دروست بکرێت، لە دوای شەهیدان، پارتیزانەکانن.»

عومەر محێدین موراد ئیسماعیل

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە شاری قەڵادزێ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە قەڵادزێ، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و بە دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و ئازا و بوێر دەبێت.

لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگانە، بەو مەبەستە دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی و بەشداریی چالاکییەکانی ئەو ڕەتڵە دەکات.

بەداخەوە لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا لە ١٩٩٥ /٧/١٤ لە کەپکی حەمەد ئاغا شەهید دەبێت، لە دوای شەهید بوونی، هاوسەر و منداڵە تاقانەکەی دەسپێرێت بە کوردستان، لە

زێدی خۆی لە گۆڕستانی قەڵادزێ بە خاک دەسپێردرێت.

غەریب عەبدولقادر حاجی

فەرماندە و پارتیزان، ناسراو بە غەریب هەڵەدنی، ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی هەڵەدنی دۆڵی جافایەتی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لەو گوندەدا خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، لە ناوەڕاستی ١٩٧٦ لە ڕێگەی باوکییەوە پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات (کۆمەڵەی مارکسی– لینینی) ئەوسا، لە تەمموزی هەمان ساڵدا پەیوەندی کردووە بە مەفرەزەی شاربازێڕی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، هەر ئەو ساڵە تایپێکی لەماڵی شەهید ئارامەوە گواستووەتەوە بۆ ژیلوان و یەکەم بەیاننامەی (ی.ن.ک)ی بەو تایپە چاپکردووە، ساڵی ١٩٧٨ بەشداریی گەشتی هەکاری کردووە، ئەندامی کۆنفرانسەکانی (٢،٣)ی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە.

ساڵی ١٩٨٥ وەک کادرێکی عەسکەری گوازراوەتەوە بۆ مەڵبەندی یەک لە قەرەداغ، ساڵی ١٩٨٦ گەڕاوەتەوە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و ساڵی دواتر بووە بە کادر لە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال، لە شاڵاوی ئەنفالی یەکدا قارەمانانە بەرگریی کردووە و بە گازی کیمیایی بریندار بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک فەرماندەی ڕەتڵی سورداش-جافایەتی گەڕاوەتەوە ناوچەی دۆڵی جافایەتی و

مەرگە و سورداش، جگە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی ڕەتڵەکەی، ئەرکی پێکەوەبەستنەوەی ڕێکخستنی شار و سەرکردایەتیشی ئەنجام داوە، لە هەمان کاتدا ئەرکی دابینکردنی جێگە و ڕێگەی ڕەتڵی کەرکوکیشی گرتووەتە ئەستۆ و زۆر جوامێرانە ڕای پەڕاندووە، زۆر لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی لە ڕۆژژمێرە بچووکەکەی بەرباخەڵیدا یاداشت کردووە

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١دا، ئەندامی میحوەری سورداش بووە و لە کاتی گرتنی سەربازگەی مەرگەدا بریندار دەبێت، ئەندامی یەکەم کۆنگرەی (ی.ن.ک) دەبێت. کاتێک پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان دامەزرا، بوو بە فەرماندەی لیوای ٢٢ی قیادەی مەنتیقەی سلێمانی.

ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ماوەی ١٨ ساڵی تەواو بێ ماندووبوون پێشمەرگە بووە و بەشداریی دەیان نەبەردیی پێشمەرگانەی کردووە و سەلیقەیەکی کولتووری و شوێنەوارپاراستنی بەرزیشی هەبووە، بەر لە شەهیدبوونی بەردێکی مێژوویی تەسلیمی فەرمانگەی شوێنەوارناسی سلێمانی کردووە و دوو ڕۆژیش بەر لە شەهیدبوونی شوێنەوارێکی زۆر گرنگی بە هەمان فەرمانگە ناساندووە.

بە داخەوە ئەم فەرماندە قارەمان و دڵسۆزەی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢ / ٧ / ١٩٩٣ لە کاتی ئەنجامدانی ئەرک و فەرمانی حکومەتی هەرێمی کوردساتاندا شەهید دەکرێت و لە دوای خۆی هاوسەر و کوڕە تاقانەکەی لەگەڵ هەر شەش کچەکەی بۆ کوردستان

بەجێ دەهێڵێت.

فەریق ئەحمەد حەمە ئەحمەد

ناسراو بە فەریق هەڵەدنی، پارتیزان وپێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی هەڵەدنی ناحیەی سورداش _ قەزای دوکان لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری دوکان، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و چالاک دەبێت. لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، بەو مەبەستە دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## فوئاد ئەحمەد عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

ناسـراو بـە فوئـاد قەرەچەتانـی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی سەرشـەقامی شـاری سـلێمانی هاتووەتـە ژیانـەوە. توانیویەتـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس بەدەسـت بێنێـت، سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی دوکان، سـاڵی ١٩٨١ چەکـی پێشـمەرگایەتی لـە شـان دەکات لـە تیپـی ٢٣ی سـورداش، لـە پێشـمەرگایەتیدا ڕێکخـەری کـەرت بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان لەلایـەن ڕژێمـی عێراقییـەوە، کۆڵنەدەرانـە لـە ڕیـزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی سورداش–جافایەتی درێژە بە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات و ناهێڵـن کوانـووی کوردایەتـی خامـۆش ببێـت.

ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە ئێسـتا ئەفسـەرە بـە پلـەی لیـوا لـە دەزگای ئاسایشـی هەرێمـی کوردسـتان، خێزانـدارە و خاوەنـی دوو منداڵـە.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «پارتیزانەکان پێشـمەرگەی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر بوون، کوڕی ڕۆژی تەنگانە و پێشـمەرگەی پێش مەرگی پێشـمەرگە بوون.»

قادر محەمەد محەمەد عەبدوڵڵا

پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتیزانی دوای ئەنفال، ناسراو بە مامەقالە، ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی دۆلەبی ناحیەی بنگرد – قەزای دوکان هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕانەوە دەکات لە ک ەرتی ٣ی مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و تێکۆشەر، بەردەوام دەبێت لە خەبات و درێژەدان بە شۆڕش، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش–جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەی پارتیزان.

خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، خانەنشینی پێشمەرگەیە.

قادر محەمەد کەریم ئەحمەد

ناسراو بە مامە قالە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە قەزای ماوەت لە خێزانێکی ماندوونەناس و زەحمەتکێش دایک بووە، لەبەر هەژاری خێزانەکەیان هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووە بە کارکردن، ئەمەش وای کردووە کە نەتوانێت درێژە بە

خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە شارباژێڕ، هەمان ساڵ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش-جافایەتی.

ئەم پارتیزانە، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە مانگی ٥ی ٢٠١٦ بە نەخۆشی کۆچی دوایی دەکات، لە گۆڕستانی کانی سپیکە لە سلێمانی بە خاک دەسپێررێت، لە دوای خۆی هاوسەرەکەی و پێنج منداڵ بەجێ دەمێنێت.

مەدالیای پارتیزانەکانی لەلایەن هەڤاڵ (مام جەلال)ەوە پێبەخشراوە، خانەنشینی پێشمەرگە.

کاوە حەسەن ڕەسوڵ محەمەد ئەمین

ناسراو بە کاوە تەلانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی تەلانی قەزای دوکان هاتووەتە دنیاوە، تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی دوکان – کەرتی ڕێکخسـتنی مەڵبەندی دوو، هەمان سـاڵ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشـمەرگەی کوردستانەوە لە تیپی مەڵبەندی دووی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی تیپ، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و دڵسـۆز دەبێت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، خەباتـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی سـورداش–جافایەتی، بـەو شـێوەیە درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی کوردایەتـی دەدات.

ئێسـتا ئەنـدام مەکتەبـە لـە مەکتەبـی ڕێکخسـتن، یەکێکـە لـە تاقانەکانـی ئەنفـال، خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵـە.

کەریم حەمە ئەمین مەحموود عەبدوڵڵا

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە خاڵـە کەریـم، سـاڵی ١٩٦٤ لـە گونـدی سـێکانیانی ناحیـەی سـورداش – قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێش هاتووەتـە دنیـاوە، کەسـێکی وشـیار و چالاک و دڵسـۆز و بەوەفا بووە بۆ هـاوڕێ و دەوروبەرەکەی، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە لـە بەکرەجۆ، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە وریایـی و لـە خۆبوردووییـەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی دەکات بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە لـە تیپی ٤٣ی ئاسـۆس، لـە پێشـمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی

کـەرت بـووە.
لـە دوای شـالاَوەکانی ئەنفالیشـەوە ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و بـەردەوام دەبێـت لـە خەباتـی پێشـمەرگانە و دەبێت بە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی سـورداش-جافایەتی.
خێزانـدارە و خاوەنـی حـەوت منداڵـە، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە.

کەمال ڕەسوڵ عەزیز ڕەسوڵ

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە کەمـال مەرگەیـی، سـاڵی ١٩٦٠ لـە گونـدی مەرگـەی ناحیـەی بنگـرد – قـەزای دوکان لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر چـاوی بـە ژیـان هەڵهێنـاوە. سـاڵی ١٩٧٨ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە، لـە ١٩٧٩/١/١٥ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە مەکتەبـی عەسـکەری، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر و خۆنەویسـت بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت.
لە دوای شالاَوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و کۆڵنـەدەر دەگەڕێتـەوە بۆ ناوچە چۆڵکراو و خاپوورکراوەکان، لـە ڕەتڵی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی سـورداش-جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان.
خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

کەمال عەلی خدر ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی
تەلانی ناحیەی سورداش – قەزای دوکان، لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.
دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ساڵی ١٩٩٠ دەگەڕێتەوە ناوچە خاپوورکراوەکانی کوردستان و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی، بەو شێوە درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەدات.
ئێستا ئەفسەرە لە پاسەوانی سنور، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

محەمەد عەبدولقادر حاجی محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە محەمەد هەڵەدنی، برای شەهیدی سەرکردە غەریب هەڵەدنی، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی هەڵەدنی

ناحیەی سورداش – قەزای دوكان لە خێزانێكی زەحمەتكێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغی ئامادەیی تەواو كردووە، كەسێكی هۆشیار و دڵسۆز بووە، زۆر زوو هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەكەیی و نادادپەروەری و زوڵموزۆری رژێم كردووە، لە ١٤/٧/ ١٩٨٤ لە تەمەنێكی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ریزەكانی ڕێكخستنی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات لە گوندەكەی خۆیان لە هەڵەدن، لە ١٢/٣٠/ ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی كوردستانەوە دەكات لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون، دواتر لە سكرتاریەتی تایبەتی هەڤاڵ مام جەلال درێژە بە ژیان و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە پێشمەرگایەتیدا دەكرێت بە فەرماندەی كەرت.

لە دوای شاڵاوەكانی ئەنفال و خاپووركردنی گوندەكانی كوردستان لەلایەن ڕژێمەكەی سەدام حوسێنەوە، كۆڵنەدەرانە ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەكانی سورداش-جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەیەكی پارتیزان و بەو شێوەیە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لەبارەی پارتیزانەكانەوە دەڵێت:

«ئەتوانم بڵێم پارتیزانەكانی دوای ئەنفال، وەرچەرخانێكی مێژوورییان دروست كرد، بۆ دوژمنانیان سەلماند كە پێشمەرگەكانی یەكێتی هەموو شتێكی مەحاڵ تێكدەشكێنن، پێویستە یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان وەك مێژووی پڕشنگداری خۆی سەیری بكات و شانازیی پێوە بكات.»

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## محەمەد عەلی عەزیز

ناسراو بە محەمەدی شەمام سێوکانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی سێوکانی ناحیەی بنگردی قەزای دوکان لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاری خێزانەکەیەوە لە قۆناغی منداڵی و لاویدا بە کارکردنەوە خەریک دەبێت، ئەمەش ڕێگر دەبێت لە درێژەدان بە خوێندن و قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی ژیر و وشیار بووە، هەستی بە نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر کردووە، ئەمەش هانی دەدات لە تەمەنی لاویدا ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە دڵسۆزی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨١ دەبێت بە پێشمەرگە لە سەرکردایەتی، پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا دەبێت و دەبێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش، بەداخەوە لە شەوی ٢٤/٢٣ -١٠ – ١٩٩٠ لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەدا لە مەرزی بێتوش شەهید دەبێت، بە شیوەیەکی کاتی لە زەڵێ بە خاک دەسپێرریت تا دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، تەرمەکەی دەگوازرێتەوە لە زێدی خۆی بۆ گوندی سێوکان، لە دوای خۆی هاوسەر و

پێنج منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت.

محەمەد حەسەن قادر خدر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە حەمە قەڵاچوالانی، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی قەڵاچوالانی قەزای چوارتا لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە لە قۆناغی مێردمنداڵیدا، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ لە قەڵاچوڵان پەیوەندیی کردووە بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر چالاکانە و لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی و بەشداریی چالاکی و داستانەکانی ئەو ڕەتڵە دەکات.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## محەمەد ئیسماعیل محەمەد قادر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە حەمـە سـنگەری، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی گەڕەدێـی مـاوەت – قـەزای چوارتـا لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و ماندوونەنـاس هاتووەتـە دنیـاوە، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخـراوی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لـە ڕێکخـراوی دۆڵـێ، لـە هەمـان سـاڵدا پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە ناوچـەی دوکان، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێر و چالاک دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، کۆڵنەدەرانـە بـەردەوام دەبێـت لـە خەبـات و ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی سـورداش-جافایەتی، دواتـر دەبێـت بـە فەرمانـدەی مەفـرەزەی دۆڵـێ لـەو ڕۆژگاری پارتیزانییـەدا، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێـت:

«ئێمـە وەک مەفـرەزەی دۆڵـێ، توانیمـان ڕێکخسـتنێکی بـاش دروسـت بکەیـن لـە سـنوری سـلێمانی و بازیـان، هەرسـێ پێشـمەرگەی دێریـن، کـە بـە هـۆی ئەنفالـەوە دابڕابـوون (حەمـە ئەمیـن گەڕەدێـی، عوسـمان حاجـی ئیبراهیـم سـنگەری و ساڵح ئیسـماعیل سـنگەری)، سەرپەرشـتیی ئـەو ڕێکخسـتنانەیان دەکـرد، هـەروەهـا دەڵێت پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال بەرخـۆدان و گیانفیداییەکـی تـر بـوون لـە شـۆڕشـی نوێـدا.»

ئێسـتا جێگـری لیـوای ١٢٢ی بتوێنـی هێزەکانـی حەفتایـە بـە

پلـەی عەمیـد، خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵـە.

مەحموود ساڵح ئەحمەد ڕەسوڵ

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە خولە چاوشـین، سـاڵی ١٩٥٣ لە گوندی یاخیانـی قـەزای دوکان، لـە خێزانێکـی هـەژار و ماندوونەنـاس هاتووەتـە دنیـاوە، بـە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە نەیتوانیـوە بچێتـە بـەر خوێنـدن، کەسـێکی ئـازا و چـالاک، بوێـر و ئـازا بـووە، سـاڵی ١٩٨٦ لـە گوندەکـەی خـۆی لـە یاخیـان، پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، سـاڵی ١٩٨٨ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٣ی ئاسـۆس، پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و لەخۆبـردوو دەبێـت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنەدەر درێژە بە خەبات دەدات و ژیانی سـەخت و ناهەمواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی سـورداش-جافایەتی.

خێزاندارە و خاوەنی پانزە منداڵە.

مستەفا ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

ناسـراو بـە هەرێم، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٧٠ لـە گەڕەکـی شـەهیدانی قەڵادزێ لـە خێزانێکـی هـەژار و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانەوە. بـە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن

بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا دەبێت بە پێشمەرگە لە کەرتی ٣ی تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دروستکردنی ڕەتڵەکانی پارتیزانی، ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی.

ئەم پارتیزانە کۆڵنەدەر و قارەمانە لە ٣/٢٥ /١٩٩٣ لە گەناو - قەندۆڵ شەهید دەبێت و لە زێدی خۆی لە گۆڕستانی قەڵادزێ بە خاک دەسپێردرێت.

محەمەد ئەحمەد محەمەد عەلی

ناسراو بە مام جووتیار، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ساڵی ١٩٤٢ لە ناحیەی هێرۆی سەر بە قەڵادزێ لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک دەبێت، لەبەر هەژاری و کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا ناتوانێت بچێتە بەر خوێندن، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەر لە هەمان ساڵدا دەبێت بە پێشمەرگە لە هەرێمی ٦ی پارێزگاری، پێشمەرگەیەکی چالاک و دڵسۆز بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە لێپرسراوی عەسکەریی سنوری

پشـدەر.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و دروسـتکردنی ڕەتڵەکانـی پارتیزانـی، وەک پێشـمەرگەیەکی قارەمـان و کۆڵنـەدەر لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی سـورداش-جافایەتی درێژە بە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.

بەداخـەوە لـە ١٩٩٤ /٥/١ لـە شـەڕی نەگریسـی ناوخـۆدا شـەهید دەبێـت و هـەر لـە زێـدی خـۆی لـە ناحیـەی هێـرۆ بـە خـاک دەسـپێردرێت، لـە دوای خـۆی هاوسـەر و پێنـج منداڵەکـەی بەجێدەهێڵێـت.

محەمەد حەسەن ئیبراهیم سلێمان

ناسـراو بـە حەمـە هـەژار، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٨ لە گونـدی گەنـاوی پشـدەر لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەر هاتـووەتـە ژیانـەوە، توانیویەتـی تـا قۆناغـی ئامادەیـی بخوێنێت سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە، چالاکانـە کارەکانـی ڕێکخسـتن بەجـێ دەگەیەنێـت، سـاڵی ١٩٨٨ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێسـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات و دەبێـت بـە پێشـمەرگە لـە تیپـی ٦٣ی جووتیـاران.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر درێـژە بـە خەبـات و شـۆڕش دەدات، بـەو مەبەسـتە دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە

پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی.

جێگری لیوای ٤ی پێشمەرگەی بەرگری و فریاکەوتنە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

محەمەد حەسەن خدر حەسەن

ناسراو بە خاڵە محەمەد، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی ئەشکەنەی ناحیەی ئیسێوە – قەڵادزێ لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، زیاتر بە کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریک بووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی چالاک و دڵسۆز و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە ئامر مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و قارەمان، درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ساڵی ١٩٩٦ لەسەر سنوری ئەشکەنە – باوەز بە هۆی تەقینەوەوە شەهید دەبێت، هەر لە زێدی خۆی لە گوندی ئەشکەنە بە خاک دەسپێردرێت، لە دوای خۆی هاوسەر و حەوت منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

## محەمەد کەریم محەمەد حەمەد

ناسراو بە سالار، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی هەڵەدنی ناحیەی سورداش – قەزای دوکان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی دوکان، زۆر چالاکانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستنی جێبەجێکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری دوکان، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

پارتیزانەکان کۆمەڵێک دڵسۆزی شۆڕشگێڕی خۆنەویست بوون، توانییان درز بەو نائومێدییە بدەن کە دوای ئەنفال و کیمیاباران و دوای خاپوورکردنی زۆربەی شار و گوندی کوردستان خەڵکی کوردستانی تێکەوتبوو، پارتیزانەکان ئومێد بوون لە کاتێکی پڕ لە نائومێدیدا.

## مەولود عەبدوڵڵا تۆفیق

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مەولود تەلانی، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی تەلانی ناحیەی سورداش - قەزای دوکان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە هەرێمی ٤، هەر لەوێوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٧٩ ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەجێ دەهێڵێت و دەبێت بە لێپرسراوی کۆمیتەی ناوچەی دوکانی حیزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان، ساڵی ١٩٨٠ لە چیای مامەندە بە خەستی بریندار دەبێت، ساڵی ١٩٨٦ لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکاندا دەبێت بە ئەندامی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و شۆڕشگێڕ، لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ پەیوەندیی بە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی دەکات و بەشداریی چالاکییەکانیان دەکات، گەرچی تا ئەو کاتەیش پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە نەکردبوو.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، ڕۆڵێکی چالاکانەی دەبێت، بەتایبەتی لە قۆڵی ڕانیەوە، ساڵی ١٩٩٤، لەگەڵ ژمارەیەک کادر و پێشمەرگەی حیزبی زەحمەتکێشان،

پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٩٧ دەکرێت بە ئەندامی مەکتەبی کۆمەڵایەتی، ساڵی ٢٠٠٤ دەبێت بە جێگری لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی و دواتر ماوەیەک دەبێت بە لێپرسراوی مەکتەبەکە بە وەکالەت.
خانەنشینی پێشمەرگەیە.

محێدین مەحموود محەمەد سەعید

پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی جاسەنەی ناحیەی سورداش – قەزای دوکان هاتووەتە ژیانەوە، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، پاشان لەبەر سەختیی بژێویی ژیان دەستی کردووە بە کارکردن، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێ، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەرگە لە تیپی ٤٤ ی چەکوچ، لە پێشمەرگایەتیدا چەند پلەیەکی بڕیوە.
لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:
«گەرچی شاڵاوە دڕندەکانی ڕژێمی بەعس بۆ سەر خەڵکی کوردستان، کەمەرشکێن بوو، بووە هۆی خاپوورکردنی تەواوی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان و ئەنفالکردنی زۆربەی خەڵکەکەی، بەڵام قۆناغێکی نوێی بۆ شۆڕش و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دروست کرد، کە جارێکی تر و بە شێوەیەکی تۆکمەتر مەفرەزەکانی شاخ ڕێکبخاتەوە

و هۆشـیارانەتر پەیوەندیـی پێشـمەرگە و ڕێکخسـتنەکان یـەک بخاتـەوە.

خێزانـدارە و خاوەنـی شـەش منداڵـە و ئێسـتا لێپرسـراوی یاریدەدەریێتیـی ئاسایشـی دوکانـە.

مەحموود محەمەد ئیسماعیل عەبدوڵڵا

ناسـراو بـە مەحمـوود بڕنـەو، پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٤ لـە گونـدی عەسـکەری ناحیـەی ئاغجەلـەر– قـەزای چەمچەمـاڵ هاتووەتە ژیانـەوە. لەبەر هـەژاری و کارکـردن نەیتوانیوە درێژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنها قۆناغی سـەرەتایی خوێندووە، بەڵام کەسـێکی هۆشیار و چالاک بـووە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، لـە سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و خۆشەویسـت بـووە.

لە دوای پرۆسـەی بەدناوی ئەنفال، بەردەوام دەبێت و یەکێک دەبێـت لـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی سـورداش–جافایەتی، لـەو ڕێگەیـەوە درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.

بـە داخـەوە ئـەم پارتیزانـە کۆڵنـەدەرە لـە شـەڕی کـورد– کـورددا شـەهید دەبێـت و لـە گۆڕسـتانی ناحیـەی پیرەمەگـرون بـە خـاک دەسـپێردرێت، لـە دوای خـۆی هاوسـەر و هـەر چـوار منداڵەکـەی بـە کوردسـتان دەسـپێرێت.

مەحموود حەمە ساڵح کاکە سور عەبدوڵڵا

ناسراو بە مەحموود تەلانی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی تەلانی ناحیەی سورداش – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە سنوری مەڵبەندی دوو، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن سوپای ڕژێمی عێراقییەوە، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی، لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا بەڕێوەبەری ژمێریاریە لە لیوای دووی سکرتاریەت، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

مەسعود محەمەد حەمە ئەمین تەها عەبدوڵڵا

ناسراو بە مەسعود شارستێنی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی شارستێنی ناحیەی بنگرد – قەزای دوکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە،تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ئەمیش وەک زۆربەی هاوڕێ و هاوتەمانەکانی لە

بەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، بەڵام هەستکردن بە چەوسانەوەو زوڵم و ستەمی ڕژێم کاری تێدەکات، هەر ئەمەش هانی دەدات کە لە تەمەنێکی زۆر گەنجیداو لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٤٣ ی ئاسۆس.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە شۆڕش و درێژەدان بە خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش-جافایەتی.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

پارتیزانەکان ژمارەیەکی کەم بوون، بەڵام بە ورەیەکی بەرزەوە قۆناغێکی سەختی خەبات و شۆڕشیان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند، بۆیە دەبوو خاوەنی مەدالیای ئاڵتونی و پێگەی تایبەت بونایە لە نێو کۆمەڵگەدا و خاوەنی پارێزبەندی بونایە.

لە ئێستا عەقیدی پۆلیسە لە لیوای دووی نەوت و گاز، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

محەمەد حەمە ئەمین ئیسماعیل قادر

ناسـراو بـە محەمـەد دوکانـی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە قەزای دەکانلە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر لە دایک دەبێت، تـا قۆناغـی ناوەنـدی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەندیـی بـە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتـی ڕێکخسـتنی دوکان، سـەر بـە مەڵبەنـدی دووی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٣ ی ئاسـۆس، لـە پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی کـەرت بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، کەبـووە هـۆی خاپوورکردنـی گوندەکانی کوردستان و لـە ناوبردنـی ١٨٢ هـەزار مرۆڤی کورد لەلایـەن سوپای عێراقییـەوە، کۆڵنەدەرانـە لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی سورداش–جافایەتی درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشـمەرگایەتی دەدات.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال، ئـەو خەباتگێـڕە خۆنەویستانە بوون کە وازیان لـە هەموو خۆشییەکانی ژیان و کەسوکارو سامانی خۆیان هێنا، لـە پێناو بەرژەوەندی بەرزی گەلەکەیـان، کـە قۆناغێکـی زۆر سـەختی شـۆڕش و خەبـات بـوو، داهێنانێکـی تـری یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـوو، بـە ئامانجـی بەدیهێنانـی مافـی ڕەوای گەلەکەمـان.

خانەنشـینی پێشـمەرگەیە و ئەنـدام مەکتەبـە لـە مەکتەبـی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، خێزانـدارە و خاوەنـی نـۆ منداڵـە.

مەهدی عەبدوڵڵا ئیبراهیم ئەمین

ناسـراو بـە مامۆسـتا مەهـدی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی گەلاڵـەی سـەر بـە قـەزای مـاوەت لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەرهاتووەتە دنیـاوە، پەیمانـگای پێگەیاندنـی مامۆسـتایانی تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی قەڵادزی، زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخسـتن جێبەجێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٦٣ی جووتیـاران، پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و ئـازا و بوێـر دەبێـت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، بەو مەبەستە دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی سـورداش-جافایەتی.

بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە کۆڵنـەدەر و قارەمانـە لـە سـاڵی ١٩٩٧ لە شـەڕی نەگریسـی ناوخۆدا لە بالیسـان شـەهید دەبێت و لە گۆڕستانی قەڵادزێ بە خاک دەسپێردرێت، لە دوای خۆی هاوسـەر و چـوار منداڵەکـەی بەجێدەهێڵێت.

ناسر عەزیز مەولود حەمە

ناسراو بە ناسری حاجی عەزیز، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٩ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەدەست بهێنێت، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە سلێمانی، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە پێشمەرگایەتیدا کادری ڕێکخستن و زانیاری بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، شۆڕشگێڕانە بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی سورداش–جافایەتی.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، لەبارەی پارتیزانەکەنەوە دەڵێت:

پارتیزانی قۆناغێکی سەخت وشۆڕشگێڕی گەورەبوو بۆ بەرپەچدانەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و بەرزکردنەوەی ورەی نەتەوەکەمان، وە ئەو ڕاستییەی سەلماند کە کورد نەتەوەیەکی زیندووە و دەتوانێت قۆناغە سەختەکان بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت.

لە ئێستادا لیوای ئاسایشە لە دەزگای ئاسایشی هەرێم، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

نامیق محەمەد حەمە عەلی

ناسراو بە فەرهاد، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی یاخسەمەری شارباژێڕ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە لە قۆناغی لاویدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ لە یاخسەمەر پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی مەڵبەندی دوو، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بەجێگری فەرماندەی تیپ.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و بو درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پارتیزانی دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سوورداش-جافایەتی.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە ئەو قسەی هەڤاڵ مام جەلال دێنێتەوە کە دەڵێت:

«پارتیزانەکان هەرەسیان بە هەرەس هێنا، بۆیە داوا دەکات کە پێویستە ڕێز لە پارتیزانەکان بگیرێت و پاداشت بکرێن، پارتیزانەکان نابێت لە بیر بکرێن.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## والید محەمەد ئیبراهیم محەمەد

ناسراو بە ئاسۆس، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. هەر لە سلێمانی تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، لە تەمەنی گەنجیدا ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، هەر هەمان ساڵ دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی ٩٣ی کۆیە، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دڵسۆز و لەخۆبردوو دەبێت، لە ڕیزی پێشمەرگایەتیدا دەمێنێتەوە تا شاڵاوەکانی ئەنفال.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەدات و بەشدار دەبێت لە خەباتی پارتیزانی و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی سورداش-جافایەتی، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«ڕەتڵەکانی پارتیزانی وەڵامێک بوو بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکەی بەعس کە خەباتی گەلی کوردستان هەر بەردەوام دەبێت، لە هەمان کاتدا پارتیزانەکان ئەڵقەی بەیەکبەستنەوەی سەرکردایەتیی شۆڕش و جەماوەربوون، لە هەمان کاتدا هێزێکی ئامادەبوون بۆکاتی ڕاپەڕین.»

لە ئێستادا ئەفسەرە لە بەڕیوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### هیوا ساڵح ئیسماعیل ڕەسوڵ

ناسراو بە هیوا چوارباخی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی چوارباخی سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. لە سلێمانی تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٦لە سلێمانی پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی مەڵبەند، پاشان لە تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، پێشمەرگەیەکی چالاک و دڵسۆز و بوێر دەبێت، لە پێشمەگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال قارەمانانە درێژە بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی دەبێت بە پێشمەرگەی پارتیزان، لە کاتی پارتیزانیشدا عەدەد جیهاز بووە.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

### هیمن ساڵح عەبدوڵڵا شەریف

ناسراو بە مامۆستا هێمن، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە ناحیەی بنگرد – قەزایدوکان هاتووەتە ژیانەوە. لە خوێندندا توانیویەتی بەکالۆریۆس لە یاسادا بەدەست بهێنێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی

بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە سلێمانی، زۆر سەرکەوتووانە و بە دڵسۆزییەوە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێدەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری تیپی ٤٣ی ئاسۆس، لە پێشمەرگایەتیدا ڕابەرسیاسیی تیپی ٧٣ی قەندیل بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و قارەمان درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سورداش-جافایەتی.

لە یەکەم شەوی هاتنیان بۆ پارتیزانی لە سنوری بتوێنیش دەکەونە کەمینی سوپای ئێرانی و پارتیزان محەمەد سێوکانی شەهید دەبێت، لە پێش ڕاپەڕینیش لە سنوری کەلێنی لۆتەر ڕزگار یاخانی شەهید دەبێت، ئەم پارتیزانە کۆڵنەدەرە ڕەخنە لەو کارە ناشیرینانە دەگرێت کە لە سایەی حکومەت و دەسەڵاتی کوردییەوە دەکرێت، لە کاتێکدا ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە تەنها بۆ خۆشەویستیی نیشتمان بوو. ئەم پێشمەرگە پارتیزانە،

ئەفسەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕاپەڕین، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری بتوێن - پشدەر[1]

سنووری چالاکیی ئەم ڕەتڵە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە، کە ئێستا بە ئیدارەی ڕاپەڕین دەناسرێت، بە هۆی ئەوەی کە ئەم دەڤەرە ڕاستەخۆ بەستراوەتەوە بە قەندیل و قاسمەڕەش و زەڵێوە، هاتوچۆی زۆربەی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵەکانی کۆیە و کەرکوک و گەرمیان لە سنووری ئەم ڕەتڵەوە بووە، هەر لێرەوە گوزەریان دەکرد و هەر لەم سنورەیشەوە بۆ پشوودان و کاری پێویست دەگەڕانەوە.

ئەم دەڤەرە ناوچەیەکی شاخاوی و فراوانە، ناوچەی پشدەر بە هەموو گوند و شارۆچکەکانیشیەوە تەنانەت ناوەندی قەزاکەش (قەڵادزێ) لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە تەواو چۆڵ و خاپوور کرابوو، ئەو هاووڵاتیانەی لە گرتن و کوشتن دەربازیان بووبوو، یان چووبوونە ئێران، یان ڕژێم ڕاپێچی ئۆردوگا زۆرەملێکانی کردبوون، ئەم ناوچە چۆڵەوانی و خاپوورکراوە، لەبەر ئەوەی سنوورێکی دووردرێژی لەگەڵ ئێران و ناوچەکانی سەرکردایەتیدا هەبوو، لەلایەن هێزەکانی ڕژێمەوە بەتەواوی کۆنترۆڵ کرابوو، ئەمەش دەرفەتی چالاکی و جموجووڵی پارتیزانەکانی تەواو قورس کردبوو.

شارۆچکەی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/١٤ لە شۆڕشی ئەیلولدا،

---

[1]- پشدەر و بتوێن هەموو ئەو ناوچەنەی سەربە ئیدارەی ڕاپەرین ( قەڵادزێ و ڕاپەڕین) دەگرێتەوە

لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی عێراقیەوە بە خەستی بۆردمان کرا و دەیان شەهید و بریندار لێ کەوتەوە، لە سەرەتای دەسپێکی شۆڕشی نوێوە، ئەم سنوورە سەرەتای سەرهەڵدانەوە و خەباتی پێشمەرگایەتی بوو.

هاووڵاتییانی ئەم دەڤەرە هەمیشە خەڵکانی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر بوون، لەو ڕێگەیەیشدا قوربانیی زۆریان داوە و زیانی زۆریان بەرکەوتووە، ڕژێمی عێراقی کە ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست و فاشی بوو، بەردەوام بۆ دەرفەتێک گەڕاوە کە ڕق و قینی خۆی بە سەریاندا ببارێنێ، ئەم دەرفەتەی لە دوای کۆتایی جەنگی هەشتساڵەی عێراق–ئێران و دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ ڕەخسا و لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ تەواوی ناوچەی پشدەری بە ناوەندی قەزاکەشەوە (قەڵادزێ) خاپوورکرد و دانیشتوانەکەیشی ڕاگواست، ئەم کردەوانەی ڕژێم دەرهەق بە هاووڵاتیانی ئەم دەڤەرە وای کرد کە ڕقێکی شۆڕشگێڕانەیان تیادا دروست بێت و خوازیاری ئەوە بوون کە لە هەلێکدا تۆڵەی ئەو هەموو تاوانە لە ڕژێمی داگیرکەر بکەنەوە، ئەم هەلە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا ڕەخسا و سەرەتای ڕاپەڕین لە ١٩٩١/٣/٥ لەلایەن خەڵکی شۆڕشگێڕی ئەم دەڤەرەوە بوو، لەم دەڤەرەوە هەڵمەتی پەلاماردان بۆ سەر دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم دەستپێکرد و بانگەوازی ڕاپەڕین سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە و تەلیسمی ڕژێمی دکتاتۆری داگیرکەر تێک شکا و هەپروون بە هەپروون بوو.

ناوچەی پشدەر و بتوێنیش نازناوی دەروازەی ڕاپەڕینی پێ بەخشرا، ئێستا ئەم دەڤەرە خاوەنی یەکەیەکی کارگێڕیی

سەربەخۆیە بە ناوی (ئیدارەی ڕاپەڕین)، کە سنووری کارگێڕیی هەردوو قەزای قەڵادزێ و ڕانیە دەگرێتەوە، ئەم دەڤەرە ئاوەدان و بووژاوەیە و زانکۆ و دەیان خوێندنگە و پەیمانگەی تیا کراوەتەوە، زێی بچووک کە سەرچاوەیەکی سەرەکیی بەنداوی دوکانە، بەم دەڤەرەدا تێدەپەڕێت. دەشتی بتوێن یەکێکە لە دەشتە بەپیتەکانی هەرێمی کوردستان، کە سالانە بەروبوومێکی کشتوکاڵیی زۆری تیا بەرهەم دەهێنرێت، لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە ناوچەکە دەیان شوێنی گەشتیاریی تیایە، کە دەتوانرێت پەرەی پێ بدرێت و ببێت بە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ خەڵکەکەی.

### پێشمەرگە پارتیزانەکان:

حەسەن محەمەد مستەفا بیلال

ناسراو بە حەسەن کۆڕبناوی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە ناحیەی هێرۆی قەزای پشدەر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، بەهۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٩ لە ناوزەنگ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٦ی ئەو کاتە، پاشان بۆ درێژەدان بە پێشمەرگایەتی دەچێتە هەرێمی

١٠ی جووتیاران، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر بووە. لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بتوێن دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان بە شێوەیەکی نوێ و ڕێکخراو بووبوونە پردی پەیوەندی لە نێوان شۆڕش و جەماوەردا، هەر ئەوەش وای کرد کە پارتیزانەکان ببنە زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر ڕژێمی داگیرکەر، خەبات و تێکۆشینی پارتیزانەکان بە تەکنیک و شێوازێکی نوێ بەردەوام بوو تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ی خەڵکی کوردستان.»

خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ڕەسوڵ محەمەد فەرەج کەریم

ناسراو بە مام ڕەسوڵ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گەڕەکی کارەبای قەزای قەڵادزێ، لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٢ لە قەڵادزێ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە دڵسۆزی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی

١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر و خۆشەویست دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بە هەمان گوڕوتینی پێشوو لە ١٩٩٠/٨/١٠ دەگەڕێتەوە کوردستانی خاپوورکراو، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بتوین، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان و لەو ڕێگەوە درێژە بە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی دەدات، لە سەر گەڕانەوەیان و پارتیزانی دەگێڕێتەوەو دەڵێت:

«لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، (ی.ن.ک) هێزی پارتیزانەکانی ئامادە کرد، بە مەبەستی بەردەوامیدان بە خەبات و گەڕانەوە لە سنورەکانەوە بۆ نزیک شارەکان، لەسەر داوای غەریب هەڵەدنی دوو مەفرەزەم هێنایە خوارەوە، کە هەردوو مەفرەزەی (حەمە بیکەیسی و هیوا ڕەش) بوون، لە مامەندەوە هاتینە خڕی دوبێ، هەموو ٤٦ پێشمەرگە بووین، لەسەر بەردێکی گەورە لە خڕی دوبێ غەریب هەڵەدنی خەوی لێ کەوت، ئەو بەردە ئێستا ناوی بەردەکەی غەریب هەڵەدنییە.

ئێمە ١٧ پێشمەرگە لە کاک غەریب و برادەران جیا بووینەوە، بە چەند شەو و ڕۆژێک و بە شێوەیەکی زۆر نهێنی و بەناو سەربازگەدا بەرەو سولتانەدێ و مامکانە، لە مەمکانە حەمە بیکەیسی و مەفرەزەکەی بەرەو خۆشناوەتی ڕۆیشتن، مەفرەزەکەی هیوایش پێش ئەوەی بگەینە حاجیاوا بەرەو گەرمیان ڕۆیشتن، ئێمەیش لە کێوەڕەشەوە بۆ حاجیاوا ڕۆیشتین، سەعات سێی شەو چووینە هەردوو ماڵی مامەمین، کە مامی حەمە سێوکانی بوو، هەروەها ماڵی کاک محەمەد، کە کوڕی مامەمین و ئامۆزای حەمە سێوکانی بوون، ماڵی

مامەمین و هەر پێنج کوڕەکەی ماوەیەکی زۆر لە حاجیاوا خزمەتیان کردین، سەعات سێی شەو دەیانبردین بۆ ناو گوڵەبەڕۆژەکانی لای بەحرەکەی دوکان و ئێواران سەعات حەوت دەیانهێنایینەوە بۆ لای حاجیاوا، چەند مانگێک بەو شێوەمان بەڕێ کرد، هەر لەو ماوەیەدا کەسێکیان بە ناوی خالیدەوە بۆ هێناین، وتیان ئەم کاک خالیدە لە ڕێکخستنەو ئاشکرا بووە، دەبێت لەگەڵ ئێوە بێت، لە گەڕانەوەیشدا، لە بەحرەکە پەڕینەوە بۆ بنگرد و بە ئاسۆسدا بۆ قەڵادزێ و سەیدئەحمەدان و سونێ و بۆ ناو زەڵێ، ئەمەش ناوی ئەو ١٧ پێشمەرگەیە کە لە سنورەوە پێکەوە بووین:

١-مام ڕەسوڵ

٢-حەمە سێوکانی

٣- خاڵند عەزیز

٤- حەمە بیکەیسی

٥- کاک حاجی

٦- غازی

٧- مەنسور حەمە کەریم

٨- هیوا ڕەش

٩- تالیب

١٠- عوسمان

١١- ئاسۆ

١٢- دڵزار

١٣- عەزیزە سور

١٤- پشکۆ

١٥- مەلا سەفین
١٦- سەنگەر
١٧- جەنگی کۆیی.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە (ڕەسوڵ محەمەد فەرەج) ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

عەلی وەیسی حەسەن بیلال

هەر بە عەلی وەیسی ناسراوە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە ناحیەی هێرۆی قەزای قەڵادزە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە شارۆچکەی هێرۆ قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی خوێندووە، کەسێکی چالاک و هۆشیاربووە، ساڵی ١٩٧٧ لە ناحیەی هێرۆ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لەم تیپانەدا درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، تیپی ٤٣ی ئاسۆس، تیپی ٩٩ی بتوێن، تیپی ٨٣ی هەورێ، پێشمەرگەیەکی خۆشەویست و ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بتوێن بەردەوامی بە

شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.
بەداخـەوە ئـەم پارتزانـە تێکۆشـەرە، لـە شـەڕی نەگریسـی براکوژیدا لە باتوفە لە ڕۆژی ١٩٩٢ /١٠/١٧ شـەهید دەکرێت و لـە ڕانیـە بـە خـاک دەسـپێردرێت.

عوسمان ڕەسوڵ حەسەن ڕەسوڵ

ناسـراو بـە عوسـمان سەنگەسـەری، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٩ لـە ناحیـەی سەنگەسـەری پشـدەر لـە خێزانێکـی ماندوونەنـاس و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە سەنگەسـەر و قـەڵادزە تـەواو کـردووە، کەسـێکی هۆشـیار و چـالاک دەبێـت، هـەر زوو هەسـتی بـە نادادپەروەری دەسـەڵات و چەوسـانەوەی گەلەکـەی کـردووە، ئەمـەش وای لـێ دەکات لـە تەمەنێکـی زۆر لاوی، لـە سـاڵی ١٩٨٢ دا پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە بـکات لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی قـەڵادزە، زۆر چالاکانـە و بـە دڵسـۆزییەوە کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٩٩ی بتوێـن، لـە پێشـمەرگایەتیدا ڕابەرسیاسـیی بەتالیۆنـی ٩ دەبێـت.
لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنەدەر دەگەڕێتـەوە ناوچـە چۆڵکراوەکان و ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێت

و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بتوێن درێژە بە شۆڕش و خەباتی کوردایەتی دەدات، مەدالیای ڕێزلێنانی لەلایەن هەڤاڵ (مام جەلال)ەوە پێ بەخشراوە.

ئێستا کارگێڕی مەڵبەندی پێشمەرگەیە و لە هەمان کاتدا ئەندامی ئەنجومەنی باڵای پێشمەرگە دێرینەکانی (ی. ن. ک)ە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

کاکە ڕەش محەمەد مستەفا محەمەد

پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی ڕووناکیی شارە ڕەنگینەکەی کۆیە لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. کەسێکی خۆشەویست و چالاک بووە، قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە بەسەر بردووە، ئەمەش ڕێگر بووە لەوەی کە بتوانێت قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام وشیار و بەئاگا بووە، هەستی بە چەوسانەوە و زوڵم و ستەمی دوژمن کردووە بەرامبەر بە نەتەوەکەی و خەڵکی شۆڕشگێڕ، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شاری کۆیە، ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە پێشمەرگە، لە پێشمەرگایەتیدا لەخۆبردوو و ئازا بووە، دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە

پارتیزانەکانی بتوێن.

ئەفسەرە لە حەرەکاتی فەوج لە قەڵاچۆلان کار دەکات، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

مستەفا ئەحمەد مستەفا بیلال

ناسراو بە مستەفای جیهاز، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە ناحیەی هێرۆی قەزای قەڵادزێ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەوێ تەواو کردووە، هەر لە تەمەنی لاوییەوە چووەتە کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات.

لە کەرتی ڕێکخستنی شەهید هەوار جەلال، زۆر سەرکەوتوانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٢پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٦٣ی جووتیاران، پاشان لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس و تیپی ٩٩ بتوێن و تیپی ٨٣ی هەورێ، درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە پێشمەرگایەتیدا عەدەد جیهازی تیپ بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر بەردەوامی بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بتوێن.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٠١١/١٢/١٦ لە ئەڵمانیا بە نەخۆشی کۆچی

دوایـی دەکات، لـە گۆڕسـتانی ڕانیـە بـە خـاک دەسـپێردرێت، دوای خـۆی هاوسـەر و هـەر چـوار منداڵەکـەی بـۆ کوردسـتان بەجێدەهێڵێـت.

لە بیرەوەرییەکانی مستەفای جیهازدا هاتووە:

«ڕۆژی ٢٤ی ١٠ی ١٩٨٨ لە چوارقوڕنە بووین لـە ماڵی کاک محەمـەد کوێخـا، لـە لایـەن بەکرێگیراوێکـەوە ئیخبارییـان کردین، هێزێکـی سـەربازیی زۆر هاتنـە نـاو چوارقوڕنـە، ماڵـی کوێخـا محەمەدیـان پشـکنی و لەبـەر یەکیـان هەڵتەکانـد، کاک محمـەد کوێخـا خانوویەکـی تـری هەبـوو، چووبوونـە ئـەوێ، ئێمەیـش لـە خانووەکـەی تـری بوویـن، لـە نـاو ژێرزەمینـی یەکێـک لـە ژوورەکانـدا خۆمـان بێدەنگ کردبوو، بۆ ئـەوەی کەشـف نەبین، لـە پـڕ کاکەمیـن هـات و وتـی هێـزە سـەربازییەکە ڕۆیشـتن و خـوا چـاوی کوێر کردن و نەهاتن بۆ ئێرە، هاتینـە دەرەوە، کـە سـەیرمان کـرد، باجـی فاتـم، هاوسـەری کاک محەمـەد کوێخـا گونیەیەکـی پـێ بـوو، وتـم ئـەوە چییـە؟ وتـی: لـە کـن کەسـیان بـاس مەکـە، کلاشـینکۆفە! وتـی: ئەگـەر کەشـف بووبـان، منیـش لـە دواوە تەقـەم لـێ دەکـردن... ئـەو پێشـمەرگانەی لـەو ڕووداوە دەربازمـان بـوو: (شـەهید عەلـی وەیسـی، شـەهید کلاو سـورانی، مسـتەفای جیهـاز، سـەید عەزیـز، کاکـە ڕەش بۆگـدی، عەلـی بۆسـکێنی، شـەماڵ ئەحمـەد، وریـا کوێخـا ئەحمـەد و ڕەسـوڵ کاکـە ڕەسـوڵ) بـوو.

هەڵۆ مەحموود عەبدولڕەحمان عەزیز

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، لەنـاو پێشـمەرگەدا بـە هەڵـۆ ناسـرا بـوو، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گەڕەکـی کوردسـتان لـە قـەزای ڕانیـە لـە خێزانێکـی ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. ساڵی ١٩٧٩ لە هەڕەتی لاوێتیدا پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە مەرگە، زۆر دڵسۆزانە کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٤٣ی ئاسـۆس، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و ئـازا و بوێـر بـووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و بـۆ مـاوەی نـۆ مانـگ بـەردەوام دەبێـت لـە خەباتـی پارتیزانـی، لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی بتوێـن.

ئەندامـی ئەنجومەنـی باڵای پێشـمەرگە دێرینەکانـە، خێزاندارە و خاوەنـی دوو منداڵـە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری قەرەداغ

قەرەداغ شارۆچکەیەکی دێرینی کوردستانە، ناوەندی قەزاکە بە دووریی ٤٠کم دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، ئەم ناوچەیە لە ڕۆژئاواوە بە زنجیرە شاخی سەگرمە دەورە دراوە، کە قۆپیەکانی قەرەداغی لەسەر هەڵکەوتووە، ئەم زنجیرە شاخە ناوچەی قەرەداغی لە گەرمیان دابڕیوە، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە زنجیرە شاخی بەرانان لە ناوچەی شارەزوور و سلێمانی جیا کردووەتەوە، لە خوارووی ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ دەربەندیخان و لە باکووری ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ بازیان و سەنگاودا هاوسنوورە، قەرەداغ ناوچەیەکی دڵگیر و فراوانە، سرووشتێکی جوان و ڕازاوەی هەیە، قۆپیەکان و شوێنەواری نارامسین، بایەخێکی زیاتری بە قەرەداغ داوە، لە کۆندا قەرەداغ زۆر ئاوەدان بووە، خەڵکی زانا و خوێندەواری زۆر بووە، سەرەڕێگای بازرگانی بووە، ڕێگای کەرکوک و بەغداد بۆ سلێمانی بە قەرەداغدا تێپەڕیوە. ژمارەیەکی زۆر خێزانی جوولەکە لە قەرەداغدا ژیاون و بە کاری بازرگانی و پیشەسازیی سەرەتاییەوە خەریک بوون، تەنانەت لە قەرەداغدا کەنیسەی خۆیان هەبووە. پاش دروستکردنی شاری سلێمانی، بەشێکی زۆری ئەم خێزانە جووانە دەهێنرێنە سلێمانی، بە مەبەستی زیاتر ئاوەدانکردنەوەی شار، پاش بنیاتنانی مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ _ مزگەوتی گەورەی سلێمانی _ بە هۆی ئەوەی کە شێخ مارف و کاک ئەحمەدی

کوڕیشی وەک دوو زانا و دوو کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی بەتوانا دەرکەوتن، ئیتر بەرەبەرە بەشێکی زۆر لە کەسە ناودار و ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمەی قەرەداغیش ڕوویان کردە سلێمانی، کە زۆربەیان زانای ئایینی و کەسانی کۆمەڵایەتی بەتوانا بوون.

لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستاندا، هەر لە سەردەمی شێخی نەمرەوە تا شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، قەرەداغ لانکە و بێشەیەک بووە بۆ شۆڕش و پێشمەرگە، هەر بۆیە هەمیشە چاوی ناحەزان و دوژمنانی گەلی کوردستانی لەسەر بووە و دوای ئەنفالی یەکی ناوچەکانی سەرکردایەتی، ئەنفالی دوو تایبەت بوو بۆ ناوچەی قەرەداغ، کە بە هێرشی چەکی کیمیاوی دەستی پێ کرد بۆ سەر شارەدێی سێوسێنان و گوندەکانی دوکان و جافەران، پاشان خاپوورکردنی تەواوی گوند و مزگەوت و قوتابخانەکانی ناوچەکە و ئەنفالکردنی ئەوانەی کە نەیانتوانی لە دەست سوپای ڕژێم دەرباز بن، لە کمیابارانی سێوسێناندا ٦٨ هاووڵاتی شەهید بوون و زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتییش بریندار بوون، بەرگری قارەمانانەی هێزی پێشمەرگە نەیتوانی ئەنجامی شاڵاوەکەی ڕژێم بگۆڕێت.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ:

ئەنوەر محەمەد ڕەسوڵ مستەفا

ناسراو بە ئەنوەرە ڕەش، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی عەلیاوای ناوچەی قەرەداغ لە خێزانێکی زەحمەتکێش وکوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، هەر زوو هەستی بە نادادپەری و زوڵم و ستەمی ڕژێم کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ لە تەمەنێکی زۆر لاویدا، پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرتی ڕێکخستنی قەرەداغ، کارەکانی ڕێکخستنی بە دڵسۆزییەوە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و بوێر بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دروستبوونی ڕەتڵەکانی پارتیزانی درێژە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ، ژیانی سەخت و ناهەمواری هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەی پارتیزان.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

ئەنوەر محەمەد عەلی فەتحوڵڵا

ناسـراو بـە ئەنـوەر دەرەویانـی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی دەرەویانـی ناوچـەی قـەرەداغ لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. وەک هـەر گەنجێکـی تـری خێزانـە هەژارەکانی گوندەکانی کوردسـتان، دوای تەواوکردنی قۆناغی سـەرەتایی دەست دەکات بە کارکردن، هەر لە سـەرەتای تەمەنیـەوە هەسـت بـە چەوسـانەوەی نەتەوەکـەی و زوڵمـوزۆر و نادادپەروەریـی ڕژێـم دەکات، ئەمـەش هانـی دەدات کـە لـە سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە بـکات، لـە سـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە هەرێمـی ٥ی قـەرەداغ، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی تیـپ.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر درێـژە بـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی قـەرەداغ.

ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە.

بەهادین مەجید محەمەد ساڵح

ناسـراو بـە بەهادینـە قەڵـەو، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی ئەسـتێڵی ناوچـەی قـەرەداغ لـە خێزانێکـی هـەژار و

زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. تـا قۆناغـی ئامادەیـی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٥٥ی قـەرەداغ، پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و ئـازا و بوێـر بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بەجێگـری فەرمانـدەی تیـپ.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی قـەرەداغ درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.

خانەنشـینی کەمئەندامـی سـەنگەرە، خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵـە.

جوامێر ئەحمەد مەحموود مورادخان

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، برای شـەهید شاهۆ (حەمـەی تەلـە) سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی دەرەدۆینـی قـەزای دەربەندیخـان لـە خێزانێکـی هـەژار، بـەڵام خێزانێکـی کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی

کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دەربەندیخان، لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، سەرەتا لە تیپی ٥٣ پاشان دەچێتە تیپی مەڵبەندی یەک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە. لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ.

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی ئۆپەراسیۆنەکانە لە لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

حەسەن ئەحمەد مەحموود مورادخان

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، برای شەهید شاهۆ (حەمەی تەڵە)، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی دەرەدۆینی سەر بە قەزای دەربەندیخان لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر و شۆڕشگێڕ هاتووەتە ژیانەوە. هەر ئەم خەسڵەتەی خێزانەکەشی وای کرد کە نەتوانێت بچێتە بەر خوێندن، هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی کاری جووتیاری بووە، تا لەو ڕێگەوە هاوکاریی خیزانەکەی و پێشمەرگە بکات، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەر هەمان ساڵ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی یەک

لە ناوچەی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لەگەڵ شەهید شاهۆ و جوامیری برایدا کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ.
خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

حەمە کەریم ئەحمەد مەحموود موورادخان

ناسراو بە شاهۆ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٢ لە گوندی دەرەدۆینی قەزای دەربەندیخان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ خێزانەکەیدا خەریکی کارکردن بووە، خێزانەکەیان هەمیشە لە خزمەتی شۆڕش و پێشمەرگەدا بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، لە کاتی پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا بووە.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی نزیک بە تەواوی گوند و شارۆچکەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ.
ئەم پێشمەرگە پارتیزانە لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای هەبووە، بەداخەوە هەر لە ڕاپەڕینە

مەزنەکەدا و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێم لە خانەقین شەهید دەبێت، لە زێدی خۆی لە گوندی دەرەدۆین بە خاک دەسپێردرێت، لە دوای خۆی هاوسەر و هەرسێ منداڵەکەی بۆ کوردستان بەجێدەهێڵێت، خێزانەکەی دەبێت بە خێزانێکی شەهیدپەروەر.

سامان سەعید عەلی قادر[١]

ناسراو بە ڕەئیس، پارتیزان پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لێپرسراوی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی قەرەداغ، ساڵی ١٩٥٤ لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە سلێمانی، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە دڵسۆزی و وریاییەوە جێبەجێ دەکات، لە بەرواری ١٩٧٦/١١/٢٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەفرەزەی ئەبوشەهاب، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری تیپ لە تیپی ٢١ی خاڵخالان و دواتر دەکرێت بە سەرتیپ لە مەڵبەندی ١ی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەرەداغ.

«کاک ڕەیس (سامان سعید علی): پێشمەرگە و کادرێکی زۆر دێرینی کوردایەتی بوو، هەموو تەمەنی لە خزمەتی

---

[١]- ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی تەلەفونەوە لە خودی خۆی وەرگیراوە

بزووتنـەوەی نیشـتمانی و شۆڕشـدا بـوو، بـێ پشـوودان و ماندوونەناسـانە کاری دەکـرد، بـێ هیـچ خواسـتێکی تایبەتـی، لـە کاتێکیشـدا کـە سـەرکردایەتیی (ی.ن.ک) و فەرمانـدە و کادرەکانـی ئـەوی پێویسـت کـرا بۆ بەشـداری خەباتـی پارتیزانـی پێشـمەرگایەتی لـە سـنورە چۆڵەکانـی دوای ئەنفالـەکان، بـە مەبەسـتی درێـژەدان بـە خەبـات و بەردەوامـی و هەبوونـی پەیوەندیـی بـە جەمـاوەری کوردسـتان و ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان و دڵسـۆز و کەسـایەتییە کوردپەروەرەکانـەوە، کاکـە ڕەیـس وەکو کادرێکی زۆر بەهیمـەت لـەو ڕۆژگارە پێویسـتە سـەختەی خەباتـی گەلـی کوردمانـدا، زۆر مـەردانـە بڕیـاری هاوبەشـی ئـەو خەباتـە مێژووییـەی دا.»[١]

لـە کاتـی گەڕانەوەیـان لەسـەر سـنورەوە بـۆ ناوچـەی قەرەداغ، لـە نزیک گونـدی شـەمە و وێڵەکـەی بنـاری شـارەزوور بـۆ پشـوودان چەنـد ڕۆژێـک دەمێننـەوە، بـەڵام بـە هـۆی ژەهراویکردنـی ئاوەکـەوە، ڕەیـس ژەهـراوی دەبێـت، دواتریـش لـە گەرمیـان مارێـک پێـوەی دەدات، بـەو شـێوەیەیش درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات تـا ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١، لـە ڕاپەڕینەکەیشـدا ڕۆڵێکی بەرچـاو و دیاریـان دەبێـت.

خانەشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

---

[١] سـەروەرییەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە ڕۆژگارە سـەختەکانی گەلـی کـورددا/ نووسـینی مامۆسـتا عوسـمان کانـی پانکەیـی لاپـەڕە ٢٧٩

سەدیق عەبدولکەریم مستەفا ئەحمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە سـەدیق قڕگەیـی، سـاڵی ١٩٦٤ لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێشـی شـاری سـلێمانی هاتووەتـە ژیانـەوە. بە هـۆی هـەژاری و دەسـتکورتیی خێزانەکەیـەوە هـەر زوو خراوەتـە بـەر کارکـردن بـۆ دابینکردنـی بژێویـی خـۆی و هاوکاریـی خێزانەکـەی، ئەمـەش وای کـردووە کـە نەتوانێـت قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ١٧ی زمناکـۆ، پێشـمەرگەیەکی ئازا و بوێر و لەخۆبردوو دەبێت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێت بـە جێگـری فەرمانـدەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات و لـە ڕەتڵی پارتیزانەکانی قەرەداغ وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان، کۆڵنەدەرانـە بەشـداریی ئەو کاروانە سـەخت و دژوارە دەکات.

بەداخـەوە بـە هـۆی نەخۆشـییەوە لەکاتـی پارتیزانیـدا گیـان لـە دەسـت دەدات، دوای ڕاپەڕیـن تەرمەکـەی دەهێنرێتـەوە و لـە گـردی شـەهیدانی سـلێمانی بـە خـاک دەسـپێررێت.

سەرحەد عومەر حەمە ساڵح کەریم

ناسراو بە سەرحەد دۆڵانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێشی گوندی دۆڵانی ناوچەی قەرەداغ هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن تەنها قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، گەنجێکی هۆشیار و خۆشەویست بووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٥٧ی سەگرمە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی تیپ، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا بووە چەند جار لە چالاکیی پێشمەرگانەدا بریندار بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی قەرەداغ.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم پارتیزانە کۆڵنەدەرە، لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا لە ساڵی ١٩٩٦ شەهید دەبێت، هەر لە زێدی خۆی لە گوندی دۆڵانی ناوچەی قەرەداغ بە خاک دەسپێردرێت.

عەدالەت ڕەفعەت عەبدولقادر زۆراب

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناسراو بە عەدالەت سیۆسێنانی، ساڵی ١٩٦٩ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و جووتیاری شارەدێی سیۆسێنانی ناوچەی قەرەداغ هاتووەتە دنیاوە، هەر لە منداڵییەوە سەرقاڵی کارکردن بووە لە کێڵگە و مەزرا کشتوکاڵیەکاندا، خۆشەویستیی بۆ شۆڕش و پێشمەرگە هەبووە، هەستی بە زوڵموزۆری دوژمن و بە چەوسانەوەی گەلەکەی کردووە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، هەر ئەمەش وای لێ دەکات لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات، پاش تەواوکردنی پەیمانگای مامۆستایان، لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەرەداغ، پاشان دەچێتە تیپی ١٧ی زمناکۆ، لە پێشمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی کەرت بووە.

لە ئەنفالی دووی قەرەداغدا، گوندەکەیان لەلایەن ڕژێمەکەی سەدام حسێنەوە بە چەکی کیمیایی بۆردمان دەکرێت، بەو هۆیەوە ژمارەیەک لە خزمە نزیکەکانی بەر چەکی کیمیایی دەکەون و شەهید دەبن، ئەم تاوانەی ڕژێم وای لێ دەکات کە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، بگەڕێتەوە ناوچە چۆڵکراوەکان بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، ژیانی سەخت و ناهەمواری

پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان تا کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، لە ڕاپەڕینیشدا بەشدارییەکی بەرچاوی دەبێت.

لە کاتی گەڕانەوەیان لە سنورەوە بۆ ناوچەی قەرەداغ لە شەوی ١٧/١٦ی حوزەیرانی ١٩٩٠ دەگەنە سەر ئاوی کارێزەکەی دێی شەمەوویلەکەی بناری شارەزوور و شاخی بەرانانی قەرەداغ، چەند ڕۆژێک مەفرەزەکەیان لەو شوێنەدا بە مەبەستی حەوانەوە دەمێننەوە، بەڵام بە هۆی ژەهراویبوونی ئاوی کارێزەکەوە، چەند کەسێکیان ژەوهراوی دەبن، کە یەکێکیان ڕەئیس (فەرماندەکەیان) دەبێت و هەر لەو کاتەدا پارتیزان سەدیق عەبدولکەریم بەو هۆیەوە شەهید دەبێت، لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە هاوکاری دەکرێن.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا بەڕێوەبەری خانەنشینی پێشمەرگە شەهید و کەمئەندامەکانی سەنگەرە بە پلەی عەقید، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

عەتا ئەحمەد مەحموود مورادخان

برای شەهید شاهۆ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٢ لە ناو خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەردا لەدایک دەبێت، ئەو خێزانە ڕەنجدەر و شۆڕشگێڕەی کە شەهید شاهۆی بەرهەم هێنا، لە ساڵی ١٩٨٦ لە تەمەنی مێردمنداڵییەوە پەیوەندی دەکات

بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و خۆشەویستی ناو هەڤاڵەکانی دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و لەخۆبردوو لەڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لەو ڕێگەوە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە قارەمانە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە کاتی پەلاماردانی هێزەکانی ڕژێم لەگەڵ شەهید حەمە کەریمی برایدا لە خانەقین شەهید دەبێت، لە زێدی خۆی لە گوندی دەرەدۆین بە خاک دەسپێردرێت.

عەبدولکەریم محەمەد کەریم کاکە حەمە

ناسراو بە شێخ کەریمی باخی سەروو، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی باخی سەروو لە خێزانێکی ڕەنجدەر و تێکۆشەری ناوچەی قەرەداغ هاتووەتە ژیانەوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووە بە کارکردن، هەر بەو هۆیەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، بەڵام کەسێکی خۆشەویست و وریا بووە، هەر زوو هەستی بە نادادپەروەری

و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندیی کردووە بە ڕێکخراوی گڵەزەردە لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە ناوچەی قەرەداغ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگانە دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی قەرەداغ.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، ئەم پارتیزانە کۆڵنەدەرە، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە کاتی پەلاماردانی قەڵای زوڵم و ستەمی بەعس لە سلێمانی، کە بە ئەمنەسوورەکە ناسراوە، شەهید دەبێت و لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە سلێمانی بە خاک دەسپێردرێت.

محەمەد عەبدوڵڵا سەمین محەمەد

ناسراو بە حەمە چاوجوان، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی خەرپانیی هەورامان هاتووەتە ژیانەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا خانەوادەکەیان خەڵکی گوندی کانی ساردی لای دەربەندیخانە، بەڵام بە هۆی ئەوەی باوکی لە هێزی فڕۆکەوانیی عێراق بووە، پێناسی باری شارستانییەکەی لەسەر شاری کەرکوکە، پاش ئەوەی باوکی پەیوەندیی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات،

خانەوادەکەیان دەچێتە هەورامان و لە گوندی خەرپانی دەگیرسێنەوە.

لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دەربەندیخان، لە زستانی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی مەڵبەندی یەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاشان لە تیپەکانی ٥٥ی قەرەداغ و ١٧ی زمناکۆ درێژە بە کاری پێشمەرگایەتی دەدات، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگانە دەدات لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی قەرەداغ.

توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری یاسادا بەدەست بێنێت، خێزاندارە و خاوەنی ٤ منداڵە، ئێستا بەڕێوەبەری ڕەگەزنامە و باری شارستانیی سلێمانی / ٢ گەرمیانە.

هادی ئەحمەد مەحموود موراد خان

برای شەهید شاهۆ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٤ لە بناری شاخی زمناکۆ لە گوندی دەرەدۆین هاتووەتە ژیانەوە. لە خێزانێکی زەحمەتکێش و تێکۆشەر، خێزانێکی بەوەفا و بوێر و پڕ لە

هەڵوێستی کوردانە و مەردایەتی، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە دەربەندیخان، لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٥ی قەرەداغ، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر، چالاک و خۆشەویست دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی قەرەداغ.

ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم پارتیزانە کۆڵنەدەرە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی دوژمن لە خانەقین شەهید دەبێت و سەروەرییەکی تر بۆ خۆی و خێزانەکەی و گەلەکەی تۆمار دەکات، تەرمی پیرۆزی لە زێدی خۆی لە گوندی دەرەدۆین بە خاک دەسپێررێت و هاوسەر و سێ منداڵەکەی دەسپیرێ بە حکومەت و گەلی کوردستان.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری کۆیە

کۆیە شاری کوردایەتی، شاری فکر و ڕۆشنبیری، شاری حاجی قادر و مەلای گەورە و دڵدار، شاری ئەی ڕەقیب و سێوە و تایەر تۆفیق، خەڵکی شاری کۆیە و ناوچەکانی دەوروبەری هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکانەوە تا شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و دواتر ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان دژ بە ئینگلیز و شۆڕشی ئەیلول، تا هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ بە ڕابەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەردەوام لە بەرەی گەل و بەرەی کوردایەتی و بەرەی شۆڕشدا بوون، بۆ ئەم هەڵوێستەیشیان باجی زۆر و قوربانیی زۆریان داوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و بەردەوام بوون لەسەر خەباتکردن دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و ناحەزانی ناوخۆ و دەرەوە، هەمیشە بەرامبەر نادادپەروەری و زوڵم و چەوسانەوە وەستاونەتەوە لە هەر کەس و لایەنێکەوە بووبێت، ئەمەش خەسڵەتێکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پاشخانە مێژووییە ڕۆشنبیری و هونەرییە کە کۆیە و ئەو ناوچەیەی پێ دەناسرێتەوە، پاشخانێک کە ڕابەرێکی وەک مام جەلال و بیرمەندێکی وەک مەسعود محەمەدی هێنایە بوون.

باواجی و هەیبەت سوڵتان، دوو زنجیرە شاخی ناوچەی کۆیەن، سنووری کۆیە لە ڕۆژهەڵاتەوە تا سەر زێی بچووک درێژ دەبێتەوە، لە باکوورەوە قەزای شەقڵاوە و لە خوارەوە ناوچەی ناوشوان، لە ڕۆژئاواوە دێگەڵە و ناوچەکانی سەر بە

ئاڵتوونکۆپری، سنووریکی فراوان و بەربڵاو و ئاوەدان، بەڵام شاڵاوەکانی ئەنفال وەک زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان هەمووی خاپوور کرد، بوو بە خاکێکی سووتماک و وێرانەی دوور لە ژیان، سەرەڕای ئەو وێرانییەی کە ڕژێم بە سەر ناوچەکەیدا هێنا، هەموو ناوچەکەش تەنرا بە مۆڵگە و ڕەبایەی سەربازیی ڕژێم.

جموجوڵ و چالاکیی پارتیزانەکانی ڕەتڵی کۆیە بەو ژمارە کەمەوە لەم ناوچە فراوان و داگیرکراوەدا بوو، بۆ مانەوە و درێژەدان بە خەبات و شۆڕش لەو هەلومەرجەدا پێویستی بە ورەیەکی بەرزی پۆڵایین و خۆڕاگرییەکی قارەمانانە هەبوو، ئەم هەموو ورە و خۆڕاگرییەش تەنیا خەسڵەتی پێشمەرگەی پارتیزان بوو.

ئازاد عەبدولحەمید ساڵح قادر

ناسراو بە ئازاد چاوشین، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی
قەڵاتی کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. هەر لە کۆیە تا قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە حیزبی سۆشیالست دیموکراتی کوردستان (حسک)ەوە دەکات، پاشان لە ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و دەبێت بە پێشمەرگە لە تیپی ٩٣ی کۆیە، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و ئازا و بوێر دەبێت.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی کۆیە.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «پارتیزانیی دوای ئەنفال قورسترین و ناخۆشترین و پڕمەترسیترین کاتی پێشمەرگایەتی بوو، دوژمن لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هەموو لادێکان تەخت کرابوون، هەموو شوێن و ڕێگاوبانەکانیش بە ڕەبایە و مۆڵگەی دوژمن تەنرابوو، ئەگەر زۆر بە بیروباوەڕی نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕی قاڵ نەبوویتایە، نەتدەتوانی درێژە بە خەباتی پارتیزانی بدەیت، پارتیزانەکانی دوای ئەنفال بۆ دۆست و دوژمنیان سەلماند کە شۆڕش بەردەوامە.»

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی کۆیە کار دەکات ، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

ئەبوزەید ساڵح مستەفا ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناوە، کەسێکی هۆشیار و چالاک و دڵسۆز بووە، بەرزیی هەستی نیشتمانی و کوردایەتی هەر زوو ڕای دەکێشێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٧٦ لە شاری کۆیە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر بە وریایی و لەخۆبوردووییەوە

کارەکانـی ڕێکخسـتن بـە ئەنجـام دەگەیەنێـت، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٩٣ی کۆیـە، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر دەبێـت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەبێت بە جێگری فەرماندەی کـەرت. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە لێپرسـراوی ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی کۆیـە، وەک فەرمانـدە و پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی نوێـی کوردایەتـی دەدات، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێت: «پارتیزانی دوای ئەنفال قورسـترین خەباتی پێشـمەرگانە بـوو، چونکـە لـە وڵاتێکی سـووتماک و بێ ئاوەدانـی و نەبوونـی هیـچ جـۆرە خواردنێـک و شـوێنی حەوانەوەیـەک و تەنـرا و بـە مۆڵگـەی سـەربازی و کێومالّـی ڕۆژانـەی سـوپای عێـراق و چاودێریکـردن لـە ئاسـمان بـە هـۆی هەلیکۆپتـەر و فڕۆکـەوە، مەترسـیی گەمـارۆدان و هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیـەک هێنـدە دژوار بـوو، کـە دەربازبـوون و دەرچـوون لێـی زۆر ئەسـتەم و سـەخت بـوو، بۆیـە قۆناغـی پارتیزانـی نیشـانەی بەرگریـی ڕاسـتەقینە و بـاوەڕی پۆلایینـی هـەر پێشـمەرگەیەک بـوو.» لـە کۆنگرەی چواری یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتاندا بـە ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتیی یەکێتـی هەڵبژێـردرا. دواتـر کـرا بـە لێپرسـراوی مەڵبەنـدی ڕێکخسـتنی کۆیـە، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

ئەردەڵان حەسۆ نەسرەدین قەرەنی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ وکوردپەروەری گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکوک هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی سورداش، پاش ساڵێک پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢١ی کەرکوک، لە مەفرەزەی دۆشکە، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر لە ڕەتلی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کۆیە درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات. بەداخەوە، ئەم پێشمەرگە پارتیزانەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی ٢٠١١ بە هۆی نەخۆشییەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوایی دەکات، لە گۆڕستانی شەهیدان لە کۆیە بە خاک دەسپێردرێت. لە دوای خۆی هاوسەر و هەر پێنج منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

بورهان سەلام حەسەن خدر

ناسراو بە بورهان شەوگێڕی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی ناودارانی شاری کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر لە دایک دەبێت، بە هۆی سەختیی ژیانی

خێزانەکەیەوە هەر لە منداڵییەوە دەست دەکات بە کارکردن، بۆیە توانای تەواوکردنی قۆناغەکانی خوێندنی نابێت و تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە و ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆیە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی کۆیە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیش، وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کۆیە. دەڵێت: «پارتیزانی درێژەپێدەری شۆڕش و خەباتی چەکدارییە.»

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

دڵشاد عەلی تۆفیق حەوێز

ناسراو بە مەلا دڵشاد، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینییەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەری گەڕەکی فیدراڵی شاری کۆیە هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە، کەسێکی چالاک و لەخۆبردوو و دڵسۆز و بەوەفا بووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆیە، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بەوریایی و چالاکانە جێبەجێ دەکات، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی

پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە لەتیپی ٩٣ی کۆیە.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کۆیە، لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانی درێژەپێدەری خەباتی چەکدارییە، بەو کارەیش توانیمان ڕێگری لە ئاشبەتاڵ بکەین و ئومێدێک بۆ خەڵکی کوردستان و کەسوکاری شەهیدان بگێڕینەوە.»

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

دڵزار ڕەفیق کوێخا محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٤ لە گەڕەکی حاجی قادر لە کۆیە لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی هەر لە قۆناغی منداڵییەوە دەستی بە کارکردن کردووە، تا لەو ڕێگەیەوە بژێویی خۆی دابین بکات و هاوکاریی خێزانەکەیشی بکات، بە هۆی کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها چەند ساڵێک لە قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، کەسێکی چالاک و دڵسۆز بووە، نادادپەروەری و زوڵموزۆری داگیرکەر دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر

بـە وریاییـەوە کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات.

پـاش شـاڵاوەکانی ئەنفـال کـۆڵ نـادات و لـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی بەردەوام دەبێت، هـەر بەو مەبەسـتە بەشداریی ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال دەکات لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی کۆیـە، ئەم پێشـمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵـە.

دڵزار عەلی حەمەد محەمەد

ناسـراو بە دڵزار عەلی شین، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی تیمارۆکی کۆیە لـە خێزانێکی زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕ هاتووەتە ژیانەوە سـەردەمی منداڵـی و لاوێتیـی بـە کارکردنـەوە خەریـک بـووە بـۆ بژێویـی ژیانـی و هاوکاریـی خێزانـە هەژارەکـەی، ئەمـەش وای کـردووە نەتوانێـت قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەندیـی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە دەکات لـە بۆتـێ، لـە هەمـان سـاڵدا هـەر لـە بۆتـێ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٩٣ی کۆیـە، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و چـالاک دەبێت.

لە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشـمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و کۆڵنـەدەر لـە ڕەتڵی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی کۆیـە، درێژە بـە

شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

حیکمەت نیعمەت عەلی زەمان

ناسراو بە سەید حیکمەت، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر لە گەڕەکی سەعدئاوای هەولێر دێتە دنیاوە، توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، کەسێکی چالاک و بەتوانا بووە، دڵسۆزی هاوڕێ و دەوروبەرەکەی بووە، هەستی نەتەوایەتی و زوڵموزۆری ڕژێم کاری تێ دەکات و هانی دەدات پەیوەندیی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلەکەیەوە بکات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە هەولێر، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی دووی کەرکوک، پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ.

لە دوای پرۆسەکانی ئەنفال بەشدار دەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕی و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کۆیە، لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «کاری پارتیزانەکانی دوای ئەنفال زۆر لە کاری پارتیزانەکانی سەرەتای شۆڕش سەختتر بوو، چونکە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال لە خاکێکی سووتماک و بێ ئاوەدانیدا خەباتیان دەکرد.»

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە لە ئێستادا، ئەفسەرە و لە وەزارەتی ناوخۆ کار دەکات بە پلەی لیوا، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

جەعفەر حەمەد ئەحمەد حەمەد

ناسراو بە جەعفەری حەمە دەروێش، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٩ لە خێزانێکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە،

هەر لە کۆیە تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، کەسێکی وشیار و خۆنەویست بەوەفا و دڵسۆز دەبێت، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، بە گیانێکی لەخۆبردووانەوە و زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی کۆیە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان، بەردەوام دەبێت لە درێژەدان بە شۆڕش و خەباتکردن، بەو مەبەستە دەبێت بە پێشمەرگە و فەرماندەی پارتیزانەکانی ڕەتڵی کۆیە.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشداریی بەرچاوی دەبێت، بەداخەوە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمی داگیرکەر لە کەرکوک شەهید دەبێت و گیانی دەبەخشێت بۆ ڕزگاریی گەلەکەی، لە گۆڕستانی دەروێش خدری کۆیە

لـە زێـدی خـۆی بـە خـاک دەسـپێردرێت و ڕۆحـی پیـرۆزی بـە نەمـری دەمێنێتـەوە.

سەباح بەکر مەلا عەبدوڵڵا

ناسـراو بـە سـەباحی بەکـری مـەلا، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٣ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کۆڵنەدەری شاری کۆیە هاتووەتە ژیانەوە، لەبەر هەژاریـی خێزانەکـەی، هـەر لـە منداڵییـەوە دەچێتـە بـەر کارکـردن، قۆناغـی منداڵـی و لاویـی بـە کارکردنـەوە بردووەتـە سـەر، هـەر بـەو هۆیـەوە نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، بـەڵام هەسـتی نیشـتمانی و نەتەوایەتیـی لـە ئاسـتێکی بـەرزدا بـووە، نادادپـەروەری و زوڵـم و سـتەمی ڕژێـم وای لـێ دەکات لـە تەمەنێکـی زۆر لاویـدا پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە بکات، سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠ دەبێـت بـە پێشـمەرگە لـە تیپـی ٩٣ی کۆیـە، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت، پێشـمەرگەیەکی دڵسـۆز و ئـازا و بوێـر دەبێـت.

دوای شـاڵاوەکانی ئەنفالیـش کـۆڵ نـادات و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی کۆیـە.

ئێسـتا ئەفسـەرە بـە پلـەی لیـوا، لـە لیـوای ١٢٦ی کۆیـە لـە خزمـەت بەردەوامـە، خێزانـدارە و خاوەنـی حـەوت منداڵـە.

## زیرەک خدر حەمەئەمین خدر

ناسراو بە مامۆستا زیرەک، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی بایزئاغای شاری کۆیە لە خێزانێکی کوردپەروەر و کۆڵنەدەر هاتووەتە ژیانەوە. پەیمانگای تەواو کردووە و بڕوانامەی دبلۆم بەدەست دەهێنێت، کەسێکی چالاک و هوشیار بووە، زوڵم و ستەمی ڕژێم دەرهەق بە گەلی کوردستان هانی داوە بۆ خەبات و تێکۆشان، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆیە، زۆر بە وریایی و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە دەشتی هەولێر لە تیپی ٩٣ی کۆیە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپ. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، بەردەوام دەبێت لە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی، هەر بەو مەبەستە بەشداریی ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال دەکات و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی کۆیە.

ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

## شیروان حەسەن تەها حوسێن

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە شارە دڵگیرەکەی کۆیە لە خێزانێکی هـەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی منداڵی و لاوی سـەرقاڵی

کارکردن بووە بۆ بژێویی خۆی و خێزانەکەی، بەو هۆیەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لە تەمەنی گەنجیدا ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات و چالاکانە بەشداریی کارەکانی ڕێکخستن دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩٣ی کۆیە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە کاری پێشمەرگانە و ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کۆیە.

ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ٢٠٠٢/٢/٢٢ شەهید دەبێت و دەچێتە کاروانی نەمرانەوە، لە زێدی خۆی لە شاری کۆیە بە خاک دەسپێردرێت، دوای خۆی هاوسەر و چوار منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت.

عەزیز عەلی عەبدوڵڵا ئیسماعیل

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە عەزیـزە سـوور، سـاڵی ١٩٦٨ لـە شـارە ڕەنگینەکـەی کۆیـە لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هـەژاری و بـە هـۆی کارکردنـەوە لـە قۆناغـی منداڵـی و لاویـدا نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا تـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە کۆیـە، کەسـێکی چالاک و دڵسـۆز دەبێت لـە ڕێکخسـتندا، زۆر بـە وریایی و لەخۆبردووانـە کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، پاشـان لـە سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردستانەوە دەکات لـە تیپی ٩٣ی کۆیـە، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر دەبێـت.
دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، درێـژە بـە کاری پێشـمەرگایەتی دەدات لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی کۆیـە، ئێسـتا خانەنشینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە.

قاسم حەمەد مەحموود حەمەد

ناسـراو بـە قاسـمە سـوور، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٠ لـە گەڕەکـی بایزئاغـای شـاری کۆیـە لـە خێزانێکی زەحمەتکێش و کۆڵنـەدەر

هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هەژاریـی خێزانەکـەی و کارکـردن لـە قۆناغـی منداڵـی و لاویـدا نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات و قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، کەسـێکی چـالاک و دڵسـۆز بـووە بـۆ هـاوڕێ و دەوروبەرەکـەی، هـەر زوو هەسـتی بـە نادادپـەری و زوڵـم و سـتەمی ڕژێمـی داگیرکـەر کـردووە بەرامبـەر بـە خەڵکـی تێکۆشـەر و سـتەم دیدەی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٧٨ پەیوەندیـی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لـە کۆیـە، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە هەرێمـی هەشـت، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێر بـووە، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێت بـە فەرماندەی کەرت.

لـە پـاش شـاڵاوەکانی ئەنفـال کۆڵنەدەرانـە بـەردەوام دەبێـت لـە کاری پێشـمەرگایەتی و دەبێـت بـە یەکێـک لـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی کۆیـە.

ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوك

کەرکوک شاری دێرینی کوردستان، شاری گڕ و کڵپە، شاری ئاشتی و پێکەوەژیان، کەرکوک شاری عەلی مەردان و شێخ ڕەزا و تەکیەی تاڵەبانی، کەرکوکی دڵی کوردستان، کەرکوک قودسی کوردستان، کەرکوک و دەیان پێناسەی شکۆمەندی. داگیرکەران بە هاوکاریی کۆنەپەرستانی ناوچەکە دەستیان ناوەتە بینەقاقای کەرکوک و دەیانەوێت بۆ هەتاهەتا لە نیشتمانی دایک، لە کوردستان دایببڕن و سیما کوردانەکەی بسڕنەوە، کەرکوک چەقی ململانێی کورد و دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقە، کورد لە پێناوی ئازادیی ئەم شارە و ئازادکردنیدا سەدان و هەزاران قوربانیی بەخشیوە، خەڵکی ئەم شارە کەسانی زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕ و چاونەترسن، ئەم خەسڵەتەش وای کردووە کە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕش و قوربانیداندابن.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە حکومەتەکانی عێراق بەردەوام و بە بەرنامە لە هەوڵی تەعریبکردنی ئەم شارەدا بوون و خەڵکە ڕەسەنەکەیان بە بیانووی جۆربەجۆر ئاوارە و دەربەدەر کردووە، سەرەتا لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکوکەوە دەستیان پێ کرد، چونکە ئەو ڕاستییەیان لا ڕوون بوو کە گوندەکان بنەمای ئابووری و بووژانەوە و ڕاگرتنی شارەکانن، شاڵاوی ڕاگواستن و تەعریبکردن لە کۆتایی حەفتاکان و تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس زۆر بەتوندی و بە

خێرایی بەڕێوە دەچوو، سامانی لەبننەهاتووی ئەم شارە لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەرەوە، دژ بە خەڵکی ڕەسەنی ئەم شارە و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان بەکار هاتووە.

پێگە و سامانی زۆر و زەوەندی غاز و نەوتی کەرکوک، کێشەی کەرکوکی کردووە بە کێشەیەکی هەرێمایەتی و زلهێزەکانی جیهانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەستیان تێخستووە، بووە بە کێشەیەکی ئاڵۆز لە ناوچەکەدا، وەک کێشەی قودس لە فەلەستین و کێشەی قوبرس لە نێوان تورکیا و یۆناندا. سنووری پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوک لە ناوچەی شوان و شێخ بزێینییەوە تا قەرەهەنجیر و لەیلان و قادرکەرەم و شاری کەرکوک بوو، ناوچەیەکی فراوان و بەربڵاو، تەنراو بە ڕەبایە و سەربازگە و مۆڵگەی دوژمن.

**پێشمەرگە پارتیزانەکان:**

ئاوات ڕەشید کەریم

ناسراو بە ئاواتە ڕەش، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،ساڵی ١٩٦٠ لە گەڕەکی تەپەی کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر

هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، زوو هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی و زوڵموزۆری ڕژێم کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی دووی کەرکوک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە، بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانەی

کـردووه، چەنـد جارێکیـش بـە سـەختی برینـدار دەبێـت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرتـی دووی ساڵەیی لـە تیپـی ٢١ی کەرکـوک.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، ژیانـی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و بە شێوەیەکی پارتیزانـی تـا کۆتایـی ١٩٩٠ لەگـەڵ پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی کەرکـوک دەمێنێتـەوە.

لە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١ بەشداریی بەرچـاوی دەبێـت، لـە دوای ڕاپەڕیـن دەکرێـت بـە جێگـری بەڕێوەبـەری ئاسایشـی چەمچەمـاڵ، بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە کۆڵنـەدەرە لە شـەوی ١٩٩٥/٣/١٤ لـە چیـای سـوورێن لـە شـەڕی نەگریسـی ناوخـۆ شـەهید دەبێـت.

ئیبراهیم فازیل حەمە ڕەحیم

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە ئیبـاو، سـاڵی ١٩٦٧ لە گونـدی قزڵقایـەی ناحیـەی شـوان لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێش هاتووەتـە دنیـاوە، لەبـەر هـەژاری و کارکـردن لـە قۆناغـی مێردمنداڵییـدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، لـەو ماوەیـەدا زۆر چالاکانـە و لەخۆبوردووانـە کارەکانـی ڕێکخسـتن ڕادەپەڕێنێـت، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی

کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٢ی تیپی ٢١ی کەرکوک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، بەشداریی زۆر نەبەرد و چالاکیی پێشمەرگانە دەکات، لە دوای ئەنفالی چوار لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە بە سەرپەرشتی سیروانی کوێخا نەجم دەگەڕێتەوە سنوری کەرکوک.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، بەداخەوە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی دوژمن لە ١٩٩١/٤/١٧ لە شارۆچکەی هیزۆپ شەهید دەبێت.

ئەیوب عومەر عەبدوڵڵا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە وریا قەفاری، ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی قەفاری ناحیەی شوان لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر سەرقاڵی بە کارکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بژێوی و هاوکاریی خێزانە هەژارەکەی، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تا پۆلی پێنجەمی سەرەتایی خوێندووە، گەنجێکی چاپووک و لەخۆبردوو بووە، زوو هەستی بە نادادپەروەری و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە لەلایەن ڕژێمی داگیرکەرەوە، ئەو هۆشیارییەی هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٨٥ لە تەمەنی مێردمنداڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر سەرکەوتوانە کارەکانی ڕێکخستن بەڕێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە

تیپی ٢١ی کەرکوک، زۆر ئازایانە و لەخۆبردووانە بەشداریی چالاکیی تیپەکەی دەکات.

لە دوای شالاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، بەو مەبەستە ساڵی ١٩٩٠ لە دەستەکەی شەهید ئاکۆ سوور دەبێت بە پێشمەرگەی پارتیزان و دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی شێخ بزێنی خواروو، بەشدارییەکی چالاکی ڕاپەڕینە مەزنەکە دەکات، دوای ڕاپەڕین لە سوپای یەکگرتووی کوردستان دەبێتە فەرماندەی فەسیل.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە لە ڕۆژی ١٩٩٤/٨/٢٤ لە قەڵادزێ شەهید دەبێت و هاوسەر و منداڵە تاقانەکەی بۆ کوردستان بەجێ دەهێڵێت.

چەتۆ ساڵح سەعید بایز

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە کەرکوک تەواو دەکات، قۆناغی ئامادەییش لە قەزای دەربەندیخان، ساڵی ١٩٨٤ لە بنگرد پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٣ی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، ساڵی ١٩٨٧ مەشق و ڕاهێنانی لەسەر بەکارهێنانی

موشـەکی مالۆتـا کـردووە، لـە سـاڵانی هەشـتاکاندا ڕژێمـی داگیرکـەری بەعس حـەوت برا و باوکی شـەهید و بێسـەروشـوێن دەکـەن. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، بـە ناسـنامەی سـاختەوە خۆی دەگەیەنێتـە ڕانیـە و لـە ڕێگـەی ڕێکخسـتنەکانەوە دەتوانێ پەیوەندیـی بـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی سورداشـەوە بـکات، کـە شـەهید غەریـب هەڵەدنـی سەرپەرشـتیی دەکـرد، لـەو ماوەیـەدا زۆر چالاکانـە بەشـداری لـە چالاکیـی پارتیزانیـدا کـردووە لـە ناوچەکانـی سـورداش و شـێخ بزێنـی. لـە ڕاپەرینـە مەزنەکـەی بەهـاری سـاڵی ١٩٩١ بەشـدارییەکی بەرچـاوی لـە ئازادکردنـی ڕانیـە و دوکان و سـلێمانی و چەمچەمـاڵ و کەرکوکـدا هەبـووە، لـە دوای دامەزراندنـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان زۆر پۆسـتی لـە وەزارەتـی ناوخـۆ وەرگرتـووە و توانیویەتـی لـەو مـاوەدا بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە کۆلێجـی یاسـا و ڕامیاریـی زانکـۆی سـلێمانی بەدەسـت بهێنێـت، سـاڵی ٢٠١٨ ماستەرنامەی لەسـەر (ڕۆڵـی هێـزی پێشـمەرگە لە جەنگی دژ بـە تیـرۆر لـە عێراقـدا ٢٠٠٣- ٢٠١٤) بەدەسـت هێنـا، سـاڵی ٢٠١٩ لـە کۆنگـرەی چوارەمـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـە ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردرا، سـاڵی ٢٠٢٠ بـوو بـە بریکاری وەزارەتـی ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.

## تاليب فاروق محەمەد عەلی

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە تالیبـی مـام فـاروق، سـاڵی ١٩٦٨ لـە تورکی شێخ بزێنی ناحیەی شوان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دونیاوە، توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕێزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆمیتەی ئاگر، کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ، لە پاییزی هەمان ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢١ی کەرکوک، لە پێشمەرگایەتیدا زۆر پلەی بڕیوە، ساڵی ١٩٨٨ دەکرێت بە ئامر مەفرەزە، ساڵی دواتر دەکرێت بە جێگر کەرت، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە وەک پێشمەرگەیەکی لەخۆبردوو، ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی کەرکوک درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

ئێستا جێگر لیوایە بە پلەی عەمید لە لیوای ١١٤ی یەکەکانی ٧٠، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## ڕەمەزان ئەحمەد حەمە عەلی

ناسراو بە ئاکۆ سوور، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی سێگردکانی ناحیەی تەق تەق لە قەزای کۆیە لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لەبەر هەژاری و کارکردن لە قۆناغی مێردمنداڵیدا نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی دواتر پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە هەرێمی دوو لە چەمی ڕێزان، پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا بووە. بەشداری زۆر چالاکی و نەبەردی پێشمەرگانەی کردووە، پێنج برای بە شێوەی جۆربەجۆر لەلایەن ڕژێمەوە شەهید کراون.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال سەنگەری شۆڕشگێڕیی چۆڵ نەکردووە و وەک پێشمەرگە و فەرماندەیەکی پارتیزان لە دۆڵی هەنارەی شێخ بزێنی خواروو درێژەی بە شۆڕش و کاری پێشمەرگانە داوە و ڕۆڵی بەرچاوی لە دروستکردنەوەی شانە چەکدارەکانی کەرکوک و دەوروبەریدا هەبووە، بەشداریی کارای لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١دا هەبووە بەتایبەتی لە ڕزگارکردنی کەرکوکدا، وە هەر لەو نەبەردییەی ڕزگارکردنی کەرکوکدا، ڕێکەوتی ١٩٩١/٣/٢٠ کاکە یونسی برای شەهید دەبێت و خۆیشی بریندار دەبێت.

بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە قارەمانـە کۆڵنـەدەرە لـە شـەوی ٢٥/٢٤ی ١٩٩٤/١٢ لـە شـەڕی ناوخۆدا لـە چیای سـەفین شـەهید دەبێت، دوای خـۆی هاوسـەر و سـێ منداڵـی بەجـێ دەهێڵێت.

لە کتێبی (پارتیزانەکانی کەرکوک، بەدواداچوون و بیرەوەری) ئـاراس ئیلینجاغیدا پەخشـانێک بـە نـاوی کەشـکۆڵی شـەهید، کـە لـە نووسـینی شـەهید ئاکـۆ سـووره بـڵاو بووەتـەوە،[١] گەرچـی بەرواری لەسـەر نییـە، بەڵام بەپێی نووسـینەکە پێدەچێت دوای کارەسـاتەکانی ئەنفـال نووسـرابێت، لەبـەر جوانیـی نووسـینەکە و تێگەیشـتن لـە نـاخ و هـزری شـەهید ئاکـۆ سـوور، تـەواوی نووسـینەکە وەک خـۆی دادەنێینـەوە، بـە کەمێـک دەسـکاریی شـێوازی نووسـینەکەوە، بۆ ئەوەی خوێنـەر زووتـر لە پەیامەکـە تێبگات:

«کەشکۆڵی شەهید

دۆش دامابـووم، ڕووم لـە ئاسـۆ، تاشـەبەردێک لای ڕاسـتم بـوو، چەند هەڵۆیـەک بـە دەورمـەوە دەیانڕوانـی، دنیـا کشـومات، گیانلەبەرێک خشپەی نەدەهـات، دۆڵێکـی دوور! خۆڵـی مـردووی بـە سـەردا داباریبـوو، گوێـم لـە دەنگـی نرکەیـەک بـوو، فرمێسـکی خاڵخـاڵان دەبریسـکایەوە...

– وتم خاڵە بۆچی دەگری؟

– دەترسـم تـۆش بـڕۆی، پۆسـتاڵڕەش گوندەکانیـان وێـران کردیـن، ڕەزیـان سـووتاند، لادێکانمـان ئەنفـال کـران، ئەگـەر بڕۆن

[١]- پارتیزانەکانی کەرکووک، بەدواداچوون و بیرەوەری، لاپەڕە ٧٤.

ئەمجارەیان بەعسییەکان بێنەوە، ئاوی کانی و ڕووباریشم وشک دەکەن، سیمای نەتەوایەتیم دەسڕنەوە.

– من شوانم جێت ناهێڵم، شوانی قەندیل و پیرەمەگروون و گەرمیانم، لە کلکەی کێوەڕەشا لەبیرمە کە لەگەڵ براکانم لە پەنای تاشەبەردێک لە گەرمەی تۆپبارانا سوێندم خوارد بە کوردستان، بە ناڵەی ئەنفالەکان، بە ڕێبازەکەی ئارام، من ڕاستگۆم و پەیمانی خۆم دەبەمە سەر، بەڵام ڕۆژێک ڕزگارمان بوو، تۆ شاهیدی پارتیزانی و ئەمەکدارییم بە، بڵێ:

کەرکوک! سەد ئافەرین، کوڕانی تۆ بە برسێتی و سەرما و گەرما، ئێشکگری شەو و ڕۆژی پێدەشتم بوون، ئەوسا منیش لە خزمەت باباگوڕگوڕدا گازندەی بێدەنگی لە تۆ دەکەم! ئاواییەکان وێران کران، تۆ بێدەنگ بووی، کچ و لاو و پیرمان بەر شاڵاوی گەلەگورگی ئەنفال کەوتن، تۆ هەر بێدەنگ بووی، گۆڕستان نەماوە شاهیدی شاڵی سەوزم نەبێ، شک نابەم لادیوارێک ناوی شەهاب و جەعفەر و ئەنوەری بە سنگی خۆیەوە نەدیبێ، بڕوا ناکەم! سلێمان ئەوەندەی گوێی لە نرکە و هاواری سەیدە زیندانییەکانی من بووە، ئەوەندە جریوەی مەلی خۆی بیستبێ، کۆت و پێوەندی زیندانییەکان ئەگەر بدوێن پێتان دەڵێ پۆل پۆل هەڵۆی سوورم پەلبەست کرد و بەرەو کاروان بەڕێم خستن، بەڵام نەمتوانی بۆ چرکەیەکیش گەرووی ئاگرە سەوزەکەی بابەگوڕگوڕ بتاسێنم.

ئەی بووکی تاراڕەشی دیل و دەستبەستراوم، کۆترە سپییەکەی لە بێچووانت دابڕاوم، بە بابە بڵێ وریا بێت، گەرووی گڕگرتووی لەمێژینەی خۆی ساز دا، تا هەموو دونیا

کەڕولاڵ بێ.»

ڕەمەزان محەمەد ساڵح

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە پۆلا هەیبەیی، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی هەیبەی سەرخاسەی ناحیەی قەرەهەنجیر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. گەنجێکی چالاک و دڵسۆز بووە، هەر زوو هەستی بە نادادپەروەری و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە لەلایەن ڕژێمی داگیرکەری عێراقیەوە، ئەم هەستکردنە هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات و کوردایەتی، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٢ی تیپی ٢٥ی خاڵخالان، دواتر گواستراوەتەوە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوک تا شالاوەکانی ئەنفال لەو تیپەدا درێژەی بە خەباتی پێشمەرگانە داوە، لە ژیانی پێشمەرگایەتیی خۆیدا بەشداریی زۆر چالاکی و نەبەردیی شۆڕشگێڕانەی کردووە، بەو هۆیەشەوە چوار جار بریندار بووە.

لە شالاوەکانی ئەنفالدا تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ دەستەیەک پێشمەرگە، کە سیروانی کوێخا نەجم سەرپەرشتیی دەکردن لە سنوری کەرکوک و خاڵخالان ماوەتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ شەهید ئاکۆ سوور خەباتی سەختی

پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و لـە سـنورەکانی خاڵخـاڵان و شـێخ بزێنی تـا سنوری پیرەمەگرون، درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.

سلێمان حەمەخان سەعید سەعدوون

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە ئاسـۆ قەرەنـاوی، سـاڵی ١٩٦٧ لـە گونـدی قەرەنـاوی ناحیـەی شـوان، لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هەژاریـی خێزانەکـەی هـەر لـە منداڵییـەوە دەسـت دەکات بـە کارکـردن، بۆیـە تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی دەخوێنێـت. ئـەم پێشـمەرگە دێرینـەی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە قەرەنـاو، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە دڵسـۆزی و لەخۆبردووییـەوە جێبەجێدەکات. لـە بەهـاری سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢٥ ی خاڵخـاڵان، لـە پێشـمەرگایەتیدا ڕابەرسیاسـی بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، دەگەڕێتـەوە ناوچـە چۆڵکـراوەکان، ژیانـی سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و لـە ڕێـزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی کەرکـوک، دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان.

خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

## سیروان نەجم ڕەشید سەعید

لە ناو شۆڕشدا بە سیروانی کوێخا نەجم ناسراوە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦١ لە خێزانێکی ماندوونەناس وکوردپەروەری گەڕەکی زێوێی شاری کەرکوک هاتووەتە دنیاوە، هەر لە کەرکوک قۆناغی ناوەندیی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کۆمیتەی ئاگر، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٢ی ئەوکاتی کەرکوک، وەک کادرێکی ڕێکخستنی جەماوەری لە سنوری قەڵاسیوکە و شوان کاری کردووە، لە پێشمەرگایەتیدا زۆر پلەی بە سەرکەوتوویی بڕیوە. ساڵی ١٩٨٥ بووە بە فەرماندەی کەرتی یەکی ساڵەیی و ساڵی ١٩٨٧ بووە بە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش، ساڵی ١٩٨٨ دەبێت بە ئەندامی مەکتەبی عەسکەری و ڕۆڵێکی کارای لە بەرپەرچدانەوەی شاڵاوی چوارەمی ئەنفال بینیوە و تا کۆتایی ئەو ساڵە وەک فەرماندە و پارتیزانێک لەگەڵ ڕەتڵەکانی کەرکوک و خاڵخالان و سورداش بە پارتیزانی دەمێنێتەوە.

لە ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ وەک فەرماندەیەک ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕزگارکردنی  شاری سلێمانیدا هەبووە، پاشان بەردەوام بووە و بەشداریی لە ڕزگارکردنی شارەکانی چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر و کەرکوکدا کردووە، پاش ڕاپەڕین

دەبێتە فەرماندەی هێزی کەرکوک، ماوەیەک دەبێت بە قایمقامی چەمچەماڵ، ساڵی ٢٠٠٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسادا بەدەست دێنێت، ساڵی ٢٠٠٥ دەبێتە لێپرسراوی مەڵبەندی ١٢ی ڕێکخستنی چەمچەماڵ، ساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێررێت. ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمدا دیسانەوە بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێررێتەوە.

سیروان ساڵح ڕەشید سەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناسراو بە سیروان گۆگجەیی، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوای شاری کەرکوک لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە شاری کەرکوک قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، لە ئەیلولی ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و لەخۆبوردووییەوە جێبەجێ دەکات، لە مانگی یانزەی ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢١ی کەرکوک، پێشمەرگەیەکی چالاک و خۆشەویست دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کەرکوک، درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات،

هەر بۆیە لە بارەی پارتیزانییەوە دەڵێت:
«پارتیزانی کۆڵنەدان و درێژەدان بە خەبات و بەرەنگاربوونەوەیە.»
ئێستا جێگری مەڵبەندی دووی کەرکوکە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

کاکە مەند محەمەد ساڵح

ناسراو بە خاڵە بەخە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی مەرزیخەی سەروو لە ناوچەی شێخ بزێنی لە خێزانێکیزەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی دووی کەرکوک.
لە نەورۆزی ١٩٨٢ لە گوندی مۆرخواردە، لە بناری خاڵخالان لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا تووشی شەڕێکی سەخت دەبنەوە لەگەڵ هێزەکانی ڕژێمدا، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا، پێشمەرگەیەک بە ناوی عەلی ساڵح شەهید دەبێت و خاڵە بەخەیش بە برینداری دەکەوێتە دەست هێزەکانی دوژمن، هەر لەوێوە بە هەلیکۆپتەر دەیگوازنەوە بۆ هەیئەی کەرکوک و پاشان بۆ دادگاییکردن و دادگا سزای لەسێدارەدانی بە سەردا دەسەپێنێت، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ موسڵ بە مەبەستی جێبەجێکردنی سزای سێدارەکەی، بەڵام پێش جێبەجێکردنی

سزاکەی بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت.

لە پاش ئازادکردنی، دەگەڕێتەوە ڕیزی پێشمەرگە و پەیوەندیی بە تیپی ٢١ی کەرکوکەوە دەکات، بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانە دەکات و دوو جار بە سەختی بریندار دەبێت.لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لەگەڵ مەفرەزەکەی ئاکۆ سوور، دەگەڕێتەوە ناوچەی شێخ بزێنی و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری کەرکوک.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە کۆڵنەدەرە لە بەرواری ١٩٩٦/٩/٥ لە گوندی پونگینەی بنەسڵاوە، لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا شەهید دەکرێت، لە دوای خۆی هاوسەر و هەردوو منداڵەکەی بەجێ دەهێڵێت بۆ کوردستان.

فەخرەدین مەحموود محەمەد ئەحمەد

ناسراو بە فەخرەدین سمایل بەگی پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی سمایل بەگی ناحیەی شوان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە، بەڵام لەبەر هەژاری و کارکردن نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، هەستی بە چەوسانەوەی نەتەوەکەی و نادادپەروەری ڕژێم کردووە، بۆیە هەر لە قۆناغی مێردمنداڵییەوە، ساڵی ١٩٨١ لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی

کوردستانەوە دەکات لە کەرتی خاڵخاڵان، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٤ی خاڵخاڵان تیپی ٢١ی کەرکوک، لە پێشمەرگایەتیدا چەند پلەیەکی بە دەست هێناوە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، بۆیە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ دەستەکەی شەهید ئاکۆسوور وەک پارتیزان دەگەڕێتەوە ناوچەی شوان و شێخ بزێنی، لە بیرەوەری ڕۆژانی پارتیزانی خۆیدا بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «لە سنوری شێخ بزێنی بووین، خواردنمان لێ بڕا بوو، جیهازەکەشمان پاتری نەبوو تا پەیوەندی بکەین، ناچار بە دڵێکی غەمگینەوە چووین بۆ کۆکردنەوەی نانەڕەقە، ئەو نانەی کە لە حاویەی قەرەناو دایاننابوو بۆ ئاژەڵ، زۆر بەزەییمان بە خۆماندا دەهاتەوە، دوو ڕۆژ بوو نانمان نەخواردبوو، ئاکۆ سوور وتی: با شتێکتان بۆ باس بکەم، ئێستا یەک برنج و فاسۆلیا و جامێک ماستاوی سارد هەبێت تێری لێ بخۆم، ئامادەم بمکوژن.» کاتێک دەستمان لە نانەڕەقەی حاویەکە گیر بوو و تێرمان لێ خوارد، وامان زانی مەلیکین.»[١] لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشداریی بەرچاویان دەبێت، لە چالاکیی پێشمەرگانەدا چەند جارێک بریندار بووە. ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم پارتیزانە کۆڵنەدەرە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

---

[١]- ئاراس ئیلینجاغی – پارتیزانەکانی کەرکووک (دەسنووس)

مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد

کادری ڕێکخستن و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناسراو بە مستەفا چالاوی، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی چالاوی ناوچەی چەمچەماڵ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە چەمچەماڵ و کەرکوک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندیی بە ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە ناوچەی شوان و گەڕەکە کوردییەکانی کەرکوک بە نهێنی کاری ڕێکخستنی کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری هەرێمی ٢ی کەرکوکی ئەو کاتە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێتە کادری ڕێکخستن لە سنورەکەدا، بەشداریی لە کۆنفرانسەکانی کۆمەڵەدا کردووە، لە شالاوەکانی ئەنفالدا بەشداری بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی ڕژێمی کردووە، لە پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر نەبەردیی پێشمەرگانەی کردووە.

لە دوای شالاوەکانی ئەنفال بە هێزێکەوە لە سنوری کەرکوک بە شێوەی پارتیزانی دەمێنێتەوە، ساڵی ١٩٨٩ هێزەکەی دەکێشێتەوە بۆ سەر سنور، هەر ئەو ساڵە دەکرێتە فەرماندەی تیپی ٢١ی کەرکوک، ساڵی ١٩٩٠ بە هێزێکەوە دەچێتە شاربازێڕی تەخت، بە مەبەستی بە یەک گەیاندنی پارتیزانەکانی دۆڵی جافەتی و سنوری کەرکوک،

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای لە ئازادکردنی چەمچەماڵ و قەرەهەنجیر و کەرکوکدا کردووە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی ڕژێم لە کەرکوک بە سەختی بریندار دەبێت، لە بارەی ڕۆژگاری پارتیزانییەوە دەڵێت:

«هەریەکە لە ئێمە مردنمان هەڵبژاردبوو، لەگەڵیان دەجەنگاین و بیروباوەڕێک وای لێ کردبووین، کە ئەویش کوردبوون بوو، بڕوابوون بە کوردایەتیمان و ورەمان زۆر بەرز بوو، چونکە ئێمە لاو بووین بڕوامان وا بوو کە ئەرکمان لە ئەستۆیە، ئێمە لاوی کوردین دەبێت خەبات بکەین بۆ ڕزگاربوونی نیشتمان و نەتەوەکەمان، ئەو ڕۆژگارە بڕوامان وا بوو کە دەبێت یان شەهید بین و ببین بە شەهیدی نەتەوەکەمان، یان دەبێت لە دوای ڕزگاریی کوردستان خەڵک شانازیمان پێوە بکات، چونکە ئێمە پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکانی نەتەوەکەمان و پاڵەوانی گەلەکەمان بووین، بۆیە مایەی شانازیی کوڕ و کچی وڵاتەکەمان دەبین ئەگەر شەهید بین.»[1]

لەساڵی ١٩٩٣ بە دواوە دەسبەرداری کاری سەربازی دەبێت و خۆی بە کاری ڕێکخستنەوە خەریک دەکات لە مەڵبەندی ٢ی کەرکوک، پاشان دەبێتە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن و دواتر دەبێتە بەرپرسی مەڵبەندی ١٢ی چەمچەماڵ.

لە دوای ئەوەی لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت، پاشان بۆ جێگری سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و تا ئێستا بەردەوامە لەو پۆستەیدا.

١-مستەفا چالاوی- کڵپەیەک لە کۆمیتەی ئاگر لاپەرە ١٠٨

نەقیب ناسح ئەحمەد

ناسراو بە نەقیب بیبانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمانپەروەری گوندی بیبانی گەورەی ناحیەی شوان هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە سنوری شوان، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە ئاگایی و لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی یەکی ساڵەیی تیپی ٢١ی کەرکوک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە چالاکیی پێشمەرگانە و درێژە دەدات بە شۆڕش و خەبات، لە سنوری کەرکوک، ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ شەهید ئاکۆ سوور گەڕاونەتەوە بۆ سنوری شێخ بزێنی خواروو، بە ژیانی سەختی پارتیزانی بەردەوامی بە پاراستنی شکۆی نەتەوەکەیان دەدەن بە بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دوژمن.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

نورەدین ساڵح ڕەمەزان عەبدوڕەحمان

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی، ناسراو بە سامان، ساڵی ١٩٧٠ لە گەڕەکی ڕەحیماوای شاری کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، هەر لە تەمەنی لاوییەوە بەشداریی کۆڕی خەباتی کوردایەتی کردووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرکوک، زۆر بە دڵسۆزی و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢١ی کەرکوک، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی زۆربەی هیزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، لەگەڵ دروستکردنی مەفرەزە پارتیزانەکان، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا بە پارتیزانی دەگەڕێنەوە سنوری کەرکوک، لەو کاتەدا هیوارەش ئامر مەفرەزەیان دەبێت، تا بەرواری ١٩٩١/١/٢٥ درێژە بە خەباتی پارتیزانی دەدەن لە سنورەکانی کەرکوک و دەشتی کۆیە و بناری کۆسرەت.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەشدارییەکی کارایان دەبێت، بە سەرپەرشتیی کاک کۆسرەت مەفرەزەکەیان لە

ڕانیەوە بەشداریی ڕاپەڕین دەکات تا ئازادکردنی شاری هەولێر، پاشان بە سەرپەرشتیی شەهید عەبدوڕەزاق بەشداریی ئازادکردنی شاری کەرکوک دەکەن، بەداخەوە کاک عەبدوڕەزاق لە ڕۆژەکانی کۆتایی ئازادکردنی کەرکوکدا شەهید دەبێت.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

هیوا عەبدوڵڵا ئەحمەد عەلی

ناسراو بە هیواڕەش، پارتیزان و پێشمەگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی تەقتەقی قەزای دوبزی پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، دبلۆمی لە سەربازیدا وەرگرتووە، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش و چەوسانەوەی نەتەوەکەی، دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە کەرکوک، کارەکانی ڕێکخستنی زۆرە بە دڵسۆزی لەخۆبردووییەوە ئەرکەکانی سەرشانی لە ڕێکخستندا جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢٥ی خاڵخالان، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی زۆربەی

هێزەکانی پێشمەرگە بۆ سەر سنور، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزەی ژمارەیەک پێشمەرگەی پارتیزان، لە سنوری کەرکوک و دەشتی کۆیە و بناری کۆسرەت، سەرکەوتوانە ئەرکەکانی ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت، لەو بارەیەوە دەڵێت:

«خەباتی پارتیزانەکان وەک سەرەتای شۆڕش وا بوو، لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال تەنها ئومێد کە هەبوو پارتیزانەکان بوون، پارتیزانەکان مەحاڵیان کردە واقیع، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو مێژووە ون نەکرێت و زۆری لەبارەوە بنووسرێت.» لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بەشداریکردنی لە ئازادکردنی شارەکانی ڕانیە و هەولێر و پردێ و شاری کەرکوکدا.

لە دوای کۆنگرەی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەم فەرماندە پارتیزانە بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، ئێستا ئەندامی سەرکردایەتی و لێپرسراوی محوەری چواری کەرکوکە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## پارتیزانەکانی سنوری هەولێر

هەولێر شارە دێرینەکەی کوردستان، شاری قەڵا و منارە، هەولێری هۆلاکۆبەزێن، شاری سوڵتان موزەفەر و عەبدولخالق مەعروف و سەرداری سەعید سۆفی، ئێستا هەولێر شارێکی گەورە و فراوان و پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەولێرییەکان خەڵکانێکی ماندوو و سینەساف، ڕەنجدەر و بەخشندە و خۆشەویست، دڵسۆز و بەوەفا، ئیماندار و لەخواترسن، سەردەمانێک چایخانەکەی عەبۆ و بندیواری قەڵا، یان گازینۆکانی تەیراوا و دوکانەکەی عەبدولخالق لە خانەقا و باخچەی گڵکەند شوێنی کۆبوونەوەی گەنجان و باسوخواسی نهێنیی کاری ڕێکخستن و گفتوگۆی سیاسی بوو، کتێبخانەکانی لای مەحکەمە و کتێبخانەکەی مومتاز حەیدەری و یانەی فەرمانبەرانیش، بەشێکی تری ئەو باسوخواسانە و سرتە و پرتەی ئەدەبی و هونەری بوو، پاش گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر لە ساڵی (١٩٨١)دا، گۆڕانکارییەکی جۆری گەورە بەسەر شاری هەولێردا هات، ئەو کپی و بێدەنگییەی شکاند کە ماوەیەکی زۆر بوو باڵی بەسەردا کێشابوو، زانکۆ کرانەوەیەکی فراوانی بەسەر هەولێردا هێنا.

هەولێر بە هاوینەهەوارەکانی شەقڵاوە و بێخاڵ و گەلی و جوندیان و بە بەروبوومی ئاژەڵیی ماست و پەنیر بەناوبانگە، سەرەڕای بوونی دەشتی کشتوکاڵیی بەپیتی وەک دەشتی قەراچ و شەمامک و دەشتی بەڕانەتی و دەشتی هەریر، چیا

بەناوبانگ و سەرکەشەکانی سەفین و کۆڕەک و زۆزک و هەندرێنیش دەکەونە سنووری ئەم پارێزگایەوە، زێی گەورە بە باکوور و خۆرئاوای هەولێردا تێدەپەڕیت، لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە تا ساڵەکانی ئەم دواییەش هەوڵی دروستکردنی بەنداوی بێخمە دەدرێت لەسەر ئەم زێیە، بەلام بەداخەوە هەرچەندە چەند جارێک کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەلام بە هۆکاری جۆراوجۆر تەواو نەکرا و تەنها ئاسەواری بەنداوەکە ماوەتەوە، ئەم بەنداوە گەر دروست بکرێت بەو جۆرەی کە پێشنیار کراوە، هەرێمی کوردستان و عێراقیش دەباتە قۆناغێکی سەرووترەوە، بۆ پاراستنی ئاسایشی ئاو لە هەرێم و عێراق کاریگەری تەواوی دەبێت، هەردوو حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێم لە هەژموون و فشاری ولاتانی دراوسێ ڕزگار دەبن لە ڕووی سامانی ئاوەوە، ئەم بەنداوە توانای گلدانەوەی حەڤدە ملیار مەتر سێجا ئاوی دەبێت و توانای بەرهەمهێنانی زیاتر لە دوو هەزار مێگاوات کارەبای دەبێت، ئەمە جگە لە گەشەسەندنی گەشتیاری و زیادبوونی سامانی ماسی و دروستکردنی هەزاران هەلی کار.

هەولێر خاوەنی دەیان و سەدان خەڵکی شۆڕشگێڕ و بیرمەندە، کاردۆ گەلالی و عەبدولخالق مەعروف و عەلی هەژار و شەهید ڕێباز و شەهید حەسەن کوێستانی و کۆسرەت ڕەسوڵ و قادر عەزیز و عەزیز محەمەد و سەدانی تریش لە مەیدانی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی و ڕزگاریی نیشتمانیدا کەسانی دیارو تێکۆشەری مەیدانی شۆڕش و گیانبازی و فیداکاری ئەم شارە بوون لە چەند دەیەی ڕابردوودا، هەر

بۆیە لە دوای پرۆسەکانی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، ژمارەیەک پێشمەرگەی خەڵکی ئەم دەڤەرە بە شێوەی پارتیزانی لە چیا و دەشت و دۆڵەکاندا دەمێننەوە و درێژە بە خەبات دەدەن و ناهێڵن کوانووی شۆڕش و کوردایەتی خامۆش ببێتەوە، لە پێدەشتەکانی قەراچ و شەمامکەوە تا ناوچەکانی خۆشناو و باڵەکایەتی و زرارەتی و بەڕانەتی و بەستی شەڵغە، دەبێتە مەیدانی چالاکی و جموجووڵی چەند پێشمەرگەیەکی پارتیزان و جارێکی تر پەیوەندیی ڕێکخستنەکان و سەرکردایەتی بە یەکەوە دەبەستنەوە و بە دۆست و دوژمنی ڕادەگەیەنن کە شۆڕش و بەرخۆدان درێژەی هەیە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری هەولێر:

ئاسۆ مامەند ئیسماعیل

فەرماندە و پێشمەرگەی پارتیزان، ناسراو بە ئاسۆ ئەڵمانی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی قەرەبەگی ناوچەی سەرگەڕانی سەر بە پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان و دواناوەندییشی تا پۆلی شەشی ئامادەیی لە شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) خوێندووە، زۆڵم و ستەم و نادادپەروەریی ڕژێمی داگیرکەر، بە تایبەتی لە ناوچەکەی ئەواندا، هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات و بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی شۆڤێنیی ڕژێم، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن

زۆر بـە وریایـی و لەخۆبردووییـەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ٦ی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر. پـاش سـاڵێک لـە پێشـمەرگایەتی، دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزە، لە ساڵی ١٩٨٧ دەبێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی تیپـی ٨٥ی بەڕانەتـی و سـاڵی ١٩٨٨ دەبێـت بـە فەرمانـدەی تیـپ.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشـەی هێزی پێشـمەرگە بـۆ سـەر سـنور، سـاڵی ١٩٨٩ وەک پێشـمەرگە و فەرمانـدەی مەفرەزەی پارتیـزان بـۆ مـاوەی ٦ مانـگ لـە سـنوری بەڕانەتـی و هەولێر دەمێنێتـەوە و درێـژە بە خەباتـی پێشـمەرگانە دەدات.

سـاڵی ١٩٩٠ دەچێتـە هەنـدەران و لـە ئەڵمانیـا دەگیرسـێتەوە، لـە دوای ڕاپەڕیـن دەگەڕێتـەوە بـۆ کوردسـتان و لـە کۆنگـرەی دووەمی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان سـاڵی ٢٠٠١ بە ئەندامی سـەرکردایەتی هەڵدەبژێررێـت، پاشـان لێپرسـراوێتی مەڵبەنـدی گەرمیـان وەردەگرێـت، دواتـر دەبێـت بـە لێپرسـراوی مەڵبەندی موسـڵ و دواتریـش تـا سـاڵی ٢٠٠٩ لێپرسـراوی مەڵبەنـدی دوبـزی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بـووە.

لـە کۆنگـرەی ٣ دووبـارە بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێتـەوە و دەبێـت بـە بەرپرسـی مەڵبەنـدی ٣ی هەولێـر، سـاڵی ٢٠١٢ لێپرسـراوێتی مەڵبەنـدی ٢ی کەرکوکـی پـێ دەسـپێررێت، سـاڵی ٢٠١٩ لـە کۆنگـرەی چوارەمـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان لەسـەر بازنـەی کەرکـوک، بـە ئەندامـی ئەنجومەنـی سـەرکردایەتی هەڵبژێردرایـەوە، پاشـان لـە هەڵبژاردنـی بەرپرسـی مەکتەبەکانـدا بـۆ لێپرسـراوی دەزگای

هەڵبژادنـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هەڵبژێـردرا.

ئاریێز عەبدوڵڵا ئەحمەد مەحموود

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٦٤ لـە گونـدی ئارانـەی ناحیـەی خەلیفان –ڕەواندوز، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە هەولێـر و ناوەندیـی و ئامادەیـی لـە خەلیفـان تـەواو کـردووە، دواتـر لـە کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابـووری زانکـۆی سـەلاحەدین درێژە بـە خوێندن دەدات، بەسـەرکەوتوویی زانکۆ تـەواو دەکات و بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە کارگێـری و ئابـووری بەدەسـت دەهێنێـت، خوێندکارێکـی هۆشـیار و زرنـگ بـووە، هەسـتی نەتەوایەتیی و چینایەتی کاری لەسـەر هـۆش و بیـری کـردووە، هـەر لـە سـەرەتای لاویەتیـەوە تێکـەڵ بـەکاری سیاسـی بـووە، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی بزوتنـەوەی سۆشیالیسـتیی/یەکێتیی کـردووە، کارەکانـی ڕێکخسـتنی زۆر چالاکانـە بەئەنجـام گەیانـدووە، بەهـۆی چالاکـی سیاسـیەوە بـەردەوام لەژێـر چاودێـری و هەڕەشـەی پیاوانـی ڕژێمـدا بـووە، سـاڵی ١٩٨٥ لەلایـەن دەزگا ئەمنیەکانـی ڕژێمـەوە بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ گیـراوەو ڕووبـەڕووی ئەشکەنجەو ئـازار کراوەتـەوە.

لە سـاڵی ١٩٨٦ لەڕیزی حیزبی زەحمەتکێشـانی کوردسـتاندا چەکـی پێشـمەرگایەتی دەکاتـە شـان و لەسـنوری پارێـزگای هەولێر و بادینان، درێژە بە چالاکی سیاسـی و پێشـمەرگایەتی

دەدات.

لە هاوینی ١٩٨٨ لەگەرمەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لە ناوچەی خواکورک لە ئەشکەوتێکدا لەگەڵ چوار پێشمەرگەی هاوڕێیدا، لەلایەن سوپای تورکیاوە دەگیرێن، زیاتر لە ساڵێک لە زیندانەکانی تورکیا بەسەردەبات. دواتر بەشیوەی دەستبەسەر لەتورکیا دەهێڵرێتەوە، دوای ڕاکردنی لەدەستبەسەری و پاش چەرمەسەرییەکی زۆر، دەگاتەوە سەر سنوری کوردستان، ساڵی ١٩٩٠ بەپارتیزانی دەگەڕێتەوە ناوچە خاپورکراوەکانی کوردستان و لە ناوچەکانی خۆشناوەتیی، ڕەواندز، دەشتی حەریر وەک پارتیزانێک، درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات. بەشدارییەکی بەرچاوی لە ڕاپەڕینە مەزنەکەدا دەبێت.

ساڵی ١٩٩٣ لە یەکگرتنەوەی چەپ و سۆشیالیستەکان دەگەڕێتەوە ناو یەکێتیی و دەکرێت بە ئەندام مەکتەبی ڕێکخستن. زۆر بەرپرسیارێتی سەربازی و ڕێکخستنی وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر لیستی سەوز هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەندامی پارلەمانی کوردستان و دەبێتە سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕۆشنبیری.

لەکۆنگرەی سێیەمی یەکێتیدا، بەئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراقدا، دەکرێت بە سەرۆکی لیستی یەکێتی لە پارێزگای هەولێر، لەسەر ئاستی پارێزگای هەولیر دەنگی یەکەم و لەسەر ئاستی عێراق دەنگی نۆیەم بەدەست دەهێنێت.

لە کۆنگرەی چواری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا، دووبارە بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێتەوە. ساڵی ٢٠٢١ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

خاوەنی قەڵەمێکی بەبڕشتەو چەندین بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە: ڕێگای یاخیبیان، لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە، وەرزی تەمومژ، ڕێگای هات و نەهات، لەم دواییانەشدا ڕۆمانی مێژوویی (پاشای گەورە)ی بە چاپ گەیاند.

لە دوای کۆنگرەی چوارەم، دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و لێپرسراوی مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری.

لە ئێستادا ئەندامی سەرکردایەتیە، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

ئازاد مستەفا حەمەد ئەحمەد

ناسراو بە ئازۆ مەخمووری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی مەخمووری پارێزگای هەولێر لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، سەرەتای منداڵی و لاوی بە کارکردنەوە بەسەر بردووە بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی و هاوکاریی خێزانەکەی، ئەمەش ڕێگر بووە لە بەردەمیدا بۆ درێژەدان بە خوێندن، هەر بەو هۆیەوە لە قۆناغی سەرەتاییەوە واز لە خوێندن دەهێنێت و درێژە بە کارکردن

دەدات، بەڵام کەسێکی وریا و هۆشیار دەبێت، نادادپەروەری و چەوسانەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٨١ لە هەولێر و لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لەو ماوەیەدا کارەکانی ڕێکخستن بەوپەڕی وریایی و ئازایانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە، بەردەوام دەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕانە و بەشدار دەبێت لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سنوری هەولێر وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان، وەک خۆی دەڵێت: «پارتیزان بووە هۆی سەلماندنی ئەوەی کە کورد بوونی هەیە و ماوە و توانای چالاکییشی هەیە».

خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە، پێشمەرگەی خانەنشینە.

ئازاد عەبدوڵڵا تەها عەبدوڵڵا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە خاڵە ئازاد، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی مژدەینانی قەزای چۆمان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە.

ساڵی ١٩٨١ لە گوندی پیرزین پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانەوە دەکات، لە ڕێکخراوی گەرمیان، دواتر

لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تیپی ٧٨ی کارۆخ. دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سنورەکەیان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر بەشێوەی پارتیزانی لە سنوری وەرتێ دەمێنێتەوە و درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دە منداڵە.

ئیبراهیم وسو پیرۆت موراد

ناسراو بە برایم وسو، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە ناحیەی سەرکەپکان – قەزای ڕانیە چاوی بەژیان هەڵهێناوە، ساڵی ١٩٨٠ لە پڵنگان پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە کردووە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی چواردە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری دۆڵی سەرکەپکان بەردەوام دەبێت لە تێکۆشان. لە ١٩٨٨/١٠/٢٢ لە چالاکیەکی پارتیزانیدا توانیان چوار سەربازی ڕژێم بە سزا بگەیەنن.

لە ئێستادا پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

ئیسماعیل مەلا بابەکر زێنەدین

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ناسراو بە ئاسۆ، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری ناحیەی سەرکەپکان – قەزای ڕانیە، چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، لەبەر هەژاری خێزانەکەیان نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە.
ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە هەرێمی ١٤ی ئاکۆ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پێشمەرگەیەکی بوێرو ئازادەبێت، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە دۆڵی سەرکەپکان درێژە بە تێکۆشان دەدات.
بەداخەوە ئەم پارتیزانە خۆنەویستە، لە ١٩٩٦/١٢/١٠ لە شەڕی نەگریسی ناوخۆدا شەهید دەبێت و لەزێدی خۆی لەسەرکەپکان بەخاک دەسپێردرێت.

ئیسماعیل حەسەن ئیسماعیل حارس

ناسراو بە پیرۆت، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی کارکردن و هەژاری خێزانەکەیانەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە. بەهۆی هەلومەرجی

تایبەتیی و ناوچەکەیانەوە، لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانەوە دەکات، هەر لەو تەمەنە گەنجیەدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات.

پێشمەرگەیەکی ئازاو چالاک دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە. دوای شالاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕی، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ناوچەی وەرتێ، کارۆخ لە سنوری مەڵبەندی سێ. درێژە بەکاری پێشمەرگایەتی دەدات.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

ئەحمەد عۆدل قادر جومعە

ناسراو بە ئەحمەد ئێلینجاغی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی ئیلینجاغی ناحیەی تەقتەق – قەزای کۆیە لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی منداڵی و لاوی بە کارکردنەوە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا بەسەر بردووە، ئەمەش ڕێگر بووە لە درێژەدان بە خوێندن، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، زوڵموزۆری ڕژێمی داگیرکەری عێراق بەرامبەر بە هاووڵاتیان و خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی گوندنشینەکان، دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، بەو مەبەستە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە

دەکات لـە تیپـی ٨٧ی قەرەچـوغ، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر دەبێـت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی مەفـرەزە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، کۆڵنەدەرانـە ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و لـە ڕیـزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی هەولێـر درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی کوردایەتـی دەدات.

بـە داخـەوە ئـەم پارتیزانـە قارەمانـە بـە هـۆی نەخۆشـییەوە کۆچـی دوایـی دەکات، لـە زێدی خـۆی لـە گۆڕسـتانی ئیلینجـاغ بـە خـاک دەسـپێردرێت.

ئازاد حەسەن حەمەد ئەمین مەلاشێخ

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ناسـراو بە ئازاد توتمەرەیی، سـەرەتای حەفتاکان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەری گوندی توتمەرەی ناحیەی خەلیفـان بەهـۆی هەلومەرجـی ناوچەکەیـان و خێزانەکەیـەوە نەیتوانیـووە قۆناغەکانی خوێندن ببڕێت، بەڵام ئەمـە کاریگەریـی لەسـەر هۆشـیاری نیشـتمانیی و سیاسـیی نەکـردووە، هـەر لـە تەمەنێکـی زۆر گەنجیـەوە لەسـاڵی ١٩٨٥ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی ڕەوانـدز، دواتـر پەیوەنـدی بەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ١٩ی کـۆڕەک، پێشـمەرگەیەکی ئـازاو بوێربـووە، لـەدوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سـنورەکانی دۆڵـی ئالانـە و

حەریـر، دریـژە بەخەباتـی پیـسـمەرگایەتی دەدات.

لەئێـستادا پێشمەرگەیە لـە لیوای ١٢٦ی کۆیـە بەپلـەی عەقید، خێزاندارەو خاوەنی پێنج منداڵە.

ئەحمەد نەجمەدین ئەحمەد حسێن

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە دکتـۆر ئـاری، سـاڵی ١٩٦٥ لـە قـەزای چۆمـان – پارێـزگای هەولێـر، لـە خێزانێکـی تێکۆشـەر و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، قۆناغەکانـی خوێندنـی بـە سـەرکەوتوویی بڕیـووە، توانیویەتـی بڕوانامـەی ماسـتەر بـە دەسـت بهێنێـت، کەسـێکی وشـیار و دڵسـۆز بـووە، زوڵـم و سـتەمی ڕژێمـی داگیرکـەر بەرامبـەر بـە نەتەوەکـەی، هانـی دەدات بۆ کۆڕی خەبات و کوردایەتی، ساڵی ١٩٧٩ لە چۆمان پەیوەندیـی بـە ڕێکخـراوی هەولێـری کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر لە خۆبردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٨٧ی کارۆخ، لـە پێشـمەرگایەتیدا کادری ڕێکخسـتن و کادری پزیشـکی بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، کۆڵنەدەرانـە ژیانـی سـەخت و پـڕ لـە ناهەمواریـی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت، لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی سـنوری مەڵبەندی ٣ی هەولێر درێژە بە خەبات و کاری پێشـمەرگایەتی دەدات، لـە بـارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێـت:

«پارتیزانەکان، کەسانی دڵسۆز و لەخۆبردوو بوون، توانییان تەمی نائومێدیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڕەوێننەوە و بۆ دوژمنیشی بسەلمێنن کە شۆڕش، بەردەوامە و درێژەی هەیە.»

ئێستا بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازیی کۆمەڵایەتییە لە وەزارەتی کار، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ئیدریس ساڵح نەبی عەزیز

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،ناسراو بە ئیدریس چاوشین، ساڵی ١٩٦٧ لە مەسیف سەلاحەدین – قەزای شەقلاوە، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ لە ڕێگەی عەلی مەسیفییەوە پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە مەسیف، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستنی بە ئەنجام گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٩١ی سەفین، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بوێر و ئازا بووە، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەر، بەردەوام دەبێت لە خەبات و کاری شۆڕشگێڕی، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری خۆشناوەتی.

خێزانـداره و خـاوەنـی پێنـج منداڵـه، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمه رگه یه.

ئیدریس قادر عوسمان قادر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان ناسـراو بـە ئیدریـس مەلاقـەرە، سـاڵی ١٩٦٥ لـە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر لە گوندی مەلاقەرەی ناحیـەی دیبەگـە – قـەزای مەخمـوور هاتووەتـە ژیانـەوە. قۆناغـی منداڵـی و لاوی بـە کارکردنـەوە بردووەتـە سـەر، ئەمـەش ڕێگـر بـووە لـە تەواوکردنـی قۆناغەکانـی خوێنـدن و تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، هەسـتی کوردایەتـی و نیشـتمانپەروەری هانـی دەدات بـۆ کـۆڕی خەبـات، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە مەلاقـەرە، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر بـە وریایـی و لەخۆبردووانـە جێبەجێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر دەبێـت لـە پێشـمەرگایەتیدا دەبێـت بـە فەرمانـدەی مەفـرەزە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفالـەوە بـەردەوام دەبێـت لـە خەباتی شۆڕشگێڕانە، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانـی دەشـتی هەولێـر درێـژە بـە خەبـات و شـۆڕش دەدات، بەشـدارییەکی کارایـان لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەدا دەبێـت.

خێزانداره و خاوەنی شـەش منداڵـە، لـە ئێسـتادا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە.

ئەحمەد حەمەد ئیبراهیم ئەحمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان،ناسـراو بـە ئەحمـەد چواربـەردە، سـاڵی ١٩٦٣ لـە گوندی چواربەردەی ناحیەی سەرگەڕان، سەر بە قەزای دبسـی پارێزگای کەرکوک، لە خێزانێکی ماندوونەناس و زەحمەتکێش هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هـەژاری و دەسـکورتی خێزانەکـەی هـەر لـە منداڵییـەوە دەخرێتـە بـەر کارکـردن، قۆناغـی منداڵـی و لاوی بـە کارکردنـەوە خەریـک دەبێـت بـۆ پەیداکردنـی بژێـوی خـۆی و خێزانەکـەی، ئـەم کارکردنـەش ڕێگـر دەبێـت لـە چوونـە قوتابخانـە، بەڵام کەسێکی هوشیار و چالاک و دڵسـۆز دەبێت، نادادپـەروەری و زوڵـم و زۆری ڕژێمـی داگیرکـەر بەرامبـەر خەڵکی کوردسـتان هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی یەکێتیـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە دەکات لـە گونـدی چواربـەردە، سـەرکەوتووانە و بەوپـەڕی لـە خۆبردووییـەوە کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کـەرت بووە، پێشـمەرگەیەکی ئازا و بوێر و دڵسـۆز بـووە. لـە دوای پڕۆسـەکانی ئەنفالیشـەوە، بـەردەوام دەبێـت لـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سـنوری هەولێـر بـە تایبەتـی لـە ڕەتڵـی دەشـتی هەولێـر و شـەمامک درێـژە بـە شـۆڕش و خەبـات دەدات، لـە پایـزی.

١٩٨٨ تووشی ڕووبەڕووبوونەوە دەبن لەگەڵ هێزێکی ڕژێم، هەڤاڵێکیان بە ناوی ڕۆستەم کە خەڵکی گوندی بیرەعەرەبان بوو شەهید دەبێت، لە نازەنینیش فڕۆکەی ڕژێمی عێراقی لێیان دەدات و هاشم شەمامکی بریندار دەبێت.ئەم پێشمەرگە پارتیزانە خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە بە پلەی مولازم.

ئەنوەر عەبدوڵلا ڕەسوڵ عەبدوڵلا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی زینوەی قەزای چۆمان لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، سەرەتای منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە خەریک بووە، بۆیە نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات و تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی وریا و چالاک بووە، دڵسۆز بووە بۆ دەوروبەرەکەی، هەستی نیشتمانی و زوڵموزۆری ڕژێمی داگیرکەر هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٨٦ لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە حەریر، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٩ی کۆڕەک، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگانە و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی

ڕەتڵی خۆشناوەتی (دۆڵی بالیسان – چیای کارۆخ) لە سنوری هەولێر.

ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاواتەخوازە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە هەوڵ و ماندووبوونی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، ئاوڕدانەوەی پێویستی هەبێت.

خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە..

ئەدهەم سەعید خدر عەلی

پێشمەرگە و پارتیزانی دوای ئەنفال، ساڵی ١٩٧٢ [١] لە گوندی باویانی ناحیەی باسرمە- قەزای شەقڵاوە لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان تەواودەکات،دوای ڕاپەڕین و پرۆسەی ئازادی عێراق درێژە بەخوێندن دەدات، ناوەندی لە شەقڵاوە و ئامادەیی لە ڕانیەو کۆلێجی یاسا لە کەرکوک تەواو دەکات.

سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ لەتەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی جەمال هەڕوتی (کەرتی شەهید مام شوان) لە تیپی ١٩ی کۆڕەک، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر لەدوای پرۆسەی ئەنفالەوە بە پارتیزانی درێژە بەخەبات دەدات لە سنوری

---

١- زۆر لە پارتیزانەکان، ساڵی لەدایک بوونیان تەواو نیە، ئەویش لەبەر ئەو هەلومەرجەی کوردستانی پیا تێپەڕیوە، بەتایبەتی گوندنشینەکان.

ناوچەکانی خەلیفان و هەریر و شەقلاوە.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: پارتیزانەکانی دوای ئەنفال هێزێکی ورەبەخش بوون بۆ جەماوەری گەلەکەمان، لەکاتێکدا سوپای ڕژێم تەواوی گوندەکانی کوردستانی خاپور کردبوو.

لە ئێستادا لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر/ کۆیە بەپلەی عەمیدی ئاسایش دەوام دەکات، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ئیسماعیل ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم

ناسراو بە ئیسماعیل کوێستانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (برای شەهید حەسەن کوێستان)، ساڵی ١٩٧١ لە ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چۆمان هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ناوەندیی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٨٢ دوای ئەوەی خێزانەکەیان لە زیندان ئازاد دەکرێ، هەر بەخێزانی دەچنە ناوچە ئازادکراوەکان، لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر دەبێت بە پێشمەرگە لای شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی، لە پێشمەرگایەتیدا عەدەد جیهاز بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و تێکۆشەر درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری هەولێر دەبێت بە پێشمەرگەیەکی

پارتیزان.

خێزانداره و خاوەنی چوار منداڵە، ئەم پارتیزانە، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێستا عەمیدە لە وەزارەتی پێشمەرگە.

بورهان سەعید سۆفی

پارتیزان و فەرماندە و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە شاری هەولێر ئامادەیی پیشەسازی تەواو دەکات، کەسێکی چالاک و دڵسۆز بووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لە هەولێر، کارەکانی ڕێکخستنی زۆر بە وریایی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هێزی خۆشناوەتی، لە ساڵی ١٩٨٢دا بەشدار دەبێت لە ئۆپەراسیۆنی هێزی پشتیوانی کوردستانی ڕۆژهەلات، ساڵی ١٩٨٥ دەبێت بە جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشداریی زۆر چالاکیی پێشمەرگانە دەکات، بە تایبەتی لە هیران و دێگەڵە و سماقوڵی و تەقتەق و گرتنی سەری ڕەش و شەڕەکانی بەرگری لە سەرکردایەتی لە ساڵی ١٩٨٨. دوای شاڵاوەکانی ئەنفال درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە دەدات و لە سنوری دەشتی هەولێر بە شێوەی

پارتیزانی بۆ ماوەی چوارده مانگ دەمێنێتەوە، پێش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ جارێکی تر بە شێوەی پارتیزانی دێتەوە دەشتی هەولێر بۆ دروستکردنی هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوشار، لە ڕاپەڕینەکەیشدا لە سنوری هەولێر ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە، ساڵی ١٩٩٣ دەکرێتە فەرماندەی لیوای ٤٠ی ئاکرێ، ساڵی ٢٠٠١ لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ – ٢٠١٠ وەزیری گواستنەوە و گەیاندن بووە، ساڵی ٢٠١٨ دەبێتە لێپرسراوی مەڵبەندی ١٤ی کۆیە، لە کۆنگرەی چوارەمدا بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت و دەکرێت بە لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان و تێکۆشەران، دوای کۆنگرەی پێنجەم دەکرێت بە لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.

بورهان ئیسماعیل عەبدوڵڵا عەلی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە بورهان زراری، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی عالەی کەندیناوای دەشتی هەولێر لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، زۆر چالاکانە و بە دڵسۆزییەوە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی

پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، پێشمەرگەیەکی پشوو درێژ و ئازا و کۆڵنەدەر و بوێر دەبێت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی هەولێر لە سنوری دەشتی هەولێر و بەستی شەڵغە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، وەک خۆی دەڵێت ڕۆژگارێکی زۆر قورس و سەخت بوو، هیچ ئاوەدانییەک نەبوو، ئەو ڕۆژگارەمان لەگەڵ شەهید ڕێبازو هاوڕێ شەفە چاوشین بەسەربرد.
خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە، ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت و خانەنشینی پێشمەرگەیە.

بەکر سابیر مستەفا مەلا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکیتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە بەکر هەروتی، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی هەروتە کۆنی خەلیفان – قەزای سۆران، لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندوز، ساڵی دواتر پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٣ی هەورێ، پاشان لە تیپی ١٩ی کۆڕەک درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.
لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ لە ڕیزی پارتیزانەکانی سنوری خەلیفان و حەریر درێژە بەخەبات

دەدات.

لـە ئێسـتادا پێشـمەرگەی خانەنشـینە، خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵـە.

تەیب محەمەد تۆفیق عەبدوڵڵا

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتا سـاڵی ١٩٦٩ لـە ناحیـەی پـردێ (ئاڵتـون کۆپـری) – پارێـزگای کەرکـوک لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە، بـە هـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، کەسـێکی چـالاک و دڵسـۆز و بەوەفـا بـووە، زوڵـم و سـتەمی ڕژێمـی داگیرکـەر بەرامبـەر هاووڵاتیـان بـە گشـتی و گەلـی کـورد بـە تایبەتـی هانـی دەدات بۆ کۆڕی خەبات و بەرەنگاربوونـەوە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی پـردێ، زۆر سـەرکەوتوانە و بەوپـەڕی وریاییـەوە کارەکانـی ڕێکخسـتن بـە ئەنجـام دەگەیەنێت، سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لـە پێشـمەرگایەتیدا ئازا و بوێر، چـالاک و خۆنەویسـت بـووە.

لـە دوای شـاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالیشـەوە بـەردەوام دەبێت لـە خەبـات و کاری پێشـمەرگایەتی، بـەو مەبەسـتە بەشـداری لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی دەشـتی هەولێـر دەکات بـۆ درێـژەدان بـە شـۆڕش، لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکەشـدا بەشـداریی بەرچاویـان

دەبێت.

خێزانـداره و خاوەنـی سـێ منداڵـه، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمه رگه یه.

تۆفیق ساڵح ئەمین قادر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـه ڕۆسـتەم، سـاڵی ١٩٦٦ لـه قـەزای مەخمـوور لـه خێزانێکـی نیشـتمانپەروەر و کۆڵنـەدەر هاتووەتـه دنیـاوه، توانیویەتـی تـا قۆناغـی ئامادەیـی درێـژه بـه خوێنـدن بدات، کەسێکی وشیار و دڵسۆز بووه، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بـه ڕێکخستنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردستانەوه دەکات لـه کەرتـی شـەهید حەیـدەر لـه مەخمـوور، زۆر بـه وریایـی و دڵسـۆزانه کارەکانـی ڕێکخسـتن جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردستانەوه دەکات لـه تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر، پاشـان لـه تیپـی ٨٧ی قەرەچـوغ درێـژه بـه خەباتـی پێشـمەرگانه دەدات، لـه پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی مەفـرەزه بـووه.

پـاش شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی خەباتگێـڕ و کۆڵنـەدەر بەشـداریی خەباتـی پارتیزانـی دەکات لـه ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی سـنوری هەولێـر، چونکـه وەک خـۆی دەڵێـت: «پارتیزانـی بـه کارێکـی پیـرۆز زانیـوه، وەک وەڵامێـک بـووه بـۆ ڕژێمـی عێراقـی کـه دەیـوت پێشـمەرگه نەمـاوه، پارتیزانەکانـی کوردسـتان سـەلماندیان کـه گەلـی کوردسـتان سـەنگەر چـۆڵ

ناکـەن و هـەر لـە بەرگریـدا دەمێننـەوە».
خێزانداره و خاوەنی شـەش منداڵـە، خانەنشـینی پێشـمەرگەیە و لـە مەخمـوور دادەنیشـێت.

تۆفیق مامەند ڕەمەزان ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناسـراو بـە تۆفیـق مامـە، سـاڵی ١٩٦٦ لـە ناحیـەی گوێڕی قـەزای مەخمـوور لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە، لەبـەر ئـەوەی لـە خێزانێکـی هـەژار بـوو، قۆناغـی منداڵی و لاوی بـە کارکـردن بردووەتـە سـەر هـەر بۆیـە نەیتوانیـوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام کەسێکی هۆشـیار و زرنگ بووە، زوو هەسـتی بـە چەوسـانەوەی گەلەکـەی کـردووە لەلایـەن ڕژێمـی داگیرکـەری بەعسـەوە، هـەر بۆیـە لـە تەمەنـی مێردمنداڵییـەوە پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە هەولێـر، کارەکانـی ڕێکخسـتن بـە وریایـی و گیانێکـی لەخۆبوردووانـەوە جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپی ٨٦ی دەشـتی هەولێر، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێر دەبێت و دەبێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت.
لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال درێـژە بـە کاری پێشـمەرگانە دەدات و ڕۆژگاری سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سـنوری دەشـتی هەولێر، وەک خـۆی دەیگێڕێتـەوە:

له مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٨ برسێتی زۆریان بۆ دێنێت، ئێوارە کە تاریک دادێت خۆیان دەکەن بە کۆمەڵگای کەسنەزاندا بە مەبەستی نانخواردن، بەڵام خواردنیان دەست ناکەوێت و بەو شەوە لە کەسنەزان دەردەچن بۆ نزیک بنەسڵاوە، بەیانییەکەی دوو مێردمنداڵ دەبینن کە شوانن و خەریکی مەڕلەوەڕاندنن، لێیان نزیک دەبنەوە و داوای خواردنیان لێ دەکەن، ئەوانیش پریاسکەکەیان دەردەهێنن و چا و خواردنیان بدەنێ، لەو کاتەدا هێزێکی دوژمن بەرەو ڕوویان دێت و دەکەونە شەڕەوە لەگەڵیان، بەڵام خۆشبەختانە دەتوانن دەربازیان بێت و بەبێ زیان لە ناوچەکە دوور بکەونەوە.

لە ئێستادا لە هەولێر دادەنیشێت خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە، خانەنشینی پێشمەرگەیە.

حەسەن مەحموود محەمەد قادر

پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە ئارام چاوشین، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی کورانی شاری هەولێر لە خێزانێکی هەژار و کۆڵنەدەر هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی چالاک و دڵسۆز و بەوەفا بۆ هاوڕێ و بۆ نەتەوەکەی، ساڵی ١٩٨٣ دەچێتە کۆڕی خەبات و پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شاری هەولێر، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و لە خۆبوردییەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە دەستەی مەڵبەندی

٣ی هەولێر، لە پێشمەرگایەتیدا بوێر و ئازا بووە و هەر لە پێشمەرگایەتیدا بە خەستی بریندار دەبێت.

لە دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی هەولێر دەمێنێتەوە، لەو ماوەیەدا چالاکیی ڕێکخستن و دروستکردنەوەی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکانی ناسراو و کوردپەروەردا دەبێت، لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت.

خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە، ئێستا لە دەرەوەی نیشتمان، لە هەندەران دەژی.

حسێن ئەحمەد خدر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە کاکە شۆرەیی، ساڵی ١٩٥٦ لە خێزانیکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری قەزای چۆمان- پارێزگای هەولێر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، گەرچی بەهۆی هەژاری خێزانەکەیی و کارکردنەوە نەیتوانیوە سودمەندبێت لە پرۆسەی خوێندن، بەڵام هەستێکی بەرزی هەبووە بۆ کوردایەتی و هاوکاری دۆست و دەوروبەرەکەیی، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، لە ناوچەی ٦ی چۆمان. هەمان ساڵ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر دەبێت، لەپێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

دوای شالاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە خەباتی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لەسنوری وەرتی درێژە بەکاری شۆڕشگێڕی دەدات.
بەداخەوە ساڵی ٢٠١٨ کۆچی دوایی دەکات، لەزێدی خۆی لە چۆمان بەخاک دەسپێردرێت، دوای خۆی هاوسەر و هەر شەش منداڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

حەمید حاجی عەبدوڵڵا ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مامۆستا حەمید، لە کۆتایی شەستەکان لە گوندی شارسینی ناحیەی خەلیفان
قەزای ڕەواندز، لە خێزانێکیزەحمەتکێش و بەهەڵوێست هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری هەولێر تەواودەکات، دوای ڕاپەڕین و پرۆسەی ئازادی عێراق درێژە بەخوێندن دەدات و ئامادەیی لە هەریر و پاشان کولێژی بازرگانی زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات.
ساڵی ١٩٨٦ لەتەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە سنوری تیپی ٩٣ی کۆیە، دوای شالاوەکانی ئەنفال لە تیپی ١٩ی کۆڕەک وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری بالیسان و دۆڵی ئالانە و دەشتی هەریر درێژە بەخەباتی پێشمەرگانە دەدات.

لـە ئێسـتادا پێشـمەرگەیە بـە پلـەی عەقید لـە هێـزی یـەدەک/ یەکـەی ١٥٦، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

جەلال حەمە ئەمین خدر حەمەد ئەمین

ناسـراو بـە جـەلال سـۆرکانی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٥٥ لـە گونـدی پونگینـەی ناحیـەی هیـران – قـەزای شـەقلاوە لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، لەبـەر هـەژاری و کارکـردن نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، بـەڵام کەسـێکی هۆشـیار و دڵسـۆز و چـالاک بـووە، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە شـەقلاوە، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر چالاکانـە و بـە لەخۆبردووییـەوە جێبەجـێ دەکات، لـە سـەرەتای پایـزی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٩٣ی هـەورێ، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر بـەردەوام دەبێـت لـە درێـژەدان بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی لـە ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی سـنوری هەولێـر، لـەو بـارەوە دەڵێـت:

«پارتیزانـی وەفـاداری بـوو بـۆ یەکێتیـی و خوێنـی شـەهیدان، وەفاداریی یەکێتییش بۆ پارتیزانەکان ڕێزلێنان و پاداشـتکردنیانە بـۆ فیـداکاری و قوربانیدانەکانیـان.»

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خیزانداره و خاوەنی پێنج منداڵە.

جەلال خورشید ڕەشید عەوڵڵا

ناسراو بە جەلال ئیلنجاغی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی ئیلنجاغی گەورە لە سنوری ناحیەی تەق تەق – کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە تەق تەق تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە، لە ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٥ پێشمەرگە بووە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەتالیۆنی قەندیل لەسەر چەکی دژە ئاسمانی لەسەر چیای مامەڕووتە لە سنوری چۆمان- قەسرێ. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر لەخۆبردووانە و بەدڵسۆزییەوە کارەکانی ڕێکخستنی جێبەجێ کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، بەشداریی هێزی پشتیوانیی کردووە لە ڕۆژهەڵات، ساڵی ١٩٨٣ بوو بە فەرماندەی مەفرەزە و ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، پاشان دەکرێت بە فەرماندەی کەرت، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر بووە، چەند جارێک لە چالاکیی پێشمەرگانەدا بریندار دەبێت، جارێکیش بە چەکی کیمیایی بریندار دەبێت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگە

و فەرماندەیەکی کۆڵنەدەر دەگەڕێتەوە سنورەکە و درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕی و درێژە بە شۆڕش دەدات، لە پێش ڕاپەڕین و لە ڕەوتی خۆسازدانەوە دەگەڕێتەوە دەشتی هەولێر، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانیی دوای ئەنفال، خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی گرنگ و جیاواز بوو، درێژەپێدانی شۆڕشی نوێ بوو، ئەگەر پارتیزانی بەردەوام نەبووایە، دووبارەبوونەوەی ئاشبەتاڵێکی تر دەبوو، درێژەپێدانی شۆڕش لە وڵاتێکی سووتماک و کیمیابارانکراودا کە هیچ ناوچەیەکی ئاوەدانی نەمابوو، گوند بە گوندی کوردستان خاپوور کرابوو جگە لە شارە گەورەکان، شۆڕشکردن لە هەلومەرجێکی ئاوادا، زۆر سەخت و دژوار بوو.

لە دوای ڕاپەڕینەوە چەندین پلە و لێپرسراوێتیی سەربازیی پێ سپێردراوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دەکرێت بە بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت و گازی هەرێم. لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

جەمال حەوێز مستەفا خدر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە جەمال هەڕوتی، ساڵی ١٩٥٦ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری گوندی هەروتە کۆنی دۆڵی ئالانەی ناحیەی خەلیفان- قەزای ڕەواندز هاتووەتە ژیانەوە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری هەولێر تەواوکردووە،

لـە قۆناغـی ناوەندیـدا پەیوەنـدی بـە شـۆڕشـی ئەیلولـەوە دەکات لـە ڕانیـە، پـاش بۆردومانکردنـی شـاری قـەڵادزێ قوتابخانەکەیـان دادەخـرێ و بەخێزانـی ئـاوارەی ئێـران دەبـن، سـاڵی ١٩٧٥ دوای هەرەسـهێنانی شـۆڕشـی ئەیلـول، لەلایـەن بەرپرسـانی ئێرانیـەوە بەشـێوەیەکی ناشـیرین مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکرێـت، بۆیـە دەگەڕێنـەوە کوردسـتان و قۆناغـی ئامادەیـی تـەواودەکات.

لـە ١٩٧٧/٩/٢١ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە کۆمیتـەی ڕاپەڕیـن، پـاش ئاشـکرابوونیان، چەنـد هەڤاڵێکیـان دەسـتگیر دەکرێـت و دواتـر لـە سـێدارە دەدرێـن، ئەوانیـش شـەهید ناسـر، شـەهید خـدر، شـەهید موحسـین دەبـن.

بەشـەکەی تریـان کـە دەربازیـان دەبێـت، پەیوەنـدی بەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکـەن. بۆیـە ئـەم پارتیزانـەش پەیوەنـدی بەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە سـنوری تیپـی ١٢ی سـۆران، پاشـان لـە تیپـی ١٩ی کـۆڕەک درێـژە بـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.

بەشـداری زۆربـەی چالاکـی سـنورەکەی خۆیـان دەکات، پلەکانی پێشـمەرگایەتی تا جێگری فەرماندەی تیپ بەرزدەبێتەوە.

دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان، درێـژە بەخەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات لـە سـنوری دۆڵـی بالیسـان و دەشـتی هەریـر.

ئەندامـی خولـی پێنجەمـی پەرلەمانی کوردسـتان/ فراکسـیۆنی سـەوز بـوو، خێزاندارە و خاوەنـی سیازدە منداڵە.

خالید عوسمان محەمەد تەها

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە خالیدی حاجی عوسـمان، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی شـێخ وەتمانـی قـەزای چۆمـان- پارێـزگای هەولێـر هاتووەتـە دنیـاوە، خوێندنـی ئامادەیـی تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتیـی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتانەوە کـردووە لـە ناوچـەی ٦ی چۆمـان، دواتـر لەسـاڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لـە تیپـی ٧٨ی کارۆخ، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت.

دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سنوری وەرتـێ کۆڵنەدەرانـە درێـژە بەخەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات. لەبـارەی پێشـمەرگایەتییەوە دەڵێـت: یەکێتیـی بـە خەبـات و تێکۆشـان و دڵسـۆزی گەشـەی کـرد تاگەیشـتە لوتکـە و لـە ڕاپەڕینـدا تاجـی سـەرکەوتنی لەسـەرنا.

لـە ئێسـتادا جێگری یەکـەی ١١٨یـە بەپلـەی لیـوا، خێزانداره و خاوەنـی چـوار منداڵـە.

ڕەفعەت عەبدوڵلا پیر داود

ناسـراو بـە ڕێبـاز، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٥٢ لە خێزانێکی زاحمەتکێش و نیشـتمانپەروەری گونـدی دەربەنـدی گۆمـی ناوچـەی کەندینـاوای

خـواررووی هـەولێـر هاتووەتـە دنیـاوە، ئامادەیـی کشـتوکاڵی هەولێـری تـەواو کـردووە، لـە ڕێگـەی یەکێتیـی قوتابیانـی کوردسـتانەوە سـاڵی ١٩٦٥ پەیوەندیـی بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە دەکات، لە سـاڵی ١٩٧٢ خولی کادرانی ئەو حیزبە لـە ناوپردان تـەواو دەکات و وەک کادری پارتـی دەسـتی بـە کار کـردووە، تـا کۆتایـی شـۆڕشـی ئەیلول بـەردەوام دەبێت و دوای ئاشـبەتاڵ دەگەڕێتـەوە شـاری هـەولێر. سـاڵی ١٩٧٥ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات و سـاڵی ١٩٧٦ دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی هـەرێمی هـەولێر، کـە عەبدولـڕەزاق محەمـەد عومـەر سـەرپەرشـتیی دەکـرد، سـاڵی ١٩٧٧دا لـە ئەنجامـی ئاشـکرابوونی لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـی بەعسـەوە، شـاری هـەولێـر بەجـێ دەهێڵێت و لـە هـەرێمـی ٨ی دەشـتی هـەولێـر ژیانـی پێشـمەرگایەتی دەسـت پـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٣ دەبێتـە فەرماندەی کەرتـی ٣ی تیپی ٨٣ی هـەورێ، پلەکانی پێشـمەرگایەتی بـە سـەرکەوتوویی بڕیوە و لـە کۆتاییدا بـووە بـە لێپرسـراوی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هـەولێـر.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال بـۆ مـاوەی چـواردە مانـگ بـە شێوەی پارتیزانی لە سنوری هەولێر دەمێنێتەوە و سەرپەرشتیی یەکـە پارتیزانەکانـی سـنوری مەڵبەنـدی ٣ی هەولێـر دەکات، لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١ ڕۆڵێکـی بەرچـاوی لـە ڕزگارکردنـی شـارەکانی کۆیـە و هەولێـر و کەرکوکـدا هەبـووە.

زۆر بەداخـەوە ئـەم فەرماندە پارتیزانـەی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان لـە شـەڕی نەگریسـی ناوخـۆدا سـاڵی ١٩٩٤ پـاش ئـەوەی بـە دیل دەگیرێت لـە ناوچـەی دهـۆک شـەهید دەکرێت.

شەهید ڕێباز تەنها فەرماندەیەکی ئازا و کادرێکی لێهاتوو نەبوو، ئەو لە هەمان کاتدا نووسەرێکی بەتوانایش بوو، کتێبی قەندیل بەغدادی هەژاند. کتێبێکی ئاستبەرزی بەڵگەداری مێژووییە، کە دەتوانرێت سوودێکی زۆری لێ ببینرێت، کە یاداشتی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی و زەبروزەنگی دوژمن و هەلومەرجی ئەو ڕۆژگارەی تێیدا تۆمار کردووە، لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژە بەو ڕۆژگارە دەکات کە شۆڕشی نوێ دەستی پێ کردەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت:

«شۆڕشی نوێی کوردستان کە لە هەلومەرجێکی وا دژوار و ئەستەم دەستی پێ کردەوە، شایانی ئەوەیە دەیان پەرتووکی لەسەر بنووسرێت، دەستپێکردنەوەی شۆڕش، خۆی لە خۆیدا پاڵەوانێتییە، حکومەتی عێراقی وا لەخۆبایی و بەهێز، ئەوەندە تینوو بە خوێنی گەلەکەمان، بەرەنگاربوونەوەی کارێکی ئازایانە و دلێرانەیە، ڕژێمی عێراق پاش شکستی شۆڕشی ئەیلول وەکو سەگی هاری لێ هاتبوو، هەر کەسێک بۆنی کوردایەتیی لێ هاتبایە بە قەمە دەیکوشت.

بەعسییەکان دروشمی نەمانی کوردیان هەڵگرتبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو سیاسەتەیان بە کردەوە پیادە دەکرد، دەیانویست کورد نائومێد بکەن و کوردایەتی لە دڵ و دەروونی خەڵک دەربهێنن و وەکو کوردەکانی برامان لە سەروو- کوردانی تورکیا – پەرتەوازەمان پێ بکەن، تاکو بێخاکمان بکەن و بە ئارەزووی خۆیان پیلانە بۆگەنەکانیان جێبەجێ بکەن... لەو ڕۆژەی کە دنیا پشتیوانیی لە ڕژێمی عێراق دەکرد، چەند تێکۆشەرێکی ئەو میللەتە هەژار و بێکەسە، بێ ئەوەی هیچ پشتوپەنایەکی

دەرەوەی هەبێت، بێ ئەوەی هیچ یارمەتییەک هەبێت بە چەند چەکێکی کۆنی شاردراوەی ژێرزەمین بەرەنگاریی ئەو ڕژێمە بەهێز و لەخۆباییە بوونەوە، کە تا کورد مابێ جێگای شانازین و کارێکی ئەوەندە دلێرانە و ئازایانە و مەردانەیان ئەنجام دا، کە کەم میللەت لە دنیا بە خۆیەوە بینیوێتی.»[1] لە کتێبی نرکەی کوردستان، باس لە بەسەرهاتەکانی ئەو کاتەی عێراق و کوردستان دەکات لە پێش ڕاپەڕین و سەروبەندی ڕاپەڕیندا، ڕۆژانی ئازادکردنی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و بەرەنگاریی خەڵک و هێزی پێشمەرگە لە ڕژێمەکەی سەدام حسێن لە کاتی پەلاماردانەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکان. لە بارەی شەڕی کۆڕێوە دەڵێت:

«لە بەدبەختی و چارەڕەشیی گەلی کورد، حیزبە سیاسییەکانی کوردستان حەز ناکەن لە کاتی شەڕیش لەگەڵ دوژمن پێشمەرگەکانیان تێکەڵاو بن، دەربەندی کۆڕێ ئەو زنجیرە چیایە شەق دەکات، لای ڕۆژهەڵات وەبەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کەوت و ڕۆژئاواش وەبەر برادەرانی پارتی و حشع کەوت، من سەرپەرشتیی جەبهەکەی خۆمانم دەکرد، شەوان لەسەر چیا دەنووستم، نانمان بەزەحمەت دەست دەکەوت، بەبێ بەتانی و شت لەسەر چیا دەماینەوە.»[2] شەهید ڕێباز لە سەروبەندی خەباتی پارتیزانیی دوای ئەنفال، نامیلکەیەک لە بارەی شەری پارتیزانییەوە دەنووسێت و بە سەلیقەیەکی شۆڕشگێڕانە، چۆنێتیی خەباتی ئەو قۆناغە

---

[1]- هەمان سەرچاوە... لاپەڕە ٦١٥

[2]- قەندیل بەغدای هەژاند چاپی سێیەم..٢٠١٧ لاپەڕە ٦و ٧

و جەنگی پارتیزانـی ڕوون دەکاتـەوە، کـە دەتوانرێـت وەک لێکۆڵینەوەیەکـی ئەکادیمـی سـەیر بکرێـت، شـەهید ڕێبـاز لـەو نامیلکەیـەدا زۆر بـە وردی و بـە ڕوونـی لەسـەر چۆنێتیـی هەڵسـوکەوت و پەیوەندی و جموجوڵی پێشـمەرگە پارتیزانەکان دواوە، بـە شـێوەیەک کەمترین زیـان بە پێشـمەرگە و هاووڵاتیان بکەوێت، لـە هەمـان کاتدا دوژمـن هەراسـان بکرێت و زیانـی پێ بگەیەنرێت. لـەو نامیلکەیـەدا زۆر مەرجـی بـۆ پارتیـزان دانـاوە، کـە دەبێـت پارتیـزان چـۆن بێـت؟ هـەم لـە ڕووی تەمـەن و جەسـتەوە، هـەم لـە ڕووی هۆشـیاری و بیروبـاوەڕەوە، تەنانـەت دیاریکردنـی هەڵسـوکەوتی پارتیزانـەکان لـە وەرزە جیاوازەکانـدا. بۆ زیاتـر ئاشـنابوون دەتوانـن سـوود لـە کتێبـی (قەندیل بەغدای هەژاند–ڕێبـاز– چاپـی سـێیەم... لاپـەڕە ٦٨٣ بـۆ ٧٠٦).

ڕێبین محەمەد سۆفی ئومەر

پارتیزان و فەرماندەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسـراو بـە دکتـۆر ڕێبیـن، سـاڵی ١٩٥٨ لـە شـاری هەولێـر لـە خێزانێکـی شۆڕشـگێڕ و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، هـەر لـە هەڕەتـی لاوییـەوە هەسـتی بـە سـتەم و زوڵـموزۆری دوژمـن کـردووە بەرامبـەر نەتەوەکـەی، هـەر ئەم هەسـتەیش هانی دەدات بـۆ چوونـە کـۆڕی خەباتـی کوردایەتـی، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـە شـاری هەولێـر، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پاش سـاڵێک دەچێتـە کەرتـی

ڕێکخستنی تیپی ٨٣ی هەوریێ، دواتر بۆ تیپی ١٩ی کۆڕەک و پاشان دەبێت بە ڕابەرسیاسیی تیپی ٧٨ی کارۆخ، پاشان لە کاتی ئەنفالەکاندا دەگوازرێتەوە بۆ تیپی ١٢ی سۆران و دەبێت بە جێگری تیپ، کە لێپرسراوی تیپەکە لەو کاتەدا (عەبدوڵڵا بۆر) بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک فەرماندەی مەفرەزەی پارتیزان دەگەڕێتەوە سنوری تیپی ١٢ی سۆران، بەو شێوەیە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات تا کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١.

لە دوای ڕاپەڕین، لە کاتی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا، دەبێت بە پارێزگاری هەولێر، کە بارەگاکەی لە شاری کۆیە دەبێت، لە دوای گەڕانەوەی ئارامی و گونجانی هەلومەرجی خوێندن، بواری بۆ دەڕەخسێت، درێژە بە خوێندن دەدات و دەتوانێت بڕوانامەی دکتۆرا لە بواری یاسای دەستووریدا بەدەست بهێنێت.

ئەم کادرە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێستا خانەنشینی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە جێگری پارێزگار، لە هەمان کاتدا مامۆستای وانەبێژە لە زانکۆ، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

لە بارەی قۆناغی پارتیزانییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

«شەڕی پارتیزانی، لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانی جیهان لە سەدەی بیستەمدا لە وڵاتانی ئەفریقا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین برەوی هەبوو. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان،

لـە ڕووی فیکرییـەوە تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە ژێـر کاریگەریـی شۆڕشـەکانی ئەواندا بـوو، بۆیـە بە شـێوازی پارتیزانی شۆڕشـی دەسـت پـێ کـردەوە. لـە دوای ئەنفالەکانیـش، پێشـمەرگەکانی یەکێتـی لـە کوردسـتان و لـە دەڤـەری سـۆران، وەکـو دەشـتی هەولێـر و گەرمیـان و ناوچەکانـی تـر بـە مەفـرەزەی پارتیزانـی وەڵامـی مەرامـە گڵاوەکانـی دوژمنیـان دایـەوە، کـەس نەبـوو بـە بیروبـاوەڕ و خۆڕاگریـی پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال سەرسـام نەبـێ، چونکـە لـە زەمـان و زەمینێکـدا پارتیـزان بـوون، هیـچ بنەمایەکـی ژیانـی مرۆڤایەتیـی تێـدا نەمابـوو.

لـە ڕاسـتیدا، لـە مێـژووی جووڵانـەوەی کوردایەتیدا دەڤـەری سـۆران هەمیشـە وەک لانکـەی شـۆڕش و بەرخـۆدان بـووە، ئـەو ناوچەیـە لـە سـەرەتای سـاڵانی شەسـتەکانەوە تا نیوەی دووەمی سـاڵی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو بـارەگای سـەرکردایەتیی شۆڕشـی ئەیلولی لێ بووە، لە دوای هەرەسـی شۆڕشـی ئەیلول، یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان، کـە لـە ڕێکەوتـی ١٩٧٥/٦/١ دامـەزرا، توانیـی لـە دەڤـەری سـۆران ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبێـت و جێگـەی شۆڕشـی ئەیلـول بگرێتـەوە.

شاسـوار جـەلال (شـەهید ئـارام)، لـە حوزەیرانـی ١٩٧٦دا بـە نـاوی لێژنـەی سـەرکردایەتیی دەسـتە چەکدارەکانـەوە، پەیڕەوی بـۆ ڕێکخسـتنی هێـزی پێشـمەرگە سـەرەتاییەکان دەرکـردووە. ئەوسـاکە، بـە پێـی قۆناغەکـە هـەر مەفرەزەیـەک دەبـوو ژمارەیـان (٨-١٢) پێشـمەرگە بێـت، بـەم شـێوەیە لـە هەمـان سـاڵدا، مەفرەزە سـەرەتاییەکان چالاکییەکانیـان بـە پارتیزانـی دەسـت پـێ کـرد. ئەو دەمـە ئەرکـی سـەرەکییان جاڕدانـی دەسـتپێکردنەوەی خەباتـی

چەکداری بوو، لە ناوچە گوندنشینەکاندا.

دەڤەری سۆران، لە نەخشەی سیاسی و حزبیی ئێستای یەکێتیدا قەزاکانی (شەقڵاوە، سۆران، ڕواندز، چۆمان) دەگرێتەوە، کە هەموویان سەر بە پارێزگای هەولێرن، ئەو دەڤەرە لە ساڵی ١٩٧٦وە بۆتە مەیدانی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی و پێشمەرگایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چونکە لە سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی نوێوە، وەک ناوچەکانی قەرەداغ و شارەزوور پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی لێ هەڵکەوتووە و بە خەباتی پارتیزانی ڕووبەڕووی دوژمنی گەلەکەیان بوونەتەوە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٦دا چەندین شەڕ و پێکدادان لە نێوان مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی و جەماوەری ناوچەکە لەلایەک و سوپای دوژمن لە لایەکی تر ڕوویان داوە، بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

ئەو کاتەی ڕژێم خەریکی ڕاگواستنی گوندەکانی سەر سنور بوو، پێشمەرگە پارتیزانەکان و جەماوەریش ڕێگرییان لێ دەکردن، لە ١٩٧٦/١١/٢٣، سوپای ڕژێم هێرشی کردە سەر دۆڵی باڵەییانی باڵەکایەتی، پێشمەرگە و جەماوەر لێیان هاتنە دەست و (٥٥) سەربازیان لێ کوشتن.

- لە لای ڕەواندوز، سوپای دوژمن لە ١٩٧٦/١١/٢٥، چوونە گوندی گەرەوانی خواروو، پاش پشکنین و سووکایەتیکردن بە دانیشتووانی گوندەکە، بەرەو گەرەوانی سەروو ڕۆشتن، لە ڕێگادا کەوتنە بۆسەی چوار پێشمەرگەی پارتیزان و شەڕ دروووست بوو، دواتر جەماوەر بە ژن و پیاوەوە پەلاماری

هێزەکەی دوژمنیان دا، (٤٥) سەربازیان لێ کوشتن، بەداخەوە لەم شەڕەدا دوو هاوڵاتی شەهید بوون.

- سوپای عێراق لە ١٩٧٦/١٢/١٧ بە مەبەستی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان، چوونە باڵەکایەتی، لە گوندی وەڵزێ پێشمەرگە ڕووبەڕوویان بوونەوە، دەیان سەربازیان لێ کوشتن، ئەو چالاکییانە لە ساڵی ١٩٧٧دا چەند هێندە زیاتر بوون و هەموو ناوچەکانی دەڤەری سۆرانی گرتبووەوە.

ئەو فەرماندانەی لە ساڵەکانی (١٩٧٦-١٩٧٧) سەرپەرشتیی ئەو چالاکییانەیان دەکرد: قادر خەبات و برایمی حاجی کوێخا و مولازم سەید کریم هاودیانی و برایم حسێن وەسانی و حمید باتاسی و مەحموود سەیدە و ڕەحمان بسک و گەلێکی تریش بوون.

یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧، بە سەرۆکایەتیی مام جەلال، لە دەڤەری سۆران، لە گوندێکی برادۆست کراوە، بە کورتی ئەوە مێژووی خەڵکی شۆڕشگێڕ و مەفرەزە پارتیزانە سەرەتاییەکانی یەکێتیی بوو لە سۆران.

زۆربەی خەڵکی کوردستان لەبیریانە، کە (ی.ن.ک) لە ساڵانی هەشتاکاندا، گەورەترین هێزی چەکداریی کاریگەری سەر گۆڕەپانەکە بوو، ناوچەیەکی زۆری کوردستانی کۆنترۆل کردبوو، بەڵام لەبەر دڕندەیی شاڵاوی ئەنفالەکان هەمووی لەدەست دا. شەڕی هەشت ساڵەی (عێراق-ئێران) لە ساڵی ١٩٨٠ دەستی پێ کرد، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا ناوچەی ئازادکراو و نیمچەئازادکراو پەیدا بوو. یەکێتی بارەگای

مەڵبەندەكانی لە سنوری پارێزگاكان دانا، هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە جێگیر بوون و پێشمەرگە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەی كرد، لەپاڵ ئەوەشدا شێوازی شەڕەكانی پێشمەرگە، جگە لە شێوەی شەڕی پارتیزانی كەوتە قۆناغی شەڕی جووڵەجووڵ و پەلاماردان و زۆر جاریش شەڕی بەرگریی توند، تەنانەت شەڕی بەرەیی سەد ڕۆژەی (قەیوان-ماوەت) لەگەڵ سوپای عێراق كرا و ساڵانی (١٩٨٦-١٩٨٧) شەڕی قورس و یەكلاكەرەوە لەگەڵ سوپای بەعس ڕوویان دا، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨، سوپای ڕژێمی بەعس قۆناغە یەک لە دوای یەكەكانی ئەنفالی بۆ خاپووركردنی گوندەكان و تێكشكاندنی هێزی پێشمەرگەی كوردستان دەست پێ كرد، هەرچەندە هێزی پێشمەرگە ئازایانە و بە شێوازی شەڕی بەرەیی ڕووبەڕوی شاڵاوەكانی ئەنفال بونەوە، بەڵام دوژمن لەو شەڕانەدا هەموو جۆرە چەكێكی كۆمەڵكوژی قەدەغەكراوی لەسەر پێشمەرگە و خەڵكی بێگوناحی گوندەكان و شارۆچكەی پڕ لە خەڵكی هەڵەبجە تاقیكردەوە، بەم شێوە دوژمن لە ئەنجامی پێنج قۆناغی یەكەمی ئەنفالدا توانیی سنوری مەڵبەندەكانی یەک و دووی سلێمانی و كەركوک بگرێتەوە، پێشمەرگە بەرەو سنورەكانی ئێران پاشەكشەیان كرد و زۆربەی جەماوەری سنورەكەشیان ئەنفال كران.

قۆناغی شەشی ئەنفال لە ١٩٨٨/٥/٢٥، لە سنوری مەڵبەندی سێی هەولێرەوە دەستی پێ كرد، شەڕەكانی بەرگریكردن لەو قۆناغەی ئەنفال، هەموویان لە دەڤەری سۆران بوون، پێشمەرگە لە ماوەی یەک مانگ بەرەنگاربوونەوەدا توانیی

سوپای ئەنفالی قۆناغی شەش تێک بشکێنێ و پێشڕەوییەکانی ڕابگرێ، ئەمەش وای لە ڕژێم کرد، بۆ ماوەی یەک مانگ زیاتر شەڕ لە هەموو بەرەکان ڕابگرێت.

لە مانگی ١٩٨٨/٧دا، مەڵبەندی سێی هەولێر لە پێناوی ڕێکخستنەوەی هێزەکانیدا، زنجیرەیەک کۆبوونەوەی فراوان و سەرکەوتووی بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت ڕەسوڵ علی لە بارەگای مەڵبەند، لە گوندی توتمەی دۆڵی بالیسان ئەنجام دا. بڕیار درا هێزی پێشمەرگە بکرێت بە دوو تەشکیلە:

یەکەم/ تیپەکانی ڕێکخستەوە و وەک خۆی هێشتیەوە.

دووەم/ تەشکیلەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی دروست کرد.

لە بەرامبەردا دوژمنیش پاش شکستەکەی لەو ماوەیەدا دوو فەیلەقی سوپاکەی لەگەڵ جاشێکی یەکجار زۆر بۆ ئابڵووقەدانی حەوزی مەڵبەندی سێ کۆ کردەوە، ئەوە لە کاتێکدا بوو شەڕی (عێراق-ئێران)یش ڕاوەستابوو، ئەوەش دەرفەتی ئەوەی بە ڕژێم دا زۆرترین هێزی خۆی کۆ بکاتەوە، لە ڕاستیدا ڕژێم دەیوست بە چەکی کۆکوژ لەو هێزەی پێشمەرگە بدات و بەتەواوی لە ناوی ببات، سوپای ڕژێم بۆ ئەو مەبەستە، کاژێری سفری هێرشەکەی لە شەشی بەیانیی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ دانابوو، کە دەیکردە ڕێکەوتی دەستپێکردنی قۆناغی حەوتەمی ئەنفال، بەڵام سەرکردایەتیی یەکێتی لە نیازە گڵاوەکەی سوپای ڕژێم ئاگادار بوو، بۆیە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٦دا، بڕیاری چوونەدەرەوەی لەناو ئابڵووقە دابوو. بەم شێوەیە هێزی پێشمەرگەی مەڵبەندی سێ، بەشە زۆرەکەی کە تیپەکان بوون، لە ماوەی (٤٨) سەعاتدا بەرەو

سنوری ئێران بە ڕێکوپێکی پاشەکشەیان کرد، هاوکات پارتیزانەکانیش ڕووەو شوێنە دیاریکراوەکانی خۆیان بەڕێ کەوتن، بە مانایەکی تر: سوپای ڕژێم لە قۆناغی حەوتی ئەنفال هەموو خاکی ئازادکراوی مەڵبەندی سێشی گرتەوە.

هەر وەک بۆیان دیاری کرابوو، مەفرەزە پارتیزانەکانی مەڵبەندی سێ، بەوانەی سۆرانیشەوە، لە سنورەکانی خۆیان بڵاو بوونەوە. هەموو پارتیزانەکانی سنوری مەڵبەندی سێ، حەسەن کوێستانی لێپرسراویان بوو، ڕێباز عەبدوڵڵا جێگری بوو، پارتیزانەکانی دەڤەری سۆران بە ویست و ئارەزووی خۆیان ئەم شێوە خەباتەی دوای ئەنفالیان هەڵبژاردبوو. لەوانە: پێشمەرگەی ئازا و کادر و فەرماندەی بەتوانا و سەرکردەی خۆنەوستی وەک حەسەن کوێستانیی تێدا بوو. هەموویان لە ناوچە سووتماککراوەکانی سۆراندا مانەوە و مەیدانی خەبات و پێشمەرگایەتییان بۆ دوژمن چۆڵ نەکرد، بە پێی ئەو نەخشەیەی سەرکردایەتی بۆی دانابوون ڕەفتاریان دەکرد.

مەفرەزەکانی سۆران ئەوانە بوون: ڕێبین محەمەد سۆفی لێپرسراوی مەفرەزەیەک بوو، سنوری چالاکیی ناحییەکانی حەریر و خەلیفان بوو. جەمال هەروتی بۆ دۆڵی هەروتیایەتی دانرابوو، جەلال حاجی لێپرسراوی مەفرەزەیەک بوو بۆ سنوری قەزای سۆران دانرابوو، بەڵام ماوەیەک لەگەڵ مەفرەزەکەی کوێستانی لە دۆڵی مەلەکان و بناری کۆڕەک بوون. دواتر ماوەیەکی زۆر لە بەری گەڵاڵە و دۆڵی ڕۆستێ مانەوە. ڕەحمانی حاجی خدر و مامۆستا ڕێبوار لە سنوری وەرتێ و دۆڵی بۆتێ بوون، نابێ ئەو ڕاستییە بشارینەوە،

کە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتیی لە شار و شارۆچکەکان، گەورەترین پاڵپشتی پارتیزانەکان بوون، بۆ مانەوە و حەوانەوە و تەنانەت ژیاندنیشیان. بێگومان هەلومەرجەکەی دوای ئەنفال هێندە سەخت و دژوار بوو، هەموو پێشمەرگەیەک بەرگەی ئەو ناخۆشییانەی نەدەگرت، بۆیە مەفرەزەیەک هەر لە مانگی یەکەمدا هەڵوەری، مەفرەزەکەی حسن کوێستانی پاش چل ڕۆژ لەسەر داوای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی گەڕانەوە بۆ سەر سنور، هەندێکیش پاشی دوو مانگ پارتیزانی گەڕانەوە سەر سنور، چەند پێشمەرگەیەکیش لە لێبووردنە گشتییەکەی ١٩٨٨/٩/٦ی ڕژێم، خۆیان ڕادەست کردەوە، دوا مەفرەزەش لە ١٩٨٨/١٢/٢٢، گەیشتەوە قاسمەڕەشی سەر سنور، دوای گەڕانەوەی ئەو مەفرەزانە، ساڵی دواتر مەفرەزەی تر هاتنەوە سنورەکانی دەڤەری سۆران. بۆ نموونە، مەفرەزەی محەمەد فەقێ ئەحمەد، ناسراو بە محەمەد بیکەیسی، لە سنوری خۆشناوەتی ماوەیەک جەولەی کرد، پارتیزانێکیان کە ناوی غازی بوو لە چالاکییەکدا شەهید بوو، عەبدوڵڵا بۆر و عوزێر فەقیانەیی و جەلال حاجی، هەموویان بە مەفرەزەیەکی گەورەوە هاتنەوە سنوری ڕەواندز بۆ چالاکیکردن و ماوەیەک مانەوە. مەفرەزەی ڕەحمان سەیدە دەچووە دۆڵی باڵەییان و باڵەکایەتی، سنوری دەڤەری سۆران تا ڕاپەڕین، مەفرەزەی پارتیزانی لێ نەبڕا.

دەبێت بەراوردێکی زەمان و زەمینی سەردەمی پارتیزانەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ و پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، لە کوردستان بە گشتی و دەڤەری

سۆران بە تایبەتی بخەینە ڕوو، تا لەو ڕێگایەوە لە گرنگی و بایەخی خەباتی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال تێبگەین.

سەرەتا لێکچونەکانیان:

– پارتیزانەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان و مەفرەزە پارتیزانەکانی دوای ئەنفالەکان پێشمەرگەی هەڵبژاردە بوون.
– هەردووکیان پێشمەرگەی مەفرەزەکانیان بە ئارەزوومەندانە ئەو شێوە خەباتە پڕ لە مەترسییەیان هەڵبژاردبوو.
– ژمارەی پارتیزانەکانی مەفرەزەکانیان لە یەکتری نزیک بوون.
– هەردووکیان دوژمن لە پێناوی لەناوبردنیاندا، لە زەوی و ئاسمانەوە بە دوایاندا دەگەڕا.
بەڵام جیاوازییەکانیان زۆر لە لەیەکچوونەکانیان زیاتر بوو، وەک ئەمانەی خوارەوە:
– پارتیزانەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان، ئەرکی سەرەکییان بۆ جاڕدانی شۆڕش بوو، بەڵام پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، ئەرکی سەرەکییان ئەوە بوو خۆیان پێشانی ڕێکخستنەکان و جەماوەر بدەن، تا بۆیان بسەلمێنن پێشمەرگە و شۆڕش ماوە و لەناو نەچوون.
– لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرۆککۆماری عێراق بوو، کەچی لە سەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، سەدام حسێن سەرۆککۆمار

بوو، علی حەسەن مەجید (علی کیمیایی) سەرۆکی لیژنەی کاروباری باکووری عێراق بوو، هەردووکیان دڕندە بوون.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، هۆکارەکانی ژیان و گوزەرانی پارتیزانەکان مابوو، چونکە جگە لە گوندەکانی سەر سنور، گوندەکانی تر هەموویان مابوون، بەڵام لە سەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال (٤٥٠٠) گوند لەگەڵ زەوی تەخت کرابوون، خەڵکەکەشی یان ئەنفال کرابوون، یان گواسترابوونەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان، واتە بنەماکانی ژیانی پارتیزانی نەمابوو.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، گوندەکان ناوچەی قەدەغەکراو (محرمة) نەبوون، بەڵام لە سەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، لە سەدا هەشتای خاکی هەرێمی کوردستان قەدەغەکراو بوو، نەک لە مرۆڤ، بەڵکو ئاژەڵیشی تیا ببینرایە کۆپتەر تەقەی لێ دەکرد.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، ڕژێمی بەعس چەکی کۆکوژی لەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان بە کار نەهێنابوو، بەڵام لە سەردەمی دوای ئەنفال، دوژمن شار و گوندەکانی هەرێمی کوردستانی کیمیاباران کردبوو، بۆیە مەترسیی ڕژێم لە جاران زیاتر بوو.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، ئەگەر پارتیزانێک بگیرایە و لێپرسراو نەبووایە سزاکەی هێندە قورس نەدەبوو، بەڵام لە سەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، هەر پارتیزانێک بگیرایە لە سێدارە دەدرا و کەسوکاریشی دەگیران.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، یەک جۆر جاش

هەبوو، ژمارەشیان کەم بوو، بەڵام لە سەردەمی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، چەندین جۆر جاش هەبوون، ژمارەشیان سەدان فەوج بوو.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، پارتیزانەکان تا نەگیرانایە ڕژێم دادگایی نەدەکردن، بەڵام لە سەردەمی دوای ئەنفال، پارتیزانەکان بەر لە گرتنیان لە لایەن ئەنجومەنی بە ناو سەرکردایەتیی شۆڕش، حوکمی لەسێدارەدانیان دەرچووبوو.

- لە سەردەمی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا، پارتیزان ئەگەر بیویستایە دەیتوانی خۆی ڕادەستی ڕژێم بکاتەوە و هیچی لێ نەدەکرا، بەڵام لە سەردەمی دوای ئەنفال، مەگەر لێبوردنی گشتی هەبووایە، ئەگینا پارتیزان خۆیشی ڕادەست بکردایەتەوە هەر لە سێدارە دەدرا.

لەو بەراوردکارییەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕەوشی مەفرەزە پارتیزانەکانی دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بە گشتی و پارتیزانەکانی دەڤەری سۆران بە تایبەتی چەند سەخت و دژوار و مەترسیدار بووە.

ناپلیۆن دەڵێت: «سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە زۆرترین خۆڕاگری دەنوێنن». پارتیزانەکانی دوای ئەنفال، بە خۆڕاگریی زۆریان سەلماندیان کە پێشمەرگە قەت کوردستان بۆ دوژمنانی گەلەکەی چۆڵ ناکات، لێرەوە دەتوانین بڵێین، دەبێ یەکێتی ئەو ڕاستییە بزانێ، کە سەرکەوتنەکانی لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دواتریش لە ڕاپەڕیندا لە سایەی ئازایەتی و خۆڕاگریی پێشمەرگە دێرینەکان و پارتیزانەکانی بووە، لەبەر ئەوە پێویستە یەکێتی تێکۆشەرە دێرینەکانی

هەرگیز لە بیر نەكات.

ڕەمەزان ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، لە ١٩٦٥/١٢/١٢ لە خیزانیكی ماندوونەناس و كوردپەروەری گوندی سەرنەوسی قەزای ڕەواندوز هاتووەتە ژیانەوە، بە هۆی كاركردن و هەژاری خێزانەكەیەوە نەیتوانیوە سودمەندبێت لە پرۆسەی خوێندن، بەڵام ئەمە كاری نەكردووەتە سەر بەرزی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و دووركەوتنەوە لە خەباتی ڕزگاریی نەتەوەكەی، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەهێزی پێشمەگەی كوردستانەوە دەكات لە تیپی ٧٨ی كارۆخ، پێشمەرگەیەكی ئازاو بوێر دەبێت.

لەدوای شاڵاوەكانی ئەنفال و داگیركردنی ناوچە ئازادكراوەكان لەلایەن سوپای عێراقیەوە، كۆڵنەدەرانە لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەكاندا درێژە بە خەباتی پێشمرگایەتی دەدات لە سنوری وەرتێ.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

ڕەفیق ساڵح ئەمین قادر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، ناسراو بە چالاك، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەكی شەهیدانی قەزای مەخموور لە خێزانێكی هەژار و زەحمەتكێش

هاتووەتـە ژیانـەوە، لـە خوێندنـدا توانیویەتـی ئامادەیـی پیشەسازی تەواو بکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردستانەوە دەکات لـە کەرتی ڕێکخستنی مەخموور شانەی یەک، زۆر سەرکەوتووانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، پاشان لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە دەدات، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر بووە، دڵسۆز بووە بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەی.

لە دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفالیشەوە درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەدات، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لەگەڵ پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر دەمێنێتەوە و درێژە بە چالاکی و خەباتی پێشمەرگانە دەدەن، لە مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٨ ڕژێمی داگیرکەر هێرش دەکاتە سەر قامیشەڵانەکانی سارتک لە نزیک تەقتەق و هاوڕێیەکیان بە ناوی مەدحەد بیبانی و خێزانی ئەبو نوور شەهید دەبن.

خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، لە قەزای مەخموور دادەنیشێت.

زانا حەمید عەلی عەبدوڵڵا

ناسراو بە زانا کوشافی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی کوشافی ناحیەی گوێڕ – قەزای مەخموور، لە خێزانێکی زەحمەتکێش

و کۆڵنەدەر هاتووەتە دنیاوە، نادادپەروەی و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر بەرامبەر خەڵکی کوردستان بە گشتی و ناوچەکەی ئەمان بە تایبەتی، دەیهاوێتە کۆڕی خەبات و بەرەنگاربوونەوە، ساڵی ١٩٨١ لە بێستانە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر چالاکانە و بە گوڕوتینێکی بەهێزەوە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، پاشان لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ درێژە بە خەباتی سەختی پێشمەرگایەتی دەدات و لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمی داگیرکەروە،

وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری دەشتی هەولێر درێژە بە خەباتی پارتیزانی دەدات و لەگەڵ هاوڕێکانی کوانووی شۆڕش و خەبات بە گەشاوەیی دەهێڵنەوە.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە دەڵێت: «ئێمە گەنجی و خۆشگوزەرانیی خۆمان بەخشی بە شۆڕش و گەلی کوردستان، چونکە گەلی کوردمان گەلێکی ستەمدیدەیە، دەبێت بەرگریی لێ بکرێت.» ئاواتەخوازە گەلی کورد و حکومەتی کوردستان خەباتەکەیان بە چاوێکی ڕێز و شکۆمەندییەوە ببینن و پشتگوێ نەخرێن.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، خێزاندارە و خاوەنی نۆ منداڵە، ئێستا لە ئیدارەی ئەفسەران، ئەفسەرە بە پلەی عەمید.

## زاهیر عومەر حسێن عەلی

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان،ناسـراو بـە ڕێنـاس، سـاڵی ١٩٦٨ لـە گونـدی لهێبانـی ناحیـەی سـەرگەڕان – قـەزای دوبـز لـە خێزانێکـی زەحمەتکێش وماندوونەنـاس هاتووەتـە دنیـاوە، قۆناغـی ئامادەیـی خوێندووە، زوڵـم و ستەمی ڕژێمـی داگیرکـەر بە تایبەتی لـە سنورەکەیاندا، هانـی داوە بۆ کـۆڕی خـەبات و بەرەنگاربوونـەوە، سـاڵی ١٩٨٤ لـە هەولێـر پەیوەنـدی دەکات بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە، زۆر ئازایانـە و لەخۆبردووانـە کارەکانـی ڕێکخسـتن بـە ئەنجـام دەگەیەنێـت، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لـە تیپی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر پاشـان لـە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ درێژە بە خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لـە سنوری دەشـتی هەولێر بەردەوام دەبێت لـە خەبات و کاری پێشـمەرگایەتی، لـەو بارەیەوە دەڵێت:

«خەبـات و پێشـمەرگایەتیمان زۆر بـە پیـرۆز زانیـوە، بۆیـە هەمیشـە پشـوو درێـژ و بـەردەوام بوویـن و کۆڵمـان نـەداو مەیدانەکەمـان چـۆڵ نەکـرد.»

خێزانـدارە و خاوەنـی چـوار منداڵـە، ئێسـتا لـە سـەرگەڕان دادەنیشـێت و خانەنشـینی پێشـمەرگەیە.

زاهیر هەمزەساڵح حەمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە زاهیر ئیلینجاغی لە گوندی ئیلینجاغی ناحیـەی تەقتـەق – قـەزای کۆیـە لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و ماندوونەنـاس هاتووەتـە ژیانـەوە. قۆناغـی ناوەندیـی خوێندووە، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە کـردووە، پـاش سـاڵێک لـە کارکـردن لـە ڕێکخسـتندا، سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و دڵسـۆز دەبێـت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی مەفـرەزە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، کۆڵنەدەرانـە درێـژە بـە شـۆڕش و خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات لـە ڕیزی پێشـمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵـی دەشـتی هەولێـر.

بەداخەوە ئەم پارتیزانە قارەمانە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی سـوپای داگیرکـەری بەعـس، لـە ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی بەهـاری ١٩٩١ لەگـەڵ پۆلێـک پێشـمەرگە لـە دیبەگـە شـەهید دەبێـت و دەچێتـە کاروانـی نەمرانـەوە، لـە

گۆڕستانی باداوە لە شاری هەولێر بە خاک دەسپێردرێت.

## زوبێرئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم

ناسراو بە شوان، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٥ لە ناحیەی گەڵاڵەی قەزای چۆمان، لە خێزانێکی هەژار و ڕەنجدەری ناوچەی باڵەکایەتی هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و کارکردن لە قۆناغی منداڵیدا نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام هەستکردنی بە نادادپەروەری و چەوسانەوەی نەتەوەکەی، هەستکردن بە داگیرکردنی نیشتمانەکەی هانی دەدات بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی داگیرکەر، ئەم هەستەشی دەبێتە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بکات بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە لە کەرتی چۆمان، لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٢ی سۆران لە مەڵبەندی سێی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پێشمەرگایەتیدا دەکریت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری مەڵبەندی سێی ئەوکات لە ناوچەکانی دۆڵی بالیسان و خانەقا و باڵەکایەتی.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## سەلاح برایم محەمەد ئەمین

پارتیزان و فەرماندە، پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە سەلاح دیلمانی، ساڵی ١٩٦٣ لە گوندی دیلمانی ناحیەی گەلاڵە - قەزای چۆمان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە دیلمان قۆناغی سەرەتایی تەواودەکات، بە هۆی برایەکیەوە (شێرزاد برایم محەمەد) کە پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان دەبێت، ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ دایک و باوکی و دوو برایدا تا ساڵی ١٩٧٨ لە لایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە زیندانی دەکرێن، دوای ئازادکردنی لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٧ی باڵەک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی دەبڕێت، ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٥ی گەلاڵە، ساڵی ١٩٨٨ دەکرێت بە جێگری فەرماندەی ڕەتلی پێشمەرگە پارتیزانەکانی کارۆخ، تا ساڵی ١٩٨٩ درێژە بە خەباتی پارتیزانی دەدات، دواتر دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپی ٤١ی قەندیل، لە ئۆپەراسیۆنی داستانی ڕزگاری ساڵی ١٩٨٧ بە سەختی بریندار دەبێت. لە دوای ڕاپەڕین چەند لێپرسراوییەتییەکی هێزی پێشمەرگەی پێ سپێردراوە، ساڵی ١٩٩٦ دەکرێتە فەرماندەی لەشکری ١١ی باڵەک، ساڵی ٢٠٠٤ دەکرێتە فەرماندەی لیوای ١١٨ی باڵەک بە پلەی لیوا.

لە سەروبەندی شەڕی داعش، لە ١٢ی ئایاری ٢٠١٥ لە

گوندی عەتشانەی قەزای داقووق لەگەڵ هەردوو پێشمەرگە محەمەد عەبدوڵڵا (ناسراو بە حەمەلاو) و حەسەن حەمە زیاد ناسراو بە سەرباز شەهید دەبن.

سلێمان عارەب ئیسماعیل

پارتیزان و کادری عەسکەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٥ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی گۆمی سیانان، لە بناری زورگەزراو- دەشتی شەمامک هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٦٣ گوندەکەیان بەر شاڵاوی حەرەس قەومییەکان کەوت و خانوو و ماڵەکەیان سووتا، بەو هۆیەوە خێزانەکەیان دەچێتە هەولێر، هەر لە هەولێر قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیی بە تۆپخانەی شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، هەرچەندە لەو کاتەدا قوتابیی ئامادەیی کشتوکاڵ دەبێت، پاش هەرەسهێنانی شۆڕش دەگەڕێتەوە هەولێر و درێژە بە خوێندن دەدات.

ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت، لە تەمموزی هەمان ساڵدا ئازاد دەکرێت و درێژە بەکاری ڕێکخستن دەدات.

ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، دوای دامەزراندنی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپەکە، لە شەڕی دابان – هەلاج لە ساڵی ١٩٨٥ بە سەختی بریندار دەبێت، بۆ چارەسەر ڕەوانەی

ئێران دەکرێت، دواتر دەگەڕێتەوە و درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە جێگری فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات.لە ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری هەولێردا ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت، لە دوای ڕاپەڕین چەند بەرپرسیارێتییەکی پێ دەدرێت.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆدا لە ٥ی ئایاری ١٩٩٤ لە ئاکرێ شەهید دەکرێت.

سلێمان بایەزید عەبدولڕەحیم سادق

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە دکتۆر سلێمان، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی شێخ وەتمانی قەزای چۆمان- پارێزگای هەولێر، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری تەندروستیدا بەدەستهێناوە.

ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی ٦ی چۆمان، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە پێشمەرگایەتیدا وەک دکتۆری تیپ کاردەکات، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر بەشێوەی

پارتیزانی لە سنوری وەرتێ درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕی دەدات.

بەداخەوە ساڵی ١٩٩٥ لە قەسرێ لە شەڕی نەگریسی براکوژیدا شەهید دەبێت و لە زێدی خۆی بەخاک دەسپێردرێت، دوای خۆی هاوسەر و هەردوو جگەرگۆشەکەی بە کوردستان دەسپیرێت.

سالح محەمەد ئەمین نەبی حسێن

ناسراو بە سالح هەولێری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانی، ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی قەڵانچوغانی ناحیەی بەحرکەی هەولێر، لە خێزانێکی ڕەنجدەر و تێکۆشەری ئەو دەڤەرە لە دایک دەبێت، توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی درێژە بە خوێندن بدات، لەبەر هۆشیاری و زرنگیی خۆی لە سەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێوە، لە ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی حەوتی ئەو کاتە، لە پێشمەرگایەتیدا پلەکان دەبڕێت و دەبێت بە فەرماندەی تیپ. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی زۆربەی هێزەکانی پێشمەرگە، کۆڵنەدەرانە دەگەڕێتەوە ناوچە خاپوورکراوەکان و ژیانی سەخت و ناهەموری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی سنوری خۆشناوەتی درێژە بە خەبات و کاری پێشمەرگانە دەدات.

لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«بڕیاردان لە دروستکردنی مەفرەزەکانی پارتیزانی دوای ئەنفالەکان گەورەترین سەروەری بوو بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و گەلەکەمان لەو قۆناغەدا، لە کاتێکدا دوژمن نائومێدیی خستبووە دڵی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستانەوە، بەڵام پارتیزانەکان درێژەیان بە شۆڕش و بەرگری دا و ئومێدیان گەڕاندەوە بۆ خەڵکی کوردستان. ئەم پێشمەرگە پارتیزان و دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئێستا خانەنشینی وەزارەتی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

سەرباز حسێن ئەحمەد قەرەنی

ناسراو بە هونەر بێستانەیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی بێستانەی گەورەی هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی پەیمانگای کارگێڕیی یاسا تەواو بکات، کەسێکی چالاک و هۆشیار بووە، هەر زوو هەستی بە نادادپەروەریی و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر کردووە بەرامبەر بە کورد و خەڵکی کوردستان، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە ڕێگەی مامۆستا تاهیر ستارەوە، کارەکانی ڕێکخستن بە شێوەیەکی دڵسۆزانە و لەخۆبوردنەوە

جێبەجێ دەکات، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە مەفرەزەی تیپ – تیپی ٨٧ی قەرەچوغ – لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە بووە و پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و دڵسۆز بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر بەردەوامی دەدات بە خەبات و تێکۆشان، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لە کاتی پارتیزانیدا هاوڕێیەکیان بە ناوی مەلا ئاوارە بریندار دەبێت، شەهید ڕێباز داوای لێ دەکات بیباتە شاری هەولێر بۆ چارەسەر، زۆر سەرکەوتووانە کارەکە ئەنجام دەدا، لە دوای ١٩٩١ شەهید ڕێباز دەبینێتەوە و پێی دەڵێت: ئیتر تۆ ڕێبازی!

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان ئەو پێشمەرگە قارەمانانە بوون کە گیڤارا ئاسا، لە تێکۆشان و خەباتدا بوون لە پێناو مافی ڕەوای گەلەکەیان و پاراستنی شکۆی نەتەوەکەیان، لە زۆر وڵاتان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش و وەرگرتنی دەسەڵات و نەمانی ڕژێمی دیکتاتۆری، ئەو مرۆڤە گیانبازو خۆنەویستانەی ڕۆژانی سەخت و تەنگانە، پەیکەریان بۆ دروست دەکرێت و هۆڵی پەرلەمان و شوێنە گشتییەکانی پێ دەڕازێنرێتەوە، لە مۆزەخانەی تایبەتدا یاداشت و بیرەوەری و چەک و کەرەستەکانی کاتی شۆڕش و پارتیزانی هەڵدەگیرێت و نمایش

دەکرێت، سەرەڕای دابینکردنی ژیانێکی شایستە و سەربەرزانە بۆ ئەو قارەمان و تێکۆشەرانە.»

سەدیق مستەفا مەولود عەباس

ناسراو بە سەدیق شارسینەیی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری گوندی شارسێنەی ناحیەی خەلیفان – قەزای سۆران هاتووەتە دنیاوە، لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی ڕەواندوز، ساڵی ١٩٨٣ دەبێت بە پێشمەرگە لە کەرتی ڕەواندوزی تیپی مەڵبەندی ٣ ، پاشان لە تیپی ١٩ی کۆڕەک درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.
دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان، لە سنوری ناوچەکانی خەلیفان و حەریر و شەقلاوە، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات.
لە ئێستادا بەردەوامە لە پێشمەرگیەتی، خێزاندارەو خاوەنی پێنج منداڵە.

سەباح ئەحمەد حەمەد ئەمین مەلا شێخ

ناسراو بە سەباح توتمەرەیی، ساڵی ١٩٦٧ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی تۆتمەرەی ناحیەی خەلیفان – قەزای ڕەواندوز هاتووەتە ژیانەوە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی

بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە لێخۆبووردییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٩ی کۆڕەک، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو تێکۆشەر لە سنوری خەلیفان و حەریر و بالیسان درێژە بەخەبات دەدات.

لە ئێستادا خانە نشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

شێخە حەمەد ئەمین ڕەسوڵ ئیبراهیم

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە شێخە بێ کۆدی، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی ڕێزێنەی ناحیەی سەرکەپکان- قەزای ڕانیە، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی کارکردن و هەژاری خێزانەکەیەوە نەیتوانیوە قۆناغەکانی خوێندن تەواوکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لاوێکی هۆشیار و دڵسۆزبووە، هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، پێشمەرگەیەکی ئازاو چاونەترس، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

شاڵاوو ڕووداوەکانی ئەنفال کار لە ورەبەرزی ناکات، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و شۆڕشگێڕ بەشێوەی پارتیزانی لە

سنوری دۆڵی شاوریٚ دریٚژە بەخەبات دەدات.

لە ئیٚستادا پیٚشمەرگەی خانەنشینە-کەم ئەندامی سەنگەر-خیٚزانداره و خاوەنی شەش منداڵە.

شاخەوان محەمەد سلیٚمان عەبدوڵڵا

پارتیزان و پیٚشمەرگەی دیٚرینی یەکیٚتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراوە بە شاخەوان مەلا محەمەد ئاوماری، ساڵی ١٩٦٦لە گوندی ئاوماری قەزای کۆیە لە خیٚزانیٚکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. کەسیٚکی هۆشیار و چالاک، دڵسۆز و بەوەفا بووە، زۆر زوو هەستی بە زوڵم و ستەمی ڕژیٚمی داگیرکەر کرد بەرامبەر بە نەتەوەکەی، هەر ئەمەیش هانی دەدات بۆ چوونە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوندی بە ڕیزەکانی ڕیٚکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شاری هەولیٚر، کارەکانی ڕیٚکخستن زۆر چالاکانە و لەخۆبوردووانە جیٚبەجیٚ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هیٚزی پیٚشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ڕیٚکخستنی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولیٚر. پیٚشمەرگەیەکی ئازا و بویٚر و چالاک دەبیٚت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە کۆڵ نادات و بەردەوام دەبیٚت لە خەباتی شۆڕشگیٚڕانە، بەو مەبەستە وەک پیٚشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری هەولیٚر بەشداریی ڕەتڵی پارتیزانەکانی دەشتی هەولیٚر دەکات و سەختی و ناهەمواریی ئەو ڕۆژگارە دژوارە دەچیٚژیٚ. توانیویەتی بڕوانامەی ماستەر لە بواری

ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا بەدەست بهێنێت.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پارتیزانەکان خەڵکی بەهەڵوێست و قارەمان، تێکۆشەر و بەئەمەک بوون، لە قۆناغێکدا خەباتیان کرد و ڕووبەڕووی ڕژێم بوونەوە، کە هەموو گوندەکانی کوردستان خاپوور کرابوون و دوژمنیش لەوپەڕی دەسەڵاتدا بوو، ئەو ڕۆژگارە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژێمی بەعس جۆرێک بوو لە سەرکێشی و خۆکوژی.»

ئێستا لێپرسراوی کۆمیتەی ٢٢ی ناوخۆیە و ئەفسەرە لە وەزارەتی ناوخۆ بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

شوکروڵڵا حەمەد ئەمین ئۆمەر وسو

ناسراو بە شێخانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی ئیلنجاغی گەورەی ناحیەی تەقتەق – قەزای کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی هۆشیار و چالاک و دڵسۆز بۆ هاوڕێ و دەوروبەرەکەی، نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر بەرامبەر هاووڵاتیان و خەڵکی کوردستان دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی شەهید ئاودێر، کارەکانی ڕێکخستن زۆر

چالاکانـه و لەخۆبوردووانـه جێبەجـێ دەکات، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ٤ی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر و فەرمانـدەی مەفـرەزە بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفالیش، بـەردەوام دەبێت لـە خەباتی پێشـمەرگایەتی، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سـنوری هەولێر دەمێنێتـەوە و درێژە بـە شـۆڕش و بەرخـۆدان دەدەن و لـەو هەلومەرجـە سـەختەدا چەنـد بۆیـان ڕەخسـابێت، هەلیـان لـە دەسـت نـەداوە و چالاکـی شۆڕشـگێڕانەیان ئەنجـام داوە، لەوانـە:

لـە بـەرواری ١٩٨٨/١٢/٢٧ لەگـەڵ هەریـەک لـە جـەلال ئیلنجاغـی و شـەهید ئاسـۆ موعەلیـم و عەمید ئامانـج و موحسـین ڕەئـوف ئێلنجاغـی پەلامـاری ڕەبیەیەکـی دوژمـن دەدەن، لەبارەی پارتیزانەکانـەوە دەڵێـت:

«ناکرێـت دڵسـۆزیی ئـەو پارتیزانانـە بـەراورد بکرێـت بـە دڵسـۆزیی هیـچ کەس، جگە لە دڵسـۆزی و قوربانیی شـەهیدەکان، یەکێک لە پیرۆزییەکانی کورد و یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، ئـەو تێکۆشـان و بەرگرییەیـە کـە ڕۆڵەکانـی لـەو ڕۆژگارە ناهەمـوارەدا ئەنجامیـان دا.»

بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی بەدەسـت هێنـاوە، خێزانـدارە و خاوەنـی یـەک منداڵـە، ئێسـتا عەمیـدی پۆلیسـە لـە وەزارەتـی ناوخـۆ.

شوان خدر عەزیز شەریف

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە شـوانە، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی حوشترالوکی ناحیەی قەراج – قەزای مەخموور، لە خێزانێکی هـەژار و زەحمەتکێـش دێتـە دنیـاوە بـە هـۆی کارکردنـی لـە قۆناغـی منداڵـی و لاویـدا بـۆ دابینکردنـی گوزەرانـی خـۆی و هاوکاریـی خێزانـە هەژارەکـەی، ناتوانێـت بـەردەوام بێـت لـە خوێندن، تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، ساڵی ١٩٨٢ لە قەراج پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردسـتانەوە دەکات، لـە جێبەجێکردنـی کارەکانـی ڕێکخسـتندا زۆر چـالاک و لەخۆبـردوو دەبێـت، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەنـدی بـە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێـر، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر دەبێـت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵ نادات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سنوری هەولێـر لەگـەڵ ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی هەولێر، درێـژە بـە خەباتـی شۆڕشـگێڕانە دەدات.

خێزانـدارە و خاوەنـی شـەش منداڵـە، ئێسـتا لـە فەرمانگـەی فریاکەوتـن کار دەکات بـە پلـەی عەمیـد.

شالاو حائیز حەمەد حائیز

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ناسراو بە مام شالاو، سەرەتای حەفتاکان لە گوندی مەڕانی قەزای چۆمان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕ چاوی بەژیان هەڵهێناوە، خوێندنی شەشی ئامادەیی تەواوکردووە، لەسەرەتای لاویەتیەوە لە چوارقوڕنە پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە کەرتی ٢ی تیپی ٧٨ی کارۆخ چەکی پێشمەرگایەتی لەشان دەکات، پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێردەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.
دوای شالاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لەسنوری باڵەکایەتی درێژە بە تێکۆشان دەدات.
لە ئێستادا لە سەر وەزارەتی پێشمەرگە پلەی عەمیدی هەیە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

عومەر حەسەن عەبدولقادر

ناسراو بە عومەر داروسەلامی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی داروسەلامی باڵەکایەتی – قەزای چۆمان، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە ناوچەکەی

خـۆی قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەندیـی تـەواو دەکات، سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، پاش سێ ساڵ واز لەو حیزبە دەهێنێت و ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندیی بە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات لـە تیپـی ٧٨ی کارۆخ.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنەدەر، بەردەوام دەبێت لە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، بۆیە ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی هاوڕێی لە دۆڵی بالیسان و کۆڕەک، شەهید جەلالی حاجی لێپرسراوی مەفرەزەکەیان بوو.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە.

عەبدولواحید ئیدریس شەریف (دکتۆر)

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان، ناسراو بە ڕەوەند، ساڵی ١٩٦٥ لە گوندی دوس تەپەی نزیک هەولێر، لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، هـەر لـە هەولێـر قۆناغەکانی خوێندنی تـا پەیمانـگای تەندروسـتی تـەواو کـردووە، کەسـێکی هۆشـیار و دڵسـۆز و بەوەفـا بـووە، لـە مانگی ٤ی ساڵی ١٩٨١ لـە ڕێگـەی شەهید سەردار سەعید سۆفی، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شاری هەولێر، کە ئەو کاتە لەگەڵ شەهید سەردار هەردووکیان خوێندکاری

قۆناغی ئامادەیی بوون، زۆر چالاکانە لە ڕیزەکانی ڕێکخستندا درێژە بە کار و چالاکییەکانی دەدات، کاتێک ڕژێم خوێندکارەکان دەبات بۆ تەدریبی جەیشی شەعبی، ئەم دەچێتە دەرەوە بۆ بوون بە پێشمەرگە و پەیوەندیکردن بە شۆڕشەوە، بەڵام مەلا خدر کە ئەو کات لێپرسراوی کەرتی دەشتی هەولێر بوو، گەڕاندوویەتەوە و وتوویەتی دەبێت بچیت خوێندنەکەت تەواو بکەیت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پچڕانی پەیوەندییەکان، دیسانەوە لە ڕێگەی کاک زیادەوە کە ناسرابوو بە چەتۆ، پەیوەندی گرێ دایەوە و لەگەڵ پارتیزانەکان کاری دەکرد، وەک ڕێکخستن هەموو هاوکارییەکیان دەکردن، خواردن و پێداویستیمان دەبرد بۆ شوێنێک لە ڕێگەی مەسیف (ئەو شوێنە ئێستا پێی دەوترێت سێوەکە و گوندێکی گەورەیە)، پارتیزانەکان شەو دەهاتن و پێداویستییەکانیان دەبرد. دکتۆر خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت:

«مانگی ٩ی ساڵی ١٩٨٩ لە ڕێگەی ڕێکخستنەوە لە چوارقورنە، عەلی خەیاتم ناسی و ئەویش برادەرێکی تری پێ ناساندم کە هاوکارم بوو، لە سەرکەپکانەوە چووم بووم بە پێشمەرگە، بەڵام لەگەڵ ڕەتڵەکانی پارتیزان نەگەڕامەوە بۆ ناوچە خاپوورکراوەکان، بەڵکو بووم بە دکتۆری بەتالیۆنی ٨ی هەولێر لە ناوزەنگ و نۆکان و قاسمەڕەش.»

بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا بە دەست هێناوە، ئێستا لە زانکۆی کۆیە مامۆستایە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە

## عەبدوڵڵا حەمەد موراد عەولا

ناسراو بە عەبدوڵڵا چۆمانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٥ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ڕەنجدەری قەزای چۆمان هاتووەتە ژیانەوە، تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، لە کۆمیتەی ڕاپەڕین، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە باڵەکایەتی لە هەرێمی حەوتی ئەو سەردەمە، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری هەولێر (خۆشناوەتی – باڵەکایەتی)، درێژە بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«پێویستە یەکێتی پارتیزانەکان وەک ڕەمزی شۆڕش و کوردایەتی سەیر بکات، پارتیزانەکان شایەنی هاوکاریی ماددی و مەعنەویی شایستەن، دەبێت تا لە ژیاندا ماون بەسەر بکرێنەوە و تەواوی پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت، ئەم پارتیزانە خێزاندارە و خاوەنی حەوت منداڵە، ئێستا بەرپرسی معاونیەتی ئاسایشی چۆمانە بە پلەی عەمید.

## عەبدوڵڵا محەمەد تەها ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کادری کۆمەڵایەتیی، ناسراو بە جوامێر، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی بەردەسپیی ناحیەی تەقتەق - قەزای کۆیە، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، کەسێکی چالاک و لەخۆبردوو، بەوەفا و دڵسۆز بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەر و دەوروبەرەکەی، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شاری هەولێر، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بە وریایی و لەخۆبوردووییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ١ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە پێشمەرگایەتیدا سەرەڕای بەشداریکردنی لە چالاکیی پێشمەرگانە، کادری کۆمەڵایەتییش دەبێت.

لە دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری دەشتی هەولێر درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە ڕاپەڕینیشدا پێشمەرگەیەکی چالاک و هەڵسووڕاو دەبێت، توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری سەربازیدا بەدەست بهێنێت، ژیانی هاوژینیی پێک هێناوە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، کارگێڕی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستانە لە لقی هەولێر.

## عەبدولواحید محەمەد عەبدوڵڵا حەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە ئازۆی عەزە، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی عەزەی ناحیەی شەمامک لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، هەر لە منداڵییەوە چووەتە بەر کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان یان بەخێوکردنی ئاژەڵ، بەم شێوەیە قۆناغی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە بەسەر بردووە، بۆ بژێویی خۆی و هاوکاریی خێزانەکەی، هەر ئەمەش ڕێگر بووە لەوەی بچێتە بەر خوێندن، کەسێکی چالاک و دڵسۆز و هۆشیار بووە، ساڵی ١٩٨٥ لە تەمەنێکی زۆر گەنجیدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە دەبێت، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال لە خەباتی پێشمەرگانە کۆڵ نادات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان ماوەی چواردە مانگ لە دەشتی هەولێر لەگەڵ ژمارەیەک پارتیزان کە شەهید ڕێباز سەرپەرشتیی کردوون، دەمێننەوە و درێژە بە خەبات دەدەن و ناوچەکە چۆڵ ناکەن، چالاکیی پێشمەرگانەشیان دەبێت و توانیویانە پەیوەندییش لەگەڵ هاووڵاتیان و ڕێکخستنەکاندا دروست بکەنەوە.

خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

## عومەر عەلی عەزیز محەمەد

ناسراو بە عومەر گردەسووری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە شاری هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، توانیویەتی تا قۆناغی ناوەندی بخوێنێت، کەسێکی وریا و چالاک، هۆشیار و بەوەفا، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە هەولێر، کارەکانی ڕێکخستن زۆر بەوریایی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٣ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات، لە ١٩ / ٩ / ١٩٩٠ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا لەگەڵ کۆمەڵێک جاش توانیویانە چەند کەسێکیان بەسزای شۆڕش بگەیەنن، بەڵام بەداخەوە هاشم شەمامکی و ئیسماعیل مۆرتکە شەهید دەبن، ئەم پێشمەرگە پارتیزانە دەڵێت:

«بەڕاستی هەریەک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، گیڤارایەک بوون کە هەرگیز دووبارە نابنەوە، نموونەی مرۆڤی بەهەڵوێست و نیشتمانپەروەر و

خـاوەن کەسـایەتیی بـەرز بـوون.»

ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە، خێزانداره و خاوەنـی پێنـج منداڵـە، ئێسـتا کارگێـڕی مەڵبەنـدی ٣ی هەولێـره و لێپرسـراوی بەشـی ڕێکخراوەکانـی مەڵبەنـده.

عەبدولڕەزاق ئەحمەد عەبدوڵڵا ئیبراهیم

ناسـراو بـه ڕەزۆ، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٧٠ لـه خێزانێکـی زەحمەتکێش و ڕەنجـدەری ناحیـەی گەڵاڵـەی چۆمـان هاتووەتـه ژیانـەوە، لەبـەر هۆشـیاری و هەسـتکردنی بـه چەوسـانەوەی نەتەوەکـەی، هـەر لـه تەمەنێکـی زۆر زووەوە لـه سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـه ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لـه دۆڵـی خانەقـا، لـه هەمـان سـاڵدا پەیوەنـدی بـه هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـه تیپـی ١٢ی سـۆران لـه بـارەگای مەڵبەنـد، کۆتـا پلـەی لـه پێشـمەرگایەتیدا فەرمانـدەی کـەرت بـووە.

لـه دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، دەگەڕێتـەوە ناوچـه چۆڵکـراوەکان، کۆڵنەدەرانـه بـەردەوام دەبێـت لـه خەبـات و کاری شـۆڕشـگێڕی، ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بـه پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان، لـه ڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی سـنوری (دۆڵـی بالیسـان، مەلـەکان، خانەقـا، باڵەیـان) لـه پارێـزگای هەولێـر.

ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـه خیزانداره و خاوەنـی چـوار منداڵـە،

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

عوسمان شکور ڕەشید غەفور

ناسراو بە ئاوات، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ساڵی ١٩٦٩ لە شاری کەرکوک لە خێزانێکی کۆڵنەدەر و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی کارکردنی لە قۆناغی منداڵی و لاویدا بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی و هاوکاریی خێزانەکەی، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، ستەم و زوڵموزۆری ڕژێمی داگیرکەری کوردستان بەرامبەر بە هاووڵاتیان، بەتایبەتی بەرامبەر کوردەکانی کەرکوک هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات و بەرەنگاربوونەوە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرکوک، زۆر لەخۆبوردووانە و بە وریاییەوە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٢١ی کەرکوک، لە پێشمەرگایەتیدا چالاک و ئازا و بوێر دەبێت و لە چالاکییەکی کاتی پێشمەرگایەتیدا بەرامبەر هێزەکانی دوژمن، بریندار دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، درێژە بە کاری پێشمەرگانەی خۆی دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری هەلێر، بەشداریی چالاکیی پارتیزانانە و پەیوەندیکردنەوە بە ڕێکخستنەکانی ناوشار و خەڵکی نیشتمانپەروەری شار و

گوندەکان دەکات.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

عومەر ڕەشید محەمەد ئەمین عەلی

ناسراو بە عەمەر ڕەشید. پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی کەورتەی قەزای چۆمان، لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمان پەروەر هاتووەتە ژیانەوە، هەر لە گوندەکەی خۆیان قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لەبەر هەژاری و کارکردن، نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، بەڵام لاوێکی چالاک و هۆشیاربووە، هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە لە ئۆردوگای پیرزین، پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە پێشمەرگایەتیدا عەدەد جیهازبووە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان، بەردەوام دەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕی لە سنوری سۆران و چۆمان.

لە ئێستادا فەرمانبەرە لە فەرمانگەی کارەبا، خێزاندارەو خاوەنی پێنج منداڵە.

عەبدوڵڵا تەها ئەمین تەها

ناسراو بە سەید عەبدوڵلا، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی چۆمساکی ناحیەی قەسرێ- قەزای چۆمان لە خێزانێکی ماندوونەناس و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی هەژاری خێزانەکەیی و کارکردن نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، هەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە لە بەستۆرە، پەیوەندی بە ریزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە کادری ڕێکخستن.

دوای شالآوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری وەرتێ و کارۆخ درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

لە ئێستادا پێشمەرگەی خانە نشینە، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر عەبدولڕەحمان

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٦ لـە قـەزای چۆمـان- پارێـزگای هەولێر، لـە خێزانێکـی شـۆڕشـگێڕ و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، قۆناغەکانـی خوێندنـی تـا بەدەسـتهێنانی دبلـۆم بڕیـوە، سـاڵی ١٩٨٣ لـە دۆڵـی خانەقا پەیوەندی پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، لـە کەرتـی ڕێکخسـتنی چۆمـان، کارەکانـی ڕێکخسـتن زۆر چالاکانـە ئەنجـام دەدات. سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەنـدی بەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٧٨ی کارۆخ.

دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازاو بوێـر درێـژە بەخەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات بـە شـێوەی پارتیزانـی لەسـنورەکانی کارۆخ و بنـاری قەندیـل. لـە بـارەی ئەوڕۆژانـەوە دەڵێت:»دوای ئەنفال هەلومەرجێکی زۆر دژوار و سـەخت باڵـی کێشـابوو، ئەمـەش وایکرد زۆربـەی هێزی پێشـمەرگە ئاودیوی سـنوربن، ژمـارەک پێشـمەرگە لـە ناوچـە وێرانکراوەکانـدا ماینـەوە، بەمـەش ئـەو پێشـمەرگە پارتیزانانـە نەیانهێشـت تۆمەتی ئاشـبەتاڵ بچێتـە مێـژووی یەکێتییـەوە.

لـە ئێسـتادا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

## عەبدوڵڵا سەعید ساڵح ئەمین

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە کاکە شێخ، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی چۆمساکی ناحیەی قەسرێ- قەزای چۆمان لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەرهاتووەتە ژیانەوە، لەبەر هەلومەرجی ناوچەکەو کارکردنەوە ناتوانێت قۆناغەکانی خوێندن تەواوبکات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لە تەمەنی لاوێتیدا پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکانی شۆڕشگێڕان دروستدەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر لە سنوری کارۆخ و دۆڵی شاورێ بەشێوەی پارتیزانی درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕی دەدات، لەو بارەوە دەڵێت:»پارتیزانەکان لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا مانەوە، بۆ ئەوەی بە دوژمنی بسەلمێنن، کە شۆڕش درێژەی هەیە و هێزو سوپای دوژمن، ناتوانێت چۆک بە شۆڕش و پێشمەرگە دابدات.

شانزە ڕۆژ پێش ڕاپەڕین دەگەنە ئۆردوگاکانی پیرزین و شاوەیس لە سنوری هەولێر، بەشدارییەکی کارا لە ڕزگارکردنی هەولێردا دەکەن.

لە ئێشتادا فەرمانەدەی ناوچەی ڕاپەڕینە، بە پلەی لیوا، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## عەبدوڵڵا ڕەسوڵ مستەفا محەمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە شۆڕش چۆمانی، ساڵی ١٩٦٣ لە خێزانێکی ماندوونەناس و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ١٩٧٩ هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە لە چۆمان پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٧ی ئەوکات، دواتر لە تیپی ٧٨ی کارۆخ درێژە بەخەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێط بەکادری شۆڕشگێڕان.

لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەباتی شۆڕشگێڕانە، بەشێوەی پارتیزانی لە سنوری مەڵبنەدی سێ لە ناوچەی وەرتێ درێژە بە تێکۆشان دەدات.

لە یەکەی ١٢٤ بە پلەی عەمید بەردەوامە لە خزمەتکردن، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## عەبدوڵڵا حسێن عەبدوڵڵا ڕەسوڵ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کوڕی شەهیدی فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەک (حسێن عەبدوڵڵا)یەکە لە ١٩٨٧/٩/٩ شەهید دەبێت، لە کۆتایی

شەستەکان لە گوندی بندایزانی قەزای چۆمان، لە خێزانێکی ماندوونەناس و شۆڕشگێڕ هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی هەلومەرجی ناوچەکەیانەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە.

لەسەرەتای لاوێتییەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر، بەشێوەی پارتیزانی درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕی دەدات لە سنوری وەرتێ و دۆڵی خانەقاو باڵەییان.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

عەبدولڕەحمان خدر حارس ئیسماعیل

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە ڕەحمانی حاجی خدر، ساڵی ١٩٥٧ لە ناحیەی وەرتێ- قەزای ڕەواندوز، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و ماندوونەناس هاتووەتە ژیانەوە، خێزانێکی شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەر، بەهۆی هەژاری خێزانەکەیان و کارکردن لە قۆناغی لاوێتیدا، نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ لە وەرتێ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنەکانەوە دەکات، هەمان ساڵ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە

هەرێمی باڵەک، پێشمەرگەیەکی چالاک و خۆنەویست بووە.
دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا، کۆڵنەدەرانە بەشێوەی پارتیزانی لە سنوری وەرتێ درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات، لە ماوەی پارتیزانیدا چەند چالاکییەک ئەنجام دەدەن.
وەک فەرماندەیەک لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١دا، بەشدارییەکی کارای دەبێت، بەداخەوە لەو ڕاپەڕینەدا کە ڕووبەڕووی هێزەکانی ڕژێم دەبێتەوە لە پردێ شەهید دەکرێت، لە گوندی خانەقای وەرتێ لەزێدی خۆی بەخاک دەسپێردرێت.
دوای خۆی هاوسەر و هەر پێنج منداڵەکەی بۆ کوردستان بەجێدێڵێت.

غەفور حەمەد ڕەسوڵ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی ئیلینجاغی ناحیەی تەقتەق – قەزای کۆیە لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە، بە هۆی هەژاریی خێزانەکەی و کارکردنی لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیدا، نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام کەسێکی چالاک و هۆشیار و دڵسۆز بووە، هەر زوو نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەری عێراقی، دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٨٥ لە تەمەنێکی زۆر

لاویدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٥ی گۆڕقەرەج لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە ڕیزی پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی هەولێر دەمێنێتەوە و لەو ڕێگەیەوە درێژە بە شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەدات، لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«ناکرێت دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی ئەو پێشمەرگە پارتیزانانەی دوای ئەنفال، بەراورد بکرێت بە هیچ دڵسۆزییەکی تر، جگە لە دڵسۆزیی شەهیدان.»

خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

غەوسە جەلال حەمەد زەمان

ناسراو بە سەید غەوسە، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی گردعازەبانی دەشتی شەمامکی پارێزگای هەولێر، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، لە هەولێر تا قۆناغی ئامادەیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٥ هەر لە هەولێر، پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە کارەکانی ڕێکخستنی بەجێ گەیاندووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە عەدەد جیهاز، تا

ڕاپەڕین لەو کارەیدا بەردەوام دەبێت. لە دوای ڕاپەڕین دەکرێت بە ئەفسەری هەواڵگریی لە فەوجی ١ی سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلال، لە کارەکەیدا زۆر سەرکەوتوو و لێهاتوو بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە ناوچە خاپوورکراوەکاندا، لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر، کە شەهید ڕێباز لێپرسراویان بووە، درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات.

ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

فەخرەدین کەریم عەبدوڵلا قادر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە فەخۆ مەخمووری، ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی مامۆستایانی قەزای مەخموور لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر لە دایک دەبێت، قۆناغەکانی منداڵی و لاوی بە کارکردنەوە دەباتە سەر، بۆیە ناتوانێت خوێندن تەواو بکات و تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، لە تەمەنێکی زۆر گەنجییەوە لە ساڵی ١٩٨٢پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە مەخموور، زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی

٨٦ دەشتی هەولێر، پاشان دەچێتە تیپەکانی ٨٧ی قەرەچووغ و ٩١ی سەفین، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت دەبێت.
لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگانە و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری هەولێر درێژە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەدات، لەو بارەیەوە دەڵێت:
«پارتیزانەکان توانییان بۆ ڕژێمی داگیرکەری بسەلمێنن کە کورد هەر دەمێنێ و توانای بەرگریکردنی هەیە و سوورە لەسەر بەدەستخستنی مافە نەتەوەییەکانی.»
ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

قاسم ئەمین بەهرام فەتاح

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە دڵشادی مامۆستا ئەحمەد، ساڵی ١٩٦٨ لە ناحیەی شەمامکی پارێزگای هەولێر هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی کارکردنەوە لە قۆناغی لاوی و منداڵییدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٥ لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە لە بەستی شەڵغە، پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ، پێشمەرگەیەکی بوێر و ئازا دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە فەرماندەی مەفرەزە.
لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر

بەردەوام دەبێت لە خەبات، بەو مەبەستە لەگەڵ پارتیزانەکانی سنوری هەولێر درێژە بە خەباتی سەخت و دژواری پارتیزانی دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## قاسم وەهاب غەفور ڕەمەزان

ناسراو بە ڕزگار، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٦٦ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی گەزوشانی ناحیەی دیبەگە – قەزای مەخموور هاتووەتە دنیاوە، بە هۆی کارکردنەوە لە قۆناغی منداڵی و لاوییدا نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر دەرهەق بە هاووڵاتیان و نەتەوەکەی، هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، هەر بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٩٨٦دا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دەشتی هەولێر، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ٨٧ی قەرەچووغ، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و دڵسۆز دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگانە و لەگەڵ پارتیزانەکانی سنوری دەشتی هەولێر درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدەن و ناهێڵن کوانووی شۆڕش خامۆش ببێت.

خێزانـداره و خاوەنـی چـوار منداڵـه، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە.

کاوه ئەنوەر نادر خدر

ناسـراو بـه مامۆسـتا کاوه، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٢ لـه گونـدی ئیلنجاغـی ناحیـەی تەقتـەق – قـەزای کۆیـه لـه خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کوردپـەروەر هاتووەتـه ژیانـەوه. لـه خوێندنـدا سـەرکەوتوو بـووه و توانیویەتـی بڕوانامـەی ماجسـتێر لـه بواری لێکۆڵینـەوەی ستراتیجی تایبـەت بـه ئاسایشـی نەتەوەیی بەدەسـت بهێنێـت، کەسـێکی ئـازا و بوێـر دڵسـۆز و بەوەفـا بـۆ هـاوڕێ و دەورووبەرەکـەی، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـه ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوه دەکات لـه کەرتـی ڕێکخسـتنی دەشـتی کۆیـه، لـه سـەرەتای هەشـتاکاندا لەنـاو خوێندکارانـی کۆیـه و تەقتـەق و زانکـۆی سـەلاحەدین لـه هەولێـر، ڕێکخسـتنێکی فـراوان پێـک دەهێنێـت و دواتـر نـاوی پۆلـی کازیـوەی لـێ دەنرێـت، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیی بـه هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوه دەکات لـه دەشـتی کۆیـه، لـه مـاوەی پێشـمەرگایەتیدا سـەرەڕای سەرپەرشـتیکردنی پۆلـی کازیـوه، سەرپەرشـتیی ڕێکخسـتنەکانی گوندەکانـی ڕۆژئـاوای کۆیـەش دەکات، سـاڵی ١٩٨٦ دەبێـت بـه ڕابەرسیاسـیی کەرتـی ٦ی تیپـی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر. لـه دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال بـۆ مـاوەی ١٤ مانـگ بەبـێ دابـڕان لـه ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی

دەشتی هەولێر درێژە بە کاری پێشمەرگانەی خۆی دەدات، لە ڕاپەڕیندا هەڵسووڕاو و چالاکیی بەرچاوی هەبووە، خاوەنی دوو مەدالیای ڕێزلێنانە، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت:

«یەکێتیی هەموو سەروەرییەکانی مێژووی خەباتی لێ وەربگیرێتەوە، بەتەنها سەروەریی مانەوەی پارتیزانەکانی دوای ئەنفالی بەسە تا هەتایە شانازیی پێوە بکات.» ئەم پێشمەرگە پارتیزانە، ئێستا بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

کمال ئەحمەد حەمەد ئەمین مەلا شێخ

ناسراو بە کەمال توتمەرەیی، ساڵی ١٩٧٢ لە گوندی تۆتمەرەی ناحیەی خەلیفان – قەزای ڕەواندوز لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمان پەروەر چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، بەهۆی کارکردن و هەلومەرجی ناوچەکەیانەوە ناتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی هەروتەکۆن پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات.

ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٩ی کۆڕەک، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر بەشێوەی پارتیزانی لە سنوری دۆڵی ئالانە درێژە بە خەبات دەدات.

کەم ئەندامی سەنگەرە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

لەتیف سەدیق حەمەد جومعە

ناسراو بە لەتیفە بچکۆل، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی ماجید ئاوای ناحیەی گوێڕ – قەزای مەخموور لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناس هاتووەتە دنیاوە، سەردەمی منداڵی و لاوی لەبەر هەژاریی خێزانەکەی بە کارکردنەوە خەریک بووە، بۆیە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تا پێنجی سەرەتایی دەخوێنێت، کەسێکی چالاک و دڵسۆز و بەوەفا دەبێت، ساڵی ١٩٨٥ هەر لە گوندەکەی خۆیان پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی دووی تیپی ٩١ی سەفین، ساڵی ١٩٨٧ بە مەفرەزە دەچن بۆ بادینان، پاش چەند مانگێک دەگەڕێنەوە و لە کەرتی پێنجی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژە بە پێشمەرگایەتی دەدات.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری هەولێر درێژە بە خەبات و کاری شۆڕشگێڕانە دەدات لە دەشتی هەولێر.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج

منداڵـە.

محەمەد ئیبراهیم حەمەد حاجی

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە کاکـە حەمـە، سـاڵی ١٩٦٦ لـە شـاری هەولێر، شاری قەڵا و منارە، لە خێزانێکی هەژار و کورەدپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە،

چـالاک و دڵسـۆز و بەوەفـا، بـە هـۆی هەژاریـی خێزانەکـەی و کارکردنـی لـە قۆناغـی منداڵـی و لاویـدا، توانـای تەواوکردنـی قۆناغەکانـی خوێندنـی نابێـت و تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی دەخوێنێـت، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ٤ی ٨٦ی دەشـتی هەولێـر، پێشـمەرگەیەکی لەخۆبـردوو و ئـازا و بوێـر دەبێـت.

لـە پـاش شـاڵاوەکانی ئەنفـال، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، درێژە بە تێکۆشـان و خەباتی پێشـمەرگانە دەدات و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە سـنوری پارتیزانەکانـی دەشـتی هەولێـر.

محەمەد ڕەسوڵ حسێن عەلی

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٨ لـە ناحیـەی حاجـی هۆمـەران، لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. بڕوانامـەی دبلۆمـی بەدەسـت هێنـاوە، لەتەمەنێکـی زۆر گەنجیدا

پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرنی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ڕێکخستنی دەرگەڵە، ساڵی ١٩٨٦ دەبێت بە پێشمەرگە لە دەستەی شەهید حەسەن کوێستانی.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی (دۆڵی بالیسان، خانەقا، باڵەکایەتی) لە پارێزگای هەولێر بەردەوام دەبێت.

ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«کارێکی زۆر پیرۆز و کاریگەر بوو بۆ ڕێکخستنەوەی شانەکانی ناوشار و گەڕانەوەی هیوا و ئاوات بۆ خەڵکی کوردستان، چونکە پرۆسەکانی ئەنفال بە تەواوی خەڵکی کوردستانی بێهیوا و نائومێد کردبوو.»

ئەم پارتیزانە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە. ئێستا مامۆستای (یاریدەدەری بەڕێوەبەر) قوتابخانەیە لە سلێمانی.

محەمەد حسێن ڕەسوڵ عەبدوڵڵا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نێشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە خێزانێکی هەژار و ماندوونەناسی گوندی ئالانەی قەزای چۆمان هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کردووە، کەسێکی

وشیار و چالاک، لە خۆبردوو و دڵسۆزی دەوروبەرەکە بووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە حەریر، کە سەر بە مەڵبەندی ٣ی هەولێر بووە، لە ڕێکخستندا کارەکانی زۆر بە وریایی و دڵسۆزییەوە ئەنجام داوە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٩ی کۆڕەک، لە پێشمەرگایەتیدا فەرماندەی کەرت بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، بەردەوام دەبێت لە خەباتکردن و درێژەدان بە کاری شۆڕشگێرانە و دەبێت بە یەکێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی ڕەتڵی (بالیسان کارۆخ) لە سنوری هەولێر، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

محەمەد ئیبراهیم محەمەد عەلی

ناسراو بە کێوەڕەش، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی پڵنگانی ناحیەی سەرکەپکان- قەزای ڕانیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر، چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، بەهۆی کارکردن و هەژاری خێزانەکەیان نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە.

هەر لە تەمەنی لاوییەوە پەیوەندی بەڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر هەر لەو گەنجییەدا ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی

کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە لێپرسراوی ئیدارەی کەرتی ٦ .

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر بەشێوەی پارتیزانی، لە سنوری کارۆخ و دۆڵی وەرتێ درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدات، لەکاتی پارتیزانیدا چەند چالاکیەک ئەنجام دەدەن.

لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزانداره و خاوەنی پێنج منداڵە.

محەمەد ئەحمەد محەمەد ڕەسوڵ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مینە ڕەش، ساڵی ١٩٦٩ لە خێزانێکی ماندوونەناس و نیشتمان پەروەری سەرکەپکان- قەزای ڕانیە هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی هەلومەرجی خێزانەکەیان و ناوچەکەوە نەیتوانیوە درێژە بەخوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە.

لە تەمەنی لاوێتیدا لە پڵنگان، پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٧٨ی کارۆخ، پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر دەبێت، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لە سنوری دۆڵی شاورێ و پڵنگان، درێژە بەخەبات و تێکۆشان دەدات.

لـە ئێسـتادا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنـج منداڵـە.

محەمەد ئەمین محەمەد  ئەمین عەلی سەعید

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە مـام هـەژار، لـە گوندی کەوەرتـەی قەزای چۆمـان لـە خێزانێکـی جووتیـار و زەحمەتکێـش سـاڵی ١٩٥٠ هاتووەتـە دنیـاوە، بەهـۆی هـەژاری خێزانەکەیـان و هەلومـەرجی ناوچەکەیانـەوە نەیتوانیوە سـودمەند بێت لـە پرۆسـەی خوێندن، کەسێکی چالاک و خۆنەویست بووە، دڵسۆز و لەخۆ بردووبووە بـۆ هـاوڕێ و دەوروبەرەکـەی، کەسـێکی هۆشـیار و بەهەسـت بـووە.

سـاڵی ١٩٧٦ لـە چۆمـان پەیوەنـدی بە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، زۆر چالاکانـە کارەکانـی ڕێکخسـتن ئەنجامـدەدات، دواتـر پەیوەنـدی بەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٧٨ی کارۆخ، دوای ئەنفـال و خاپورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان و ئـازاو کۆڵنـەدەر درێـژەی بەخەبـات و تێکۆشـان دەدات، لـە سـنوری کارۆخ و باڵەکایەتـی. لـە ڕاپەڕینەکـەدا بەشـدارییەکی چالاکـی دەبێت، بەداخـەوە لـە کاتـی ئازادکردنـی قـەزای شـەقڵاوەدا لـە ١٩٩١/٣/٩ شـەهید دەبێـت، لە گۆڕسـتانی چوارقوڕنـە- قـەزای ڕانیە بەخـاک دەسـۆێردرێت، لـەدوای خـۆی هاوسـەر و هەشـت منداڵەکـەی بەجێدەهێڵێـت.

محەمەد قادر حەمەد تەها

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە سـەید محەمـەد، لـە گونـدی چۆمسـاکی ناحیـەی گەڵاڵـە- قـەزای چۆمـان، سـاڵی ١٩٧٠ لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و نیشـتمان پـەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە، لەبـەر هـەژاری خێزانەکەیان و کارکردن لـە قۆناغی لاویدا نەیتوانیوە درێـژە بەخوێندن بدات، تەنها قۆناغـی سـەرەتایی تـەواودەکات. کەسـێکی هۆشیار و چالاک دەبێت، لەتەمەنێکی زۆر گەنجیەوە لـە بەسـتۆرە، پەیوەندی بەڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردسـتانەوە دەکات، دواتـر پەیوەنـدی بەهێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە کەرتـی ٢ی تیپـی ٧٨ی کارۆخ.

لـەدوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازاو بوێـر کۆڵنەدارانـە بەشـێوەی پارتیزانـی درێـژە بەخەباتـی شۆڕشـگێڕی دەدات لـە سـنوری ناوچەکانـی دۆڵـی شـاورێ و بەسـتۆرە.

لە ئێستادا بە پلەی عەمید وەک زیادەمیلاک لەسەر ئیدارەی ناوەندی ڕۆژئاوا/ ڕانیـە، خێزانـدارە و خاوەنـی حـەوت منداڵە.

محەمەد قادر ئەحمەد مستەفا

ناسـراو بـە شـەماڵ، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـەرەتای حەفتـاکان لـە ناحیـەی گەڵاڵـە- قـەزای چۆمـان لەخێزانێکـی زەحمەتکێـش و

کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی هەژاری خێزانەکەیان و خەریکبوون بەکارکردنەوە، نەیتوانیوە سودمەندبێت لە پرۆسەی خوێندن، بەڵام کەسێکی هۆشیار بووە، هەستی بە چەوسانەوە و ستەمی سەر نەتەوەکەی کردووە، هەر ئەم هەستەش وای لێدەکات، هەر لەتەمەنی لاوێتییەوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکەنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە دەکات، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری کەرت.

لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە بەردەوامی دەدات بە خەبات و تێکۆشان وەک پێشمەرگیەکی پارتیزان لە سنوری چالاکی مەڵبەندی ٣ی هەولێر دەمێنێتەوە و درێژە بە سۆڕش دەدات.

محەمەد حەمەد حەسەن خدر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە بەڵێن، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی دەلالانی ناحیەی سەرکەپکان لە خێزانێکی ماندوونەناس و تێکۆشەر هاتووەتە ژیانەوە، هەر لە منداڵیوە کەوتووەتە ژیانێکی سەخت و ناهەموارەوە، هەر ئەمەش وای لێکردووە نەتوانێت درێژە بە خوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە کەرتی ٦ لەتیپی ٧٨ی کارۆخ،

پێشمەرگەیەکی ئازاو بوێر بووە، دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە بەردەوام دەبێت لە خەبات و تێکۆشان، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە سنوری وەرتێ و دۆڵی شاورێ.

لە ئێستادا پێشمەرگەی خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە.

نەجات عەلی حەسەن ڕەسوڵ

ناسراو بە کارۆخ، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧٠ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری قەزای سۆران هاتووەتە ژیانەوە، بە هۆی هەژاری خێزانەکەیان و هەلومەرجی نالەباری ناوچەکەیان، ناتوانێت درێژە بەخوێندن بدات، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکات. لە سەرەتای لاوێتییەوە پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٩ی کۆڕەک. لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفال و هێرش و پەلاماری هێزەکانی ڕژێم بۆ سنوری مەڵبەندی سێ، بەشێوەی ڕەتڵێکی دوانزە پێشمەرگەیی، بە سەرپەرشتی شەهید جەلال جاجی، وەک پێشمەرگەی پارتیزان، درێژە بەخەبات و تێکۆشین دەدەن لە سنوری دۆڵی ئالانە و چیای کارۆخ.

لە ئێستادا جێگری لقی سۆرانی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکەنی کوردستانە، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## نامق سەدیق مەلا وسوو

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە نامق کۆڕی، ساڵی ١٩٦٦ لە گەڕەکی خانەقای شاری دێرینی هەولێر لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، هەر لە هەولێر قۆناغەکانی خوێندن تا پەیمانگای تەکنەلۆجی تەواو دەکات، لەبەر ئەوەی خێزانەکەیان خۆشناوە و لە بنەڕەتەوە لە کۆڕێوە هاتوونەتە هەولێر، بە نامق کۆڕی ناسرا، ساڵی ١٩٨٣لە کۆڕێ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبردووانە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان لەلایەن ڕژێمەکەی سەدام حسێنەوە، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر درێژە بە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی دەدات، بە مەبەستی جێبەجێکردنی کارێک لە ١٩٨٨/١٢/٩ دەچێتەوە نزیک شاری هەولێر، بەڵام بەداخەوە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە دەستگیر دەکرێت و پاشان شەهید دەکرێت.

## نەریمان نوعمان محەمەد سەعید

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە نەریمان ساڵەیی، ساڵی ١٩٦٩ لە گەڕەکی ڕەحیمئاوای شاری کەرکوک لە خێزانێکی تێکۆشەر و کوردپەروەر هاتووەتەدنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە. دواتریش، لە دوای ڕاپەڕین بڕوانامەی کۆلێجی سەربازیی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ، پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و تێکۆشەر درێژە دەدات بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی لە هەردوو سنوری پێشمەرگە پارتیزانەکانی بتوێن، کە شەهید هاشم شەمامکی بەرپرسیان بووە، پاشان پێش ڕاپەڕین لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر درێژەی بە خەبات داوە. ئێستا فەرماندەی فەوجە لە لیوای ١٢٦ بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

## نوورەدین ئەحمەد ڕەسوڵ ئەحمەد

ناسراو بە شۆڕش سێگردکانی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ساڵی ١٩٦٣ لە ناحیەی شوانی پارێزگای کەرکوک لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی منداڵی ولاوی بەکارکردنەوە بردووەتە سەر، لەبەرئەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات و تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، کەسێکی چالاک و کوردپەروەر، لە ساڵی ١٩٨٠ لە کەرکوک پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ دەبێت بە پێشمەرگە لە هەرێمی دووی کەرکوک، پاشان لە ساڵی ١٩٨١ دەگوازرێتەوە بۆ دەشتی هەولێرو لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات، لەپێشمەرگایەتیدا فەرماندەی مەفرەزە دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی هەولێر (سنوری دەشتی هەولێر).

خولەکانی پێشمەرگایەتی لە قەڵاچوالان و کانی گۆمە بینیوە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

نەجات ئەحمەد حەمەد ئەمین مەلا شێخ

ناسراو بە نەجات توتمەرەیی، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی توتمەرەی ناحیەی خەلیفان – قەزای ڕەواندز هاتووەتە ژیانەوە، بەهۆی کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیانەوە، تەنها قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٨٤ لە گوندی هەروتەکۆن پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ١٩ کۆرەک.

پاش دەسپێکی شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی ئازاو کۆڵنەدەر بەشێوەی پارتیزانی لە سنوری دۆڵی ئالانە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەدات.

لە ئێستادا بەردەوامە لە پێشمەرگایەتی، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

هاشم عومەر عوسمان

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە هاشمی جیهاز، ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی دۆنگزاوای بناری چیای سەری ڕەش لە خێزانێکی زەحمەتکێش وکوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول بووە، بەو هۆیەوە لەدوای نسکۆ خێزانەکەیان ئاوارەی

ئێران دەبێت، پاش گەڕانەوەیان بۆ عێراق لە لایەن ڕژێمەوە خێزانەکەیان ڕەوانەی شاری دیوانیە کرا، ئەم ڕووداوانەی قۆناغی لاوێتی هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، دوای ئەوەی ساڵی ١٩٨٠ بانگ دەکرێت بۆ سەر بازی، لەوێ دەخرێتە خولی بەکارهێنانی بێسیم و ماوەیەک دەمێنێتەوە، ساڵی ١٩٨١ سەربازی بەجێ دەهێڵێت و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە ناوچەی خۆشناوەتی، پاشان ڕەوانەی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوچەی هەولێر دەکرێت و ئەرکی پەیوەندییە بێسیمییەکانی پێ دەسپێردرێت، لە پێشمەرگایەتیدا لە تیپەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٧ی قەرەچووغ کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دەکرێت بە فەرماندەی کەرت و لەگەڵ شەهید ئازاد هەورامی ڕەوانەی بادینان دەکرێت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، لەگەڵ تیمێکی پێشمەرگەدا بۆ ماوەی ١٤ مانگ بە شێوەی پارتیزانی لە سنوری هەولێر دەمێنێتەوە. لە ڕاپەڕیندا بەشداریی کارای هەبووە، بەشداریی ڕزگارکردنی سۆران و شەقڵاوە و هەولێری کردووە، بەشداریی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کەرکوکی کردووە، دوای ڕاپەڕینیش چەند بەرپرسیاریەتییەکی پێشمەرگایەتیی وەرگرتووە.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە پارتیزانە لە شەڕی ناوخۆدا لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ لە هێرشەکەی سەر شاری هەولێر، پاش بەرگرییەکی قارەمانانە، شەهید دەکرێت و تەرمەکەیشی بزر

دەکرێت.

هاشم حەمەدەمین جەمیل سادق

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە هاشم شەمامکی، ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی خەزنەی دەشتی هەولێر لە خێزانێکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر هاتووتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە تیپی ٨٧ی قەرەچووغ، وەک کادر لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر کاری کردووە، دواتر دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٦ی تیپی قەرەچووغ، ساڵی ١٩٨٧ دەکرێتە جێگری تیپی ٨٧ی قەرەچووغ و ساڵی دواتر دەبێت بە فەرماندەی تیپی ٨٨ی شەمامک، پێشمەرگەیەکی ئازا و بوێر و خۆشەویست بووە، بەشداریی زۆر چالاکی و نەبەردیی پێشمەرگانەی کردووە، بەو هۆیەوە پێنج جار بریندار بووە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ساڵی ١٩٩٠ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی شەهید ڕێباز و مەفرەزەکەی دەگەڕێتەوە دەشتی هەولێر، بە مەبەستی کاری پارتیزانی و درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی، بەداخەوە ئەم فەرماندە و پێشمەرگە پارتیزانەی گەلی کورد و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ١٩/٩/ ١٩٩٠ لە شەڕێکی

دەستەویەخەدا لەگەڵ جەیش و جاش ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەداخەوە لەو ڕووبەڕووبوونەوەیەدا هاشم شەمامکی و ئیسماعیل مۆرتکەیی شەهید دەبن و دەچنە کاروانی نەمرانەوە. لە یادی ٢٨ ساڵەی شەهیدبوونیدا، سیروان کاروانی ئەم هۆنراوەیە بۆ شەهید هاشم شەمامکی دەنووسێت:

پیاوێک بیستوهەشت ساڵە پارچەیەک خۆرەتاوی بە خۆیدا داوە!

هاشم گیان!
ئەوە بیستوهەشت ساڵە!
پارچەیەک خۆرەتاوت بە خۆتدا دا و
بەبێ سەرین...
شکور، شکور
لەسەر ڕایەخێکی دوو مەتریی
نەرمی ئەو دەشتەی (شەمامک)ە،
لە ژوورێکدا تەنها نووستووی... تا کۆتایی.

یەدوڵڵا ڕەئووف نەجم حەسەن

ناسراو بە یەدۆ گۆمەشینی، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٧١ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەری گەڕەکی سەیداوەی شاری هەولێری دێرین هاتووەتە دنیاوە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی بەدەست هێناوە، کەسێکی هۆشیار و چالاک بووە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی

ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە گوندی گۆمەشینی کۆیە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی مەفرەزە. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی دەدات و ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی دەشتی هەولێر، لە کاتی پارتیزانیدا هەڵدەکوتنە سەر ڕەبایەیەکی جاشەکان لە گوندی بەلەبان لە بەستی شەرغە، بە مەبەستی ئەوەی بۆ ڕژێمی بسەلمێنن پێشمەرگە ماوە.

ئێستا لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی هەولێر کار دەکات بە پلەی عەمید، خێزاندارە و خاوەنی چوار منداڵە.

یوسف برایم گەڵاڵی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە ناحیەی گەڵاڵە – قەزای سۆران لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی هۆشیار و چالاک دەبێت، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، زۆر بە دڵسۆزی لەخۆبڕاوانە کارەکانی ڕێکخستن جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات لە هەرێمی ٧ی باڵەک، لە هەمان ساڵدا لە شەڕی مامەڕووتە بە سەختی بریندار دەبێت، ساڵی ١٩٨٢ دەبێت

بـە لێپرسـراوی دەسـتە تایبەتییەکـەی حەسـەن کوێسـتانی لـە تیپی ١٢ی سۆران، ساڵی ١٩٨٥ دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٣ی بارەگای مەڵبەندی ٣ی هەولێر، بەشداریی زۆر نەبەرد و چالاکیی پێشمەرگانەی کردووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال و خاپوورکردنـی گونـدەکان، وەک پێشمەرگەیەکی قارەمان و کۆڵنەدەر، ژیانی سەخت و پڕ لـە نەهامەتیـی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێت و لـە ناوچـەی سـۆران وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان دەمێنێتـەوە.

لە ڕاپەڕیندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە، بەشداریی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنـی کەرکوکـی کـردووە. لـە دوای ڕاپەڕیـن کـراوە بـە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤٦ی گەڵاڵـە.

بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە، لـە سـەروبەندی شـەڕی ناوخـۆدا، لـە ٢٧ی ئایـاری ١٩٩٤ دەکەوێتـە ئـەو بۆسـەیەوە کـە بـۆ مەفرەزەکـەی حەسـەن کوێسـتانی دانرابـوو، لـەو بۆسـەیەدا لەگـەڵ حەسـەن کوێستانی و چەند پێشمەرگەیەکی تردا شـەهید دەبێت.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی خۆشناوەتی

خۆشناوەتی دەکەوێتە سنووری پارێزگای هەولێر - قەزای شەقلاوە، چالاکیی پارتیزانەکانی خۆشناوەتی کەوتبووە سنووری نێوان چالاکیی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر و پارتیزانەکانی باڵەکایەتی و سۆران، کە ناوچەکانی دەشتی بەڕانەتی و دەشتی حەریر و سەفین و خۆشناوەتیی دەگرتەوە، هەموو ئەم ناوچانەش کە بەشێک بوون لە سنووری ئەو کاتەی مەڵبەندی ٣ی هەولێر، بەتەواوی لەلایەن سوپای ڕژێمی عێراقییەوە کۆنترۆڵ کرابوو، سەربازگە و ڕەبایەکانی ڕژێم ئەو ناوچەیان تەنیبوو، ئەمە جگە لە جار جارەی کێوماڵکردنی ناوچەکە بە سوپایەکی زەبەلاح و هێزی ئاسمانی بەتایبەتی هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێم کە نزیک بە ڕۆژانە بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوە.

ئەم دەڤەرە هەم بۆ حکومەتی عێراقی ناوچەیەکی گرنگ بوو هەم بۆ شۆڕش و پارتیزانەکان، چونکە ڕێگای هاملتۆن بەم سنوورەدا تێدەپەڕێت، لە هەمان کاتدا ناوچەی بە یەکەوە بەستنی دەڤەری باڵەکایەتی و ڕەواندز بە شاری هەولێر و دەشتی هەولێرەوە بوو، حکومەتی عێراقی چاودێرییەکی توندی خستبووە سەر سنوورەکە، لەو هەلومەرجە سەختەدا پارتیزانەکانی ڕەتڵی خۆشناوەتی درێژەیان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگانە دەدا.

لـە ڕووی تۆپۆگرافیـەوە ناوچەیەکـی شـاخاویی پڕ لـە کەنـد و دۆڵـە، کـە ئـەم سـەخڵەتەش لەلایـەک سـودی هەبـوو بـۆ خۆشـاردنەوە و دەربازبوونـی پارتیزانـەکان لـە چـاوی ڕژێـم، لەلەیەکـی تـرەوە کاری پارتیزانەکانـی قورسـتر کردبـوو بـۆ هاتوچۆ و دەستگەیشتن بە ڕێکخستنەکان و ناوچـەی ئاوەدانی.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی خۆشناوەتی:

ئیسماعیل خالید ئەحمەد مەحموود

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە سـەنگەر وەرەیـی، سـاڵی ١٩٦٧ لـە گونـدی بێتواتـەی قـەزای ڕانیـە لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێش هاتووەتـە دنیـاوە، بەهـۆی هـەژاری و کارکردنـەوە لـە قۆناغـی منداڵـی و لاویـدا نەیتوانیـوە، قۆناغەکانـی خوێنـدن تەواوبـکات، تەنهـا تـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، کەسـێکی چالاک و هۆشـیار بـووەو هـەر زوو چووەتـە مەیدانی خەباتـەوە، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەندیـی بـە ڕێزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کـردووە، لـە هەمـان ساڵدا پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لـە تیپـی ٩٩ی بتوێن، پێشـمەرگەیەکی ئازا و بوێر دەبێت و لەپێشـمەرگایەتیدا دەبێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی کـەرت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و پـاش پاشـەکشـەی بەشـێکی زۆری هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بۆ سـەر سنور، لەمانگی ئابـی ١٩٨٨ بـە مەبەسـتی چالاکـی پارتیزانـی دەگەڕێنـەوە بـۆ

سنورەکەی پێشتری خۆیان، لەکۆتایی مانگی ١٠ی هەمان ساڵ لەدۆڵی شاوریێ مەفرەزەکەیان دەکەوێتە بۆسەیەکی ڕژێمەوە و پێشمەرگەیەکی هاوڕێیان بەناوی غازی خالید شەهید دەبێت.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «پارتیزانەکانی دوای ئەنفال ڕەمزی مقاوەمەت و بەرخۆدانی پێشمەرگە و گەلی کورد بوون، هەرچەند کەسانێک لەو ڕۆژانەدا هەوڵی چوونەهەندەرانیان دەدا یان خەریکی بازرگانی و پارەپەیداکردن بوون، بەڵام پارتیزانەکان مەشخەڵی بەردەوامی شۆڕش و بووژاندنەوەی کوانووی کوردایەتی بوون، پارتیزانەکان دەستبەرداری خۆشییەکانی ژیان بوون و وەک سەرەتای شۆڕش شانیاندایەوە بەر خەبات و تێکۆشان و ئومێدیان بەخشییەوە بە گەلەکەیان.» ئەم پارتیزانە خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە، لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

جەلال حەمەد ئەمین ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە جەلال حاجی، ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی گەلاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و شۆڕشگێڕ هاتووەتە دنیاوە، قۆناغەکانی خوێندنی تا ئاستی ناوەندی لە گەلاڵە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە هەرێمی ٧ی باڵەک، پێشمەرگەیەکی ئازا و

چالاک بووە، پلەکانی پێشمەرگایەتیی بڕیوە، تا ساڵی ١٩٨٦ دەکرێت بە فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٧٨ی کارۆخ، لە هەمان ساڵدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی تیپی ١٩ی کۆڕەک.

ساڵی ١٩٨٨ لە شەڕەکانی دۆڵی جافایەتی، لە کاتی شاڵاوی یەکی ئەنفالدا، بە سەختی بریندار دەبێت و ڕەوانەی ئێران دەکرێت بۆ چارەسەر.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، قارەمانانە دەگەڕێتەوە ناوچەی سۆران و باڵەکایەتی و سەرپەرشتیی چەند یەکەیەکی پارتیزانی دەکات لە سنوری چالاکیی تیپی ١٩ی کۆڕەک.

لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ بەشدارییەکی کارای هەبوو، لە ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی کەرکوکدا ساڵی ١٩٩١ جارێکی تر بریندار دەبێت، لە دوای ڕاپەڕین چەندین لێپرسراوێتیی پێشمەرگایەتی و ڕێکخستن وەردەگرێت.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە کۆڵنەدەرە، لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆدا ساڵی ١٩٩٥، لە قەسرێ بەسەختی بریندار دەبێت، پاش ململانێیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی برینەکەیدا شەهید دەبێت.

## جەنگی ئەحمەد عوسمان ڕەسوڵ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە جەنگی کۆیی، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڕەکی زانکۆی شاری کۆیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، توانیویەتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، لە ساڵی ١٩٨٦ لە بتوێن پەیوەندی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی

کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، لـە هەمـان سـاڵدا ڕووو دەکاتـە خەباتـی شـاخ و دەبێت بـە پێشـمەرگە لـە تیپـی ٩٩ی بتویـن، لـە پێشـمەرگایەتیدا لـە ئیدارەی تیـپ بـووە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال بەشـدار دەبێـت لـە خەباتـی سـەختی پارتیزانـی و وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی خۆشـناوەتی درێـژە بـە شـۆڕش و کاری شۆڕشـگێڕی دەدات، وەک خـۆی دەڵێـت: ژیانـی پارتیزانـی، ژیانێکـی زۆر قـورس و ناهەمـوار بـوو، پێداویسـتییەکانی ژیـان لـە نـان و جلوبـەرگ و دەرمـان، یـان هـەر نەبـوو یـان زۆر کـەم بـوو.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە.

عەبدوڵڵا قادر ئەسعەد خدر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە حاجـی شـێخ وەسـانی، سـاڵی ١٩٥٥ لـە گونـدی شـێخ وەسـانی ناحیـەی بالیسـان – قـەزای شـەقڵاوە لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێش هاتووەتـە دنیـاوە، لەبەرئـەوەی لەقۆناغـی منداڵـی و لاویـدا بـە کارکردنـەوە خەریـک بـووە، نەیتوانیـوە قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتای خوێنـدووە، بـەڵام کەسـێکی هۆشـیار و چـالاک و دڵسـۆز بـووە، لـە تەمەنـی ١٧ سـاڵییەوە بـووە بـە پێشـمەرگە لـە شۆڕشـی ئەیلولـدا سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی بزووتنـەوەی سۆشیالسـتی کوردسـتانەوە دەکات لای سـەید سـەلیم، پاشـان بـووە بـە پێشـمەرگە لای هەڤـاڵ بەکـر توتمەیـی، سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی

کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات لای سـەید کەریم، پـاش شـەهیدکردنی سـەید کەریـم دەسـتەکەیان دەگوازرێتـەوە بۆتیپـی ٨٣ی هـەورێ، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و ئـازا و بوێـر دەبێـت، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە ئامـر مەفـرەزە چـوار جـار برینـدار دەبێـت. لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، ژیانـی سـەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و وەک پێشمەرگەیەکی چاپوک و کۆڵنـەدەر، لەڕەتڵـی پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی خۆشـناوەتی درێـژە بـە خەبـات و تێکۆشـان دەدات، لـە کاتـی پارتیزانـی و لـە دۆڵـی شـاورێ بـە هـۆی کەوتنـە کەمینـەوە جارێکـی تـر برینـدار دەبێت، لە ڕاپەڕیندا و لـە سنورەکەی خۆیدا ڕۆڵێکـی بەرچـاوی دەبێـت.

بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە قارەمانـە لەژێـر کاریگـەری برینەکانیـدا بەتایبەتـی کـە بەرکەوتـەی چەکـی کیمیـاوی بـووە، ڕۆژی ٢٠٠٥/٤/٢٥ لە شـاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و لە زێدی خۆی لە گۆڕستانی شێخ وەسـان بە خاک دەسپێردریت، لـە دوای خـۆی هاوسـەر و شـەش منداڵ بەجـێ دەهێڵێت.

غازی خالید ڕەسوڵ ئەحمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە غـازی بێراوەیی، سـاڵی ١٩٦٩ لـە گوندی بێـراوەی ناحیـەی بالیسـان – قـەزای شـەقلاوە، لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هەژاریـی خێزانەکـەی و پەیوەستبوون بـە کارکردنەوە نەیتوانییوە خوێندن

تـەواو بـكات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە، کەسـێکی چـالاک و خۆشەویسـت بـووە، لـە تەمەنێکـی زۆر گەنجییـەوە دەچێتـە کۆڕی خەباتـەوە، سـاڵی ١٩٨٥پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخستنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردستانەوە دەکات، هەمـان سـاڵ دەبێت بـە پێشـمەرگە لـە کەرتـی ٢ی تیپـی ٨٣ی هـەورێ، پێشـمەرگەیەکی ئـازا و بوێـر، لـە پێشـمەرگایەتیدا دەبێـت بـە جێگـری فەرمانـدەی کـەرت.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال کۆڵ نادات و وەک پێشمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی خۆشـناوەتی درێـژە بـە خەباتـی سـەختی پارتیزانـی پێشـمەرگانە دەدات، بەداخـەوە لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێزەکانـی ڕژێمـی داگیرکـەر لـە بـەرواری ٢ / ١١ / ١٩٩٠ لـە دۆڵـی شـاورێ شـەهید دەبێت، لـە زێدی خۆی لە گۆڕستانی باسکی ئاشـان لە گوندی بێراوە بە خـاک دەسـپێردرێت.

مەنسور حەمە کەریم محەمەد ساڵح فەرەج

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە مامۆسـتا مەنسـور، خانەوادەکەیـان لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی ناوچـەی هەورامانـن، سـاڵی ١٩٥٧ لـە گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی لە خێزانێکی تێکۆشـەر و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، توانیویەتـی بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە کۆمەڵناسـیدا بەدەسـت بهێنێـت، کەسـێکی هۆشیار و بەهەڵوێست بووە، ساڵی ١٩٨٠ لە هەڵەبجە پەیوەندی

بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کارەکانی ڕێکخستن بە دڵسۆزی و لەخۆبردووییەوە جێبەجێ دەکات، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پێشمەرگەیەکی چالاک و ئازا و بوێر بووە.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و خاپووربوونی گوندەکانی کوردستان، کۆڵنەدەرانە دەگەڕێتەوە ناوچە چۆڵکراو و داگیرکراوەکانی کوردستان و درێژە بە خەبات و کاری پێشمەرگایەتی دەدات لە ڕەتڵی پێشمەرگە پارتیزانەکانی خۆشناوەتی، لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«ئەو قۆناغەی خەبات، قۆناغی هەستانەوەی شۆڕش بوو، کوردستان هەمووی چۆڵ بوو، گوند و شارۆچکەکان هەمووی خاپوور کرابوون، جەماوەری نەمابوو، کەم کەس دەیتوانی لەو قۆناغەدا درێژە بە خەباتی پێشمەرگانە بدات، ئەتوانم بڵێم، ئەو قۆناغە لە قۆناغی سەرەتای شۆڕش (١٩٧٦) سەختتر بوو.

ئەم پێشمەرگە پارتیزانە ئێستا خانەنشینە بە پلەی ڕاوێژکار، لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

## محەمەد فەقێ ئەحمەد بابەکر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە محەمەد بیکەیسی، ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی وەرێی ناحیەی بێتواتە – قەزای ڕانیە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری خێزانەکەی هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووە بە کارکردن، ئەمەش ڕێگر بووە لە درێژەدان بە خوێندن و تەنها قۆناغی سەرەتایی خوێندووە، کەسێکی هەشیار و چالاک بووە، هەر زوو هەستی بە زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر کردووە، لە پێناوی ژیانێکی بەختەوەری ئازادیی نەتەوەکەی دەکەوێتە کۆڕی خەباتەوە، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات لە شێخ وەسان، لە هەمان ساڵدا پەیوەندیی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لە هەرێمی ٨ی ئەوکاتی هەولێر، پێشمەرگەیەکی چالاک و بوێر و دڵسۆز دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەبێت بە فەرماندەی بەتالیۆنی ٦١ی هەورێ.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە، وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ کۆڵ نادات و ڕێگەی سەخت و دژواریی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی خۆشناوەتی.

بەداخەوە ئەم پێشمەرگە کۆڵنەدەرە لە بەرواری ١/ ٦/ / ١٩٩١ بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل گیان لە دەست دەدا و لە گوندی

وەریێ لە زێدی خۆی بە خاک دەسپێردرێت. لە دوای خۆی هاوسەر و پێنج منداڵەکەی بەجێ دێڵێت.

مستەفا ئەحمەد مستەفا سۆفی

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ناسراو بە مەلا سەفین، ساڵی ١٩٦٩ لە گوندی وەرێی ناحیەی بێتواتە- قەزای ڕانیە، لە خێزانێکی کۆڵنەدەر و کورد پەروەر هاتووەتە دنیاوە، توانیویتی تا قۆناغی ئامادەیی بخوێنێت، هەستی نیشتمانپەروەریی و کوردایەتی زوو دەیهاوێتە کۆڕی خەباتەوە، ساڵی ١٩٨٤ لە بالیسان پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە دەکات، کەسێکی چالاک و بوێر دەبێت، کارەکانی ڕێکخستن زۆر سەرکەوتووانە بە ئەنجام دەگەیەنێت، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، لە تیپی ٨٣ی هەوریێ، پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بوێر دەبێت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفالیشەوە کۆڵ نادات و بەردەوام دەبێت لە خەباتی پێشمەرگایەتی، لە مانگی ئابی ١٩٩٠ لەگەڵ مەفرەزەیەکی پارتیزان دەگەڕێتەوە کوردستان، بۆ بەشداری لە خەباتی سەختی پارتیزانی، لە مانگی ١٠ی هەمان ساڵ مەفرەزەکەیان لە دۆڵی شاوریێ دەکەوێتە کەمینی مەفرەزە خاسەوە و شەهیدێک و برینداریێکیان دەبێت، بەڵام کۆڵنەدەرانە درێژە بە خەبات دەدەن.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت: «پارتیزانەکان ڕەمزی

مقاوەمـەت و مانـەوەی پێشـمەرگە و گەلـی کـورد بـوون، پارتیزانـەکان دەسـتیان لـە ژیانـی خۆیـان هەڵگـرت و وەک سـەرەتای شـۆڕش ئومێدیـان بەخشـییەوە بـە گەلەکەیـان و ڕێبـازی پیـرۆزی شـەهیدان.»

خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

## پێشمەرگە پارتیزانەکانی سنوری بادینان

بادینان ناوچەیەکی فراوانی کوردستانی باشورە، هاوسنوورە لەگەڵ هەرسێ پارچەکەی تری کوردستان، واتە سنووری ناوچەی بادینان لە باکوورەوە کوردستانی باکوورە، لە ڕۆژهەڵاتەوە کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، لە ڕۆژئاواوە کوردستانی ڕۆژئاوایە و باشوریشی تا سەر زێی گەورە و ناوچەکانی موسڵ درێژ دەبێتەوە، کوردی ئەم سنوورە بە شێوەزاری بادینی (کرمانجی سەروو) دەدوێن، ئەو شێوەزارەی کە ئەحمەدی خانی و جگەرخوێن پێیان دەنووسی و عایشەشان و تەحسین تەها سترانیان پێ دەچڕی، ناوچەیەکی دڵگیر و ڕازاوە و پڕ لە هاوینەهەوار و سەیرانگایە، بادینان بە هۆی کەشوهەوا لەبارەکەیەوە ڕەز و باخ و میوەجاتی لە جۆری ترێ و هەنجیر و چوالە و قەیسی و قۆخی زۆرە، هەنگوین و بەرهەمی شیرەمەنییشیان بەناوبانگە، لە دەڤەرەی بادیناندا جگە لە موسوڵمان، کوردی ئێزیدی و مەسیحییشی هەیە، کە بە درێژایی سەدان ساڵە پێکەوە دەژین، لالش کە مەڵبەندی سەرەکیی ئێزیدییەکانە لە جیهاندا، دەکەوێتە ئەم سنوورەوە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتییان بەهێزە و ڕەوشی عەشایەری تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاوە، لە عەشرەتەکانی بادینان، وەک عەشرەتی ڕێکانی، زێباری، دۆسکی، نێروەیی و سندی و هتد... کە لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیی گەلی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، قوربانیی زۆریان داوە.

پێشـمـەرگە پارتیزانەکانـی بادینـان لـە دوو ڕەتڵـدا درێژەیـان بـە خەبـات و پێێشـمـەرگایەتی دا، لـە کاتێکـدا دوژمـن هەمـوو توانـای خـۆی بۆ کۆنترۆڵکردنـی ناوچەکـە دابـوو، پارتیزانـەکان زۆر لێبڕاوانـە درێژەیـان بـە شـۆڕش دا، لەبـەر هەلومەرجـی نەگونجاوی بادینـان بۆ پێشـمەرگەی یەکێتیی، فۆرمـی تـەواوی پێشـمـەرگە پارتیزانەکانمـان بەدەستنەگەیشـت.

### بەشێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی بادینان

ئیحسان عەزیز خالید حەسەن

پارتیـزان و پێشـمـەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بـە نێروەیـی، سـاڵی ١٩٦٦ لـە خێزانێکـی هـەژار و زەحمەتکێشـی گونـدی زێوەشـکانی ناحیـەی دێرەلـووک هاتووەتـە دنیـاوە. دێرەلـووک ناحیەیەکـی قـەزای ئامێدیـی سـەر بـە پارێـزگای دهۆکـە، هـەر لـە دێرەلـووک قۆناغـی سـەرەتایی و ئامادەیـی تـەواو کـردووە، پـاش شـاڵاوەکانی ئەنفـال، ئـاوارەی وڵاتـی ئێـران دەبێـت، وەک کەسـێکی کۆڵنـەدەر و شۆڕشـگێڕ، سـاڵی ١٩٨٩ لە ئێران و لـە ئاوارەییـەوە پەیوەندیی بە شـۆڕش و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوچـە خاپوورکراوەکانـی کوردسـتان، بـۆ درێـژەدان بـە خەبـات و تێکۆشـان، ژیانـی سـەخت و ناهەمـواری پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت، دەبێـت بـە پێشـمـەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی یەکـی پێشـمـەرگە پارتیزانەکانی بادینـان، پێشـمەرگە ئـازا و بوێـر دەبێـت، بەشـدارییەکی چالاکانـەی لـە ڕاپەڕینـدا دەبێـت.

لە دوای شەڕی ناوخۆ، لە کۆتایی نەوەدەکانەوە، کوردستان بەجێ دەهێڵێت و لە ئەوروپا دادەنیشێت، خانەنشینە، خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە.

ئەحمەد محەمەد عەلی محەمەد تایر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی زیوەشکانی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە، بە هۆی هەژاری و کارکردنەوە لە قۆناغی منداڵیدا نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بەڵام هەستی بە چەوسانەوە و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر کردووە بەرامبەر نەتەوەکەی، کە دوژمن بێ بەزەییانە دەرهەق بە خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان ئەنجامی دەدات، لە ساڵی ١٩٧٨ تا کۆتایی شاڵاوەکانی ئەنفال، لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا وەک پێشمەرگەیەک بە هیوای ڕزگاریی کوردستان خەبات دەکات، پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزەکانی پارتی بۆ ناو خاکی ئێران، وەک کەسێکی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر خولیای شۆڕش و درێژەدان بە شۆڕش دەبێت، کە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان درێژە بە خەبات دەدات، ئەم پێشمەرگە دێرینە لە ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات و ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی یەکی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بادینان.

بەشـداربییەکی چالاکانـەی ڕاپەڕیـن دەکات، خێزانـدارە و خاوەنـی حـەوت منداڵـە، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە.

ئەمین ئیبراهیم هیرو حەسەن

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٥٣ لـە خێزانێکـی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشـی گوندی باوانـی ناحیـەی دێرەلووک – قـەزای ئامێدی هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هەژاریـی خێزانەکـەی هـەر لـە منداڵییـەوە خراوەتـە بـەر کارکردن، ئەمـەش ڕێگر بووە لـەوەی بچێتـە قوتابخانـە و قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەندیـی بـە پێشـمەرگەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە دەکات، بـەو هیوایـەی لـەو ڕێگایـەوە بەشـداریی خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی گەلەکـەی بـکات، دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال پێشـمەرگەکانی پارتی ڕوو لـە ئێران دەکـەن و لـە ئێران دەمێننـەوە، سـاڵی ١٩٨٩ ڕیزەکانـی پارتـی بەجـێ دەهێڵێـت و پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات.

وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، پەیوەندیـی بـە پارتیزانەکانـەوە دەکات و دەبێـت بـە یەکێـک لـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی بادینـان، بەشـدار دەبێت لـە درێژەدان بـە خەبـات.

ئێسـتا خانەنشینی پێشـمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شـەش منداڵە.

بەدەل محەمەد ساڵح عەبدوڵلا محەمەد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، ناسـراو بە بەدەل بادینی، ساڵی ١٩٥٥ لـە خێزانێکی کوردپـەروەر و شۆڕشگێڕ لـە گونـدی باجلوری ناحیەی زاوێتـە هاتووەتـە ژیانـەوە، کەسـێکی هۆشـیار و چـالاک، ئـازا و بوێـر بـووە، سـاڵی ١٩٨١ لـە سـوریا پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، لەبـەر لێهاتوویـی خـۆی هـەر زوو لـە پێشـمەرگایەتیدا دەکرێـت بـە فەرمانـدەی کـەرت.
لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و خاپوورکردنـی گوندەکانـی کوردسـتان، ژیانی سـەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی پارتیزانەکانـی بادینـان، لـە کاتـی گەڕانەوەیـان لـە گاراوە، لـە ژاراوا لەلایـەن دەزگا سـیخوڕییەکانەوە لەگـەڵ دوو هاوڕێیدا دەسـتگیر دەکرێـن.
ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی دوو منداڵـە.

تۆفیق تەمەر ئیسلام سیدۆ

ناسـراو بە تۆفیـق چەلکی، پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٥١ لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر و زەحمەتکێشـی گونـدی چەلکـی ناحیـەی دێرەلـووک – قـەزای ئامێدی هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هـەژاری و کارکـردن لـە قۆناغـی منداڵی و لاویـدا، نەیتوانیـوە قۆناغەکانـی خوێنـدن تـەواو بـکات، بـەڵام کۆڵـی نـەداوە و خـۆی فێـری

خوێندن و نووسین کردووە، هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و زوڵم و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر وای لێ دەکات ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات لە سنوری بادینان، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات، پێشمەرگەیەکی چالاک و دڵسۆز دەبێت، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە فەرماندەی کەرت. لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، ژیانی سەخت و دژواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و لە ڕەتڵی دووی پێشمەرگە پارتیزانەکانی بادینان دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان، لەو ڕێگەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات. ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دوای دروستبوونی گرژی و تێکچوونی باری ناوخۆی کوردستان، وەک زۆربەی لایەنگر و پێشمەرگە و کادرەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هۆی هەلومەرجی بادینانەوە چەندین جار لەلایەن هێزە دەستڕۆیشتووەکانی ئەو دەڤەرەوە تووشی گرتن و لێپێچینەوە بووەتەوە، ناچار کراوە کە زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت و ماوەیەکیش خۆی بشارێتەوە، بەڵام کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە لەسەر ئەو ڕێبازەی کە قەناعەتی تەواوی پێ بووە، ئەویش ڕێبازی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. دواتر دەکرێت بە جێگری فەوجی بادینان.

خێزانداره و خاوەنی شەش منداڵە، ئێستا پێشمەرگەی خانەنشینە.

## تەیب جونەید عەبدوڵڵا عەباس

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین ناسراو بە ڕێكانی، ساڵی ١٩٤٨ لە خێزانێكی هەژار و ڕەنجدەری گوندی بێزاڵی ناحیەی دێرەلووك – قەزای ئامیدی هاتووەتە ژیانەوە. بە هۆی هەژاری خێزانەكەیەوە هەر لە منداڵییەوە دەستی كردووە بە كاركردن بۆ دابینكردنی بژێویی خۆی و هاوكاریكرنی خێزانەكەی، ئەمەش وای كردووە كە نەتوانێت بچێتە بەر خوێندن، بە هیوای ڕزگاریی نیشتمان و ئازادیی نەتەوەكەی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە پێشمەرگایەتییەوە دەكات لە ڕیزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستاندا، لە ساڵی ١٩٨٩ دوای شاڵاوەكانی ئەنفال هێزی پێشمەرگەی پارتی لە ئێران دەمێننەوە، لە ئێرانەوە پەیوەندیی بە ڕیزەكانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە دەكات، وەك پێشمەرگەیەكی ئازا و كۆڵنەدەر ژیانی سەختی پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەكی پارتیزان لە ڕەتڵی یەكی پارتیزانەكانی بادینان، ئەم پێشمەگە پارتیزانە هاوسەرگیریی كردووە و بووە بە خاوەنی پانزە منداڵ، بەداخەوە بە هۆی نەخۆشی لە ڕێكەوتی ٢١ / ٤ / ٢٠١٥ دڵە گەورەكەی لە لێدان دەكەوێت و لە گوندی شاخكی بە خاك دەسپێردرێت.

حەسەن ساڵح حسێن ئەحمەد

پێشمەرگەی پارتیزان، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی هەسەنبەکری دێرەلووک لە خێزانێکی ڕەنجدەر و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. قۆناغی منداڵی بەکارکردن بۆ بەدەستهێنانی بژێویی خۆی و خێزانەکەی بەسەر بردووە، بەو هۆیەوە نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، لە کاتی ئاوارەبوونیدا بۆ ئێران، ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، لە هەمان ساڵدا ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی دووی بادینان، لەو ڕێگەوە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی خۆی دەدات.

خێزاندارە و خاوەنی سێ منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

حەسەن سەلیم حامد عیسا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە حەسەن سەلیم نێروەیی، ساڵی ١٩٦٦ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەری گوندی سیوەسەری ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، لە ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨٩ بە هیوای خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا پێشمەرگە دەبێت، پاش ئەوەی دەبینێت پێشمەرگەکانی

پارتـی دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال لـە ئێـران دانیشـتوون، وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ پەیوەندی خۆی لەگەڵ پارتی دەپچڕێنێت و پەیوەندیـی بـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، ژیانی سـەخت و ناهەموارى پارتیزانـی هەڵدەبژێرێت، دەبێت بە پێشـمەرگەی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی بادینـان، بـە هـۆی لێهاتوویـی و شـارەزایی زۆری لە پێشمەرگایەتی و ناوچەکە، دەکرێت بە لێپرسـراوی ڕەتڵـی دووی بادینـان. بەداخـەوە لـە ڕاپەڕینەکـەدا و لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ هێزەکانـی ڕژێـم شـەهید دەبێـت و لـە گۆڕسـتانی دێرەلـووک بـە خـاک دەسـپێردرێت.

خەلیل عەسکەر خەلیل عوسمان

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، هـەر بـە خەلیـل ناسـراوە، سـاڵی ١٩٦٩ لـە قـەزای ئاکـرێ لـە خێزانێکـی شۆڕشـگێڕ و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. توانیویەتـی بڕوانامـەی دبلـۆم بەدەسـت بهێنێـت، بـە ئامانجـی ڕزگاریـی نەتەوەکـەی سـاڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە پارتـی گەلـەوە دەکات لە لقی یەکـی ئـەو پارتـە، بەڵام دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال و پاشـەکشـەی پارتی گەل بۆ ئێران، پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردستانەوە دەکات.

ژیانـی سـەخت و ناهەمـوارى پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت و دەبێـت بـە یەکێـک لـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی دووی بادینـان.

خێزانـدارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە، ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە.

### زکری محەمەد حافز حەسەن

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٦٩ لـە گونـدی باوانـی ناحیـەی دێرەلـووک – قـەزای ئامێـدی لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر و زەحمەتکێـش هاتووەتـە ژیانـەوە. تـا قۆناغـی ئامادەیی خوێندووە، کەسێکی دڵسۆز و لەخۆبردوو بووە، هەر زوو هەسـتی بـە نادادپـەروەری و چەوسـانەوەی نەتەوەکـەی کـردووە، بـە هیـوای سەرخسـتنی خەباتـی گەلەکـەی سـاڵی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـە لقـی یەکـی پارتـی گەلـەوە دەکات، کاتێک پێشـمەرگەکانی پارتـی گـەل بـە هـۆی شاڵاوەکانی ئەنفالـەوە ڕوو لـە ئێران دەکـەن، وەک کەسـێکی شـۆڕشـگێڕ و کۆڵنـەدەر، سـاڵی ١٩٨٩ لە ئێران پەیوەندی بە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات و بەشـدار دەبێـت لـە خەباتـی پارتیزانـی و دەبێـت بـە پێشـمەرگەیەکی پارتیـزان لـە ڕەتڵـی دووی بادینـان.

خێزانـدارە و خاوەنـی سـێ منداڵـە، ئێسـتا پێشـمەرگەی خانەنشـینە.

### حەجی حەجی شێخ ئومەر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٣٤ لـە گونـدی هینـی ناحیـەی دێرەلـووک – قـەزای ئامێـدی لـە خێزانێکـی هـەژار و ڕەنجدەر هاتووەتـە دنیـاوە، لەبـەر هـەژاری و نـەداری خێزانەکەیـان نەیتوانیوە بچێتـە بـەر خوێندن، قۆناغی منداڵی بە کارکردنـەوە بەسـەر بردووە، کاری تاقەتپڕووکێنی کشـتوکاڵی و

ئاژەڵداری، بە ئامانجی سەربەخۆیی نیشتمانەکەی و ڕزگاربوون لـە چەوسـانەوە و نادادپـەروەری سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندیـی بـە لقی یەکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە دەکات، لـە لیژنـەی گـوڵان دەبێـت بـە پێشـمەرگەی پارتـی، لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، کاتێـک هێزەکانـی پارتـی لـە کوردسـتان پاشەکشـە دەکـەن بـۆ ئێـران، وەک پێشـمەرگەیەکی ئـازا و کۆڵنـەدەر، واز لـە ئامانجەکـەی ناهێنێت، ژیانی سـەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێـت، پەیوەندیی بـە یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات و دەبێـت بـە یەکێـک لـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی دوای ئەنفـال لـە ڕەتڵـی دووی بادینـان.

بەداخـەوە ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە کۆچـی دوایـی کـردووە و بـە شـێک لـە خۆزگـە و ئاواتەکانـی بـردە ژێـر گڵ.

سەبری مەسیحە عەلی ئەحمەد

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە سەبری ڕەشەڤایی، سـاڵی١٩٥١ لـە گونـدی ڕەشـەڤایی ناحیـەی دێرەلـووک – قـەزای ئامێـدی لـە خێزانێکـی زەحمەتکێـش و کۆڵنـەدەر هاتووەتـە ژیانـەوە. لەبـەر هەژاریـی خێزانەکـەی نەیتوانیـوە درێـژە بـە خوێنـدن بـدات، تەنهـا قۆناغـی سـەرەتایی خوێنـدووە و لاوێتـی بـە کارکردنـەوە بردووەتـە سـەر، بـەڵام خاوەنـی هەسـتێکی پاکـی نیشـتمانی و نەتەوەیـی بـووە، سـاڵی ١٩٦٦ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات، باڵـی مەکتەبـی سیاسـیی ئـەو کاتـە، لـە دوای کارەسـاتی سـاڵی ١٩٧٥ و ئاشـبەتاڵی شـۆڕشـی

ئەیلول، لەگەڵ دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێ پەیوەندیی بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات و بەردەوام دەبێت لە کاری پێشمەرگایەتی، لە پێشمەرگایەتیدا جێگری فەرماندەی تیپ بووە.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال و دروستبوونی مەفرەزە پارتیزانەکان، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و بەشداریی خەباتی پارتیزانی دەکات لە ڕەتڵی دووی بادینان.

لەبارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێت:

«ڕۆژگارێکی قورس و سەختمان بەڕێ کرد، تینوێتی و برسێتی و سەرما و گەرما، ترس و خۆشاردنەوە، خێزاندارە و خاوەنی پێنج منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

سدقی ڕوشدی سەلیم سەعدۆ

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین، ناسراو بە هێتوتی، ساڵی ١٩٥٣ لە خێزانێکی هەژار و ڕەنجدەری گوندی هێتوتی ناحیەی دێرەلووک کە سەربە قەزای ئامێدیە لە دایک دەبێت، لەبەر هەژاری خێزانەکەی و کارکردنی لە قۆناغی منداڵیدا نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، هەژاری و کارکردنی بەردەوامی لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان و کاری ئاژەڵداریدا، هەست بە چەوسانەوە و نا دادپەروەری دەکات، بە هیوای ڕزگاربوون لەو بارودۆخە قورسەی ژیان، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، لە لیژنەی ناوچەی گولان، دەبێت بە

پێشمەرگە، پاش شاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزەکانی پارتی بۆ ئێران، ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی دووی بادینان، هاوسەرگیری کردوەو بووە بە خاوەنی دە منداڵ، بەداخەوە لە ساڵی ٢٠١٢ کۆچی دوایی دەکات و لە زێدی خۆی لە گوندی هێتوت بە خاک دەسپێردرێت.

شوکری سەلیم حامد عیسا

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین، ساڵی ١٩٧٠ لە گوندی زیوەسەری ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لێژنەی ١ی گوڵانەوە دەکات و دەبێت بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی پارتیدا، کاتێک پێشمەرگەکانی پارتی دوای پرۆسەکانی ئەنفال پاشەکشە دەکەن بۆ ناو خاکی ئێران، پەیوەندی خۆی بە پارتییەوە دەپچڕێنێت و ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، هەر لەو ساڵەدا بەشداریی خولی هەڵگرتنەوەی مین دەکات، وەک پێشمەرگەیەکی ئازا و کۆڵنەدەر، دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی دووی بادینان، بەوشێوەیە درێژە بە خەبات و تێکۆشانی کوردایەتی خۆی دەدات.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی شەش منداڵە.

عەبدوڵڵا مەسیحا ئەحمەد مەسیحا

ناسراو بە بێژەنگ ڕشافەیی، ساڵی ١٩٥٩ لە گوندی ڕشافەی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، کارکردن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان و هاوکاری خێزانەکەی، ڕێگر دەبێت لە بەردەوام بوونی لە خوێندن و ناتوانێت قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، بەڵام ئەمە ڕێگر نابێت لە هەستکردنی بە چەوسانەوە و خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمانەکەی، بە هیوای ڕزگاربوون لەو ناهەمواری و نادادپەروەریە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیی بە لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، پاشەکشەی هێزەکانی پارتی بۆ ناو خاکی ئێران وایلێدەکات ڕیزەکانی پارتی بەجێ بهێڵێت، ساڵی ١٩٨٩ پەیوەندیی بە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات. لەگەڵ پێشمەرگە پارتیزانەکانی بادینان، دەگەڕێتەوە بۆ ناوچە خاپوورکراوەکان و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی پارتیزانەکانی بادینان.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوازدە منداڵە.

## عەبدولقادر محەمەد عەبدولقادر عوسمان

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێرینـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردستان، ناسراو بە قادر باجلوری، ساڵی ١٩٥٥ لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشـتمانپەروەر لـە گونـدی قەسـرۆکی ناحیـەی زاوێتـە هاتووەتـە ژیانـەوە. سـەرکەوتووانە قۆناغەکانی خوێندنی بڕیووە و توانیویەتی بڕوانامـەی بەکالۆریۆس بەدەست بهێنێت، لـە سـاڵی ١٩٧٩ لـە دهـۆک پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی ڕێکخسـتنی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتانەوە دەکات، سـاڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتانەوە دەکات لە بادینان و دەبێـت بـە پێشـمەرگە، لـە ژیانـی پێشـمەرگایەتیدا بـە هـۆی هەلومەرجی ناوخۆ بەگشـتی و هەلومەرجی بادینـان بەتایبەتـی تووشـی چەرمەسـەری و کێشـەی زۆر هاتـووە، بـەڵام هـەر کۆڵی نـەداوەو بـەردەوام بـووە، لە پاڵ کاری پێشـمەرگایەتیدا لـە کاری ڕێکخستنیشـدا چـالاک بـووە، لـە ناوچـەی بادینـان شوێندەسـتی دیـارە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال، دەگەڕێتـەوە بـۆ ناوچـە خاپوورکـراوەکان، بـە مەبەسـتی درێـژەدان بـە خەبـات و تێکۆشـان، لە ژاراوا لەلایـەن سیخوڕەکانی ڕژێمـەوە لەگـەڵ دوو هاوڕێـی تریـدا، دەسـتگیر دەکرێـن.

ئێسـتا خانەنشینی پێشـمەرگەیە، ئەندانی مەکتـەب ڕێکخسـتنە و بەردەوامـە لـە خزمەتکردن، خێزانـدارە و خاوەنـی پێنج منداڵـە.

عەبدولقادر محەمەد سەلیم عەبابەکر

پارتیزان و پێشمەرگەی دێرین ناسراو بە عەبدولقادر دوهکی، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی شیلادزێی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامیدی لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە دنیاوە، قۆناغی منداڵی و لاوی لەبەر هەژاری خێزانەکەی بە کارکردنەوە بەسەر بردووە، بو هۆیەشەوە نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، کەسێکی هۆشیار و چالاک و دڵسۆز بووە، ساڵی ١٩٨٤ بەهیوای ڕزگاریی گەلی کورد لە دەست زوڵم و زۆری ڕژێمی داگیرکەری بەعس پەیوەندی بە لیژنەی گولانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات.

پاش شالاوەکانی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەی پارتی بۆ خاکی ئێران، ساڵی ١٩٨٩ لە شاری شنۆ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، کۆڵنەدەرانە ژیانی سەخت و پڕ لە ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ڕەتڵی دووی پارتیزانەکانی بادینان درێژە بە خەبات و شۆڕش دەدات و بەشدار دەبێت لە کاروانی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی هەشت منداڵە.

عەبدولڕەزاق عەلی ئیبراهیم عەلی

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٦٢ لـە گونـدی دهیکی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی لە خێزانێکی هەژار و کوردپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. سەرەتای منداڵی و قۆناغی هـەرزەکاری بـە هـۆی هـەژاری خێزانەکـەی بـە کارکردنـەوە خەریک بووە، بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیی و هاوکاری خێزانە هەژارەکـەی، ئەمـەش ڕێگـر بـووە لـەوەی بچێتـە بـەر خوێنـدن، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی هانی دەدات بۆ کۆڕی خەبات، سـاڵی ١٩٨٢ بەهیـوای ڕزگاربـوون لـە سـتەمی نەتەوەیـی و بەرقەراربوونـی ڕژێمێکـی دادپـەروەر، پەیوەندیـی بـە هێـزی پێشـمەرگەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان – لقـی یەکـەوە دەکات و دەبێـت بـە پێشـمەرگەی ئـەو حیزبـە، پێشـمەرگەیەکی چـالاک و خۆنەویسـت و دڵسـۆز دەبێت.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشـەی هێزەکانی پارتی بۆ نـاو خاکـی ئێران، سـاڵی ١٩٨٩ لـە شـاری شنۆی ڕۆژهـەڵات، پەیوەندیـی بـە یەکیتـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕ و کۆڵنەدەر درێژە بە خەبات دەدات و دەبێت بە پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی دووی بادینان.

ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی نـۆ منداڵـە.

## عەبدولواحید تاهیر خمۆ تاهیر

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن ناسـراو بـە عەبدولواحید نێروەیی، سـاڵی ١٩٥٧ لە گوندی زیوەشکانی ناحیەی دێرەلووک – قـەزای ئامیـدی لـە خێزانێکـی نیشـتمانپەروەر و زەحمەتکێش هاتووەتـە دنیـاوە، کەسـێکی وریـا و هۆشـیار و چـالاک بووە، هەر زوو هەسـتی بـە چەوسـانەوەی نەتەوەکـەی و نادادپەروەریـی ڕژێمـی داگیرکـەر کـردووە، ئـەم هەسـتەش هانـی داوە بـۆ کـۆڕی خەبـات، لـە کۆتایـی سـاڵانی حەفتاکانـدا پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە دەکات بـە هیـوای ڕزگاری و سـەرفرازیی گەلەکـەی و دەسـتەبەری ژیانێکـی پـڕ شـکۆ و شـەرەفمەندانە.

لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال و پاشەکشـەی هێزەکانـی پارتـی بـۆ خاکـی ئێـران، لـە شـاری شـنۆی ڕۆژهەڵاتـەوە سـاڵی ١٩٨٩ پەیوەندیـی بـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، وەک پێشـمەرگەیەکی شۆڕشـگێڕ و کۆڵنـەدەر بەردەوامـی بـە خەبـات دەدات و ژیانـی ناهەمـوار و سـەختی پارتیزانـی هەڵدەبژێرێـت، لەگـەڵ پێشـمەرگە پارتیزانەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردستان لـە سـنوری بادینـان درێـژە بـە شـۆڕش و خەبـات دەدات و لەبـەر شـارەزایی و لێهاتوویـی دەبێـت بـە فەرمانـدەی ڕەتڵـی دووی پارتیزانەکانـی بادینـان، لـە کاتـی گەڕانەوەیـان بـۆ کوردسـتان و خەباتـی پارتیزانـی، هێزەکانـی سـوپای تورکیـاش لەسـەر داوای لایەنێکـی کـوردی ئاسـتەنگی بـۆ دروسـت کـردوون.

ئـەم پێشـمەرگە پارتیزانـە ئێسـتا خانەنشـینی پێشـمەرگەیە، خێزانـدارە و خاوەنـی هەشـت منداڵـە.

عەلی نافخۆش عەبدوڵلا ملحەم

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٥٤ لـە گونـدی شەنینووسی ناحیەی دێرەلووک – قـەزای ئامێدی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کوردپـەروەر هاتووەتـە دنیـاوە، سـەختی ژیـان و هـەژاری خێزانەکـەی ڕێگر بوون لـەوەی بچێتە بەر خوێندن، هـەر لـە قۆناغـی منداڵـی و لاوییـەوە خەریکی کارکـردن بـووە بـۆ هـاوکاری و دابینکردنـی بژێویـی خێزانەکـەی، بـە ئومێـدی ڕزگاربوون لـە ستەمی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونـەوەی زوڵـم و ستەمی ڕژێمی داگیرکـەر، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیی بە ڕێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و لە سنوری لقی یەکی ئـەو حیزبـە دەبێت بـە پێشـمەرگە.

پاش شـاڵاوەکانی ئەنفال و پاشەکشـەی هێزەکانی پێشـمەرگە، وەک کوردێکـی خەباتگێـڕ و نیشـتمانپەروەر کـۆڵ نـادات و لـە شـاری شنۆی ڕۆژهەڵات، پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات، بەشـداری دەکات لـەو هێـزە پارتیزانییـەی دوای ئەنفـال، کـە یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بڕیـاری لە دروسـتکردنی دابوو، وەک پێشـمەرگەیەکی پارتیزانی دوای ئەنفـال لـە ڕەتڵـی دووی بادینـان درێـژە بـە خەبـات و شۆڕشـی کوردایەتـی دەدات.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی یازدە

منداڵه.

غەنی عەبدال شەهباز محەمەد

پارتیزان و کادری ڕێکخستن، ساڵی ١٩٥١ لە گوندی کورەمارکی ناحیەی سەرسەنگ – قەزای ئامێدی، لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە دنیاوە، کەسێکی خۆشەویست و ماندوونەناس بووە، زۆر دڵسۆز بووە بۆ کەسوکار و هاوڕێکانی، هەر لە تەمەنێکی زووەوە هەستی بە نادادپەروەری و چەوسانەوە کردووە، هەستی بە زوڵم و ستەمی ڕژێم کردووە بەرامبەر نەتەوەکەی، هەر ئەمەش وای لێ دەکات ساڵی ١٩٧٦ لە تەمەنی گەنجیدا پەیوەندیی بە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە بکات، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە کادری کۆمەڵە، ساڵی ١٩٨٤ دەبێتە کادری ڕاگەیاندن لە چاپخانە و ئیستگە کار دەکات.

دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان دەچێتەوە سنوری بادینان و دەبێت بە بەرپرسی سیاسیی دەڤەری بادینان.

لە کاتی کارکردنی لە ڕیزەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵەدا، لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ڕژێمەوە ساڵی ١٩٧٦ دەگیرێت و بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوکم دەدرێت، بەڵام ساڵی ١٩٧٩ بەر لێبووردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێت، ئەم پێشمەرگە دێرینەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بواری خوێندنیشدا

کۆڵی نەداوە و توانیویەتی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە سیاسییەکاندا بەدەست بهێنێت، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، لە ئێستادا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

## کازم ئیسلام سەدیق ئیسلام

ناسراو بە کازم سرنی، ساڵی ١٩٤١ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی سرنی هاتووەتە ژیانەوە، لەبەر هەژاری و کەمدەرامەتی خێزانەکەیان نەیتوانیووە بچێتە بەر خوێندن، قۆناغەکانی منداڵی و لاوێتی وەک زۆربەی منداڵ و لاوانی خێزانە هەژارەکانی کورد، بە کارکردنەوە لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان بەسەر بردووە، یان خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات بووە، هەژاری و نادادپەروەری و زوڵم وستەمی ڕژێم، وای لێ دەکات ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکات بە ئومێدی ڕزگار بوون و دەستەبەری ژیانێکی خۆشتر و سەربەرزانە.

دوای پاشەکشەی هێزەکانی پارتی بۆ ئێران لە ئەنجامی شالاوەکانی ئەنفالدا، ئەم پێشمەرگە دێرینە کۆڵ لە خەباتکردن نادات و پەیوەندیی بە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، دەبێت بە یەکێک لە پارتیزانەکانی ڕەتڵی دووی بادینان.

بەداخەوە لە ٢٤ / ٨ / ٢٠١٧ بە کارەساتی ئوتۆمبیل کۆچی دوایی دەکات، لە گۆڕستانی دهۆک بە خاک دەسپێررێت، لە دوای خۆی هاوسەر و دە منداڵ بەجێ دەهێڵێت.

لوقمان ڕەشید جاسم مستەفا[1]

ناسراو بە سەفین، پێشمەرگەیەکی ئازا و شۆڕشگێڕ، ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی بێزەلێی ناحیەی نێروەریەکانی – قەزای ئامێدی لە خێزانێکی زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. تا قۆناغی ئامادەیی خوێندووە، بە هیوای ڕزگاربوونی نەتەوەکەی لە جەور و ستەمی ڕژێمی داگیرکەر، ساڵی ١٩٨٦ لە تەمەنی لاویدا پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە پێشمەرگە لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، بە هیوای ڕزگاربوون لە ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی.

پاش شاڵاوەکانی ئەنفال، کە پێشمەگەکانی پارتی پاشەکشە دەکەن بۆ ناو خاکی ئێران، وەک پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەرە واز لە خەبات ناهێنێت، پەیوەندیی بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە یەکێک لە پارتیزانەکانی بادینان، لەبەر لێهاتوویی خۆی دەکرێتە جێگری ڕەتڵی دووی بادینان، ئەم پێشمەرگە دێرینە خێزاندارە و خاوەنی یەک منداڵە، لە بارەی پارتیزانەکانەوە دەڵێ:

«ئەو سەردەمە بە دڵێکی پڕ لە فیداکاری و شۆڕشگێڕانەوە دەستمان بە خەبات کرد، زۆر شانازییشمان دەکرد کە توانیمان درێژە بە خەباتی ڕزگاریی نیشتمانی و کوردایەتی بدەین و کۆڵ نەدەین.»

---

[1]- ئەم زانیارییانەمان لە ڕێگەی هاوەڵە دێرینەکانییەوە بەدەست گەیشت.

## موراد عەبدوڵڵا موراد بادین

ناسراو بە موراد سێری، ساڵی ١٩٥١لە گوندی سێری ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی لە خێزانێکی جووتیار، خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێش هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر هەژاری و نەداری خێزانەکەی، هەر لە منداڵییەوە چووتە بەر کارکردن، بەو هۆیەشەوە نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، کەسێکی دڵسۆز و ئیشکەر بووە، هەستی بە ناداپەروەری و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە پێشمەرگەی ئەو حیزبە، بە هیوای ڕزگاربوون لە چەوسانەوە و نادادپەروەری، دوای پاشەکشەی هێزەکانی پارتی بۆ ناو خاکی ئێران لە ئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفالدا، ئەم پێشمەرگە چاونەترسە کۆڵ نادات و پەیوەندی بە هێزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات و دەبێت بە یەکێک لە پارتیزانەکانی ڕەتڵی دووی بادینان، لەو ڕێگەوە درێژە بە خەباتی پێشمەرگایەتی خۆی دەدات.

خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

محەمەد سەدیق نعمەت خان ئەمیر

ناسراو بە محەمەد چەلکێ، کەسێکی ماندوونەناس و خۆشەویست ساڵی ١٩٥٢ لە خێزانێکی جووتیار و هەژاری گوندی چلکێ هاتووەتە ژیانەوە. لەبەر کارکردن لە پێناو دابینکردنی بژێویی خۆی و هاوکاریی خێزانەکەی لە قۆناغی منداڵیدا نەچووەتە بەر خوێندن، سەردەمی منداڵی و لاویی بە کارکردنەوە بردووەتە سەر، نادادپەروری و زوڵم و ستەمی ڕژێم وای لێکردووە ببێت بە کەسێکی شۆڕشگێڕ و بە گژ ڕژێمی داگیرکەردا بچێتەوە، بە هیوای ڕزگاری لە ژیانی ژێردەستەیی و کولەمەرگی، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە لقی یەکی پارتی گەلی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٧ خەبات دەگوێزێتەوە بۆ ناو ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و لە مەڵبەندی ٤ی بادینان درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات.

لە دوای شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە لەو ڕۆژگارە سەخت و ناهەموارەدا دەگەڕێتەوە ناوچە خاپوورکراوەکانی کوردستان، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان لە ڕەتڵی دووی بادینان بەشدار دەبێت و ئەو قۆناغە سەختە بەوپەڕی لەخۆبردووییەوە تێدەپەڕێنێت.

خێزاندارە و خاوەنی دوانزە منداڵە، ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

مستەفا عیسا سەعدی عوبێد

پارتیـزان و پێشـمەرگەی دێریـن، سـاڵی ١٩٦٦ لـە گونـدی زێوەشکانی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی لە خێزانێکی زەحمەتکێـش و نیشـتمانپەروەر هاتووەتـە ژیانـەوە. قۆناغـی ئامادەیـی بازرگانیـی تـەواو کـردووە، هیـوا و ئاواتـی ڕزگاریـی نەتەوەکـەی و سـەربەخۆیی نیشـتمانەکەی بـووە، بـۆ هێنانەدیـی ئـەو ئامانجـە سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەندیـی بـە ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات و تا سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٩ لە ڕیزەکانـی ئـەو حیزبـەدا دەمێنێتـەوە، دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال هێزەکانـی پارتـی پاشـەکشـە دەکـەن بـۆ نـاو خاکـی ئێـران، بـەڵام وەک کەسـێکی شـۆڕشـگێڕ و کۆڵنـەدەر، درێـژە بـە خەباتـی پێشـمەرگایەتی دەدات، بـەو مەبەسـتە پەیوەندیـی بـە هێزەکانـی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتانەوە دەکات و دەبێت بە یەکێـک لـە پێشـمەرگە پارتیزانەکانـی ڕەتڵـی یـەک لـە بەدینـان، لـە ڕێگەیـەوە درێـژە بـە خەباتـی نەتەوەیـی و شـۆڕشـگێڕیی خـۆی دەدات.

لـە سـاڵی ١٩٨٩ لـە قاسـمەڕەش، بەشـداریی خولێکـی تایبـەت بـە لاسـلکی (بێسـیم) دەکات.

ئێسـتا لە شـاری دهۆک درێژە بە ژیانی ئاسـایی خۆی دەدات، بەداخـەوە بـە هـۆی هەلومەرجێکـی تایبەتـەوە سـوودمەند نەبـوو لـە هیـچ دەسـکەوتێک، تەنانـەت بـێ مووچەشـە، بـە کارکـردن و ماندووبـوون بژێویـی خـۆی و خێزانەکـەی دابیـن دەکات، کـە خێزانێکـی قەرەباڵغـی سیازدەکەسـیی هەیـە.

نەسروڵڵا عەبدولباقی ئەحمەد

گەنجیکی ئازا و بوێر، خۆشەویست و لەخۆبوردوو، ساڵی ١٩٧١ لە گوندی سەرگەلی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامیدی لە خێزانێکی جووتیار و زەحمەتکێش و نیشتمانپەروەر هاتووەتە ژیانەوە. توانیویەتی قۆناغی ئامادەیی تەواو بکات، پاش شاڵاوەکانی ئەنفال خێزانەکەیان دەچێتە ئێران، بەڵام هەر لەوێ لە شاری شنۆی ڕۆژهەڵات پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات و پاشان ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەشدار دەبێت لە هێزی بادینان لە ڕەتڵی یەک، بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتی.

بەداخەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٩٢ لە شەڕی ناوخۆدا شەهید دەبێت، لە زێدی خۆی لە گوندی سەرگەلی بە خاک دەسپێردرێت، لە دوای خۆی هاوسەر و کوڕە تاقانەکەی بەجێ دەهێڵێت.

نەسرەدین سەدیق محەمەد مەحموود

ساڵی ١٩٤٩ لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشی گوندی هێونی ناحیەی دێرەلووک – قەزای ئامێدی هاتووەتە ژیانەوە، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی، قۆناغی منداڵی و لاوی بە کارکردنەوە بەسەر بردووەو نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بە هیوای ڕزگاریی نەتەوەکەی لە زوڵم و ستەم و چەوسانەوەی

ڕژێمی داگیرکەر، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات لە بادینان لە لێژنەی یەکی لقی یەک.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال هێزەکانی پارتی پاشەکشە دەکەن بۆ ناو خاکی ئێران، بەڵام ئەم وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات و بۆ درێژەدان بە شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی و بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەر، وەک پێشمەرگەیەکی پارتیزان بەشدار دەبێت لە ڕەتڵی دووی بادینان.

لە ژیانیدا هاوسەرگیریی کردووە و بووە بە خاوەنی شەش منداڵ، بەداخەوە ساڵی ٢٠١٥ بە هۆی نەخۆشییەوە لە ورمێ کۆچی دوایی دەکات و لە زێدی خۆی لە گوندی هێون بە خاک دەسپێررێت.

یوسف مەحموود دەروێش سەعدی

ناسراو بە یوسف بێسەری، پارتیزان و پێشمەرگەی دێرینی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢ لە گوندی بێسەری ناحیەی زاوێتە لە خێزانێکی زەحمەتکێش و کۆڵنەدەر لە دایک دەبێت، لەبەر هەژاریی خێزانەکەی توانای درێژەدانی بە خوێندن نابێت، تەنها قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێت، پاشان بۆ دابینکردنی بژێویی خۆی و خێزانەکەی، لە کێڵگە و مەزراکاندا دەست دەکات بە کارکردن، ماندووبوون و ئەرکی ژیان، کار لە هەست و بیری دەکات، نادادپەروەری و زوڵم و ستەمی دوژمنی داگیرکەر

هانی دەدات بەشداریی لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیی بکات، هەر بەو هۆیەوە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندیی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکات، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات لە مەڵبەندی ٤ی بادینان، لە پێشمەرگایەتیدا دەکرێت بە جێگری فەرماندەی کەرت.

لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، کۆڵنەدەرانە ژیانی سەخت و ناهەمواری پارتیزانی هەڵدەبژێرێت، دەگەڕێتەوە ناوچە خاپوورکراوەکان، بۆ پەیوەندیکردن بە ڕەتڵی پارتیزانەکانی بادینان، بەڵام لە ژاراوا لە لالەیەن دەزگا سیخوڕییەکانی ڕژێمەوە، لەگەڵ هەردوو پێشمەرگە قادر و بەدەل دەستگیر دەکرێن.

ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە، خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە.

# پاشكۆی بەڵگە وێنەییەكان

# وێنەی ڕۆژگاری پارتیزانەکانی گەرمیان







پارتیزانەکانی گەرمیان (3/4/1989) قەرەداغ،

لەڕاستەوە: شەهید مەلا یاسین، میقداد داربەڕوویی،

شەهید رەمەزان، مەحمود سەنگاوی، عوسمان حاجی مەحمود،

جەمال مەلا ئۆمەری، نەوشیروان، جەمال شێخ حەمیدی، سەباح شێخ حەمید..



**١٩٨٩. چیای کۆسرەت. پارتیزانەکانی کەرکوک**



ڕەتلی پارتیزانەکانی گەرمیان (17/9/1989 کەری) لەڕاستی وێنەکەوە: حەسەن‌ڕەشید تۆکلی، حەسەن حاجی ئیبراهیم، جەمال شێخ حەمید، نەوزاد کەریم فارس، عوسمان مەلا جەمیل، شەهید حەمەئاغا، مەحمود سەنگاوی، دکتۆر هاوڕێ، کوردۆ قاسم، مامۆستا حسێن، عوسمان حاجی مەحمود، عەلی غایب..





پارتیزانەکانی گەرمیان ساڵی ١٩٩٠ لەڕاستەوە: جەلال کۆکزی، عوسمان مەلا جەمیل، مام مەجید..







شەهید حەمە رەش / شەهید حەمەئاغا / محمودسەنگاوی / کریم






1989 **پاریوله**

**حەمه پاریوڵە - سامی ئاسایش - جەبار - شەهید فازڵ -شریف**




[illegible]






## پارتیزانەکانی هەولێرو باڵەکایەتی









پارتیزانەکانی هەولێر، بەپێوە وەستاوەکان لەڕاستەوە:
ئیدریس ساڵح نەبی، شەهید ڕێباز، نەناسراو، هاشم جیهاز
دانیشتووەکان لەڕاستەوە: مەلا سلێمان، غازی، مامۆستا ئەبو زەید





شوێنی خۆ شاردنەوە و پشوودانی پارتیزانەکانی دەشتی هەولێر



پارتیزانەکانی هەولێر لەڕاستەوە : نەناسراو، شەهید ڕێباز، شەهید مەلا سلێمان، ئدریس مەسیفی،
شەهید هاشمی جیهان، دانیشتووەکان: سەید عەرسە، غازی عەدۆ

وێنەی ڕۆژانی پارتیزانەکانی قەرەداغ












ـەرکەوتی جیهاز لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەدا، پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش..



پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش ساڵی ١٩٨٩ لەڕاستەوە کەسی دووەم شەهید غەریب هەڵەدنییە..











پارتريزانەكانی شاربازێڕ سالی ١٩٩٠

لە ڕاستەوە: رزگاری كاشی ، شەهید خالە بەكر كەنەكنی



وێنەی بەشێک لە پێشمەرگە پارتیزانەکانی مەفرەزەی دۆڵی ڕستی سورداش لە ساڵی ٢٠٠٠ لەلایەن کاک سۆران لە کەناڵی کوردسات چاوپێکەتنیان لەگەڵ کرا لە یەکێک لە بنکەکانی حەوانەوەی پارتیزانەکان لە دۆڵی زیندانان لە گوندی گەورە دێ ی شارباژێڕ

لەڕستەوە: ١-مام بەکر گاپیلۆنی، ٢-محمد سنگەری،٣- وەستا ساڵح، ٤-بورهان عبدالرحمن. هەر لەو مەفرەزەیە سێ هەڤاڵی تریش هەبوون (شەهید بەکر گەورەدێی، هەڤاڵ ئەحمەد باڵخێنی، شەهید عمر ئەحمەد سعید)






دڵشاد قرگەیی و بەختیار قرگەیی – ١٩٩٠/٨/٢٨ شارباژێر



لای ڕاستەوە : صدیق عوسمان، عبداللە گەچێنەیی، شەهید جومعە، ئاسۆ سورداشی، عبدول مجید سورداشی، ملا
بەهادین   ساڵی ١٩٩٠   دۆڵی پیرە مەگرون



پارتیزانەکانی شورداش و جافایەتی  لە ڕاستەوە : شەهید خاڵە بەخە، ڕەسوڵ هەڵەدنی، شەهید بەکر ئیسێوەی،
حەمە هەژار گەناوی   ١٩٩١/١/١٢

پارتیزانەکانی بتوێن و پشدەر







# پارتیزانەکانی بادینان



لە ڕاستەوە: نازم بەگ، مجید نێروەیی، حسن نێروەی، تۆفیق چلکی ، عبدالرزاق، دکتۆر حسان، وەستا وەسفی





پارتیزانەکانی بادینان  سەری ساتێ ١٩٩٠






ئەشکەوتی داری خلە



له ڕاستەوە : شەهید سەید جەوهەر ، هەژارە سوور



کامیرا و ڕادیۆی سەردەمی پارتیزانی تایبەت بە (هەڤاڵ
غنی شهبازی)



نموونەی چەکی پارتیزانەکان لە سەردەمی خۆڕاگری
( غنی شهبازی)

برای بەڕێز و خۆشەویستم کاک شێخ کەریم

سڵاوێکی گەرم

ئومێدەوارم باش و سەلامەت بن .

ئێمەش و منداڵم هەموو بە ئاواتی دیدارتانن و حاڵ و منداڵ و

برادەران .

کاکە ئێوە ئاگادار بن هەنگاوی ناهەموار زۆر

بە دوژمنان وە نابێ هیچ کەسمان نازانێ بە کاری

ڕێکخستنی کە چینە شکاندنێ . تکایە زۆر بە پەلە و

بێ دوودڵی گەرەکمان بەکارهێنانی شۆڕشی دەوری

شۆڕشی دیاری بکەن و کە هەنگاوی نامەشروعی .


دووبارە تکایە زۆر هەڵمەتی بێ وەکو سەر


ئاگادارمە لە .

برات

عەبدولڕەحمان

٩٩١،٢٨٢٨





لە هەوەڵین کاتی ئاسەوا کەوتن

برای خۆشەویست کاک عەلی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

هیوای سەربەرزیت بۆ دەخوازم

برادەرانتان سەلامەتییان بۆتان هەیە و سڵاوم

بۆ گشت برادەرانی لای ئێوە هەیە

ئەم ماوەیە لە سنووری ئێمە کار وەك بەردەم لەگەڵ خۆشت و

گەڕانی چارم بە رووداوات داهاتنی زۆرم هەن

بە دیدە ئێمە دەکرد. لە بەر دوو شۆڕشێکی هەوال

و سووراخی زانیاری. بەڵام دەرفەت نەبوو

بەهەرحاڵ هیوا دەخوازم پێشووەدوتیژ و خۆڕاگر

بووە بەرزیت تا سەر ئەگەری ڕێژیم و ڕزگاری

خەڵکی کوردستان دیارە دەمێکتان چاکن و


ئومێدی چاکتر و چاکتر دەخوازین.


ئێمە بۆ ئێوە دەنووسینەوە


دڵسۆزتان


شێخ عەلی بەرواری

١٩٨٩/١١/١١









بە چەندین تاسە و گەوزین

برای خۆشەویستم کاک عەلی

سەلامێکی شۆڕشگێڕانە


هیوای سەربەرزیتان بۆ دەخوازم

برادەرانمان سەلامی زۆریان بۆتان هەیە و سەلامم
بۆ گشت برادەرانی لای ئێوە هەیە

لەم ماوەیە لە سنووری تیپی [illegible] بووم لەگەڵ گشت
گەڕانمان چاوم بە دەوڵەت داخستن، زۆرم حەز
بە دیدەنیتان دەکرد. لەبەر دووری شوێنی هەواڵ
و سووراخم زانیوە. بەڕاستی دەرفەت نەبوو
بە هەرحاڵ هیوا دەخوازم پشوودرێژ و خۆڕاگر
و دڵ بەرز بن تا سەرکەوتنی ڕزگاری و ڕزگاری
خەڵکی کوردستان دیارە دەزانم ئێوە چاکن و
ئومێدی چاکتر و چاکتر دەخوازین،

تا بۆ پێشەوە

دڵسۆزتان
شێخ جەمیل گەورەکی
١٩٨٩/١/١١


ناو : محمد حسین فرج
موالید : ١٩٦٧
ناونیشان :
گروپی خوین : O+
ژمارەی بەلگە :
رۆژ : ٧/ ١١/ ١٩٨٨

کاوەی برام

ئەی بەبالای بەرزاوە بەرەو [illegible] کە ... [illegible] و چۆن بارێ

[illegible] کە ئەوە بەشێکی [illegible] دەزانم لە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بەردەوام ...

مالئاوا جگەرگۆشەکانم

(سەردار - کاوە - سۆما)

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

بۆ منداڵەکانم:

[illegible] ئەم نامەیە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible] وەستا [illegible]